

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

لێ گەڕێن با مێژوو بدوێ

دەزگای فام
بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە
بەڕێوەبەری گشتی: سەنگەر زراری
FAMpublication
+964 750 773 71 76

مافی چاپ و بلاوکردنەوەی بۆ دەزگای فام پارێزراوە.

چاپی یەکەم - 2025

لێ گەڕێن با مێژوو بدوێ

نووسینی

هۆمەر دزەیی

بابەت: بیرەوەری
پێوانە
15*23سم (384) لاپەڕە
ISBN: 978-9922-709-64-2

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان، ژمارە سپاردنی (143)ـی ساڵی 2025ی پێ دراوە.

لێ گەڕێن با مێژوو بدوێ

نووسینی

هۆمەر دزەیی

ناوەرۆک

ناوەرۆک 5
HOMER DIZEYEE PROFILE 9
دوو قسە 16
-1-نامەیەکی دەستنووسی ساڵی 1948ی کاک ئەنوەری کاکم 19
-2-پۆستکارتێکی ساڵی 1942ی عەلی ئاغای ئامۆزام لە ئەستەمبوڵەوە 25
-3- نامەیەکی دکتۆر هاینس فیشەر 28
-4-نامەیەکی جەنابی مەلا مستەفای بارزانی 39
-5- دوو نامەی جەنابی کاک مەسعود بارزانی 44
-6- وەک یاوەری مام جەلال لە مۆسکۆ 58
-7-خۆئامادەکردنی کورد بۆ فێستڤاڵی 1959 لە ڤیەننا 74
-8-نامەیەکی من بۆ سەرۆکی مجلس الحکم العراقي جەنابی مام جەلال تاڵەبانی 83
-9- با کورد بە دەردی عەرەب و جمال عبد الناسر نەبەین، مام جەلال هەقیەتی ئەم قسانە دەکات. 93
-10- هەڵبژاردنی پارلەمانی و سەرۆکایەتی لە کوردستان 106
-11- نامەیەکی کاک نەوشیروان مستەفا 112
- 12-کورد و دووەم دەوڵەتی عێراق هۆمەر دزەیی 121
-13- ترازووی هاوسەنگ نەک لاسەنگ عێراقی بانێک و دوو هەوا() 132
-14- کولتووری بەعس لەناو دەسگا حیزبی و حکوومیەکان و میدیاکانیان لە هەرێمی کوردستان بەردەوامە 134
-15-SULEIMANIA, THE CULTURAL CAPITAL OF IRAQI KURDISTAN 143
- 16- نامەکانی شێرکۆ بێکەس 150
-17- دوو نامەی مامۆستا مەلا شکور مستەفا 161
-18- نامەیەکی پڕ لە خرۆشی سەلاحودینی موهتەدی 167
-19- دوو فرمێسکی وەفاداریم بۆ خۆشخوانێک 174
-20- دوو فرمێسکی وەفاداریم بر هەڵبەستوانێک 179
-21- نامەیەکی دکتۆر (پەروین نووری عارف) 187
-22- نامەیەکی عەلی فەتاح دزەیی ئامۆزام (1928 - 1992) 189
-23-نامەکانی مارف خەزنەدار و جەمال خەزنەداری برای 195
- 24- نامەیەکی فەلەکەددین کاکەیی 204
-25- خۆخۆری 209

-26- ماسی گرتن و قوون تەڕنەبوون ناکرێ 217
-27- چەند ڕووداوێکی مێژوویی کەس پێ نەزان 227
- 28- شێخ لەتیفی شێخ سادقی بەرزنجی هەشەزینی (1999 - 1937) 235
- 29- نامەیەکی دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی 241
-30- دوو نامەی نووسەر و توێژەر جەرجیس فەتح الله 248
-31- نامەیەکی کراوەی لاوە هەولێریەکانی انقەرە 261
-32- ئالای کوردستان هەڵەیەکی تێدایە 263
-33-ناوی چوار مانگی ساڵنامەی زایینی لە مانگەکانی نەورۆزەوە وەرگیراون 266
-34-"زمانەوانەکانمان" خوا سەلامەتیان کا 268
-35-بەڵێ - نەخێر دوو وشەن نەنگە لە زمانی کوردی ستانداردا هەبن 270
- 36- وشەی "ئافرەت" سووکاتیە بە ژن وشەی " ژن" ڕاستە 273
-37-بە کوردی وشەی شاژن بۆ QUEENی ئینگلیزی و بۆ (ملكة)ی عەرەبی هەڵەیە 274
-38- دوو نامەی مێژوویی 278
-39-بەهیە بەهایی (2005 _ 1917) 285
-40- چۆن ئاشقی هەردی بووم 307
-41-صور من الماضي 311
-42- نامەیەکی سەرنجکێشی گوێگرێکی VOAی کوردی 318
-43- وتاری من لە ساڵیادی بە نهێنی گێڕدراوی ئاهەنگی نەورۆزی 1957 لە دەرەوەی شاری هەولێر 325
-44- کورتە ژیننامەیەکی من لە نامیلکەیەکی هۆڵەندی 59 ساڵ کۆن 334
-45-دەسخۆشانە 338
-46- حانة الجبل الاخضر 343
-47- نەجات دەباغ و هەڵبەستەکانی بە زمانی ئینگلیزی 346
-48- کۆنە یار ALTE LIEBE 351
-49-نامەیەکم بۆ کاک زەید ئەحمەد عوسمانی پورزام 372
-50-یەکەم ساڵیادی مەرگی کاکە ئەنوەری برام 2017 - 1930 376
-51- پاش وشە 382

رووناک، هاوسەری هۆمەر

نازدار هۆمەر دزەیی

لارا هۆمەر دزەیی

کاروان هۆمەر دزەیی



کۆچەر هۆمەر دزەیی



دیاری

ئەم یادئاوەرییانەم پێشکەشە بە هەر چوار جگەرگۆشەکانم، کۆچەر، کاروان و تەواوی فامیلی خۆی، لارا، نازدار و دایکی میهرەبانیان رووناک گیانی هاوژین و هاوبەشی رۆژگار و شەوگاری ساڵەهای پێکەوەمان بە بەختەوەری و بەدبەختی، بە نشێوی نەرمەڕۆ و هەورازی سەختی. لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە پشت و پەنایان بێ.

عومەر عوسمان

محەمەد دزەیی

پێزانین و سوپاسگوزاری

ئەمن خۆم بەم تەمەنەم هەرگیزاو هەرگیز لە توانامدا نەدەبوو ئەم کتێبە، بەم هەموو وێنە و وردەکارییانە، ئەوها بە جوانی و ڕێکوپێکی بخەمە بەر چاوی خوێنەرە خۆشەویستەکانم. بۆیە یارمەتی و شارەزایی برازازای لاوی لێهاتووم محەمەدی عەلی ئاغای، خاوەنی دەسگای مۆدی گرووپ Modi Group کە من خۆم هەر بە مامە حەمە بانگی دەکەم، بە پاشخانی سەرەکی دادەنێم چونکە هەر ئەو یارو یاوەری بەردەوامی ڕۆژانی ئامادەکردنی ئەم کتێبەم بوو و چاکەی لەبیر ناکرێ.

ناکرێ ئەو پەڕی سوپاس و خۆشەویستیم بۆ کاک عومەر عوسمان دەرنەبڕم کە ڕۆژانە لەگەڵمدا دادەنیشت بۆ ڕێکخستنی چۆنییەتی ئامادەکردنی ئەم کتێبە بەم شێوەیەی کەوا لەبەر چاوی خوێنەرە بەرێزەکانە. هەربژی کاک عومەر گیان.

مام هۆمەر



Homer Dizeyee
Profile

Homer (Omar) Dizeyee was born in February 1937, the youngest of nine children of two influential families in southern Kurdistan: on his father's side, the landowning Dizeyee in Arbil; on his mother's, the highly revered religious family of Barzinjee of Sulaimania. His village of Dugirdkan is located in the vast Dizeyee plateau (the Kurdish Dashti Dizeyee, named after the family) south of Arbil.

Homer's musical talent was apparent early, and at the age of four or five he received his first instrument, a toy harmonica. "I composed a short one-line air on the harmonica, and improvised a few rhymed verses which are still in my mind today," he says.

At the same time, Homer began composing melodies. "Every time my mother visited her parents' house in a distant village," he remembers, "she would take me, riding behind her on horseback. All the way to the village, my mind followed the monotone clip-clop of the horses' feet on the dusty road, and I imagined melodies in my mind based on the rhythm. When the horses crossed the shallow waters of Halaja creek, the rhythm of their hooves changed on the stone bottom,

and the seductive sound of the water splashing against their legs changed the melody in my mind, helping me enlarge my compositions."

The lively folk dances and music integral to life in Dugirakan shaped Homer's artistic and literary talent. The tinkling of bells around the necks of sheep and goats leaving the village for surrounding meadows -- carried to his ears on the tender summer breeze -- embedded in his heart a sentimental air, and even now Sunday church bells bring to mind that serene music. The traditional harmonious tunes of peasants harvesting wheat and barley in nearby fields before dawn also influence his life today. "Wherever I find myself, I try to visit the countryside and enjoy the pastoral life of farmers," he says. These associations are also reasons for his fondness for Van Gogh and other landscape paintings of the late romantic era.

Homer also admired the culture of the gypsies who frequently camped at the outskirts of his village. "I used to spend hours in their tents listening to their music and watching their dances" he remembers. "My worried mom always sent for me to come home for dinner, but in vain. Today, when I visit Spain,

and Hungary and other eastern European countries, I make a point of visiting performances of the Gitano and the Roma."

Many times a year, wandering singers and def-

playing dervishes passed the village, singing and entertaining for wheat, flour, or cooking grease that the young boy gladly donated in appreciation of their music.

In Arbil and Kirkuk, Homer became the most popular singer at school and other social events, and in 1946, for the first time in his life, he stood before a microphone in front of an audience of about 10,000 people at the Newruz (Kurdish New Year) festival. The classics of the early *50s impressed Homer who, as a teenager, began successfully westernizing traditional Kurdish airs without ever having studied music. In 1952, at the age of 15, he began writing Kurdish lyrics for popular songs of the time, the Spanish American

"Amado Mio," the Turkish Tango "Jemila," and the Arabic "Ya Awathil Falfilu," by the renowned Egyptian singer and composer Fareed Al Atrash.

Here began Homer's struggle with his family over his future career. In Arbil at the time there were no music schools or private music teachers, so after elementary school, he yearned to attend the only American high school in Iraq, Baghdad College, which had music as an extra-curricular activity.

Sadly, his family refused. A few years later, at the end of intermediate school, he expressed his desire to study music at the Baghdad Institute of Fine Arts, but again his parents denied his wish.

Finally, upon high school graduation in 1955, he once again pleaded to be allowed to fulfill his dream, but his persistent ambition was a shock to his conservative relatives, who feared for their reputation - it was unheard-of that a member of the family might earn his living entertaining people with music and songs, activities considered fit only for gypsies and vagabonds.

Even when Baghdad Radio asked him to sing and record eight of his compositions in 1954, the family gave permission only on condition that he not give his full name and not be paid.

Eventually, his parents forced him to go to Turkey to study medicine at Ankara University, where his older brother was enrolled. Homer complied, but medicine was not his passion, and he quit both college and country after two years. In 1957, he headed for Vienna, hoping to study classical music and composition in defiance of his family's wishes. However, the prestigious Musik Akademie of Vienna rejected him, citing his lack of operatic training.

"Realizing the damage that had been inflicted on me," he says, "this was the saddest moment of my life. It destroyed my merry spirit and drove me to find solace in rustic Viennese wine cellars and pretty girls' arms."

Unable to enroll in the music school in Vienna, he

studied political science before moving to Paris to study languages. He later received his BA in politics, with honors, at England's Reading University. But to this day, he regrets that he was unable to earn a degree in music.

In 1963, Homer left Paris to join the Kurdish resistance (the Peshmerga) in the mountains of northern Iraq. Together with other Kurdish freedom fighters, he established the Voice of Kurdistan, a clandestine radio station based in a remote cave near the township of Mawet. While there, he wrote the music for the resistance anthem, "Min Peshmergey Kurdistanim," by the famous poet and veteran politician, Ibrahim Ahmad.

Even without formal music instruction, however, he continued to write songs, adapted and arranged famous western and Kurdish traditional tunes, and went back to Iraq to record. His single "The Bloody Rose" (1968) was a hit, followed by "The Anonymous Beautiful" a year later, both of them with lyrics by the great Kurdish poet Goran. His next album, in 1974, included two more number-one hits, "Brindarim" and "Amine."

This latest album, Kiss Without End, contains some of his most romantic songs. The beauty and power of Homer's music are evident in his lyrics and melodies. As a songwriter, he carefully selects his words; he does not often use other writers' lyrics that do not express

emotion with his unique skill.

In 1988, together with his wife and four children, Homer immigrated to the U.S.A., became a citizen, and began work toward a master's degree in linguistics. In 1992, he and a number of other Kurdish immigrants established the Voice of America's (VOA) Kurdish language service, and for 10 years he had a popular weekly show on Kurdish oral literature that garnered much praise. He was named Chief of the Service in 2000, and the International Broadcasters Board (IBB) honored him with its Golden Award for best broadcaster in 2003.

Homer Dizeyee speaks and sings in 10 languages. He is a published writer and poet, linguist, journalist, and politician, currently serving as a political adviser to Iraqi President Jalal Talabani, his friend of 61 years, who noted in his memoirs, "If Homer Dizeyee had been born into a different nation other than Kurdistan, he would have become an artist of world standard." The famous Kurdish poet Kejal Ahmad adds her praise: "Homer Dizeyee, a voice resonating in my soul."

Rosalind Warfield-Brown

Department of English

American University Iraq / Sulaimania (AUIS)



هۆمەر دزەیی، مام جەلال



هۆمەر دزەیی، کەژاڵ ئەحمەد



ڕۆزالیند وارفیڵد براون

دوو قسه

نامەی دەسنووسی کۆن، وێنەی فۆتۆگرافیکی رەش و سپی، تابلۆی بۆیەکاران و زۆر بواری تری دنیای کولتور و چالاکیی تری ئینسانی ئەمانە هەمووی چیرۆکیان لە پشتایە، سەر و سەربردە دەگێڕنەوە، دەبن بە مێژوو.

لە ژیانما ئەمن نامەی زۆرم نووسیوە و ناردووە، نامەی زۆریشم بۆ هاتوون. ئەوانەی من ناردوومن نازانم سەرەنجامیان بەچی گەیشتووە، ئەوانەی پێشم گەیشتوون تا توانیبێتم ژمارەیەکم لێ پاراستوون. بەڵام زۆریشی بە دەستی جەیشی شەعبی بەعسییان و جاشەکانی خۆمان لە هێرشی هاوینی ساڵی 1963بۆ سەر کوردستان و سووتاندن و داتەپاندنی بیناکانی ماڵ و دیوەخان و حەسارەکەی ئێمەش لە گوندەکەی زاگەی خۆم، دووگردکانی دەشتەکەی پیرە هەولێرێ، لەناو چووین. زۆر وێنەی فۆتۆگرافیک و زۆر بەڵگەی گرنگی کۆنی دیکە و کتێبێکی زۆری، هی براکانم و هی خۆم، هەر هەمان بەختی رەشیان بە نسیب بوو. خۆ بە وردی باسی بە تاڵان بردنی مەڕ و ماڵات و ئاژەڵ و رەشە وڵاخ و شکاندنی عەمبار و چاڵی دانەوێڵەشمان هەر ناکەم. دایکم قاسەیەکی پۆڵایینی زۆر کۆنی هەبوو کە هەموو خشڵ و بەڵگەنامەی خاوەنداری گوندەکانی خۆمان، کە پێیان دەگوت قۆچانی رەش، ئەوانەی هەموو لێ هەڵگیرابوو. قاسەکە بە دوو کلیلی شکڵ جیا جیا دەکرایەوە جاشەکان بە گوللەباران هەوڵێکی زۆریان دابوو بیکەنەوە بۆیان نەکرابۆوە و زۆریش قورس بوو نەیانتوانیبوو باری بکەن بیبەن. ئەوسا من پێشمەرگە بووم (64

-63) و دایــک و براژنەکــان و منــداڵەکانیان کەســیان لەوێ نەمــابوون پەنایان بردبوو بۆ هەولێر و لەوێ لە ماڵی خاڵە شێ محێدینی بەرزنجی (یادی بەخێر) شوێنێکیان بۆ دابین کردبوون. بەڵام هەر لەو ساڵەدا لە هەموو رووداوێک رەشتر بۆ من و بۆ خوشک و براکانم مەرگی دایکی خەفەتخوانمـان بـوو، کـافیە خـانی شـێخ مـارفی بەرزنجـی کە لە رۆژی 1963/12/27 لە دووریــی دیــدارعەزرەتی هەر پێــنج کوڕەکــانی و سووتاندن و بەسەر یەکدا تەپاندنی خانو و بەرە و بەتاڵان بردنی تەواوی مەڕوماڵاتی بنەماڵەکەمان بە زگی دا و دوور لە جێ و رێی خۆی - پڕ بە واتای وشە - بە خانەوێرانی و نامرادی سەری نایەوە.

لەم چەند بازنە تایبەتەی بیرەوەرییەکانمدا هەوڵ ئەدەم هەندێ لەو نامە دەسنووسانە و ئەو فۆتۆگرافە مێژووییانەی ماومن بڵاو بکەمەوە کە زۆریان لە کەســانێکەوە بــۆم هــاتوون یــان لەگەڵ کەســانێکا گرتــوومن کە بە کردەوەکانیان مێژووی کوردیان نەخشاندووە.

دەبــێ ئەوەش بزانــرێ کە گرنگیــی کــۆنە نــامە هەر تەنهــا لەبەر کەسایەتیی نووسەرەکەی یان هەر چۆنی و چاکیی ناو نامەکە نییە، بەڵکو ئەوەو، زیــاتریش لەوە، نــاوەرۆکی نــامەکەیە. رەنــگە هەنــدێ لەو نامــانە رووداوی مێژووییمـان بـۆ بگێڕنەوە، سیاسـی یـان کـۆمەڵایەتی، کە پێشتر کەس پێی نەزانیوە. بێجگە لەوە، لێکـۆڵینەوەی ئێمەی ئەمڕۆ لەو جـۆرە نامــانە زۆر شــت و کەرەســتەی واشــمان بــۆ دەر دەخــا کە ئەمــڕۆ لە سـەردەمی ژیـانی ئێسـتەماندا یـان هەر نەمـاون یـانیش بەکـوردی پـاراوی ئەمرۆمان ناوێکی دیکەیان لێ نراوە. هەر وەها شێوازی نووسینی نامەی جاران و ئەو وشـە و دەسـتەواژانەی کە لە زمـانی کـوردی جارانـدا بەکـار دەبردران کە وشەکان بێ سەروژێر و بە رێنووسی ئەو زەمانی دەنووسران

ئەوڕۆکە ئەوەی جاران نین. بۆیە نامەی کۆن بە گشتی بەڵگەی پشت پێ بەستراوی مێژوویین بۆ زۆر بواری جیاجیای ژیانی کوردەواری.

جا خۆم زۆر بە بەختەوەر دەبینم کە هەگبەی ئەم بەڵگە مێژووییانەم وا هەڵدەڕێژمە پێش خوێنەرە خۆشەویستەکانم و زۆر مەمنوونیان دەبم ئەگەر بکرێ بە وردی سەرنجی خۆیانی بدەنێ و بە گیانێکی رەخنەگرانە هەڵیسەنگێنن.

هۆمەر دزەیی

سلەیمانی 2020

-1-
نامەیەکی دەستنووسی ساڵی 1948ـی کاک ئەنوەری کاکم لە بەغداوە بۆ کافیە خانی دایکمان لە دووگردکان

- پۆستکارتێکی عەلی ئاغای ئامۆزام ساڵی 1942 لە ئەستامبوولەوە بۆ دووگردکان بۆ کاک ئەحمەدی برا هەرە گەورەمان.

ئەمڕۆ نە دایکم ماوە نە کاک ئەحمەدم نە کاک ئەنوەرم و نە مامە عەلی ئاغای ئامۆزام، کەسیان نەماون، یادیان بەخێر، خوا لێیان خۆش بێت و دوا هەواریان بەهەشتی بەرین بێ هەموویان.

جارێ لێم گەڕێن با بە نامەیەکی زۆر تایبەتەوە دەست پێ بکەم.

ساڵ 1948بوو. کاک ئەنوەری کاکم (2017 - 1929) لە دوا ساڵی خوێندنی ئامادەیی بوو لە بەغدا. ئەوسا باوکمان نەمابوو و هەموومان، دایک و تاکە خوشک و پێنج برا، هێشتا نیشتەجێی گوندەکەی خۆمان دووگردکان بووین. ساڵی 48 قوتابخانە پێم وایە هەر دوو ساڵ دەبوو لە گوندەکەمان کرابوەوە و هەنگی ئێمە، کوڕانی حەمەدەمیناغای حاجی بایزاغای دزەیی بەشی زۆری ئەو پۆلانەی خوێندنی سەرەتاییمان لە قوتابخانەکانی شاری هەولێر بڕیبوو. ئەوسا ساڵانە لە وەرزی خوێندنا ئێمەی برایان کاک ئەنوەر و کاک موحسین و کاک سەعدی و خۆم خانوێکمان لە شاری هەولێر بە کرێ دەگرت و بۆ پشووی هاوینانیش دەگەڕاینەوە دووگردکان. ئەمن لە هەموو براکانم و لە قەدریە خانی تاکە خوشکیشمان بچووکترم. کاک ئەحمەدی برا هەرە گەورەمان (1976 - 1925) لەپاش مەرگی باوکمان 1936 - 1888 دەستی لە خوێندن هەڵگرتبوو بۆ ئەوەی، وەک کوڕی گەورە، یارمەتی

دایکمان بدات لە بەڕیوەبردنی کاروباری بنەماڵەکەمان، و قەدریە خانیش لە حوجرەی مەلا لە دووگردکان لەبەر خوێندن داندرابوو.

کاکە ئەنوەرم، کە دواتر بوو بە دکتۆر، لە دوا ساڵی خوێندنی ئامادەیی (اعدادیة)ی هەولێر گوازتبوویەوە بۆ بەغدا. ئیتر لەوێوە ناوە ناوە نامەی بۆ دەناردین. جا ئەمن یەکێک لەو نامانەیم هەڵگرتووە کە ساڵی 1948 کاکە ئەنوەر بە دەسخەتی خۆی بۆ دایکمانی نووسیبوو. کافیە خانی دایکم1900-1963 لە بنەماڵەی بەڕێزی خانەدانی بەرزنجی بوو، کچی شێخ مارفی شێخ کەریمی شێخ ئەحمەدی شێخ کەریمی شێ حەسەنی گڵەزەردە بوو، دایکیشی، واتا نەنکم، بەهیە خانی خوشکی شێ محێدینی کانی کەوە بوو کە ئەوانیش نەوەی شێخ سمایلی ولیانی بوون و شێ حەسەنی گڵەزەردە و شێخ سمایلی ولیانیش برا بوون. دایکم خانمێکی ئاکار زۆر جوانی خواپەرست بوو.

ئەمەی خوارەوە دەقی نامەکەیە. ئینجا لێرەدا خۆم ڕۆشناییم خستۆتە سەر یەکە یەکەی ئەو شتە بچووکە سادە و بە رواڵەت "بێ بایەخانەی" کە کاکە ئەنوەرم لە ناوەڕۆکی نامەکەدا ورووژاندوویەتی. بەڵێ شتی سادەن بەڵام بێ بایەخ نین بەڵکو لێواولێو پڕن لە هەستی ئینسانییەتی نووسەرەکەی.

نامە ئۆریگیناڵەکەشم شووشەبەند کردووە و لەسەر گۆڕی دایکم داناوە لەناو گوومەزی گۆڕستانی بنەماڵەکەمان لەسەر گردی دووگردکان. ئەمە تایپکراوی دەقی نامەکەیە بێ دەسکاری :

بۆدایکي خۆشەویستم روژباش

دەستەکانت ماچ ئەکەم و امید دەکەم کە سحەتت زور باش بیت وە هیچ ناخۆشیت نەبي.

و ئەگەر لەمن دەپرسي زور باشم هیچ عاجزیم نیە غیري دوري ایوە نەبي.

وە دەستي پلكم نايلەخان ماچ ئەكەم و احوالي ئەپرسم

وە ئەوي احوالم ئەپرسي زور سلامي لي دەكەم

وە زور سلام لە هەمو { لێرە شتێكی كوژاندووەتەوە ـــــ} خزمەت چیەكان ئەكەم.

چاوي وسفیە ماچ ئەكەم. وە بلي حسن میرم امانەتي باغچە بي، وە زور سلامي لي دەكەم.

وە منو كاك انور لە ییک مکتەبین وە مالیشمان لیک نیزیکە.

ایتر عجبا قشپل تان سوتاندوە یان نا؟ وە باران باریوە. و اشەکە دەگەري؟ و مندالەكان باش دەخوینن.

ایتر جنابت كوي گوتبو وا ئەكەم.

ایتر هەر بژي دایكي خوشەویستمان.

احوالي خزمەكان ئەپرسم.

كورت

{واژۆی انور}

دایكي خوشەویستم

دوگردكان

یەک شەم 1948/11/14

ئەوە دەقی نامەكە بوو.

ئەمەش روونكردنەوەی چەند پنتكێكە كە كاكە ئەنوەرم لە نامەكەیدا باسی كردوون. كاك ئەنوەر دەڵێ " دەستی پلكم نایلەخان ماچ ئەكەم و

ئەحوالّی ئەپرسم". پلّە نایلەخانمان خوشکی گەورەی دایکمان بوو و هاوسەری رەحمان ئاغای مامان بوو کە ئەمیشیان براگەورەی باوکمان بوو واتا دوو برا دوو خوشکیان هێنابوو. ئەوانیش هەر لە دووگردکان دەژییان بەڵام لە گەڕەکی خۆیان کە بەناوی مامە رەحمانم کرابوو، گەڕەکی رەحمانی. دایکم خۆشەویستی و ریزێکی تایبەتی هەبوو بۆ نایلەخانی خوشکی و زوو زوو سەردانی دەکرد و کە منیش منداڵ بووم لەگەڵ خۆی دەبردم بۆ خزمەت پووره نایلە خانم. هەموو جەژنەکانیش دایکم جلی ئێمەی منداڵەکانی خۆی دەگۆڕی و لەگەڵ خۆی دەیبردین بۆ ئەو بەر، بۆ گەڕەکی ماڵی مامم بۆ ئەوەی دەستی مام و پوورمان ماچ بکەین ئینجا بگەڕێینەوە بۆ گەڕەکی خۆمان.

جا چونکە کاکە ئەنوەرم بەو پەیوەندییە گیانییەی نێوان ئەو دوو خۆشکەی دەزانی بۆیە بەر لە هەموو کەسێکی تر هەواڵی خوشکە گەورەی دایکمانی پرسیوە.

ئینجا کاکە ئەنوەر دەنووسێ " زۆر سلام لە هەموو خزمەتچییەکان ئەکەم." ئەوە بەڕاستی هەڵوێستێکی زۆر ئینسانی دەردەبڕێت کە پێش پرسینی چاکوچۆنی خوشک و براکانی خۆی، کاکە ئەنوەر جاری دڵی لای ئەو خزمەتچییانە بووە کە لە ماڵی ئاغا (ماڵی ئێمە) دەست بەکار بووین. بەڵی ماڵی ئێمە کە لەگەڵ رەحمان ئاغای مامان هەر یەکە لە گەڕەکی خۆی ئاغای گوند بوو و خەدەمو حەشەمێکی زۆرمان لە ژن و لە پیاو هەبوو هەم بۆ خزمەتکردنی ناوماڵی خۆمان هەم بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری جووت و جووتکاری و ئاژەڵداری و مەڕوماڵات و مریشک و جووجەڵە و پەڵەوەری تر. حوسێن عەسکەر و فاتمێ ی ژنی، مام ئەسعەد و خەجیلەی ژنی، مام یاسین و پلکە پیرۆزی ژنی، حەمدین و عەیشە سۆری ژنی، مەلا عومەر، زولە و فاتە، فەتحی عارەب (ئەمەیان ژن بوو جلی پیاوانی دەپۆشی)، حەسەن مێرەم و گەرحەی ژنی، مەلا عەولا و عەیشەکەی ژنی، ئامینەی حەمەشەریفی و وەسفی و شوکری ی کچە جەحێڵەکانی. ئەمانە هەندێکن لەو کاربەدەستانەی کە لە زەمانی

منداڵیی مندا لە ماڵی ئێمە دەست بەکاربوون. لە ماڵی مامە ڕەحمانیشم ئەوانەی لەبیرم مابن: قوتەڕەش، حەمەد قاوەچی و عەلۆ قاوەی کوڕی، پلکە زێزە، حەمەدی زێزەی. هەڵبەت ئەمانە جیا لە نۆبەدار و پاسەوانانی شەو و پیاوانی چەکداری بابم کە لەپاش مردنی لە ساڵی 1936 ئیتر وەک دۆست و یار و یاوەری دڵسۆزی کاکە ئەحمەدی برا گەورەشمان لە کارەکانیان بەردەوام بوون. لەناو ئەمانەشدا: حاجی کەریمی عەولاڕەشی، محەمەدی مەولود هەولێری کە جێی مەولود ئاغای بابی گرتبووە ئەو بابەی کە نزیکترین یار و یاوەر و پرسپێکەری بابمان بووە لە کاتی خۆی، پیرداود ئاغای حاجی خەلیلی و حەسەنی حاجی مستەفای جانە.

جا تۆ وەرە بڕوانە هەستی ئینسانی کاک ئەنوەری برام کە نامەی نووسیوە پێش پرسینی ئەحواڵی خوشکوبراکانی جارێ لە ئەحواڵی ئەو زاتە بەڕێزانەی پرسیوە کە لە خزمەتی بنەماڵەی ئێمەدا بووین.

ئینجا کاکە ئەنوەر دەنووسێ دەڵێ " چاوی وەسفیە ماچ ئەکەم . وە بلی حسن میرم ئەمانەتی باخچە بی وە زۆر سلامی لی دەکەم."

وەسفیە کە هەر بە وەسفی بانگمان دەکرد کچی ئامینەی حەمەشەریفی بوو و لەگەڵ دایکی و شوکری خوشکی لە خۆی بچووکتری لە ناوماڵی ئێمە دەست بەکار بوون. کاکە ئەنوەر وەسفیی بە تایبەتی خۆش دەویست و کە بۆ خوێندنی پزیشکی لەگەڵ فایزەخانی هاوسەری و شلێری کچیان چوون بۆ ئانکەرا هەموو وەرزەکانی خوێندن وەسفیەشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد و هاوینان دەگەڕانەوە بۆ دووگردکان.

کاکە ئەنوەر خولیای ئاو و هەوا و سەوزایی بوو. دووگردکان رووباری لێ نەبوو، بۆ ئاو چەند بیرێک لە تەواوی ئاوایی لێ درابوون بۆ ماڵەکان و بۆ ئاودانی مەڕ و ماڵاتیشیان. جا بە بیرۆکە و پێشنیازی کاکە ئەنوەرم بوو کە باخچەیەکی زۆر خۆشی پڕ لە داری بەردار و گوڵ و ڕەیحانی بۆنخۆش لە لایەکی حەوشە گەورەکەی ماڵەکەمان دروست کرا.

بۆیە هەر لە بەغداوە خەمی ئاودانی باخچەکە بووە و داوای لە حەسەن مێرەم کردووە ئاگاداری باخچەکە بێ.

ئەوساکە، لە بێ ئەلەتریکی و بێ نەوت و گازی سووتاندن، پەنا دەبردرایە سەر کۆکردنەوە و هەڵگرتنی سووتەمەنی (کا، قەسەر و پووش و پەرۆشە، سەرگین، قشپل "پشقل") بۆ زستان کە بەڕاستی ئەرکێکی قورسی لادێی ئەوسای کوردستان بووە. جا کاکە ئەنوەر ئەوەشی فەرامۆش نەکردووە کە کارێکی گرانی ژیانی گوند بووە و لە نامەکەیدا باسی کردووە. دەشیزانی گوزەرانی دانیشتوانی گوند بە بارانەوە بەستراوەتەوە و ئاشی ئاگریش کە لە گوندەکەمان بوو سەرچاوەی نان بووە بۆ خەڵکەکە ئەو لەو دوورە وڵاتییەوە خەمی ئەوەشی هەڵگرتووە. دەشیزانی دایکم زۆر پەرۆشی خزم و کەسانی خۆی بووە بۆیە کاک ئەنوەری شێخ عەزیزی برازای دایکم (کوڕە خاڵی ئێمە) کە ئەویش هەر ناوی ئەنوەر بوو و لە بەغدا دەیخوێند هەواڵی ئەویشی بە دایکم گەیاندووە.

کاکە ئەنوەرم لەپاش پرسینی هەواڵی ئەو هەموو ژن و پیاوانەی کە لە ماڵی ئێمە دەست بەکار بووین و لەپاش خەمخۆریی بۆ باری ژیانی ئەو زەمانی، ئینجا لە کۆتایی هەرە دوایی نامەکەیدا دەنووسێ " احوالی خزمەکان ئەپرسم."

هەزار سڵاو بۆ گۆڕی کافیە خانی دایکم و گۆڕی کاکە ئەنوەر و هی پوورە نایلە خانم و مامە ڕەحمانم و هەموو ئەو خۆشەویستانەش کە 72 ساڵ لەمەوبەر بە سەری کردوونەتەوە و ئەمڕۆ هیچ کامێکیان لەناومانا نەماون.

جا توخوا ناهەقمە کە دەڵێم لێ گەڕێن با مێژوو بدوێ؟

***

-2-
پۆستکارتێکی ساڵی 1942ی
عەلی ئاغای ئامۆزام لە ئەستەمبۆڵەوە

عەلـی ئاغـا (1977 - 1890) کـوڕە گەورەی خورشـیداغای مـامم بوو و یەکێک بوو لە کەسایەتییە ناودارەکانی بەرەی بایزی دزەییان. جا لە سـەفەرێکی سـاڵی 42 ی بـۆ ئەسـتەمبۆڵ وێنەیەکـی خـۆی بـۆ کـاک ئەحـمەدی بـرا گەورەم نـاردووە و ئەم چەنـد دێڕەی لە پشـتی وێـنەکەدا نووسـیوە و مـن دەسـکاریی رێنووسـەکەی ئەوسای نـاکەم. مامە عەلـیم لە کوردسـتان کەواو سـەڵتەی لەبەر دەکـرد بەڵام کە سـەفەری دەرەوەی دەکرد جلی ئەفەندی دەپۆشی و بە رەوانیش بە سێ زمان قسەی دەکرد: کـوردی و عەرەبـی و تـورکی عوسـمانی. ئەمەش چەنـد دێـڕەکەی پشـتی وێنەکەیەتی:

چاوەکم کاک احمد چونکە خوم لەم جیژنە لەلاتان نەبووم و یادم اکن فتوغرافی خوم لە جیاتی خومتان بو جنابتان تقدیم کرد بو خاترە محافزەی بکن تەبای احترام لە استنبول لە بیگ اوغلو توقاتلیان اوتیلی نوسراوە

25/8/1942 واژو



نامەکەی عەلی ئاغا

عەلی ئاغای ئامۆزای هۆمەر

وەسفییە حەمەشەریف

کافیە خانی دایکی هۆمەر

دکتۆر ئەنوەر دزەیی برای هۆمەر



حەسەن مێرەم



لە ڕاستەوە: فارسی عەلی ئاغا، عەلی ئاغا، تایەری عەلی ئاغا

-3-
نامەیەکی دکتۆر هاینتس فیشەر
(بەڕێز فیشەر چەند ساڵێک دواتر بووە سەرکۆماری نەمسا.)

ساڵانی 1974 - 1970 ئەمن وەک کارمەندی خۆجێیی (لۆکاڵ local) بۆ کاروباری وەرگێڕانی زمان و میدیا لە باڵیۆزخانەی عیراق لە شاری ڤیەننا دەست بەکار بووم. من ساڵی 70 لە هەولێر هاوسەرگیریم کردبوو بەڵام هێشتا هیچ پۆستێکی حکومیم نەبوو. لە ئەنجامی ڕێکەوتنی یانزدەی ئاداری هەر ئەو ساڵە لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و سەرکردایەتی بەعس کاک موحسینی برا لەخۆم گەورەترم پۆستی باڵیۆزی عیراقی لە شاری پراگ پایتەختی چێکۆسلۆڤاکیای ئەوسا وەرگرتبوو. ئەمنیش حەزی زۆرم لە کاری دیپلۆماتیک بوو و چەندین زمانی بێگانەم بە ڕەوانی دەزانی لە ناویانا ئینگلیزی و فرانسی و ئەڵمانی و نیمچیە ئیسپانییەک و عەرەبی و فارسی و تورکیش جگە لە زمانی دایک بەهەردوو شێوەزاری، سۆرانی و کرمانجی. بەڵام ئەوسا هێشتا خوێندنی زانکۆم تەواو نەکردبوو و بە ڕاشکاوی دانی پیا دەنێم کە هۆی دابڕانم لە خوێندن، بەر لە ژنهێنانم، ئەمە بوو، یەک: لەبەر دڵساردبوونەوەم کە خەونەکەم نەهاتە دی چونکە لە ماڵەوە نەیانهێشت موزیک بخوێنم و دوو: لەبەر ڕابواردنی ساڵانی جەوانیم بە ئۆتۆمۆبیلێکی سپۆرتی سەرکراوەی دوو نەفەری و گیرفانی گەرم و گورەوە خوێندنەکەی کۆلێژی علومی سیاسیم لە زانکۆکانی ڤیەننا و پاریس بە نیوەچڵی بەجێ هێشتبوو. لەبەر ئەوە بێ بڕوانامەی کۆلێژ نەدەکرا منیش وەک کاک موحسینی کاکم پۆستێکی دیپلۆماتیکم بدرێتێ. ئەوە بوو کە کاک موحسین قسەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەوسای عیراق،

عبدالكريم الشيخلي کرد (کە دواتر سەدام کوشتی) کە پۆستێکی نادیپلۆماتیکم بدەنێ لە بەشی میدیا و وەرگێڕانی زمان کە ئەزموونی پێشترم لەو بوارانەدا هەبوو. هەر واش کرا و وەکو گوتم بەو پۆستە لە ڤیەننا دامەزرام.

چوار ساڵەکەی (74 - 70)ی ئاشتی یانزدەی ئادار بە پایان گەیشت و کورد و بەغدا نەگەیشتنە ئەنجام. شەڕی سارد لێرە و لەوێ لە نێوان هەردوولا سەری هەڵدایەوە. کاک موحسینی براشم وەک باڵیۆز گواسترابووەوە بۆ ئۆتاوای پایتەختی کەنەدا. بەڵام لە کۆتایی ساڵی 73 یان سەرەتای 74 لە پۆستی سەفیریی لە ئۆتاوا هێنرابووەوە و کرابوو بە وەزیری (اشغال و اسكان) لە حکومەتی عیراقی ئەو ساڵانە. جا کە شەڕی ساردی کورد و بەعس بەرپا بووەوە کاکە موحسینیشم دەستی لە پۆستەکەی وەک وەزیری عیراق کێشایەوە و خۆی گەیاندەوە شاخەکانی کوردستان بۆ ناو شۆڕش.

ئەمن لە پۆستەکەی خۆم لە ڤیەننا هەر مابوومەوە. بەڵام رۆژێکیان کاک موحسین و کاک سامی عبدالرحمان یادی بەخێر کە ئەویش پێش دەسپێکردنەوەی شەڕ وەزیری (کاروباری شیمال) بوو لە حکومەتی بەغدا لە سەردانێکیان بۆ پشتگریی وڵاتانی ئەورووپا لە شۆڕشی کورد ڤیەنناشیان لە بەرنامەدا بوو. کە گەیشتن تەلەفۆنیان بۆ من کرد کە کەس پێی نەزانێت بچمە لایان. چووم و چون کارەکەی منیش لە باڵیۆزخانەی عیراقی پەیوەندی کردن بوو بە رۆژنامەوانەکانی نەمساوە داوایان لێ کردم کۆنفەرانسێکی رۆژنامەوانییان لەگەڵ ئەوانە بۆ رێک خەم.

ئەوەم کرد. ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەکانی راست و چەپی نەمسا بەشداریی کۆنفەرانسەکەیان کرد و بۆ رۆژی دواتر و چەند رۆژی پاشتریش میدیای نوسیاری و دەنگداری بە دووروودرێژی کێشەی کوردیان راگەیاند. هەر خودی خۆشم لە باڵیۆزخانە هەموو گوتاری

رۆژنامەکانم لە ئەڵمانییەوە وەردەگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و بۆ وەزارەتی دەرەوەی عیراق دەنێردرایەوە بەغدا. باڵیۆز جاسم العزاوي، دەستێک لەپێش دەستێک لەپاش، نەیدەزانی چۆن چۆنی وەرامی وەزارەتی دەرەوەی خۆیان بداتەوە. بەڕێز العزاوي منی بانگ کرد بۆ ئۆفیسی خۆی لێی پرسیم ئەوانە کەی هاتوون بۆ ڤیەننا و چۆن ئەو هەموو رۆژنامەوانە نەمساویانەیان دۆزیوەتەوە. گوتی دەزانم موحسین دزەیی برای تۆیە، دیوتە یان نا، پێم بڵێ ؟ گوتم بەڵێ دیومە نکۆڵی لێ ناکەم، برامە و دەمێک بوو یەکتریمان نەدیبوو تەلەفۆنی بۆ کردم چووم ماوەی تەنها جگەرە کێشانێک لەگەڵیا دانیشتم و لەوە زیاتر ئاگام لە هیچی تر نیە. گوتی ئەدی چۆن ئەو هەموو رۆژنامەوانانەیان لێ گرد بووەتەوە؟ ئەمن دەزانم تۆ رۆژنامەوانەکانی ئێرە هەموویان دەناسی. گوتم جەنابی سەفیر، خۆت دەزانی کە موحسینی برام پارێزەر بووە و پێشتر وەزیر و سەفیریش بووە، سامی عبدالرحمانیش ئەندازیارە، دەرچووی زانکۆیەکی بریتانی یە و ئەویش پێشتر وەزیر بووە، هەردووکیان زمانی ئینگلیزییان رەوانە و هیچ پێویستیان بە کۆمەکی کەس نییە. ئەمن کە چوومەتە لایان بە سیفەتێکی شەخسی بووە کە براکەم ببینم. هەر چۆنێکی بێ بڕوای پێ نەکردم و گوتی من سەفیری تۆم و تۆ کارمەندی منی دەبوایە من ئاگادار بکەیت.

دوو سێ هەفتەی نەبرد کاک موحسین و کاک سامی رۆیشتبوون و بۆ منیش لە وەزارەتی دەرەوەی عیراق لە بەغداوە ئەمری فەسڵم هات و دەریان کردم و پاسپۆرتە عیراقیەکەشیان لێ سەندمەوە.

لە وڵاتێکی بیانی بە ژن و دوو منداڵەوە، بێ پارەو پووڵ و مەدرەک مامەوە. تەلەفۆنم بۆ کاک موحسینی برام کرد کە گەڕابوەوە بۆ ئێرانێ و تێم گەیاند. باش بوو بە خێرایی برێ پارەیان بۆ ناردم و هێندەی نەبرد لە سەرکردایەتی شۆڕشیشەوە نامەی رەسمیم بۆ هات کە وەک نوێنەری شۆڕش لە نەمسا دەست بەکار بم و مووچەی مانگانەشیان بۆ دیاری کردم. داواشیان لێ کردم بچم بۆ باڵیۆزخانەی ئێرانی و لەوێ پاسپۆرتێکی ئێرانیم دەدەنێ بۆ خۆم و خێزان و منداڵەکانم. وام کرد و

هەمووی وەک پلانی داڕێژراو بە ڕێکوپێکی سەری گرت. مانگانەکەشم لە ئۆفیسی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە لەندەنەوە بۆ دەهات کە ئەوسا بەڕێزان کاک هاواری کاکەزیاد و کاک جەمال عەلەمدار بەرپرسی بوون. ئەمن ئەوسا ئەندامی پارتی نەبووم. دەمێک بوو دەستم لە حزبایەتی هەڵگرتبوو دوای ئەوەی کە هەر لە تەمەنێکی زۆر زووەوە، لە چلەکانی سەدەی رابردووەوە نۆرە بە نۆرە بە قۆناخی ئەندامەتی هەموو حزبە کوردییە ناسیۆنالیستەکان و حزبی کۆمونیستیشا رەت ببووم. بەڵام لەگەڵ رەوتی تەمەنا جۆری بیرکرنەوەشم تا دەهات گەییوتر دەبوو و وەک هونەرمەند و شاعیر وردە وردە زیاتر بۆ (ئازادی دەربڕین) دەڕۆیشت و خۆم لە خۆبەستانەوە بە رێنمایی و پرۆگرامی حزبایەتی دوور دەخستەوە. کوردایەتی بێ حزبایەتیم لا پەسندتر بوو و زۆر جار هەڵوێستی شەخسیی خۆم لەگەڵ ئایدیۆلۆژی رەقی نەگۆڕی حزبایەتی یەکدیگر نەدەبوونەوە. بەڵام دیار بوو نوێنەرانی شۆڕش لە دەرەوەی وڵات دەبوایە هەموو ئەندامی پارتی بن. کاک سامی لەئێرانەوە پەیوەندی پێوە کردم پێی راگەیاندم کە وەک نوێنەری شۆڕش دەبێ ببم بە ئەندامی پارتیش. راستییەکەی من ئەو داواکارییەم پێ خۆش نەبوو بەڵام چارم ناچار بوو و خۆم سەر لەنوێ لەناو پارتییا ناونووس کردەوە بە ناوێکی خوازراو (سیپان) کە ناوی چیایەکە لە کوردستانی باکوور.

هەر چۆنێکی بێ، ساڵی 75 شۆڕش لە ئەنجامی رێککەوتنەکەی الجزایر لە نێوان شای ئێران و سەدام حوسێنا تووشی نسکۆ بوو. دواترین خزمەت کە وەک نوێنەری شۆڕش لە نەمسا کردبێتم وەرگرتنی رەزامەندی حکومەتی نەمسا بوو بە دانی مافی پەناهەندەیی بۆ ژمارەیەک لە کوردانی عیراقی کە لە ئێران مابوونەوە. ئەوەشم بە رێگای بەڕێز (هاینتس فیشەر Heinz Fischer) ەوە ئەنجام دا کە هەنگی سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی سۆسیالیستی نەمسا بوو لە پەرلەمان و بۆ کاروباری شۆڕش چەندین جار سەردانیم کردبوو و دواتر بوو بە سەرکۆماری نەمساش.

خۆیشم لە ئۆفیسەکەی پارتی لە لەندەن پێم راگەیەندرا کە سەبارەت بەو قەیرانەی کە بەسەر کورد هاتووە چیتر ناتوانن مانگانەم بۆ بنێرن و گوتیان وا باشە بۆ خۆت لە کارێک بگەڕێیت.

جا با جارێ بە نامەکەی دکتۆر فیشەری ئەوسا ئەندامی پارلەمان دەست پێ بکەم کە ئەمەی خوارەوە چۆنییەتی ئەو پەیوەندییەمە بە پارلەمانی نەمسا بە مەبەستی وەرگرتنی ژمارەیەک پەنابەری کورد لە نەمسا.

نامەیەکی ساڵی 1975ی سەرکۆماری ئێستای نەمسا، دکتۆر هاینتس فیشەر، بۆ هۆمەر دزەیی.

لە ساڵانی نێوان رێکەوتنی 11ی ئاداری 1970 تا دەست پێکردنەوەی شەڕ لە بەهاری ساڵی 1974منیش تەبای ژمارەیەک لە کوردی سەر بە شۆڕشی ئەیلول لە ناوەوە و لە دەرەوەی عیراق وەک کارمەند دامەزرام و کرام بە بەرپرسی کاروباری رۆژنامەوانی لە باڵیۆزخانەی عیراق لە ڤیەننا و تەرجومانی تایبەتیی باڵیۆز. کە شەڕ هەڵگیرسایەوە و زۆربەی کارمەندە کوردەکان لە کارەکانی خۆیان دەرکران منیش یەکێک بووم لەو دەرکراوانە.

بەڵام لەپاش دەرکردنم لە باڵیۆزخانەی عیراق لە ڤیەننا سەرکردایەتی شۆڕش یەکسەر کردمی بە نوێنەری شۆڕش لە نەمسا. ئەوە بوو بۆ ماوەی ساڵێک (1975 - 1974) واتا تا رۆژی شکستی شۆڕش ئەو کارەم دەکرد و پەیوەندییەکی چاکم لەگەڵ سیاسەتکارانی نەمسا و دەزگاکانی راگەیاندن پێک هێنا. یەکێک لەو سیاسەتکارانە دکتۆر هاینتس فیشەر Heinz Fischer کە ئەوسا سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی سۆسیالیستی نەمسا SPO بوو لە پارلەمانی فیدراڵیی نەمسا.

چەندین جار چوومە لای لە ئۆفیسی خۆی لەناو باڵاخانەی پارلەمان. دکتۆر فیشەر هەر لە سەردەمی لاویتیی و خوێندکارییەوەی هاوسۆزی بزووتنەوە ئازادیخوازییەکانی جیهان بوو و لەناو حزبەکەی خۆی بە

چەپڕەو دادەندرا. دکتۆر فیشەر یارمەتییەکی زۆری دەدام لە چالاکییەکانم وەک نوێنەری شۆڕشێک لە دژی ڕەگەزپەرستانی بەعس لە عیراق.

کە شــــۆڕش لە ئەنجــــامی ڕێکەوتنــــی (الجزائــــر) لە ئــــاداری 1975هەرەسـی هـانی ژمارەیەک لە پێشمەرگەی کـورد ئارەزوویـان بـوو وەک پەنابەر ڕوو لە هەندەران بکەن.

جا دەبوایە هەوڵ بدرێت لەگەڵ UN و لەگەڵ حکومەتانی ئەورووپایی و ئەمەریکا ژمارەیەکی دیاریکراو لە پەنابەرانی کورد وەرگرن. ئەوە بوو کە منـیش بە پەلە خـۆم گەیانـدە دکتـۆر فیشـەر و باسـی ئەوەم لەگەڵیـا کردەوە کە ئەگەر بکرێ چەند پەناخواز و هەندێ بریندار و کەمئەندامی کورد وەربگرن.

ئەوەی کە لێرەدا لە ئاڵمانییەوە تەرجومەم کردووە نامەی بەڕێز فیشەرە بــۆم کە پــێم ڕادەگەیەنــێ چــۆن لە پارلەمــان داخــوازییەکەی منــی وروووژانـدووە و دەقی ئەو پرسیار و وەرامەشی بۆ ناردووم کە لە نێوان خۆی و وەزیری ناوخۆی ئەوسای نەمسادا کراوە.

دکتۆر هاینتس فیشەر ئەوە دوو ساڵە بۆتە سەرکۆماری نەمسا لەلایەن پارتی سۆسیالیستەوە.

ئـاڵوگۆڕی نـامەیەکی دیکەشـم هەیە لەگەڵ بەڕێـز فیشـەر دا لە پـایزی ساڵی 1986کە لە ئێران پەناهەندە بووم (ئەوسا ئەو بووبوو بە وەزیری زانست و توێژینەوەی نەمسا).

هۆمەر دزەیی

سلێمانی 2007/11/24

تەرجومە کوردییەکەی دەقە ئەڵمانییەکە:

مەڵبەندی پارلەمەنتاران و ئەندامانی ئەنجومەنە فیدراڵییە سۆسیالیستەکان
ڤیەننا 1017
پارلەمان
ت /421525
ڤیەننا/1975/4/20

زۆر بەڕێز مامۆستا دزەیی

من لە دانیشتنی دوێنێ ی پارلەماندا ئەم پرسیارەم بەم داڕشتنەی خوارەوە ئاراستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ کرد:

" بەو دەستوورە نەریتییەی کە نەمسا هەر لە دێر زەمانەوە هەڵوێستێکی مرۆڤ دۆستانەی هەبووە، ئایا ئێوە هیچ رێگایەک بەدی دەکەن بۆ وەرگرتنی ژمارەیەکی دیاریکراو لە پەنابەری کورد لە نەمسا؟ ". جا لەو وەرامەی کە هاوپێچی ئەم نامەیە بۆتان دەردەکەوێ کە هەڵوێستی وەزیری ناوخۆ هەڵوێستێکی ئەرێنی یە. من لەو باوەڕە دام کە هیچ کۆسپێک لە رێگادا نابێ چ بە هۆی کۆمیساری باڵای پەنابەران یان بە هەر رێگایەکی دیکەی گونجاو داواکارییەکی پەیوەندیدار پێشکەش بکەن کە بە ئیجابی وەرامی دەدرێتەوە.

هەرچی پەیوەندیی بە چالاکییەکەی خۆتەوە هەیە لێرەشدا پەیوەندیم بە سکرتێری دەرەوە بەڕێز بیلکا کردووە کە رازی بووە هەوڵی بۆ بدا.

بە جوانترین سڵاوی

(ئیمزا)

دکتۆر هاینتس فیشەر

Beilage
Herrn Omar Dizey
9/3/2Wallnerstrasse
Wien 1010

تەرجەمەی دەقی پرسیارەکانی پارلەمێنتار هاینتس فیشەر و وەرامەکانی وەزیری ناوخۆ، رۆش، لە دانیشتنی ناو پارلەمانی نەمسا.

پرسیاری پارلەمێنتار فیشەر:

" بەو دەستوورە نەریتییەی کە نەمسا هەر لە دێر زەمانەوە هەڵوێستێکی مرۆڤ دۆستانەی هەبووە، ئایا ئێوە هیچ رێگایەک بەدی دەکەن بۆ وەرگرتنی ژمارەیەکی دیاریکراو لە پەنابەری کورد لە نەمسا؟ "

سەرۆکی پارلەمان:

" فەرموو جەنابی وەزیر."

وەزیری ناوخۆ، رۆش:

" بەڕێز پارلەمێنتار، هەر کە داخوازێکی لەم بابەتە لە نەمسا دەکرێت بێ گومان، وەک لە رابردووشدا کراوە، حکومەتی فێدەڕاڵی ژمارەیەکی دیاریکراو لەم پەنابەرانە وەردەگرێت."

سەرۆک: " تکایە ئەگەر پرسیارێکی دیکە هەبێت."

پارلەمێنتار د. هاینتس فیشەر:

" جەنابی وەزیری فێدڕاڵ، ئایا بە واقیعی دەبینن ئەگەر بڵێین نزیکەی (50 تا 100)

پەنابەرێک وەربگیرێن چونکە بێ گومان بڕیاری وا دەبێ بە ژمارەی پەنابەرەکانیشەوە بەسترابێتەوە."

سەرۆگ: جەنابی وەزیر

وەزیری فێدڕاڵ، رۆش:

" بەڵێ ئەمە نزیکەی هەمان ژمارەیە کە حکومەتی فیدراڵی لەکاتی خۆیدا بۆ پەنابەرە ئۆگەندییەکانی دانابوو."

سەرۆک: هیچ پرسێکی دیکە هەیە، تکایە؟

پارلەمێنتار د. هاینتس فیشەر:

" جەنابی وەزیری فیدراڵ، پرۆسەی رەسمی بۆ جێ بەجێکردنی کردەوەیەکی وەها چی یە و چۆنە؟ ئایا ئەمە بە رێگای وەزیری ناوخۆ یان بە رێگای کۆمیساری باڵای پەنابەرانەوە ئەنجام ئەدرێ ؟، کردەوەیەکی لەم بابەتە لە کوێوە دەست پێ دەکات؟"

سەرۆک: جەنابی وەزیر

وەزیری فیدراڵ، رۆش:

" لە دۆخێکی ئاوادا کە پەناخوازەکان لە دەڤەری دوورەوە دێن بۆ لای ئێمە، تا ئێستا هەمیشە کۆمیساری باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بووە کە ئەم بابەتەی لەگەڵ ئێمەدا کردۆتەوە. کاتی خۆی کە بڕیاری وەرگرتنی پەنابەرانی ئۆگەندی درا قسە لەگەڵ باڵیۆزی نەمسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان (کە لەبیرم نەماوە کێ بوو ئەوساکە)کرا. لەپاش ئەوە ئیتر ئێمەش لێرەوە رەزامەندی خۆمان پیشان دا.

دکتۆر هاینتس فیشەر سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی سۆشیالیست لە پەرلەمانی نەمسا و دواتر بووە سەرۆککۆماری نەمسا

دکتۆر ئۆتۆ رۆش، وەزیری ناوەخۆی ئەوسای نەمسا



لە ڕاستەوە: هۆمەر دزەیی، جاسم عەزاوی باڵیۆزی عێراق لە نەمسا، بورهان...،حەسان...

لە ڕاستەوە: سامی عەبدولڕەحمان، موحسین دزەیی، مام جەلال تاڵەبانی، د. مەحموود عوسمان



نامەی د. هاینتز فیشەر (دواتر بووە سەرۆککۆماری نەمسا) بۆ هۆمەر دزەیی

-4-

نامەیەکی جەنابی مەلا مستەفای بارزانی

بە یارمەتیی دارایی بارزانی خوێندنی زانکۆم پێ تەواو کرا.[1]

لەپاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی بۆ ژمارەیەک پەنابەرانی کورد لە نەمسا ئیتر منیش، کە دوای دەرکردنم وەک کارمەندی باڵیۆخانەی عیراق لە ڤیەننا کرابووم بە نوێنەری شۆڕشی کورد لە نەمسا، کۆتاییم بە چالاکییەکانم لە نەمسا هێنا و لە ڤیەننا زۆرم هەوڵ دا کارم دەست نەکەوت. بیرم کردەوە بار بکەم بۆ لەندەن و منیش بە ماڵ و منداڵەوە حاڵم حاڵی هاواری کاکە زیاد و جەمال عەلەمدار کە ئەوان لەوێ نوێنەری کورد بوون و پارتی یارمەتی دارایی دەدان.

ئەوە بوو کە بارم کرد بۆ ئینگلتەرا. جا نازانم یەکەم گرووپی پەناهەندەی کورد کە لە ئێرانەوە چوون بۆ نەمسا کێ بوون و ئایا کێیان ئێستا لەوێ ماوە یان گواستوویانەتەوە بۆ وڵاتانی دیکە.

ئەمجارە وەک خێزانێکی ئێرانی بارمان کرد و لەوێ لەدەرەوەی لەندەن لە ماڵی کوڕە پوورزایەکم (نەجدەتی موحسین ئاغا) یادی بەخێر، لە گوندی کۆڵد ئاش Cold Ash کۆچ و کۆچبارمان لێ داکوتا و بۆ ماوەیەک ماینەوە.

لە ئۆفیسی پارتی لە لەندەن نائومێد بووم و چەندی هەوڵیشم دا

---

(1) چاوێک بە بەشی 3ی ئەم کتێبەدا بخشێنەوە چونکە لەگەڵ ئەم بەشەدا تەواوکەری یەکترن.

کاریکم دەست نەکەوت و سەرباری نەهامەتیمان کورپێکیشمان بوو، کاروان. بووین بە پێنج، خۆم و رووناک و نازدار و لارا و کاروان. لەگەڵ دایکی منداڵەکانم کەوتینە ژێر باری خەم و خەفەتان.

جەنابی مەلا مستەفای بارزانی فریام کەوت

ئینجا با بێمە سەر نامەکە و فریاکەوتنمان لە لایەن خودی جەنابی مەلا مستەفای بارزانی خۆیەوە، خوا لێی خۆش بێ.

دوای هەرەس و دەرکردنی بەیاننامەی لێ خۆشبوونی رژێمی بەعس لە هەموو بەشداربووانی شۆرشی کورد ژمارەیەک لە ئەندامانی پلە بەرزی پارتی و جەلالی گەرابوونەوە بۆ عیراق و هەندێکیان رەوانەی باشووری عیراق کرابوون لە ناویانا: سکرتێری پارتی حەبیب محمد کەریم، دارا تۆفیق، سالح یوسفی، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری وزۆری تریش. منیش بیرم کردەوە لەکەڵ خۆما گوتم خۆ ئەمن لەوانە زیاترم لە دژی بەغدا نەکردووە با هەر نەبێ لەبەر ماڵ و منداڵەکانم منیش بگەرێمەوە بۆ عیراق. ئەم خەیاڵەم لە مێشکا گەلاڵە بوو و لەگەڵ دایکی منداڵەکانم تاوتوێمان کرد. یەکێک لە بیرۆکەکانمان ئەوە بوو کە منداڵەکان و دایکیان ئەوان بگەرێنەوە بەڵام من خۆم بمێنمەوە. ئیتر لەو دڵەراوکێیەدا سەرم لێ شێوابوو و بریاری راست و دروستم بۆ نەدەهات.

دیسان هانام وەبەر کاک موحسینی برامەوە بردەوە و بە دوور و درێژیی حاڵ و هەواڵی خۆمانم پێ راگەیاند. ئەوسا کاک موحسین وەک یاوەری جەنابی مەلا مستەفا لە ئەمەریکا بوو بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی بارزانی.

دیارە ئەویش ئەوەی بە جەنابی بارزانی گوتبوو. هێندەی نەبرد،

بەدەستی شیروانی کوڕی کاک موحسینی برام کە لە لەندەن دەیخوێند بەڵام بە سەردان چووبوو بۆ ئەمریکا باوکی ببینێ، ئەم نامەی خوارەوەم لە جەنابی مەلا مستەفاوە پێ گەیشت. نامەکە بە دسخەتی خۆی بوو و لەناو زەرفێکا بوو کە ناوی منی لەسەرا نووسیبوو. لەسەر زەرفەکە نووسیبووی:

تقديم بو عزيزي خوم عمر محمد امين دزەيي محترم

ئەمەش تایپکراوی دەقی نامە دەسنووسەکەیە بێ دەسکاری کردنی رێنووس:

تقديم بو عزيزی خوم عمر محمد امين زۆر محترم

عرَزی سلامو احترامم هەيە بو هەموتان و چاوتان ماچ دەكەم و زور لە احوالتان سوال دەكەم انشائە للە سحەتتان باشە و ايشوكاريش باش دەبي بو هەمو لايەكمان پيكەوە بە عمومی خوا اگادارمان بی برام كاغەذی جنابتان بە دەستم گەهی و هەرچی فرموتانە ليمان معلومبو بلام لازمە سبرتان هەبی بو هەمو ايشوكارەک و لازمە منالەكەتان هەر لەلايی خوتان بن باشترە و اوە شيروان گەراوە بو لاتان و كاک محسن دەلی ٥٠٠٠ دولارم بو ناردن و انشائەللە ايمەش هەر اگامان لە ايوە دەبی اگەر قسورتان بو خەبەردارمان بفرمون نواقس چيە بوتان جی بە جی دەكری و خوت وكيلی سلام بە بو هەمو برادەران ايتر خوشتان و سلامتيتان لە خوا دەخازين

براتان بارزانی مستەفا

واژۆ 8/1/1977

بەم جۆرە کاک موحسین پێی راگەیاندم کە نەڕۆینەوە و گوتی جەنابی مەلا مستەفا مانگانە 500 دۆلارتان بۆ دەنێرێ.

ئەمە بۆ من و منداڵەکانم بەڕاستی رووناکیەکی بنەبانی تونێل بوو و هەر یەکسەر چووم خۆم لە زانکۆی ریدینگ University of Reading تۆمار کرد کە نزیک ماڵەکەی کاک نەجدەتی پوورزام بوو بۆ تەواوکردنی خوێندنی علومی سیاسیەکەی کە پێشتر لە زانکۆکانی ڤیەننا و پاریس بە نیوەچڵی دەستم لێ هەڵگرتبوو. ساڵی 1979 ئەخیرەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسەکەم بە پلەی امتیاز BA Honors وەرگرت.

هەزار دروود و رەحمەت لە گۆڕی رەهبەری مێژوویی کورد جەنابی مەلا مستەفای بارزانی بێت و یادی بەخێر، بێ یارمەتی وی خوێندنەکەم بۆ تەواو نەدەکرا.



مەلا مستەفا بارزانی و موحسین دزەیی، برای هۆمەر

نامە دەستنووسەکەی بەڕێز بارزانی بۆ هۆمەر

زەرفی نامەکەی بارزانی بۆ هۆمەر

بارزانی لەپێشەوە و چەکدارەکەی پشتیشی ئەحمەد حەمەدەمین
براگەورەی هۆمەر

-5-
دوو نامەی جەنابی کاک مەسعود بارزانی

نامەی یەکەم

لەپاش هەڵەنگوتنی ساڵی 1975ی شۆڕشی کورد ئەمن هێشتا لە ڤیەننا لە باڵیۆزخانەی عیراق دەست بە کار بووم. لە بەشی ژمارە 2 ی ئەم نووسینانەمدا باسی ئەو شاندە کوردییەم کردووە کە کاک مەسعود لە یەکێک لەو دوو نامانەی کە بۆی ناردووم باسی دەکات. شاندەکە کاک سامی عبدالرحمانی هاوکاری ساڵانی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئەشکەوتەکەی گردە رەشم (1964 -1963) و کاک محسن دزەیی برام بوون. ئەوان بە هەندێ وڵاتانی ئەورووپادا دەگەڕان بۆ وەدەستهێنانی پشتگیری لە پرسی کورد لەو گێژەنەی کە دوای رێکەوتنەکەی الجزایر لە نێوان سەدام حوسێن و شای ئێرانێ تێی کەوتبوو. کاک مەسعود بارزانی ئەوسا لە ئێران بوو و من هێشتا لە ڤیەننا. یەکێک لەو دوو نامانەی بە دەستی کاک تاریق عەقراوی بۆ ناردم کە تاریخی ٢٢/ ٧ /١٩٧٥ ی لە سەرە. ئەوەی دیکەیان تاریخی ناردنی لەسەرا نیە و لە بیریشم نەماوە بەدەستی کێ پێم گەیشتووە.

ئەمەی خوارەوە لەلایەن خۆمەوە تایپکراوی دەقی نامە دەسخەتەکەی تاریخ دیارەکەی جەنابی کاک مەسعود بارزانیە.

برای خوشەویستم کاک عمر دزەیی پیشکەشە

سلاویکی برایانەی گەرم.

پاش ئەم کارثە گەورەی بەسەر هەمو میللەتی کورد دا هات،

ئومیدمان وایە کە درسي لێ وەربگرین و بتوانین هەمو حقائق و تفاسیلي موءامرەکە بو میللەتي کورد روني بکەینەوە، چونکە لەم زروفەدا هەمو شت ناگوتریت، بو ئەوەی توشي حکمیکي ناحق نەبین.

ئیمرو شعاري ئیمە ئەوەیە یک بگرین و واجبە لەسەر هەمومان تێ بکوشین تا اثبات بکەین بو عالم کە میللەتي کورد نامریت و بریارمان داوە کە بەردەوام بین لە خەبات ئەگەر چي ئیمرو خەباتي چەکدار ممکن نیە بەلام سیاسیا" مجال هەیە و ئەزانین فراغیک هەیە ئەبي پر بکریتەوە و بریارمان داوە دەست بە نشات بکەین و لە مستواي قیادە وفدیکمان دیت بو ئەم مەبەستە و ئومیدم وایە ئیوەش دەوریکي بالا ببینن. و راءیمان وایە دژي کەس نەبین چونکە بە یکەتي ماني خومان ئەپاریزین بەلام ئەگەر کەسیک هەولي دوبەرەکي بدات حکم لەسەریان بو میللەت بەجي ئەهیلین و ئەگەر خزمەتي کورد لەوەدا بي جنیومان پێ بدەن بەسەر چاو قبولي ئەکەین بەلام بروا ناکەین ئیمرو لە هاوکاري زیاتر چیتر سودمان پێ بدات.

ئیتر خوشیتان ئاواتمانە.

براتان

مسعود بارزاني

22/7/1975 واژۆ

نامەکە لەناو زەرفێکدا بوو کە کاک مەسعود ئەمەی لەسەر نووسیوە:
براي بەریز کاک عمر دزەیی پیشکەشە

کاک تاریق عەقراوی کە نوێنەری شۆڕش بوو لە ئەڵمانیا و نامەکەی لە ئێرانەوە هێنابوو دیارە ئەویش نامەکەی بە دەستی یەکێکی دیکە یان رەنگە خستبێتیە ناو زەرفێکي ترەوە و هەر بە پۆستی رەسمی لە ئەڵمانیاوە

بۆمی ناردبێته ڤیەننا. کاک تاریق ئەویش بە دەستخەتی خۆی ئەم چەند وشەیەی زیاد کردۆتە سەر زەرفەکەی کاک مەسعود:

برایو عمر: وا نامەی کاک مسعود بارزانی بوت رەوانە ئەکەم لەگەل گەرمترین سلاو

برات (واژۆ)

تارق عقراوي

بۆ مێژوو، ئەگەر مرۆڤ بە شێوەیەکی بابەتیانە و بە خۆدوورخستنەوە لە هەموو جۆرە کارتێکردنێکی عاتیفی و باڵبالێنی تەسکی حزبایەتی ئەو قسانەی ناو نامەکەی کاک مەسعود بارزانی هەڵبسەنگێنێ، پێم وایە دەبێ بۆی دەربکەوێ کە، وێڕای دڵشکاویی وەک هەموو کوردێکی دڵشکاوی ئەوان رۆژان، پڕن لە هەست بە بەرپرسیاریکردن و گیانێکی نەبەز و کۆڵنەدان لە رۆژێکی وەها رەش و پڕ لە مەینەتدا کە بەسەر کورددا هاتبوو. کاک مەسعود بە دڵێکی گەورە و سینگێکی کراوەشەوە جنێو پێدان بە خۆشیانیشی قەبووڵ بووە ئەگەر وەک دەڵێ **"خزمەتی کورد لەوەدا بێ"**.

بەڵێ، بەخۆداچوونەوە و رەخنە و گۆڕینەوەی بیروڕای جیاجیا نەک هەر کارێکی راست و دروستە بەڵکو پێویستیشە ئەگەر لەم بوارەدا کورد چاو لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی رۆژئاوا بکات و شێوازی شارستانییەت و رێز و روومەت بەکار بێنێت و دوور بکەوێتەوە لە بەکارهێنانی شێوازی هەرزەکارانەی مناڵبازاڕی. جیاوازیی بیروباوەڕ و بۆچوون نابێ وەک دوژمنداری سەیر بکرێ. وەک کە کاک مەسعودیش جەختی لەسەر کردووە پێویستە لە رۆژی رەش و لێقەومانی نەتەوەییدا ناکۆکی و دووبەرەکی بنرێ بەلاوە، پشتی یەکدی بگیرێت، هەر نەبێ تا گەردی

گەردەلوولەکە دەنیشێتەوە. ڕاستی بۆ چووە کاک مەسعود کە دەڵێ " ... **ڕەئیمان وایە دژی کەس نەبین چونکە بە یەکەتی مانی خۆمان ئەپارێزین...**".

لە جیهاندا هیچ سیاسەتکارێک پێغەمبەر نەبووە تا هەڵەی نەکردبێ. چێرچڵ بەو چێرچڵاتییەی خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا دانی پێدا دەنێ کە لە دووەم جەنگی جیهاندا لە پاش سەرکەوتنیان بەسەر ئەڵمانیای نازیدا هەڵەیەکی زۆر گەورەی کرد بە پێشنیازی ستالین یەکسەر ڕازی بوو کە ئەمیان لەسەر نەخشەکەی ئەورووپای بەردەمیان بە قەڵەم هێڵێکی لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەورووپا کێشا کە تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتەکە بە شێوەیەکی کاتەکی بکەوێتە ژێر نفووزی میلیتاری یەکیەتی سۆڤیەت تا هەڵبژاردنی دیمۆکراتیک لەو وڵاتانە دەکرێت و ئینجا لەپاشان هەموویان بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ڕازی بن. چێرچڵ دەڵێ بیری بۆ ئەوە نەچووبوو ئاخر هەڵبژاردن بە زەقەزەقی چاوی سوپای سووری سۆڤیەت و لەژێر باڵی پارتی کۆمونیستدا چۆن بە دیمۆکراتیکانە ئەنجام دەدرێ ! چێرچڵ تا مرد هەر پەنجەی پەشیمانی دەکرۆشت کە وا بە ئاسانی بە پێشنیازەکەی ستالین ڕازی ببوو و لە ئەنجام سەرتاپای ئەورووپای ڕۆژهەڵات کەوتە ژێر هەژمونی یەکیتی سۆڤیەتی کۆمونیست.

نامەی دووەم

نامەی دووەمی جەنابی کاک مەسعود کە بۆی ناردووم بەداخەوە تاریخی ناردنی لەسەرا نییە و ناشزانم کێ بۆی هێنابووم چونکە دیارە بە دەست هاتبوو. دیاریشە نامەکە وەرامدانەوەی نامەیەکی من بووە بۆ کاک مەسعود کە بیرم نەماوە کەی نووسیبووم و چیم تێدا گوتبوو. ئەمەش دەقی ئەو نامەیە و زەرفەکەیەتی کە بە دەست نووسیبووی و لەسەر زەرفەکە ئەمەی نووسیوە:

برای خوشەویستم کاک عمر دزەیی

ئەمەش تایپکراوی نامە دەسخەتەکەیە:

برای خوشەویستم کاک عمر دزەیی پیشکەشە

سلاویکی برایانەی گەرم.

ئەحوالتان ئەپرسم و ئومیدەوارم سحەتتان باش بیت و زور ئیحترامم هەیە بو مالەوەتان.

زور سوپاس بو نامە شیرینەکەتان کە پرر بو لە هەستی برایەتی.

بێ گومان ئاگادارن رژیمی بغدا خەریکە ئەگەر بوي بکریت کوردستان ویران بکات و گەلیک بە ناوي کورد لەناوي ببات بە تەواوي. و هەرچەندە خەبات زور سەخت بووە بەلام گەلیک بە رژیمیکي وەک رژیمي بەغدا لەناو ناچیت و تا ئەو درندەتر ببي ئیمەش سورتر ئەبین لەسەر خەبات و بەرگري لە شرف و کەرامەتي گەلەکەمان. بەراستی دەتوانم بلیم ئیمرو واین لە شەري مان و نەماني کورد.

دلنیام نەمان هەر بو رژیمی فاشی بەغدایە و سەرکەوتن هەر بو گەلي کوردە هەرچەند زور ئەزیەتی داوین و ئەزیەتمان دەدات بەلام بویە

ئامانجەکەمان ئەوەندە پیروز و بەرزە چونکە ئەم هەمو خوینە پاکەي بو دەرژیت.

زور سوپاست دەکەم کەوا برایانە ئامادەیي خۆت پیشان داوە و هەر واش توقعم کردووە لە جەنابت.

و خوت زور چاک شارەزاي و لە دەرەوە مجال ئیش کردن چونە بویە دلنیام ئەوي لە دەستتان بیت دریغي ناکەن.

دایکم و مالەوەمان زور سلاویان هەیە بو مالەوەتان و هەمو برایان احترامیان هەیە بو جەنابتان. هەروەها کاک سالح سلاوي تایبەتی هەیە. کاک محسن سحەتی زور باشە و زور خوشحالین کە لە ناومانە.

ئیتر خوشیتان

واژۆ

براتان

مسعود بارزاني

لێرەدا حەز دەکەم خوێنەری ئەم بیرەوەرییانە سەرنجێکی ورد بداتە ئەم چیرۆکەی خوارەوەم.

لە نامە تاریخدارەکەیدا کاک مەسعود پنتێکی زۆر گرنگی ورووژاندووە کە شێوەی کوردایەتیکردنی سەردەمانی کۆنی بیر خستمەوە و وای لێ کردم بێ تێبینی بەسەریدا باز نەدەم. کاک مەسعود دەڵێ "... **ئەگەر خزمەتی کورد لەوەدا بی جنیومان پێ بدەن بەسەرچاو قبولي ئەکەین...**".

لە کۆتایی سییەکانی سەدەی بیستەم و تەواوی چلەکانیشی ژمارەیەک لە کۆمەڵ و پارتی سیاسی کورد سەریان هەڵدەدا و زوو یان درەنگ

وەک بڵقی سەر ئاویش دەپووکانەوە. هەر هەمووشیان بزووتنەوەی کورد پەروەر و نیشتمان پەروەر بوون. ئەو گۆڕانە سیاسی و فیکرییانەی کە بەسەر کۆمەڵگای میللەتانی دونیادا دەهات و دەرئاوێژەی یەکەم جەنگی جیهان و دووەم جەنگی جیهان بوون، سروشتانە کۆمەڵگای کوردستانیشی گرتبۆوە. دەستەی بژاردەی ڕۆشەنبیری کوردی ئەو زەمانە elite بە پەرۆشەوە باز بازێتیان دەکرد لەم حزب بۆ ئەو حزب، لەم ئایدیۆلۆژیا بۆ ئەو ئایدیۆلۆژیا کە بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەر هەمووشیان لە ناخدا لە دڵسۆزییان بووە بۆ حاڵی کورد. بۆ نموونە بازبازێتی خێرا خێرا لەناو ئەم حزب و کۆمەڵانەدا دەکرا: خۆیبوون، کۆمەڵەی دارکەر، هیوا، ژیانەوەی کورد (ژ. ک)، ڕزگاری کورد، شۆڕش، پارتی دیمۆکراتی یەکگرتووی کورد کە دواتر ناوەکەی بوو بە پارتی دیمۆکراتی کوردستان، حزبی شیوعی عیراقی و ئینجا ئەگەر ئەم ساڵانەی دواییشی بخەینەسەر: یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان، سۆسیالیست، گۆڕان، کۆمەڵەی ڕەنجدەران، ئاڵای شۆڕش، زەحمەتکێشان، پارێزگاران، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و ئیتر نازانم چی تریش. جا هەنگینێ زۆر لە ئەندامانی ئەو پارتی و بزووتنەوانە - کە بێ گومان هەموویان دڵسۆزی پرسی کورد بوون - لە ئەنجامی گۆڕانە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی دوای جەنگ بە ئەقڵی ئەو زەمانی هەوڵیان دەدا حزبەکانی دی - کە پێشتر خودی خۆیان ئەندامیشی بووینە - و سەرکردەکانی ئەو حزبانەش، کە سەرکردەی پێشتری خۆشیان بووینە، بە قسەی سووک و شکاندنەوە ماکدار بکەن. بۆ نموونە لە سەرەتای چلەکاندا منی بەتەمەن هەر شەش حەوت ساڵان و هەندێ برا لەخۆم گەورەترەکانم و خزم و برادەرێکی زۆریشمان ئەندامی پارتی (هیوا) و دواتر (ژ. ک. = ژیانەوەی کورد) و دواتریش هی هەر هەموو پارتییەکانی دیکەش بووین. هیوا حزبێکی ناسیۆنالیستی کورد بوو و چونکە کورد لە ئەنجامی یەکەم جەنگی جیهانا هیچی لە ئینگلیزەکان پێ

نەبڕابوو ئەمجارەیان روویان کردبووە ئەڵمانیای نازی بەو هیوایە کە ئەوان سەربەخۆیی بۆ کورد بە دەست بێنن. سەرۆکی حزبی هیوا مامۆستا رەفیق حیلمی بوو. رێکخراوێکی تایبەت بە منداڵان و لاوانی کوردی ئەندامانی هیوا دامەزرێندرابوو بە ناوی (بەچکە شێرانی کوردستان) کتومت لە شێوەی رێکخراوی (هیتلەر یوگێند Hitler Jugend) ی ئەڵمانی واتا (لاوانی هیتلەر). ئەوسا کاک عەزیز فەتاح گەنجێکی هەولێریی زۆر کوردپەروەر بوو و بەرپرسی حزبی هیوا بوو لە هەولێر. هەڵبەت ئێمە ئەندامانی (بەچکە شێرانی کوردستان)، گەورە و بچووک، هەر بە (کاکە عەزیز)، ناومان دەهێنا و بانگمان دەکرد، ئەوسا وشەی مامۆستا بۆ سیاسییەکان بەکار نەدەهات بەڵکو تەنیا بۆ مەلا و پیاوانی ئاینی بەکار دەهێنرا. دواتر کە ئێمە و زۆر کەسی تریش لە (هیوا) جیابووینەوە، بازمان دا بۆ حزبێکی دی ئیتر کەسمان ناوی بە (کاکە عەزیز) نەدەهێنا بەڵکو بە (عەزە گێزەر) کە سەرکردە تازەکانمان وایان فێر کردبووین گوایا بەژن و باڵای هەر هێندەی گێزەرێکە یان چونکە باوکی گێزەرفرۆش بووە بۆیە بە قودرەتی قادر و لە ماوەی شەو و رۆژێکدا کاکە عەزیزمان لێ بوو بە عەزە گێزەر. هەینێکە منی پۆلی یەک و دووی سەرەتایی ئەندامی رێکخراوی منداڵان (بەچکە شێرانی کوردستان)ی سەر بە حزبی هیوا بووم.

ئیمڕۆش کە بیر لەوان رۆژان دەکەمەوە پێکەنینم بە عەقلیەتی ئەو زەمانیمان دێ: کوردایەتی کردنیکی تا بناگوێمان پڕ بە دڵسۆزی و جانفیدایی بەڵام پڕیش بە سادەیی و سافیلکەیی و کەمزانی و بێ ئاگایی لە کون و قوژبن و پێچ و پەنای سیاسەتی زلهێزەکان.

جا ئەوەی کە لەم کورتە چیرۆکەدا مەبەستمە ئەوەیە کە زۆر شەرمە ئەوڕۆش کوردایەتی و حزبایەتی هەر بە ئەقڵی گێزەرەکەی هەشتا ساڵ لەمەوپێش بکەین. دنیا زۆر گۆڕاوە و سروشتانە پەیوندییە نێو نەتەوەییەکانیش بەو پێیە گوڕانیان بەسەردا هاتووە. نەنگە کەس بە کەس

بلێی خائین و عەمیل. ئاخر نابێ لەبیرمان بچێ کە لە هەر دەور و زەمانێکی جیا لەوەی تر جیۆپۆلیتیکی کوردستان داوا لە هەموو پارتی و بزووتنەوە سیاسییە کوردییەکان دەکات پێداچوونەوەیەک بە بیرکردنەوەی خۆیاندا بکەنەوە و حیسابی ورد و دوور بۆ جیۆپۆلیتیکی گۆڕاو و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بکەن و خۆیانی لەگەڵا بگونجێنن. سەرەڕای ئەوەش، ئەوڕۆکەش هێشتا هیچ گەرەنتی نییە لەو ڕێیەدا تووشی هەڵە و هەڵەنگوتنی دیکەش نەبین. لە دونیای گۆڕاوی ئەمڕۆدا، بمانەوێ نەمانەوێ، ئەوە بە شێوەیەکی سەرەکی جیۆپۆلیتیک و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و بەرژەوەندیی زلهێزەکانە کە پلانی هەڵوێست و بڕیار بۆ کورد دادەنێن. ئاخر لە سیاسەتدا بە تایبەتی لە کوردستانەکەی خۆمان خۆ هەموو جڵەوەکان لە دەست ڕەهبەرانی کورددا نین، زلهێزەکان و دراوسێکانمان چاویان زەقە. بەڵام مخابن سەوادی خەڵکەکەمان لەوە ناگەن و وا دەزانن زۆر ئاسان و ئاسایی و پێویستیشە کوردیش وەک زلهێزێک هەڵسوکەوت بکات و ئەمە بکات و ئەوە نەکات. پێشینان گوتوویانە " ئەوەی لە شەڕا نەبێ شمشێری تیژە."

جا خەڵکینە، یان دەبێ سیاسەت نەکەین، لەماڵی خۆمان دانیشین و ڕازی بین بە سەرەنجامی میللەتەکەمان یان ئەگەر بیکەین ئەوا بەخوا دەبێ باش بزانین کە " **ماسی گرتن و قوون تەڕ نەبوون ناکرێ**". خۆ ئەمن ناڵێم لە ڕێی خەباتدا سارد بینەوە بەڵام دەڵێم بە عاقڵانە خەبات بکەین و بە یەکگرتوویی خۆمان لەگەڵ سیاسەتی جیهاندا بگونجێنین ئەگینا بەخوا کەس مەرحەبامان لێ ناکات و لە کارواندا بەجێ دەمێنین. نازانم کێ ئەم بەندە ڕەندەی گوتووە کە من هەیامێک لەمەوبەر لە مام ڕەشید عارفی ڕەحمەتیم دەبیست:

سیاسەت بێ ریئاسەت گەنجە ئەمما گەنجێکی پەنهان ریئاسەت بێ سیاسەت ڕەنجە ئەمما ڕەنجی بێ پایان.

نووسەری بە توانای بە زمانی عەرەبی و پێشمەرگەی دێرین جەرجیس

فتح اللّەی رەحمەتی رۆژی 1988/10/3 نامەیەکی شەش لاپەڕەیی بە زمانی عەرەبی لە سویدەوە بۆ من ناردە ئەمەریکا کە ئەم دوو سێ دێڕەی لێ دەکەمە کوردی **" هەر وەک هەمیشە، ئێستاش لەگەڵتا کۆکم کە برادەرانی خۆمان دەردی کورتبینیی سیاسییان هەیە، لە نێوان فیکر و واقیعدا بزر بووینە."** نامەکەم هەڵگرتووە.

جا هاووڵاتییانی خۆشەویستم با فێر ببین ئێمەش لەناو خۆماندا سیاسەت وەک رۆژئاواییەکان بکەین، بە شارستانییەت in a civilized way. دەبا لەوان فێر بین کە زۆر ئاسایی و پێویست و تەندروستیشە بۆچوونی جیاجیامان هەبێ. ئەوان بەیانیان بە رەخنەی توند بەڵام بە ئەدەب یەکدی دەشۆنەوە ئێوارانیش پێکەوە دادەنیشن و زرینگەی پەرداخی پێکیان دێ وەک بڵێی نە بایان دیبێ نە باران.

بۆ رابردووش، بێ دەمارگیری و بێ دەسکاریکردن و پەردەپۆشکردنی تۆماری رووداوە کۆنەکان، با بە راشکاوی و بێ خۆگنخاندن دان بە هەڵە و شکستەکانمانا بنێین. خۆ ئەگەر خۆشمان لە گێلی بدەین یان هەڵەکانمان بخەینە ئەستۆی یەکتری، بەخوا مێژوو بەزەیی بە کەسا نایەتەوە و ئەو حوکمی خۆی دەدا.

کورد دەڵی قسە قسە رادەکێشێت، سەرنجێکی وردی پەیوەندیدار بە هەندێ لە بیروڕاکانی ئەوسای کاک مەسعود:

ئەگەر خوێنەری بەڕێز بەراوردێک بکات لە نێوان بیروڕاکانی کاک مەسعود کە لەو دوو نامە مێژووییانەیدا دەریبڕیون و لەسەرەوە بڵاوم کردوونەتەوە کە دەڵێ " ئەگەر خزمەتی کورد لەوەدا بێ جنێومان پێ بدەن، بەسەر چاو قبوڵی ئەکەین" و هەڵوێستی ئەم دواییانەی بەرامبەر بە دکتۆر بەرهەم ساڵح، لێک ترازانێکی زۆر زەقی هەڵوێستی دەکەوێتە بەر چاو، هەڵوێستێکی نەرم و نیانی دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول و هەڵوێستێکی زۆر رەق و بێ منەتی ئەمڕۆی. خۆ زیانی بۆ پەز نابێ ئەگەر بۆچوونەکەی رەحمەتی جەرجیس فەتحوڵلاش بێنمەوە یاد کە 35 ساڵ

لەمەوپێش بە عەرەبی بۆ منی نووسیبو و ئەمە کوردییەکەیەتی " هەر وەک هەمیشە، ئێستاش لەگەڵتا کۆکم کە برادەرانی خۆمان دەردی کورتبینیی سیاسییان هەیە، لە نێوان فیکر و واقیعدا بزر بووینە". جا لێرەدا ئەمن بەو پەڕی رێز و خۆشەویستیی تایبەتم بۆ کەسایەتی جەنابی کاک مەسعود هیوادارم ئەم گازاندە برایانەم لێ قەبووڵ بکات کە ئیشتیباهێکی مێژوویی بوو پشتی کەسایەتییەکی کوردی نەگرت کە لەناو کورد و لەناو عیراقییان و لەناو وڵاتانی عەرەب و لای ئەمەریکا و ئەورووپاییەکانیشدا بۆ سەرکۆماری پەسند کراو بوو . ئەرێ کاک مەسعود، ئەرێ کوردینە، من قسە ناکەم، با هەر ویژدانی خۆتان لێتان بێتە جواو، توخوا ئەمە هەر خۆی لە خۆیدا دەسکەوت نییە بۆ سومعەی کورد ؟؟؟ ئایا تۆ یەکێک هەڵئەبژێریت کە میللەتەکەی خۆت و دونیاش مەدحی بکەن یان زەمی بکەن ؟؟؟. ئەرێ کاک مەسعود، ئەرێ کوردینە، من قسە ناکەم: توخوا بۆ ناوبانگی کورد، بۆ سومعەی کورد، بۆ رێزلێنان لە گەلی کوردان لە جیهان بەرهەم باشتر دەبوو یان فوئاد و لەتیف ؟؟؟ ویژدان، ویژدان، ویژدان !!!

بەتێگەیشتنی من بە داخەوە کاک مەسعود لەو کێشمەکێشەدا کەوتبوە ژێر کاریگەریی "ئیگۆ ego"ی خۆی و سەرکەوتنی ئەو ئیگۆیەی بەسەر بەرژەوەوەندیی میللەتەکەی زۆر لا مەبەستتر بوو کە ئەمەش بە هیچ پێوەرێک نابێ سیفاتی رەهبەری دڵسۆز بێ بۆ میللەتەکەی خۆی. راستە جاران لەناو عەشایەرگەری هەر زاڵبوونی قسەی سەرخێڵ گرنگ بوو. بەڵام ئەمڕۆ کوردایەتیکردنی بە مەفهومی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم نابێ وابێ. کاکە، چێرچل بەو چێرچلاتییەی خۆی دانی پیا نا کە لەئەنجامی سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان بەسەر ئەڵمانیای نازی لە جەنگی دووەمی جیهانا هەڵەیەکی گەورەی کرد کە تەواوی ئەورووپای رۆژهەڵاتی بۆ ستالین بەجێ هێشت.

بە بۆچوونی من، کاک مەسعود لێرەدا نەیپێکا. بەو کردەوەیە ئەو کوردی لەبەر چاوی دونیا سووک کرد نەک دکتۆر بەرهەم کە پێمان

بڵێین کورد شایەستەی دەوڵەت نییە. کاکە من قسە ناکەم، بەڵام توخوا کوردینە بۆ کورد باشتر و شانازی نەدەبوو گەلانی دونیا بزانن کە سەرکۆمارێکی لێهاتووی، لێوەشاوەی، زمانزانی، زمانڕەوانی عیراق کوردە؟ عەرەب گوتەنی " من سخريات القدر" خۆ کاک مەسعود خۆیشی ئەو راستییە چاک دەزانێ. بۆیە ئەوە هەرگیز لەو چاوەڕێ نەدەکرا بەرژەوەندیی گشتیی میللەتەکەی بخاتە ژێر کێشەیەکی شەخسی و بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی.

تکایە کاک مەسعود: جەنابی مەلا مستەفای رەحمەتی کەی حزبایەتی دەکرد ؟ ئەو لەوە گەورەتر بوو، ئەو کوردایەتی دەکرد. ئاخر گەلی کوردان جەنابیشت بە "هی هەموان و بۆ هەموان" دەزانێ، چۆن دڵت هات!!!

کاک مەسعوود بارزانی و هۆمەر دزەیی
ئینگلتەرە، ساڵانی حەفتاکان

برای خۆشەویستم کاک عمر دزەیی

برای خۆشەویستم کاک عمر دزەیی


برای خۆشەویستم کاک عمر دزەیی پێشکەشە


برای خۆشەویستم کاک عمر دزەیی پێشکەشە

نامەکانی کاک مەسعوود بارزانی بۆ هۆمەر دزەیی

دکتۆر بەرهەم ساڵح، هۆمەر دزەیی



لە چەپەوە: هۆمەر دزەیی، دکتۆر بەرهەم ساڵح، ڕووناک خانی هاوسەری هۆمەر لە مێرگەپان

لە ماڵی دکتۆر بەرهەم لە مێرگەپان

لە چەپەوە: جەلالی سام ئاغا، سەربەست دزەیی، دکتۆر بەرهەم، هۆمەر دزەیی، ....

-6-
وەک یاوەری مام جەلال لە مۆسکۆ
پەنجا ساڵی خشت لەمەوبەر

بەهاری ساڵی 1975 پاش ساڵێک خوێندنی پزیشکیم لە زانکۆی ئانکارای تورکیا 1955 ـ 1956)، گەڕابوومەوە بۆ کوردستان و ئەمجارەیان خۆم ئامادە کرد بچم بۆ ڤیەننا و خوێندنم لەوێ تەواو کەم.

لە بەغدا مام جەلالم بینی و چەند جارێک دانیشتین، مام جەلال، کە ئاشنایەتی و لە پاشانیش برادەرایەتییەکی زۆر پتەومان دەگەڕایەوە بۆ ساڵی 1948 لە کۆیە، داوای سێ شتی لێ کردم.

یەک: ببم بە نوێنەری کۆمەڵەی قوتابیانی کوردستانی عێراق لە نەمسا و بۆ ئەم مەبەستەش نامەیەکی ڕەسمیی تایپکراو و بە ئارم و مۆری کۆمەڵەی دامێ کە لە نەمسا ببەم بۆ یەکیەتی قوتابیانی نەمسای سەربە پارتی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتە.

دوو: پێی گوتم لە نەمسا خۆم ئامادە بکەم و بە یارمەتی یەکیەتی قوتابیانی نەمساوی خۆم بگەیەنمە مۆسکۆ بۆ بەشداریکردن لە پێنجەمین فێستیڤاڵی لاوان و قوتابیانی جیهان کە ئەو ساڵە لە مۆسکۆ دەگیرا.

ئەو فێستیڤاڵە هەر دوو ساڵ جارێک لە لایەن یەکیەتی لاوان و قوتابیانی جیهانی سەر بە یەکیەتی سۆڤیەت هەر جارەی لە وڵاتێکی بلۆکی سۆسیالیست ڕێک دەخرا، لە ڕاستیدا میهرەجانێکی پرۆپاگەندە بوو بۆ کۆمونیزم و یەکیەتی سۆڤیەت.

مـام جەلال پێـی گـوتم خۆیشـی بە سـەرۆکایەتی دەلەگاسـیۆنێکی گەورەی کورد بە شێوەیەکی نهێنـی و بە ڕێگەی سوریا و لەوێشـەوە بە ڕێگەی ئۆدێسای ئیتاڵیا و یوگۆسلاڤیا ئەوانیش دێن بۆ مۆسکۆ و گوتی لەوێ یەکدی دەبینینەوە.

سـێ: مـام جەلال هەروەهـا داوای لـێ کـردم چەنـد هەزار ئـاڵای بچکۆلەی کوردستان هەم مەعدەنیی هەم پەڕۆیین کە لە یاخە دەدرێ لە ڤیەننا دروست بکەم بۆ ئەوەی ئێمەش بۆ دەرخستنی جیاوازیی کورد و کوردستان بە دیاریی بیاندەینە لاوان و قوتابیانی جیهان.

گوتیشـی لە مۆسـکۆ پـارەی ئاڵاکانـت دەدەیـنەوە. (بەخـوا فلسـێکیان نەدامەوە).

لە ڤیەننا کۆمپانیایەکی ئەم جۆرە شتانەم دۆزییەوە کە نووسینگەکەی لە ناو شار لە مەیدانی (ئام هۆف) بوو و پێموایە ئێستاش هەر لەوێ ماوە، دوو هەزار دانە ئاڵای مەعدەنیی بە دەرزیلەی چکۆلەی کوردستانم لایان بەڕادان دا کە نیوەی مانگـانەکەمی وەک خوێنـدکارێک تێ چوو، جگە لەوە، پەڕۆیەکـی زۆریشـم بە ڕەنگەکـانی ئـاڵای کوردسـتان کـڕی لەگەڵ دەرزی و داو، بـۆ مـاوەی چەنـد ڕۆژێـک لەگەڵ پەروینـی مەحمـود جەودەت (کە ئەویش لەوێ خوێنـدکار بوو و مەیلی شیوعیەتی هەبوو) لە مـاڵەکەی مـن دانیشـتین و چەنـد هەزار ئـاڵایەکی پەڕۆیینـی هێنـدەی شقارتەیەکمان بڕی و دووری.

ڕۆژی سـەفەرمان نزیـک بۆوە کە وابزانم دەوروبەری بیستی مـانگی تەمووزی 19~~75~~57 بوو.

خۆی فێستیڤاڵەکە ڕۆژی 26ی تەمووز دەستی پێ دەکرد بۆ ماوەی دە ڕۆژێک.

یەکیەتـی قوتابیـانی نەمسـاوی پێیـان ڕاگەیانـدم کە شـاندی قوتابیـانی

عێراقی لە نەمسا بە شەمندوفێر دەڕۆن و گوتیان ئەوان ببینە و هەمووتان پێکەوە سەفەر بکەن و لە مۆسکۆش بەگەڵ شاندی عێراقی کەون کە لە عێراقەوە بە نهێنی دێنە دەرەوە.

لە قاوەخانەی شڤارتس شپانیەر لە شەقامێکی بە هەمان ناو کە بێتهۆڤنیش لە خانووێکی سەر ئەو شەقامە لە ساڵی ١٨٢٧ کۆچی دوایی کردبوو، لەگەڵ عێراقییەکان کۆبووینەوە، ژمارەمان هەشت کەس بوو کە دەچووین بۆ مۆسکۆ، دوو کورد بووین (پەروین و من) شەشەکەی تر عەرەب بوون و خڕیان کۆمونیست یان سەربە پارتی کۆمونیستی عێراق بوون بە پەروینیشەوە، هەرچەندە ئەمیان هەستی کوردایەتییەکەشی زۆر بەتین بوو، هەر بۆیەش شەوان و ڕۆژان لەگەڵ من دادەنیشت و ئاڵای کوردستانی دەدووری.

من وەک مام جەلال ئەندامی پارتی نەبووم بەڵام سەر بە پارتی بووم و زۆر ناسیۆنالیست بووم.

لە دانیشتنەکەدا مەسەلەی ئیلتیحاقکردن بە وەفدی عێراقی لە مۆسکۆ هاتە گۆڕێ و من وتم برادەرینە ئەگەر وەفدێکی سەربەخۆی کوردستان لەوێ بوو ئەوا بەداخەوە دەبێ بەجێتان بێڵم و بەگەڵ کوردەکان بکەوم، ئەمەیان زۆر پێ ناخۆش بوو و لەگەڵ کوڕێکی مەحمود خالید ناو کە ئێستاش هەر لە ڤیەننایە و زۆر برادەرین لێمان بوو بە دەمەقاڵێ و ئەوانی تر هێوریان کردینەوە و گوتیان کاکە لە ئێستاوە بۆ شەڕ دەکەن؟ با بگەینە ئەوێ، ئیتر وەفدی عێراقی کە لە عێراقەوە دێ ئەوان خۆیان بڕیار لەسەر ئەم شتانە دەدەن.

لە ڕۆژی دیاریکراو لە وێستگەی شەمەندوفێری باشوور بەڕێ کەوتین بە ڕێگای هەنگاریا و ڕۆمانیا و ئۆکراینا و بە دوو شەو و دوو ڕۆژ گەیشتینە مۆسکۆ.

بەڕێوە زۆر خۆشمان ڕادەبوارد و لە هەموو ئەو شارانەی لەسەر ڕێمان

بوون و لە وێستگەکان ڕامان دەگرت پێشوازیەکی زۆر گەرم و گوڵباران دەکراین لە لایەن کچ و کوڕی قوتابی و لاو بە بەرگی میللیەوە کە پارتی کۆمونیستی ئەو وڵاتە ڕێکی دەخست.

ئەوانە لە سەر شۆستەی وێستگەکان دەستیان بە هەڵپەڕکێی نەتەوەیی خۆیان دەکرد و ئێمەش دادەبەزین و دەستمان دەگرتن.

لە ناو ترێنەکەش تەرجومانێکی ڕووسیان ڕەگەڵ داین تا مۆسکۆ، کە زمانی عەرەبیی فوسحای خوێندبوو بۆ ئەوەی تا دەگەینە قۆناغ کارمان ئاسان بکات، سەیر ئەوە بوو عێراقییەکان نەیاندەزانی بە عەرەبی نەحوی قسە بکەن و هەر بە شێوەی جلفی بەغدادییان قسە دەکرد کە کابرای ڕووسی داماو هیچی لێ تێ نەدەگەیشت و ئەوانیش بە زمانەکەی ئەو پێدەکەنین، هەر من دەمتوانی بە ئاسانی بە نەحوی لەگەڵیا بدوێم بۆیە کابرا هەر ڕووی لە من دەکرد و دەیگوت بەڕاستی تۆ عەرەبی تەواوی لە ناویان، منیش پێم دەگوت بەخوا تەڤاریش (تەڤاریش بە ڕووسی واتا هەڤاڵ) هەر من و ئەو کچە (پەروین) لە ناویانا عەرەب نین.

خولاسە گەیشتینە مۆسکۆ و ئێمەیان برد بۆ ئەو شوێنەی کە بۆ حەوانەوەی وەفدی عێراقیی تەرخان کرابوو.

لەوێ لەگەڵ مام جەلال پێک شادبووینەوە و کورد و عەرەبێکی زۆرم بینی کە هەندێکیان لە عێراقەوە بە نهێنیی و هەندێکیان لە وڵاتانی ئەورووپاوە هاتبوون.

ئەوانەی کە لە بیرم مابن بێجگە لە جەنابی مام جەلال، لە کوردەکان ئەمانە بوون: دارا تۆفیق کە لە ئینگلتەرەوە هاتبوو و لەوێ بۆ یەکەم جار یەکتریمان ناسی و بووین بە برادەری زۆر نزیکی یەکتری، نەجیبی حاجی برایم ئاغای خەفاف کە لە تورکیا یان ئاڵمانیاوە هاتبوو، حەمەی حوسێنی مەلای دزەیی ئامۆزام کە لە قاهیرەوە هاتبوو، ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر

لە بەیـــروتەوە، بەشـــیر چیچـــۆ لە هەولێـــرەوە، جەبـــاری پیرۆزخـــان لە کەرکوکەوە، قەدری جانی شاعیر لە سوریاوە و خەلوق ئەمین زەکی لە بەغداوە و چەند کوردێکی بادینیی کە ناویانم لەبیر نەماوە، لە عەربی عێـراقیش زۆربەی ســەرکردایەتی حیزبــی شــیوعی هــاتبوون و نــوری عبدالرزاق لە قاهیرەوە، عباس الدبیسی لە پاریس و یوسف العاتیش لە بەغداوە، بە داخەوە هەندێک لەوانە کە شیوعی بوون بەعسیەکانی ٦٣ ئیعدامیان کردن.

بۆ رۆژی پاشتر جموجوڵی مام جەلال دەستی پێ کرد و منی کرد بە یار و یاوەری خۆی لە هەموو پەیوەندییەکانی، بۆ گەیشتنە دوو ئامانج:

یەک: کۆمیتەی سەرپەرشتکاری فێستیڤاڵەکە پێناسین بە وەفدێکی کوردستانی سەربەخۆ بکات کە هەموو ئەو کوردانە بگرێتە خۆی کە لە عێراق و ئێران و تورکیا و سوریاوە هاتبوون.

دوو: چاوی بە جەنابی مەلا مستەفای بارزانی بکەوێ کە دە ساڵێک دەبوو بە پەنابەری لە یەکیەتی سۆڤیەت دەژیا.

وەک یاوەری مام جەلال کون نەما سەرمانی پیا نەکەین، دەرگا نەما لێـی نەدەیـن و دەزگـای پەیوەندیـدار نەمـا سـەردانی نەکەیـن، ئەگەر کارمەنـدەکانی ئەو دەزگایـانە ئینگلیزیـان بزانیـایە ئەوا مـام جەلال خـۆی قسەی لەگەڵدا دەکردن، ئەگەر ئاڵمانیشیان بزانیایە من تەرجومەم دەکرد.

جـاری وا هەبـوو دەبـوایە بە پلیکانەکـان شـەش حەوت نهـۆمی باڵەخانەیەک بکەین کە ئەسانسۆر (مصعد) ی نەبوو.

لەبیـرمە مـام جەلال بە ڕوسـەکانی دەگـوت سـۆماڵیاش وەک کـورد وڵاتەکەی دابەش کـراوە کەچـی ئەوان وەفـدی سـەربەخۆیان هەیە بۆچی کورد نەیبێ.

ڕوسـەکانیش دەیـانگوت سـۆماڵیا لە لایەن ئیسـتعمارەوە (بەریتـانی و

فرانسی و ئیتاڵی) داگیرکراوە، هەرچی کوردە لە لایەن عەرەب و تورک و فارسەوە ئیستعمار نەکراون بۆیە دەبێ شان بەشانی ئەو سێ گەلە خەبات بکەن بۆ گۆڕینی ڕەژیمەکانیان و ڕیزی خەباتی ئەو گەلانە تێک نەدەن.

بەکورتی ڕێگایان نەداین وەفدی کوردستان پێک بێنین و هەر لە ناو وەفدی عێراقی ماینەوە، بەڵام بە جلی ڕەنگاوڕەنگی کوردییەوە و ئاڵای کوردستانمان بە سنگمانەوە کردبوو.

کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ئەوانیش حاڵیان حاڵی ئێمە بوو.

بۆ بینینی مەلا مستەفاش دەیانگوت لە مۆسکۆ نییە و زۆر دوورە لێرە و لە ناوچەی کاوکاس دەژی.

بەڵام مام جەلال کۆڵی نەدا و لە ئامانجی دووەم سەرکەوتوو بوو: دیدارێک لەگەڵ بارزانی.

لەو چەند ڕۆژانەی پێش دەستپێکردنی فێستیڤاڵەکە لە 1957/7/26 ژمارەیەک لەو کوردانەی عێراق کە یاوەری خوا لێخۆشبوو بارزانی بوون لە یەکیەتی سۆڤیەت وەک برایانی خوشەوی (ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم ئەسعەد و خەلیل بوون) و هەندێ کوردی ئێرانی وەک سەید عەزیزی شەمزینی و دکتۆر موراد و دکتۆر سەلماسی و ژمارەیەکی زۆر لە کوردی سۆڤیەتی وەک قەناتێ کوردۆ و کارلینێ چاچان و ئەحمەدی سیبکی و ئی تریش، ئەوانە شەو و ڕۆژ لەگەڵ ئێمە بوون و بەتایبەتی بە تەنیا لەگەڵ مام جەلال کۆدەبوونەوە.

دیارە تەرتیبێک کرابوو کە مام جەلال بە تەنیا جەنابی مەلا مستەفا ببینێت و لای کوردەکانی دیکە باسی ئەو چاوپێکەوتنە نەکات (من خۆم

پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ ئینجا زانیم کە مام جەلال لەو سەفەرەدا مەلا مستەفای دیبوو).

لەم سەردانەماندا بۆ مۆسکۆ جگە لە ناسینی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە قوتابیان و لاوانی هەر چوار سووچی جیهان کە تا ساڵانێک دواتریش پەیوەندیی نامەییم هەر لە گەڵیانا مابوو و ڕاگەیاندنێکی زۆرمان بۆ کورد و دۆزەکەی کرد، من خۆم دڵم بە تایبەتی بە چوار دەسکەوتی دیکە زۆر خۆش بوو:

یەکەم: چاوم بە موزیکاری ئەرمەنی بەناوبانگ ئارام خاچاتۆریان کەوت کە لە ڕۆژی کردنەوەی فێستیڤاڵەکە لە ستادیۆمی لینین کە جێگای سەد هەزار کەسی لێ دەبۆوە سەرکردایەتی‌یی ئۆرکێستراکەی دەکرد و کە لێبۆوە خۆم گەیاندێ قسەم لەگەڵیا کرد.

دووەم: لە سەردانێکمان بۆ لای شاعیری گەورەی تورک نازم حیکمەت کە کۆمونیست بوو و لە مێژ بوو لە یەکیەتی سۆڤیەت پەنابەر بوو، جەنابی مام جەلال دەستەیەک ڕانکوچۆغەی کوردی زۆر جوانی بە دیاریی بۆ هێنابوو و بە منی گوت بە تورکی قسەی لەگەڵ بکەم و دیارییەکەی بە ناوی گەلی کورد پێشکەش بکەم.

کە وەری گرت نازم حیکمەت گوتی: "برایانم، من تەمەننای ئەو ڕۆژە دەکەم کە باگهێشتم بکەن بۆ ڕۆژی سەربەخۆیی کوردستان". ـ بەداخەوە شاعیری گەورەی تورک کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی نەما شیعریان بەسەردا نەڵێ، بە درێژایی ژیانی خۆی یەک تاکە دێڕی لەسەر کورد نەنووسی ـ دیسان هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی، شاعیرێکی گەورە بوو.

سێیەم: کوردەکانی سۆڤیەتی کە زانییان من دەنگم خۆشە و لەو هەموو کۆنسێرتانەی کە پێکەوە لەگەڵ هونەرمەندانی گەلانی تر دەمگێڕا بەشدارییان دەکرد، ژمارەیەکی زۆر لە گۆرانی و ئاوازی زۆر خۆشی

ناوچەی کاوکاسیان بە دیاری دامێ کە لە قەوانی قیری ئەوساکە تۆمار کرابوون و بە کوردی و ئەرمەنی و ئازەری و ئۆزبەکی بوون، سوودێکی زۆرم لەو ئاوازانە وەرگرت و هەندێکیانم کورداند و وشەی کوردیم بۆ دانان و تۆمارم کردن.

چوارەم: لەگەڵ کیژۆڵەیەکی حەڤدە ساڵی زۆر ژیکەلانەی ئیسلاندی حەزمان لێک کرد و شەو و ڕۆژ لە مۆسکۆ پێکەوە بووین، شەوێکیان سەعات چواری بەیانی بوو لە یەکێک لە پارکە خۆشەکانی مۆسکۆ دەس لە ملانی یەکتری بووین کە سەرمان هەڵبڕی پۆلیسێکی ڕووسی تووڕە و دڕدۆنگ بە سەرمانەوە وەستابوو و، داوای ناسنامەی کچەکەی کرد، کە زانی بێگانەیە وازی لێ هێناین و بەڕێی خۆیدا ڕۆیشت، تومەز ڕێگا بە کچی ڕووس نەدەدرا بەم ناوەختە لەگەڵ بێگانان بن.

هەتا ساڵانێکیش پاش گەڕانەوەی ئەو بۆ ڕەیکیاڤیک پایتەختی ئیسلاندە و منیش بۆ ڤیەننا و لە پاشانیش بۆ پاریس و ئاڵمانیا، ئاڵوگۆری نامەییمان هەر لە نێواندا مابوو و لە پاریس و ئاڵمانیاش سەردانی دەکردم.

ئێستاش دوای تێپەڕبوونی پەنجا دانە ساڵی ڕەبەق بەسەر ئەو خۆشەویستییە گەرمەی هەرەتی لاویم، هەندێ لە نامەکانیم هەر هەڵگرتووە.

جگە لەوە زۆر خۆشحاڵ بووین بە ناسینی خاتوو هێلێن قاسملوو هاوسەری شەهید د.عەبدولڕەحمانی قاسملوو، هێلین خان کە بۆ خۆی خەڵکی وڵاتی چیکە بە جلوبەرگێکی زۆر قەشەنگی کوردی ناوچەی مهابادەوە هاتە لامان و خۆی پێشکەشکردین بە ناوی نەسرینی ئەنوەریی و گوتی: ئەندامی وەفدی ئێرانە و مێردەکەشی ناوی عەباسی ئەنوەرییە و خوێندکارە لە پراگ و بەداخەوە نەیتوانیووە بەشداریی ئەم فێستیڤاڵە بکات و من لەجیاتی ئەو هاتووم (دوای چەند ساڵێک ئینجا زانیمان کە عەباسی ئەنوەریی، دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملووە).

هەروەها سەرپەرشتکارانی فێستیڤاڵەکە بردیانین بۆ سەردانی (دایکی تانیا) کە خەڵاتی لینینی پێبەخشرابوو، لەبەر ئەوەی کچە ۱۷ ساڵەکەی بەناوی تانیا زۆیا لە جەنگی جیهانیی دووەمدا لە لایەن نازییەکانەوە گوللەباران کرابوو.

دوو شتی تریش بەڕاستی کاریان تێکردم و هەست و هەناویان ورووژاندم.

یەکەمیان: ئێوارەی کردنەوەی فێستیڤاڵەکە بوو . ڕۆژی ۲٦/ ۷/ ۱۹۵۷ . لە ستادیۆمی لینین، ستادیۆم ئەو ئێوارەیە لێوڕێژ بوو لە تەماشاکەر و نمایشکەران، لە ڕیزی پێشەوەی هەیوانی شەرەف، تەواوی سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیست و حکومەتی سۆڤیەت دانیشتبوون، لەسەرووی هەموویان خرۆچۆف و کۆسیدین.

ستادیۆم بە دەیان هەزار دروشمی ڕەنگا و ڕەنگ ڕازابووەوە و لە زۆربەیان نوسرابوو (میر دروژیا) واتە بژی ئاشتی، لە پاشان بە دەیان هەزار کۆتری سپی ئاشتی بە هەوادا بەرەڵاکران و خەڵکەکە هەموو بە جارێک سروودی ئاشتی و قوتابیانیان دەگوت، هەر وەفدە و بە زمانی خۆی، بەداخەوە ئێمەی کورد دەبوو سروودەکان بە عەرەبیی بڵێین چونکە ئەوسا کوردییەکەیمان نەبوو.

مۆزیککاری زۆر ناوداری جیهانیی، ئارام خاچی توریانی ئەرمەنی، مایسترۆی ئۆرکستراکە بوو.

لە پاشان، وەفدەکان کە نوێنەری تەواوی گەلانی جیهان بوون، بە بەرگی نەتەوەیی ڕەنگا و ڕەنگیانەوە و بە ئاڵای وڵاتەکەی خۆیانەوە دەستیان بە نمایشی خۆیانکرد لە ناو گۆڕەپانی ستادیۆمەکەدا.

بە داخەوە کوردستان نە وەفدی سەربەخۆی خۆی هەبوو و نە ئاڵای خۆی بەرزکردبووەوە و نە سروودی بە زمانی خۆی هەبوو.

دووەمیشیان: سەردانی مەزاری لینین و ستالین (مۆزۆلیۆم) بوو لە کۆشکی کرملین مەیدانی سوور، کە ئەوساکە هێشتا ئەو دوو ڕێبەرە مێژووییەی یەکێتی سۆڤیێت بە جلوبەرگی خۆیانەوە و لەناو دوو تابووتدا و لە ژوورێکی شووشە بەندا بە تەنیشت یەکەوە درێژ کرابوون و نیوە جەستەیان تا سنگیان هەڵدرابووەوە و دەبوو خەڵک لە بەردەمیاندا ڕەت ببن و بیانبینن.

لە هەفتەی یەکەمی مانگی هەشت، میهرەجان تەواو بوو و ئیتر دەهۆڵ دڕا و تەقە بڕا.

مام جەلال و هەندێکی تر، پێم وایە چوونە سەردانی هەندێ کۆماری ئاسیای سۆڤیەت و بەرە و چین یان وڵاتێکی تر بەڕێ کەوتن، منیش دەبوایە بگەڕێمەوە سەر خوێندنی خۆم لە ڤیەننا و ماڵاواییم لە مامە و برادەرانی دیکە کرد.

سلێمانی، تەمووزی 2007 .

هۆمەر لەگەڵ ئەلیزا بیتی ئیسلاندی و کچێکی سویدی

مۆسکۆ 1957



هۆمەر و ئەلیزابیتی ئیسلاندی

مۆسکۆ 1957

دۆستی دێرینم خوالێخۆشبوو و ئەلیزابێت ساڵی 1957

ئەلیزابێت

هۆمەر و ئەلیزابێتی ئیسلاندی

مۆسکۆ 1957



وێنەی (١)

وێنەی مام جەلال کە لە مۆسکۆ پێشکەشی کردم

وێنەی (٢)

ئەوانی بە پێوە وەستاون، لە ڕاستەوە، کوڕێکی هەولێری، قەدری جانی شاعیر، هۆمەر دزەیی، ژنێکی بیانیی، جەباری پیرۆزخان، ژنێکی بیانیی، مام جەلال، کوڕێکی بادینیی... دانیشتووەکان نەناسراون.

وێنەی (٣)

وەستاوەکان لە ڕاستەوە، شوفێری پاسی میوانەکان، برایانی خۆشەویی (ئەسعەد و خەلیل)، مام جەلال، سەید عەزیزی شەمزینیی، قەدری جان، پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ، هۆمەر دزەیی، شاعیر و نوسەر کارلینێ جاجان (کوردی ئەرمینیا).
دانیشتووەکان لە ڕاستەوە، سەعیدێ سلۆ (کوردی ئەرمینیا)، ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، نەجیبی حاجی برایم ئاغای خەفاف، حەمەی حسێنی مەلای دزەیی، ئەحمەدێ سیکی (کوردی ئەرمینیا).

وێنەی (٤)

لەگەڵ وەفدی حیزبی کۆمۆنیستی سودان، لە ڕاستەوە سێیەم کەس هۆمەر دزەیی مام جەلال لە چەپەوە چوارەم کەسە تەنیا سەری دەرچووە.



وێنەی (٥)

پۆستکارتی لینین ستادیۆم کە لەو سەفەرەدا کڕیم

وێنەی (٦)

لە ڕاستەوە، ڕیزی پێشەوە: ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، بەشیر چیچۆ، ژنێکی بەغدایی، ژنێکی ڕووس، هۆمەر دزەیی، هێلین (هاوسەری شەهید عەبدولڕەحمانی قاسملۆ)، نەجیبی حاجی برایم ئاغای خەفاف، دایکی تانیا، پەروینی مەحمود جەودەت، حەمەی حسێنی مەلای دزەیی، پیاوێکی عێراقی، جەباری پیرۆزخان (ساڵی ١٩٦٣ لە سێدارە درا)، مام جەلال، دارا تۆفیق.

-7-
خۆئامادەکردنی کورد بۆ فێستڤاڵی 1959 لە ڤیەننا
مام جەلال بۆ ئەو بۆنەیەش رایسپاردم

لە کتێبی بیرەوەرییەکانمدا (لە دووگردکانەوە بۆ بنی دنیا) ئەمن چیرۆکی بەشداریی کوردی عیراقم لە فێستڤاڵی شەشەمی لاوان و قوتابییانی جیهان بە درێژی گێڕاوەتەوە کە ساڵی 1957 لە مۆسکۆ گیرا. ئەمن لەوێ لەگەڵ مام جەلال (یادی بەخێر) یەکدیگر بووینەوە، ئەو بەنهێنی لە عیراقەوە، من بە نهێنی لە ڤیەنناوە (بە پسوولەیەکی لێسێ پاسێ ی تایبەت بە فێستڤاڵەکە نەک بە پاسپۆرتی عیراقی) خۆمان گەیاندبووە مۆسکۆ.

ئەو فێستڤاڵە ساڵ - نا - ساڵە سەر بە یەکیەتی سۆڤیەت بوو بۆیە هەموو جارێ لە یەکێ لە وڵاتانی بەرەی سۆسیالیست و لە چین دەگێڕدرا. دوای فێستڤاڵە شەشەمەکەی مۆسکۆ کۆمیتەی ئامادەکاریی فێستڤاڵ بریاری دا فێستڤاڵی حەوتەم لە شاری ڤیەننای پایتەختی نەمسا (ئۆتریش) بگیرێت و داوای مۆڵەتی لە حکومەتی نەمسا کرد. بەڵام لێرە کێشەیەک سەری هەڵدا. فێستڤاڵەکان چەپرەو بوون و بە ئاشکرا دژایەتی کۆلۆنیالیزمی جیهانی دەکرد کە رۆژئاوا و بە تایبەتیش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای دەگرتەوە. نەمساش کە یەکێک نەبوو لە وڵاتانی بەرەی سۆسیالیستی سەر بە یەکیەتی سۆڤیەت بۆیە حکومەتی نەمسا کەوتە حاڵەتی دەستێک لەپاش دەستێک لەپێش، داماو مابوو نەیدەزانی رازی بێ یان نا. بە هاندانی ئەمریکا و حکومەتانی ئەورووپای رۆژئاوا نەمسا هەوڵی زۆری دا فێستڤاڵەکە لەوێ نەکرێ. بەڵام حکومەتی سۆڤیەت کارتی (رێککەوتنی ڤیەننا 1955 (Wiener Staats Vertrag

ی بەکار هێنا کە ئەو ساڵە (واتا ساڵی55) لە ڤیەننا بەسترابوو. نەمسا کە هیتلەر لە ساڵی 1938 بە ئەڵمانیەوەی لکاندبوو Anschluss دووەم جەنگی جیهانی دۆڕاندبوو و لە ساڵی کۆتایی جەنگەوە تا ساڵی 1955 هێشتا هێزی سەربازیی هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان، هی شەرق و غەرب، لەو وڵاتە مابوون و نەمسا هێشتا بەتەواوی سەربەخۆیی پێ نەدرابووەوە. جا بە پێی ئەو پێکهاتنەی ساڵی 55 ی نێوان هاوپەیمانە سەرکەوتووکانی جەنگی دووەم سەربەخۆیی کامڵ، بە چەند مەرجێک، بە نەمسا درایەوە. یەکێک لەو مەرجانە ئەوە بوو کە نەمسا لە سیاسەتی دەرەوەی دەبێ بێ لایەنی تەواو بنوێنێ لەنێوان یەکیەتی سۆڤیەت و بەرەی سۆسیالیست socialist democracies لە لایەکەوە و ئەمەریکا و دێمۆکراسیە رۆژئاواییەکانیش western democracies لە لایەکی دیکەوە. جا بە پێی بەندەکانی پێکهاتنەکە حکومەتی نەمسا لەتوانایدا نەدەبوو رێگری لە بەستنی فێستڤاڵێک بکات کە سەر بە رۆژهەڵات بێت یان هەر بۆنەیەکی تری سەر بە رۆژئاواش ئەگەر لە پاشەڕۆژدا کرا. لە ئەنجام، دەستور بە کۆمیتەی ئامادەکاریی فێستڤاڵە چەپڕەوەکە درا ئاهەنگەکانی خۆی بۆ ساڵی 1959 لە ڤیەننا بگێڕێ.

ئەمن لە ساڵی 57 ەوە دانیشتووی ڤیەننا بووم. هەر لە کۆتایی ئەو ساڵەشەوە ئامادەکاری دەستی پێ کرد بۆ بەستنی فێستڤاڵی حەوتەم ساڵی 59 لە ڤیەننا. دیارە کۆمیتەی ئامادەکاریی فێستڤاڵەکە بانگنامەی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراوانی لاوان و قوتابییانی سۆسیالیست و دێمۆکراتی جیهان ناردبوو، لە ناویاندا (یەکیەتی لاوانی دیموکراسی کوردستانی خوارو)، بەشداریی لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی کۆمیتەکە بکەن لە 20 تا 23 ی مانگی مارتی 1958. مام جەلال، وەک پێشتر بۆ فێستڤاڵەکەی مۆسکۆ، ئەمجارەش پەیوەندی پێمەوە کرد. جا یەکیەتی لاوانی دیمۆکراسی کوردستانی خواروش، کە دەبێ بە پێشنیازی مام جەلال بووبێ، منی راسپارد نوێنەراتیی لەو کۆبوونەوەیەدا بکەم. ئەمەیان

نامەی تەخویلی (یەکیەتی لاوانی دیموکراسی کوردستانی خواروو)ە بۆ من بۆ بەشداربوون لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ئامادەکاریی فێستڤاڵی حەوتەمی لاوان و قوتابییانی جیهانی بۆ ساڵی دواتر لە ڤیەننا. نامەکە لە کەرکوکەوە نێردراوە و بە زمانی فرانسییە (دەبێ کاک عیسمەت شەریف بۆی نووسیبن) و وا من خۆم دەیگۆڕمە سەر کوردی. بۆ زانیاریش، هەر بۆ خۆم، لەگەڵ نامە فرانسیەکە کۆپی نامەیەکی بە زمانی عەرەبی ئاراستە کراوی (کۆمیتەی ئامادەکاریی فێستڤاڵ)یان هاوپێچ کردووە. ئەمە کوردییەکەی نامە فرەنسیەکەیە.

یەکیەتی لاوانی دیمۆکراسی کوردستانی خوارو (عیراق)

کەرکوک لە

20ی کانونی دووەمی 1958

Monsieur Omar Dizeyi

Paffrath G

10/5

Vienne 2

Autriche

برادەری خۆشەویست،

ئێمە نامەیەکمان لە کۆمیسیۆنی سەرەتایی فێستڤاڵەوە پێ گەیشتووە کە لە 18ی دیسەمبەری1957 لە ڤیەننا کۆ بووەتەوە و ئێمەیان بانگکێش کردووە بەشداری لە کۆبوونەوەی گشتیی کۆمیتەی جیهانی بۆ ئامادەکاری فێستڤاڵەکەدا بکەین کە وا بڕیارە لە 20 تا 23 ی مانگی مارتی 1958 لە ڤیەننا دەکرێ.

هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیە وا کۆپی نامەیەکی دیکەشمان بۆ ناردوویت کە بریتی یە لەو پێشنیازانەی کە ئاراستەی کۆمیتەی ئامادەکاریمان

کردووە. جا بۆ ئەم بۆنەیە یەکیەتییەکەی ئێمە تۆ رادەسپێرێ نوێنەراتیی لەو گردبوونەوانەدا بکەیت.

هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازین برادەری خۆشەویست و سڵاوی گەرمی برایانەت پێشکەش دەکەین.

سکرتاریەتی

یەکیەتی لاوانی دیموکراسی کوردستانی خوارو

مۆر و واژۆ

ئەمەشیان نامە هاوپێچ کراوەکەیە بە زمانی عەرەبی و من کردوومە بە کوردی. لەم نامەیەدا هەمان داخوازی کورد لە کۆمیتەی ئامادەکاریی بۆ ئەم فێستڤاڵەش کراوە کە مام جەلال و منیشی لەگەڵدا بووم لە فێستڤاڵەکەی پێشتر لە مۆسکۆ دەیکرد و بۆمان نەچووە سەر. داخوازەکەی کوردیش بۆ بەشداریی لە هەر فێستڤاڵێکدا ئەمە بوو: پێ ناسین بە شاندێکی سەربەخۆی کوردستانی جودا نەک وەک بەشێک لەناو شاندەکانی عیراق و ئێران و تورکیا.

یەکیەتی لاوانی دیموکرات لە کوردستانی خوارو (عیراق)

کوردستان - کەرکوک

20 ی کانونی دووەمی 1958

برادەرانی بەڕێز

بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە نامەکەی رێکەوتی 8 ی کانونی دووەمی 958 مان پێ گەیشت لەگەڵ پاشکۆکەش کە باس لە سروشت و ئامانجەکانی فێستڤاڵی حەوتەمی لاوانی جیهانی دەکات. هەر وەها حەز دەکەین پێتان رابگەیەنین کە لاوانی کورد، بە دەر لە فێستڤاڵی بوداپێست، لە هەموو فێستڤاڵەکانی دیکە بێبەش کرابوو بە شێوەیەکی

سەربەخۆ و کاریگەر بەشداری بکات لەبەر ئەوەی کە کوردستان لەلایەن حکومەتانی تورک و ئێران و عیراقەوە داگیر کراوە. لە کاتی خۆی کۆمیتەی جیهانی بۆ ئامادەکاریی فێستڤاڵی شەشەمیش دڵخۆشیی خۆی دەربڕی کە شاندی لاوانی کوردستان بەشداری بکەن بەڵام بە مەرجێک کە کۆمیتە خۆجێیەکانی ئامادەکاریی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان دابەش کردووە پێی رازی بن. هەر چۆنێکی بێ، ئەو کۆمیتە خۆجێیانە نەک هەر بەوە رازی نەدەبوون بەڵکو کۆڵێک بەربەستیشیان دەخستە پێش بۆ ئەوەی لاوانی کورد نەتوانن بگەنە فێستڤاڵی شەشەم. ئەوە بوو کە نوێنەراتی گەلی کورد بۆ ئەو فێستڤاڵە زۆر بە کەمیی بوو و زۆر سنووردار بوو.

کە ئیستعمار وڵاتی ئێمەی دابەش گردووە، ئەوە نابێ ببێتە رێگر لە بەشداربوونی شاندەکانی گەلی ئێمە لە دیدار و میهرەجان و گردبوونەوەکانی کە بۆ دۆستایەتی و ئاشتی دەکرێن چونکە ئەو گردبوونەوە جیهانییانە پێک گەیشتنی گەلانە نەک هی حکومەتان.

ئێمە کە وا هەڤاڵ........... تان پێشکەش دەکەین نوێنەرمان بێ لە کۆبوونەوەی دامەزرێنەری کۆمیتەی جیهانی بۆ ئامادەکاریی فێستڤاڵی حەوتەم کە لە 30-20 ی ئاداری 1958 دەبەسترێ پێشنیازەکانی خۆمانتان بۆ دەخەینە روو لەبارەی سروست و بەرنامەی فێستڤاڵی داهاتوو[2].

ئا: بەشداربوون لە فێستڤاڵ

1 - بە دیدی ئێمە ئەو گەلانەی کە نیشتمانیان بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەش کراوە یەک تاکە شاندیان هەبێ بۆ نموونە نابێ شاندی سۆمالی

---

(2) ئێمە پێشنیاز دەکەین کە بەشداربوون لە فێستڤاڵی حەوتەم بە شێوەی شاندی گەلان بێ نەک هی وڵاتان بۆ ئەوەی هەر گەلێک بتوانێ بەبێ رێگر بەشداریی بکات.

فرەنسی، شاندی سۆمالی بریتانی و شاندی سۆمالی لاند هەبێ یان شاندی کوردستانی تورکیا، شاندی کوردستانی ئێران و شاندی کوردستانی عیراق بەڵکو یەک شاندی سۆمالی و یەک شاندی کوردستان.

2 - ئیمە وای بە راست دەزانین کە قەبوڵ کردنی شاندی ئەو گەل و رێکخراوانەی کە حکومەتی تایبەتی خۆیان نییە لە لایەن کۆمیتەی ئامادەکاریی جیهانییەوە بڕیاری لەسەر بدرێ بێ وەرگرتنی رەزامەندی رێکخراوانی دیکە بۆ ئەوەی ناکۆکی سیاسی و بیروڕا و نەتەوەیی نەبن بە هۆی دوورخستنەوەی هەندێ گەل و هەندێ رێکخراو لە بەشداریی فێستڤاڵەکە.

3 - زۆر پێویستە بانگنامە بۆ بەشداری کردن بەبێ دەرئاوێشتن بۆ هەر هەموو ئەو رێکخراو و گەلانە بنێردرێ کە ئارەزووی بەشداری دەکەن. نابێ بانگنامە هەر تەنیا بۆ ئەو رێکخراوانەی لاوان بێ کە ئەندامی یەکیەتی لاوانی جیهانین.

4 - ئێمەش لەگەڵ ئێوە هاوڕاین لەسەر جێ و کاتی بەستنی فێستڤاڵی حەوتەم.

ب _ کۆمیتەی ئامادەکاریی جیهانی و کۆمیتە خۆجێییەکان

1 - پێویستە کۆمیتەی ئامادەکاریی جیهانی بۆ فێستڤاڵی حەوتەم تا دەکرێ لە زۆرترین ژمارەی نوێنەرانی گەلان - نەک دەوڵەتان - ی جیا جیا پێک بێت. جا سەبارەت بە هەندێ پێویستە کە شاندی زۆرترین ژمارەی ئەو رێکخراوانەی کە نوێنەری گەلانن بەشداری لە کۆبوونەوە بنەماییەکەی کۆمیتەی ئامادەکاریی جیهانیدا بکەن.

2 - دەبێ مەرج بێ کە هەموو کۆمیتە ئامادەکارییە خۆجێییەکان لەو وڵاتانەی کە چەندین گەلی جیا جیایان تێدایە وەک ئێران و عیراق و تورکیا و ئی دیکەش لە نوێنەرانی هەموو ئەو گەلانەوە و لە هەموو

فیکری سیاسیی جیا جیا و لە ڕێکخراوانی لاوان و سپۆرت و ژنانەوە پێک هاتبن بۆ ئەوەی هیچ ڕێکخراوێک نەتوانێ تاکڕەوی بکات بۆ بەشداربوون لە فێستڤاڵ.

3 - پێویستە کۆمیتە خۆجێییەکان بڕیارێک دەرکەن کە ڕێگا نەدرێ بە هیچ کەسێک بەشداریی لە فێستڤاڵێکدا بکاتەوە ئەگەر بەشداریی لە پتر لە دوو فێستڤاڵی پێشوودا کردبێ. ئەمەش بەو مەبەستەیە کە دەرفەت بە کەسانی نوێ بدرێ بەشداریی لە فێستڤاڵی داهاتوودا بکەن.

4 - نابێ کۆمیتە خۆجێییەکان هیچ نوێنەرێکی حکومەتیان لەناودا بێ و دەبێ ئەندامەکانیان بە تەواوی بێ لایەن بن و سەرۆکی کۆمیتەکانیش هەموو بێ لایەن بن و سەر بە هیچ ئاراستەیەکی سیاسیی دیاریکراو نەبن.

5 - نابێ هیچ جۆرە پۆشاکێکی تایبەت بەسەر بەشداربووانی فێستڤاڵدا بسەپێنرێ. ئەمە لە فێستڤاڵی شەشەمدا ڕووی دا و چەند کۆمیتەی ئامادەکاریی خۆجێیی ئەوەیان کرد تاکو هەندێ نەتەوە لە پۆشتنی بەرگی میللی خۆیان بێبەش بکەن.

6 - نابێ کۆمیتە خۆجێییەکانی ئامادەکاری پارەی زیاتر لە بەشداربووەکانی فێستڤاڵ وەرگرن لەوەی کە کۆمیتەی ئامادەکاریی جیهانی بۆیانی داناوە و نابێ ئەوەی کە لەم ڕووەوە لە فێستڤاڵی شەشەم ڕووی دا دووبارە ببێتەوە.

7 - پێویستە ڕێگا نەدرێ بە هیچ کەسێک لەسەر حیسابی خۆی بەشداریی فێستڤاڵ بکات چونکە خەڵک هەن چ باوەڕیان بە فێستڤاڵ نییە بەڵکو هەر بە مەبەستی گەشت و گەڕان بەشداری دەکەن چونکە هەندێ کەس بە ڕێگای ناسیاویان لەناو کۆمیتە خۆجێیەکان خۆیان گەیاندۆتە ئەو فێستڤاڵانە و لە فێستڤاڵی شەشەم شتی وا ڕووی دابوو کە تەواوی خێزانێک بەشدارییان کردبوو بۆیە دەبێ کۆمیتە خۆجێییەکانی ئامادەکاری ڕێگا نەدەن بە پتر لە یەک کەس لە هەمان خێزاندا بەشداریی بکات و بە

هـیچ جـۆرێکیش واسـیتە و خزمـایەتی و برادەراتـی ڕۆڵـی نەبـێ لەو هەڵبژاردنانە.

8 - پێویستە لەسەر کۆمیتە خۆجێییەکان فێستڤاڵی بچوک بچوک لە وڵاتانی خۆیاندا ڕێک بخەن پێش چوونیان بۆ فێستڤاڵە جیهانییەکە.

جا ئێمە بەردەوام پەیوەنـدیمان لەگەڵ ئێوەدا دەبـێ بـۆ ئەوەی ئەگەر پێشـنیازێکی تـازە هـاتە ئـارا پێتـانی ڕابگەیەنـین و بەم جـۆرە خزمەتـی فێستڤاڵەکە بکەین و بەشداریی لە پێشوەچوونی بکەین.

ڕێزی زۆرمان بۆتان هەیە، دۆستانی ئازیز.

وێنە:



ASSOCIATION DE LA JEUNESSE DEMOCRATIQUE
DU KURDISTAN DU SUD (Irak)

KARKOUK le 20 Janvier 1958 .

Monsieur Omar DIZEYI
Pffrath G 5/10
VIENNE 2 - AUTRICHE

Cher Ami,

Nous avons reçu une lettre de La Comission Initiative du Festival réunie à Vienne le 18 Décembre 1957 nous invitant à participer à L'Assemblée Constitutive du Comité Préparatoire Mondial qui doit avoir lieu du 20 - 23 Mars 1958 à Vienne.
Veuilles trouver ci-jointe une copie de nos propositions faites à La Commission Initiative du Festival.Ae cette occasion,Notre Association vous charge de la représenter à L'Assemblée Constitutive du Festival.
Avec nos meilleurs veeux de succés et de réussite,nous vous présentons,Cher Ami,nos salutations fraternelles.

Secrétariat de (J.D.K.S)

KURDISTAN DEMOCRATIC Y.F.

نامەکەی بە زمانی فرەنسی

ـ ١ ـ

اتحاد الشبيبة الديموقراطية في كردستان الجنوبية
(عراق)

كردستان ـ كركوك
٢٠ كانون الثاني ٩٥٨

اصدقائنا الاعزاء ،

تلقينا بسرور بالغ رسالتكم المؤرخه في ٨ كانون الثاني ٩٥٨ مع ملحقها النشرة التي اصدرت عقب اجتماع فيينا حول طبيعة واهداف مهرجان الشبيبة العالمي السابع . يسرنا ان نحيطكم علما بان الشبيبة الكردية قد حرمت في المهرجانات السابقة من الاشتراك بصورة منتظمة وفعالة وذلك بسبب كون كردستان محتلة من قبل حكومات تركية ايران والعراق . وان اللجنة التحضيرية العالمية للمهرجان السادس قد ابدت سرورها لاشتراك الشبيبة الكردية بشرط موافقة اللجان التحضيرية المحلية في البلدان التي تقتسم كردستان . ولكن هذه اللجان لا لم توافق وحسب ، بل وضعت عراقيل كثيرة امام وصول شباب الاكراد الذين كانوا يريدون الاشتراك في المهرجان السادس ، وجاء تمثيل الشعب الكردي ناقصا وفي نطاق ضيق .

ان التقسيم الاستعماري لوطننا لايجب ان يكون مانعا لاشتراك وفود شعبنا في اللقاءات والمهرجانات والاجتماعات التي تعقد من اجل الصداقة والسلم . لان صفة هذه الاجتماعات العالمية انها اجتماعات شعوب لاحكومات .

نحن اذ نقدم لكم الزميل ليكون ممثلنا في الاجتماع التاسيسي للجنة التحضيرية العالمية لمهرجان السابع الذي سيعقد من ٢٠ ـ ٢٣ آذار ٩٥٨ نعرض عليكم اقتراحاتنا حول طبيعة وبرنامج المهرجان القادم واللجان التحضيرية وموعده ومكانــه .

آ ـ الاشتراك في المهرجان :

١ ـ نقترح ان يكون الاشتراك في مهرجان السابع بصورة وفود الشعوب لا الاقطار لكي يتمكن كل شعب من الاشتراك بصورة واسعة .

٢ ـ نرى ان يكون للشعوب التي قسم وطنها بين عدة بلدان وفدا وحدا فلا يكون هناك وفد صومالي ـ فرنسي أو صومالي بريطاني أو صومالي لاند أو وفد كردستان تركيا أو ايران أو عراق ... بل وفد صومالي أو وفد كردستان .

٣ ـ من المستحسن ان يكون قبول وفد الشعوب والمنظمات التي لم ترسلها حكومتها من قبل اللجنــة التحضيرية العالمية دون موافقة المنظمات الاخرى ، كي لاتكون الخلافات السياسية أو العقائدية أو القومية سببا في حرمان بعض الشعوب او المنظمات من الاشتراك في المهرجان .

٤ ـ من الضروري ان توجه دعوة الاشتراك الى جميع المنظمات والشعوب التي تريد الاشتراك بلا استثناء ولا تقتصر الدعوة على منظمات الشبيبة العضــوة في اتحاد الشبيبة العالمي فقط .

٥ ـ ~~نقترح ان يكون مكان المهرجان في بلد يضمن حرية المشتركين وتحدد عام ١٩٥٩ لا لاقامة المهرجان السابع~~ . نشاطركم الرأي حول مكان وموعد المهرجان السابع

ب ـ اللجنة التحضيرية العالمية واللجان المحلية :

١ ـ من المفيد ان تتكون اللجنة التحضيرية العالمية لمهرجان السابع من اكبر عدد ممكن من ممثلي ـ مختلف الشعوب (لا الاقطار) والمنظمات ولاجل ذلك يجب ان يشترك في الاجتماع التاسيسي للجنة

نامەکەی یەکێتیی لاوانی دیموکراسی کوردستانی خوارووی بە زمانی عەرەبی.

-8-
نامەیەکی من بۆ
سەرۆکی مجلس الحکم العراقي
جەنابی مام جەلال تاڵەبانی

ساڵی 2004 جەنابی مام جەلال لەگەڵ ژمارەیەک لە رێبەرانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی دوای سەدام حوسێن بە نۆرە هەر یەکە بۆ مانگێک دەبوو بە سەرۆکی (مجلس الحکم) کە بەرزترین دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی کاتەکی بوو لەعیراقی دوای سەدام حوسێن. ئەوسا ئەمن سەرۆکی بەشی کوردی بووم لە ئێستگەی رادیۆی دەنگی ئەمەریکا VOA لە واشنتن. لەو ماوەیەی کە پۆستەکەی سەرۆکاتی مەجلیس حوکمی عیراقی بەر جەنابی مام جەلال کەوت من ئەوەم بە هەل زانی هەندێ بیر و پێشنیازی خۆمی لەسەر ئەو قۆناخە ناسک و هەستیارەی پرسی کورد بە نامەیەکی ئەلێکترۆنی (ئی مێڵ) بۆ بنێرم. دەمزانی کە خۆی شارەزای ئەو تێکنۆلۆژییە تازەیە نییە بۆیە وام بەباش زانی ئیمێڵەکە بە ئینگلیزی بۆ کاک قوبادی کوڕی بنێرم کە بیگەیەنێتە باوکی. جا ئەمە وەرگێڕدراوە کوردییەکەی دەقە ئینگلیزییەکەی ئەو ئیمێڵەمە بۆ جەنابی مام جەلال کە رۆژی 2004/3/24 بە رێگای کاک قوبادەوە بۆم ناردووە. بەم دواییانە ، دوای وەرگێڕانی بۆ کوردی ئێستا نازانم دەقە ئینگلیزییەکەم لە کوێ هەڵگرتووە و بە داخەوە ، وەک زۆر بەڵگەی تریشم ، وا جارێ بوونەتە قوربانیی تەمەن . هیوادارم لای کاک قوباد پارێزرابێ.

خۆشەویستم قوباد گیان ،

جەژنی نەورۆزت لێ پیرۆز بێت و بە هیوای سەردانێکی خۆشتم لەو

وەرزە جوانەی بەهاری کوردستاندا. خۆزگە منیش لەوێ دەبووم. ئەرک نەبێ ئەم نامەیە بگەیەنە بەدەستی باوکت.

خۆشەویستم مام جەلال،جەژنی نەورۆز لە خۆت و لە تەواوی خانەوادەت پیرۆز بێ.

لە چەند مانگی رابردوودا چەندین جار هەوڵم داوە بە تەلەفۆن قسەت لەگەڵا بکەم بەداخەوە دیارە پەیوەندیکردن بە ئێوەوە ئەوەندە ئاسان نییە. راستییەکەی هەر دەمویست هەواڵت بپرسم بەڵام مەبەستیشم بوو ئاگادارت بکەم کە پێویستە زۆر وریا بیت کاتێ کە بابەتی دەستوری هەمیشەیی عیراق لێدوانی لەسەرا دەکرێ. ئەمن لەو باوەڕەم کە نابێ تەنها پارتییە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردی بەشداری لە لێدوانەکەدا بکەن بەڵکو هەموو کۆمەڵە کوردییە بچووکەکان و رێکخراوە ناحکومییەکانیش NGO و بە تایبەتیش ژن. خۆت ئەزانی کە بەشداربوونی رەگەزی مێینە لە پرۆسەی سیاسی هەر کۆمەڵگایەک واتایەکی زۆری پێوەیە. دنیای شارستانییەتیش بایەخێکی زۆر دەداتە رۆڵی ژنان وەک بەشێکی گرنگ لە شەڕی جیهان دژی تیرۆریزم. بۆیە بەشداربوونی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگای کورد لە دان و سەندنی پەیوەند بە دەستوری هەمیشەی عیراق کە ئێستا وا خراوەتە سەر مێزی لێدوان زۆر زۆر پێویستە چونکە ئەمە پرسێکە کە پەیوەندی بە بەرژەوەندیی هاوبەشی تێکڕای کوردانەوە هەیە نەک بە هی ئەم چین و ئەو کۆمەڵ.

پێم وایە وتو وێژکارە کوردەکان دەبێ شارەزاییەکی تەواویان لە بواری جۆگرافیا و مێژووی کورددا هەبێت و بەڵگەی سەلمێنەریان بەردەست بێ بۆ ئیسپات کردن کە جاران ئەو ناوچانە خاکی کوردستان بووین. کارێکی زۆر چاکت کرد کە لە کۆبوونەوەیەکی مەجلیسی حوکمەکەدا نەخشەیەکی تاریخیی کوردستانت خستە بەر دەمیان. بەڵام ئەمە هێشتا زیاتری پێ دەوێ. بە روانینی من هەموو ئەو کوردانەی کە لە تاراوگەدا دەژین با هەر کەسە لای خۆیەوە چاوێ بەو کتێبە کۆنانەدا بگێڕێت کە لەسەر کورد نووسراون. لەوانەیە دۆکومێنتی زۆر دەگمەنیان

بەرچاو بکەوێ لەبارەی سنووری راستەقینەی کوردستان. لە ئێستادا من خۆم وا خەریکی پێداچوونەوەی دوو بەرگی کتێبی (بیرەوەرییەکانی ئارنۆڵد ویڵسن Arnold Wilson)م. لێرەدا پیاو بە روونی و بە بەڵگە کوردبوونی کەرکوک و خانەقینی بۆ دەردەکەوێ. یارمەتییەکی باش دەبێ ئەگەر سەرکردایەتی کورد داوا لە کوردانی دەرەوەی کوردستان بکات، بە تایبەتی ئەو کوردانەی کە لە بریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەژین، بە دوای دۆکومێنتی وا دا بگەڕێن کە پەیوەندییان بە کوردبوونی ناوچە کێشە لەسەرەکاندا هەیە.

پنتکێکی تریش هەیە کە دەمەوێ لێرەدا بیهێنمە گۆڕێ. کاربەدەستانی PUK قسەیەک بڵاو دەکەنەوە کە بە دانانی میکانیزمێک رازین بۆ بڕیاردان ئایا هەرێمی کوردستان بەڕاستی کەرکوکیش دەگرێتەوە یان نا. بە دیدی من ئەمە پێشنیازێکی باش نییە بۆ کورد. راست نییە کورد بە میکانیزمی دەنگدان بۆ کەرکوک رازی بێ بۆ ئەوەی دەرکەوێ ئایا زۆرترایەتی دانیشتوانی شاری کەرکوک دەیانەوێ لەناو هەرێمی کوردستاندا بن یان لەناو عیراق بمێننەوە. ئەمە مەترسیدارە چونکە ئەگەر عەرەب و تورکمان و کریستیانەکانی شار ، یان هی ناوچەکە بە گشتی ، لە ژێرەوە رێککەون ئەوا زۆرترایەتی بە دەست دێنن و کەرکوک تا هەتایە لە دەست کورد دەردەچێ.

لە کۆتاییدا ، خۆ ئێمە هەموومان دەزانین کە هەموو شتێک لێرە لە واشنتن بڕیاری لەسەر دەدرێ. بۆیە بوونی نوێنەراتییەکی کاریگەری بەهێزی کورد لە واشنتن - بێ لەبەرچاوگرتنی باڵباڵێنی حزبایەتی - و هەروەها زوو زوو سەردانی ئێرەش لەلایەن رێبەرانی ئاست بەرزی کورد و کەسایەتییانی کوردی رۆشنبیرەوە لەم قۆناخە زۆر هەستیارەی پێش 2005 یەکجار گرنگە. ئەوانە با لێرە هەوڵ بدەن دۆستە ئەمەریکاییەکانیشمان ببینن و تێیان بگەیەنن کە هیچ مەنتیقی تێدا نییە عەرەبی هەر خۆی بە نەوت دەوڵەمەند هێشتا بە نەوتی کوردیش دەوڵەمەندتر بکرێت. بۆچی ناوچە بە نەوت دەوڵەمەندەکانی کوردان

بخرێتە ناو سنووری ناوچە عەرەبییەکانەوە؟. ئەگەر ئەمە لەبەر چاوی رەشی تورکیایە - کە من وای بۆ دەچم هەر واش بێ - خۆ واشنتن دەتوانێ بە تورکەکان بڵێ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تۆڕێکی پان و پۆڕی بەرژەوەندیی هەیە لەسەرانسەری جیهاندا. تێیان بگەیەنێ کە بەدبەختانە حاڵەتی وا هەیە کە ئەم بەرژەوەندیانە لە هەموو ناوچەیەک لەگەڵ یەکە یەکەی دۆست و هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا یەکدیگر نابنەوە. رەنگە هەندێ جار دژایەتیشیان بکەوێتە بەینێ وەک کە لە نێوان تورکیا و یۆنان لەسەر کپرس روو دەدا یان لە نێوان ئەمەریکا و تورکیا لەسەر ئەرمینیا و ناگۆرنۆ - قەرەباغ.

بە هیوای خۆشیتانم.

هۆمەر

سروشتانە مام جەلال بۆی نەدەکرا نە بە ئیمێل نە بە تەلەفۆن وەرامم بداتەوە لەسەر ئەم تێ بینیانەم . بەڵام لە یەکەم سەردانی بۆ واشنتن کە یەکتریمان بینی دانیشتین بە دوور و درێژی ئەو پنتکانەمان تاوتوێ کرد.

هەر لەو سەردانەشی بۆ واشنتن جەنابی مام جەلال پێی را گەیاندم کە دەیەوێ من بگەڕێمەوە بۆ بەغدا تا بمکا بە باڵیۆزی عیراق. زووتر من خۆم ئەو ئارەزووەم لای دەربڕیبوو. گوتیشی جارێ گرووپی یەکەمی باڵیۆزان تازە داندراوە چوار لە پارتی و چواریش لە یەکیەتی و ئیتر ناوی دیکە زیاد ناکرێ. گوتی بەڵام بۆ گرووپی دووەم کە ماوەیەکی تر دەردەچێت و دیسان چوار باڵیۆز بەر یەکیەتی دەکەوێت وەرە بگەڕێوە تۆ یەکێک دەبی لەو چوارەی میلاکی یەکیەتی.

ئەوە بوو کە ساڵی 2005 دەستم لە سەرۆکایەتی بەشی کوردی رادیۆی دەنگی ئەمەریکا VOA و هەر لە دەنگی ئەمەریکاش کێشایەوە و چوومە بەغدا. بەڵام دوای ماوەیەک لە دانیشتنی چاوەڕوانی لیستەی گرووپی دووەمی ناوی کاندیدە کوردەکان بۆ پۆستی سەفیری دیسان

بڵاوکرایەوە کەچی ناوی منی تێدا نەبوو. سۆراخ بە سۆراخ بیستم گوایا پارلەمانی عیراق سنووری تەمەنی داناوە بۆ پۆستی (درجات خاسة) کە پۆستی سەفیریش دەگرێتەوە و من ئەو تەمەنەم تێپەڕاندبوو. دیسان سۆراخ بە سۆراخ زانیم کە راستە ، پارلەمان قانونێکی وای تێپەڕاندبوو هەچەندە کە "استثنائات"ی زۆریشی تێدا کرابوو.

هۆمەر دزەیی

ڤیەننا 2.8.2009

بەڵام بۆ مێژوو:

هەرکە مام جەلال منی لە وێستگەی دەنگی ئەمەریکای واشنتن گەڕاندەوە بۆ سلێمانی بەو نیازە کە بمکات بە باڵیۆزی عیراق ، یەکسەر پارچە ئەرزەیەکی پێنج شەش دۆنمی لە ناوچەی سیتەک بۆ کڕیم ، خانوێکی جوانی بە دڵی خۆمی لێ بۆ دروست کردم، بیرمە لە سلێمانی لەگەڵ رووناکی هاوسەرم سەردانمان کردبوو لەبەر چاوی ئێمە تەلەفۆنی بۆ بەرپرسی (ئیدارەی گشتی) کاک دلێری سەید مەجیدیش کرد ئۆتۆمۆبیلێکی فۆردی نوێم بۆ بکڕێت و مانگانەیەکی 3000 دۆلاریشی بۆ بڕیمەوە. دواتریش ، وەک کە لە سەرەوەش باسم کردووە ، سەبارەت بە تەمەنی گەورەم پارلەمانی عیراق رازی نەبوو بمکات بە بالیۆز و منیش بڕیارم دا بگەڕێمەوە بۆ ئەمەریکا ، مام جەلال نەیهێشت بگەڕێمەوە و کردمی بە راوێژکاری تایبەتیی سیاسی (المستشار الاقدم) ی خۆی. ئەوە بوو کە بەم شێوەیە تا کۆتایی ماوەی سەرەک کۆمارییەکەی و نەخۆش کەوتنەکەی لەگەڵیا مامەوە.

مام جەلال پاکێجێک بوو لە لێهاتوویی کە لە کەم کەسا کۆ دەبێتەوە:

1 - هەر لە تەمەنی منداڵییەوەی تێکۆشەرێک بوو بۆ رزگارکردن و

سەربەخۆیی هەر چوار پارچەی کوردستان هەرچەندە کە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی ناوچە و تێکەڵاویی بەرژەوەندەکان زۆر بە دیپلۆماسییانە ئەو دروشمە گەورەی کوردستانی گەورەی دەردەبڕی.

2 - سیاسەتکارێکی لیبراڵی چەپڕەو بوو و پشتی هەموو گەلانی ئازادیخوازی جیهانی دەگرت.

3 - توانایەکی دەگمەنی هەبوو لە کاتی قسەکردن و وتو وێژا قەناعەت بە بەرامبەرەکەی بێنێ.

4 - بڕوای بەتینی هەبوو بە یەکسانی ژن و پیاو لەناو کۆمەڵگای کوردا.

5 - هەتا بڵێی وەفادار بوو بۆ هاوڕێیانی دێرینی خەباتی کوردایەتی و بۆ هەموو دۆست و برادەرە کۆنەکانی .

6 - پەیوەندییەکی بتەوی هەبوو لەگەڵ هاوبیرە چەپڕەوەکانی و دژەبیرە عیراقی و عەرەبەکانیشی.

7 - گیانێکی خۆڕاگری زۆر بوێری هەبوو و هەمیشە گەشبین بوو. لە رەشترین کات و ساتی کە تووشی بوایە مام جەلال ورەی هەر بەرز بووە و نەمزانیوە رۆژێک لە رۆژان رووخابێ.

8 - خاکی و سادە و بێ هەوا کە دانووی لەگەڵ هەموو تەمەن و توێژێکا دەکولا.

9 - رۆشەنبیرێک کە حەزی زۆری لە شیعر و ئەدەبیات و موزیک و گۆرانی دەکرد.

10 - گیانێکی پڕ لە نوکتە تەنانەت لەکاتی وتو وێژی جددیشا.

11 - مام جەلال و جەنابی مەلا مستەفای بارزانی (یادیان بەخێر) هەرچەندە کە هەر یەکە رێبەری حزبەکەی خۆی بوو ، بەڵام دروشم و خەو و خولیای ئەو دوو رێبەرە گەورەیە حزبایەتی نەبوو ، کوردایەتی

بوو.

مام جەلال داستانێکە بێ پایان

مام جەلال ڕووبارێکە بێ وەستان

مام جەلال ئاوازێکە هەمیشە

لەناو ڕۆحماندا ئەزرنگێتەوە

مام جەلال سەرچڵی دارێکە

هەمیشە سەوزە و

تاهەتایە ئەلەرێتەوە

مام جەلال کڵپەی ئاگرێکە

تا ئەبەد ناکوژێتیەوە

پرشنگ ئەدات و

تاهەنایە هەر ئەگەشێتەوە

هەزار ڕەحمەت و هەزاران سڵاو لە گڵکۆی مام جەلال بێ ، پیاوێکی قسەخۆش و ئێسک سووک و وەفادار بۆ یار و هەوار ، کوردپەروەرێکی خۆشەویست لای یار و نەیار کە هەر لە یەکەمین دانیشتن لەگەڵیدا خۆی دەکرد بە بنەبانی دڵتەوە.

مێژووی برادەراتی من لەگەڵ ئەو پیاوە گەورەیە دەگەڕێتەوە بۆ نەورۆزی ساڵی 1948 لە کۆیە.

یادی بەخێر ، هەرگیز لەیادم دەرناچێ.

هۆمەر دزەیی

مام جەلال و هۆمەر لە ماڵی دکتۆر بەرهەم، لە ئەمەریکا.



هۆمەر پێشوازی لە مام جەلال دەکات، لە فرۆکەخانەی واشنتن.

لە ڕاستەوە: مام جەلال، هۆمەر دزەیی، دکتۆر بەرهەم ساڵح
لەبەردەم ماڵی دکتۆر بەرهەم لە ڤیرگینیا/ ئەمەریکا

Subject: Bo Mam Jalal
Date: Wed, 24 Mar 2004 12:36:29 -0500
From: Homer Dizayee <hdizayee@VOANews.COM>
Organization: Voice of America
To: qubad.puk@verizon.net

Dear Qubad giyan,
Happy Newroz and wish you good sojourn in the beautiful bahar of Kurdistan, I wish I was there too. Would you please pass this message to your Dad?
Thanks.

Dear Mam Jalal,
Happy Newroz to you and the rest of the family.
For the last few months, I've been trying to talk to you by phone several times but unfortunately it's not easy to reach you. I just wanted to say Hi to you and also remind you to be very careful when the issue of the permanent constitution comes under debate. I believe not only the major Kurdish political parties should participate in the debate, but all Kurdish smaller groups, NGOs and particularly women. You know the participation of the female element in the political process of any society is very significant. Also the civilized world emphasizes on the role of women as being part of the global war on terrorism. So, the participation of all strata of the Kurdish society in the ongoing debate about the future constitution is imperative. After all, this is an issue of the common interest of all Kurds.

I think the Kurdish negotiators should be armed with the most convincing geographical and historical facts about the territories that ought to be Kurdistani. It was a good thing when you presented the historical map of Kurdistan in one of the IGC meetings. But that is not enough. I believe all Kurds living abroad should start reviewing the old books written on the Kurds. They may find very interesting documents regarding the issue of the borders of Kurdistan. I am reviewing right now the two volumes of Arnold Wilson's memoirs. One can see good evidence of the Kurdishness of Kirkuk and Khanaqin in it. It would be helpful if the Kurdish leadership would ask the Kurds abroad -especially those in England and the USA- to look for evidences in connection with the Kurdishness of the disputed areas.

One more point I'd like to evoke here is the statements that are been made by PUK officials about the mechanism to decide whether Kirkuk is within the Kurdistan region or not. In my view, you shouldn't propose for a majority of the population of Kirkuk to decide whether they want to be within Kurdistan or Iraq. This is risky. If the Arabs, Turkomans and the christians of the city or, of the province as a whole, would make deals behind the scenes, then they would build the majority and the Kurds would lose Kirkuk forever.

Finally, We all know that every thing will be decided upon here in Washington. Therefore, a strong and effective Kurdish presence (regardless of political affiliations) and frequent visits by high ranked Kurdish leaders and intellectuals to Washington in this very important stage before 2005 is of utmost importance. Here, they should also try to see Jewish friends and convince them that there is no wisdom in adding more wealth to the Arab oil wealth. Why should Kurdish oil rich areas be annexed to Arab territories! If it is because of Turkey-which I think is - Washington could argue that the U.S.A. has a network of interests. Unfortunately, those interests may not always accord with the interests of its allies: they may clash at times as it is happening with Turkey and Greece over Cyprus or with UK/Turkey over Armenia and Nagorno-Karabagh.

نامەکەی هۆمەر بۆ مام جەلال بە زمانی ئینگلیزی



لە ڕاستەوە: قوباد تاڵەبانی، شێریی هاوسەری قوباد، هۆمەر دزەیی
لە سەیرانگای هوتێل عاشوور لە دوکان.

-9-
با کورد بە دەردی عەرەب و جمال عبد الناسر نەبەین، مام جەلال هەقیەتی ئەم قسانە دەکات.

ئەم گوتارەم لە کاتی خۆی لە رۆژنامەی یان کوردستانی نوێ یان خاک دا بڵاو کردەوە. ساڵی بڵاوکردنەوەکەشی پێم وایە دەبێ 2007 بێ کە من ئەوسا راوێژکاری سیاسیی سەرکۆماری ئەوسای عیراق جەنابی مام جەلال بووم. هۆی نووسینەکەش ئەوە بوو کە لە ئەنجامی بۆردومانکردنی خەستی رۆژانەی گوندەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن هێزی هەوایی تورکەوە مام جەلال داوای لە شەڕکەرانی پەکەکە کردبوو باشترە شەڕەکەیان بگوازنەوە بۆ کوردستانی ئەو دیو چونکە بەو سیاسەتەیان وا خەریکە لە ئێمەش تێک دەدەن و لە ئەنجام هەردوولامان زەرەر دەکەین. داخی گرانم ئەو داخوازەی مام جەلال زۆر بە ناشیرینی لەلایەن هەندێ بە حیساب " خۆ بە ناسیۆنالیست زان "ی کوردەوە وەرام درایەوە. جا ئەم گوتارەی ئەوساکەی من کاردانەوەی ئەو هێرشە نا رەوا و نابەجێ یەی ئەو کەسانەیە کە دەیانکردە سەر جەنابی مام جەلال و، دوای ئەم نووسینەم ئینجا دارِسانە سەر من و قسووریان بە منیش نەکرد. ئەمەش گوتارەکەی منە:

هۆمەر دزەیی

با کورد بە دەردی عەرەب و جمال عبدالناسر نەبەین

مام جەلال هەقیەتی ئەم قسانە دەکات

کورد هەیە حەز نەکا نەتەوە لێکدابڕاوەکەی یەکدی بگرێتەوە و وڵاتە

لێکترازاوەکەی بەیەکەوە بلکێندرێتەوە ؟ ئەمە خەونی هەموو کوردێکە.

بەڵام ئایدیۆلۆژی ناسیۆنالیزم و سیاسەتی جیهانیی باو current world polotics زۆر جار دانوویان پێکەوە ناکوڵێ.

سەرکردایەتی سیاسی هەر گەلێک ئەگەر روو بە ڕووی دۆخێکی ئەوها بووەوە ئەوا ڕێگای راست ئەوەیە یان پەڕوباڵی ئایدیۆلۆژییەکەی بکات و لەگەڵ سیاسەتی جیهانیی بگونجێنێ یان بۆ ماوەیەکی کاتی بیخاتە سەر تاخچەی مێژوو تا کڕی دێت. راست نییە بەو شێوەیەی کە خۆی خەونی پێوە دەبینێ سوور بێ لەسەر سەپاندنی بەسەر دنیادا. لە دۆخی ئەوهادا تۆ دەبێ خۆت بگۆڕێتی نەک هەوڵی گۆڕاندنی دنیای دەور و پشتت بدەیت، کە ناشتوانیت.

لە مێژووی میللەتانی جیهاندا نموونەی وەک گەلی کورد و وڵاتەکەیمان زۆر بینیوە لەگەڵ جیاوازییەک کە ئەوانە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەیە و کورد نیەتی. لە گشت ئەو نموونانە زەقتر و لەبەرچاوتر دۆکترینی (الوحدة العربية) ی سەرکردەی کۆچکردووی میسر جمال عبدالناسر بوو.

کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە ئەو رێبەرە دڵسۆزێکی بێ وێنەی نەتەوەی عەرەب و ناسیۆنالیستێکی نیشتمان پەروەر بوو. هیوای ژیانی ناسر و پلانی سیاسیی ئەوە بوو کە هەموو گەلانی عەرەب لەناو نیشتمانێکی یەک پارچەییدا بگەیەنێتەوە یەک. ناسر لەپێناو ئەو ئایدیۆلۆژییە ناسیۆنالیستەیدا پیلانێکی زۆری لە دژی ئەو رێژیمە عەرەبییانە گێڕا کە بەرهەڵستیی پرۆژەکەیان دەکرد و بە ناواقیعییان دادەنا. هەندێک لەوانە، وەک نوری سەعیدی سەرەک وەزیرانی عیراق و لحبیب بورقیبەی سەرکۆماری تونس، لەوانەیە ئەوانیش بە جۆرێک یان بە جۆرێکی تر بە ئەندازەی ناسر عەرەبپەروەر بووبن بەڵام بێ گومان لەو دووربینتر بوون. خۆ نوری سەعید بەشێکی زۆری کوردنشینی لە خانەقی

و مەنـدەلی و حەویـجە و گەرمیـان عەرەبانـد و عەرەبێکـی زۆریشـی بە بیانۆی I.P.C. خستە ناو شاری کەرکوکەوە. ژمارەیەک لەو ڕێژیمانە بوونە قوربانیی کوودەتای سەربازی کە لە ئەنجامی هاندان و پیلانەکانی میسری جمـال عبدالناسـرەوە بەرپا بـوون وەک کوودەتاکـانی سـوریا و عیـراق و یەمەن و سـودان و لیبیـا و تـونس و سـۆمال و، هەرای گەورە گەورە لە لوبنان و ئوردنیش. هەروەها دەزگاکانی موخابەرات و سیخوڕیی میسری و ئەوانەی سـەر بە بـزوتنەوەی ناسـریزم بـوون چەنـدین ڕۆشـەنبیر و ڕۆژنـامەوانی وڵاتـانی عەرەبیـان تیـرۆر دەکـرد کەلە دژی ئەو هەڵپەیـیەی قەومیی عەرەبییان دەنووسی. ڕاستە نیازی عبدالناسر بۆ گەل و وڵاتەکەی پاک و بێ غەل و غەش بوو بەڵام بەداخەوە ئاگای لە پانایی سیاسەتی جیهـان world politics نەبـوو، حیسـابی تەواوی بـۆ هێـز و توانـایی دوژمـنەکەی خـۆی نەدەکـرد و بـازی وا پـان پـانی دەهاوێشـت کە لە ئەنجامـدا ئەسـتۆی تەواوی گەلانـی عەرەب و هـی خۆیشـی تێدا شـکاند. ئەو، بـێ ئەوەی حیسـابێکی ورد بـۆ سیاسـەتی ئەوسـاکەی دنیـا بکـات، دەیویسـت بە داری زۆرێ ئایـدیۆلۆژیای ناسـیۆنالیزمی عەرەب بسـەپێنێت. ئەوە بوو کە زۆر بە هەڵپەیی و لەسەر بناغەیەکی شاش و واش، بۆیە هەر زووش تەپی، الجمهورية العربية المتحدة یەکی لە نێوان میسر و سوریا و یەمەن دامەزراند و بوو بە مایەی چەپڵە و ڕژانە سەر شەقامی جەماوەری بێ ئاگا و نەزانی ڕەشو ڕووت لە هەموو وڵاتە عەرەبییەکان.

ناسرییەکان و بەعسییەکانی عیراقیش هەر یەکسەر لەپاش کوودەتاکەی 14ی تەمووزی 1958 دەیانویست عیراق ڕەگەڵ ئەو وحدة عربية بدەن و هەر لەسەر ئەوەش عبدالکریم قاسمی ڕەهبەری نوێی عیراقیان کوشت چـونکە دژی ئەو پـلانە بـوو. بەڵام لەپاشـان خۆیـان نێوانیـان لەگەڵ ناسـر تێک چوو، کە ئێرە جێی ئەوە نییە باسی لێ بکەم.

عەرەبە قەومییەکـان و بەعسـییەکان بە ئایـدیۆلۆژیای ناسـیۆنالیزمێکی

عەرەبی توندڕەو و بە بەرزکردنەوەی دروشمی توند و تیژی لەناوبردنی دەوڵەتی ئیسرائیل و فڕێدانی ئیسرائیلییەکان بۆ ناو دەریای ناوەڕاست و دەریای سوور _ کە ئەمە قسەی خودی جمال عبدالناسر بوو _ جەماوەرێکی بێ ژماری عاتفیی گەلانی عەرەبیان ورووژاند بۆ هەڵسانەوە دژی حکومەتەکانی خۆیان کە ئەم بزووتنەوە ناواقیعییەی وحدەی عەرەبییان پێ راست نەبوو.

جێگای داخە گەلی دواکەوتوو و کەمزان حەز لە سەرکردەی توندڕەو و قسە رەق و سنگ دەرپەڕێن و مەیدان خواز دەکەن. گەلی دواکەوتوو و پێ نەگەیشتوو ئەو سەرکردانەیان خۆش دەوێت و دوای دەکەون کە تەحەدای هەموو دنیا بکات چونکە لە فەرهەنگی نەزانی و جەهالەتدا ئەم سیفەتانە نیشانەی ئازایەتی و پیاوەتین. هەموو عەرەب و تەواوی دنیاش بینییان کە ئەم سیاسەتە بەم شێوەیە دوور لە واقیعەی ناسر و لەپاشانیش هی بەعسییەکان و سەدامی عەرەب پەرست و خۆپەرست چی بەسەر میسر و سوریا و عیراق و ئوردن و، لە راستیدا بەسەر تەواوی گەلانی عەرەبی هێنا و تەنانەت خودی عبدالناسر لەبەر ئەو هەڵە کوشندەیەی کە لە شەڕی حوزەیرانی 1967 دا کردی و پەنجەی پەشیمانیی بۆ کرۆشت، هێندەی نەبرد تووشی نەخۆشیی دڵ بوو و هەر بە دەرد و داخ و خەفەتی ئەو نەهامەتیەی کە لە تێ نەگەیشتنی خۆی لە سیاسەتی جیهان بەسەر گەل و وڵاتەکەی هێنا، سەری نایەوە.

سەدام حوسێنەکەی عیراقیش وەنەبێ وانە لە ناسر وەرگرێ ئەویش ئەو ماڵ وێرانییەی بەسەر عیراق و خۆی و ماڵ منداڵیشی هێنا. ئێستاش گەلانی عەرەب باجی سەرەڕۆییەکانی ناسر و سەدام دەدەنەوە و داوای ئەو خاکانە دەکەنەوە کە پێش سەرەڕۆییەکانی ئەو دوو سەرکردە ناواقیعیە (مع الفارق) هی خۆیان بوو و ئێستا دەستیان ناکەوێتەوە. سەدام حوسێنیش لە ئەنجامی سیاسەتی توندڕەوی عەرەبی پەرستی نیوەی (شەتول عەرەب) و هەندێ ناوچەی دیکەی سنوریی دۆڕاندە ئێرانی حەمە رەزاشا.

لە ئەنجامی ئەم هەموو کارەسات و ماڵ وێرانییەی کە سەبارەت بە بێ ئاگایی لە سیاسەتی جیهان و زلهێزەکان بەسەر گەلانی عەرەبدا هات، ئێستاکە هەقی عەرەبان نییە جارێکی تر باسی (الوحدة العربیة) یەکەی جمال عبدالناسر و (وحدة، حریة، اشتراکیة) کەی بەعسی میشێل عفلق و سەدام حوسێن نەکەن؟

نموونەیەکی دیکەی هەڵپەیی سیاسی و گوێ نەدان بە سیاسەتی جیهان و خۆ گێلکردن بەرامبەر بە هێزی دوژمنەکەت سەرۆکی پێشووی سۆمالیا (زیاد بەڕی) بوو. وڵاتی سۆمالیا جگە لەوەی کە ئێستا وەک دەوڵەت دانی پیانراوە سێ بەشی تریش دەگرێتە خۆی کە یەکێکیان کەوتۆتە ناو خاکی ئیثیۆپیا و بە ئۆگادین ناسراوە. ئەوی تریان لەناو وڵاتی کینیا یە و سێیەمیش کۆمارێکی سەربەخۆیە بە ناوی جیبوتی کە کۆلۆنیالیزمی فرانسەیی سەربەخۆیی دایێ بە مەرجێک کە لەگەڵ سۆمالیای سەر بە بریتانیا یەکدی نەگرنەوە. دانیشتوانی ئەم سێ بەشانەش خڕیان سۆمالین و ئاساییە کە حەز بکەن لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیان لە سۆمالیای دایک یەکدی بگرنەوە. کە زیاد بەڕی لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو حوکمی سۆماڵی وەرگرت هەستی نەتەوایەتی هانی دا دەست بە وەرگرتنەوەی پارچەگانی دیکەی سۆمالیا بکات. هەڵستا بە ئیثیۆپیا داڕسایێ و هانی سۆمالییەکانی ئۆگادینی دا داوای جیابوونەوە لە ئیثیۆپیا بکەن و بۆ ئەو مەبەستەش هەموو یارمەتییەکی بۆ دابین کردن. هەرچەندی ئیثیۆپیا هەوڵی لەگەڵ دا پیاوی چاک بە واز لەم گەمە بە ئاگرکردنە بێنە سوودی نەبوو و زیاد بەڕی لە کەری شەیتان نەهاتە خوارێ. لە ئەنجام، لەشکری ئیثیۆپیا کشایە سەر سۆمالیا و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا نزیکەی نیوەی ئەو وڵاتەی داگیر کرد و ماڵوێرانییەکی ئەوتۆی بەسەر هێنا کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ سۆمالیا لێی هەڵنەستاوەتەوە. زیاد بەڕی، وەک جمال عبدالناسر، زانی کارێکی کوشندەی دەرهەق بە گەل و وڵاتەکەی کردووە هاواری برد بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام ئەوانەش بە شەرت و

مەرجێک کە سۆمالیا جارێکی تر باسی ئۆگادین نەکات ئینجا داوایان لە ئیثیۆپیا کرد هێزەکانی لە ناوچە داگیرکراوەکان بکێشێتەوە. زیاد بەڕیش بە شەرمەزارییەوە تا رۆژی مردنی ببڕای ببڕای جارێکی دی باسی ئۆگادینی نەکردەوە.

بریتانیا لە سالّی 1947 سەربەخۆیی دا بە هیندستان بەلّام پاش ئەوەی دەولّەتێکی لێ دابڕی بە ناوی پاکستان و هەرێمێکی فرەوانیشی، کەشمیر، کە دانیشتووەکانی وەک پاکستانییەکان موسلّمان بوون کرد بە دوو لەت و لەتێکی دا بە دەولّەتی تازەی پاکستان و لەتەکەی تریشی هەر بۆ هیندییەکان هێشتەوە. دەولّەتە تازەکەی پاکستان هەر خۆیشی کرابوو بە دوو کەرتەوە، پاکستانی رۆژئاوا و پاکستانی رۆژهەلّات بەلّام هەر یەک دەولّەت بوو و پایتەختەکەشی، ئیسلام ئاباد، کەوتبووە رۆژئاواکەی. نیمچە دورگەی پان و بەرینی هیندستان کەوتبووە نێوان ئەو دوو کەرتەی پاکستان. چەند شەڕی گەرم لەسەر کەشمیر لە نێوان هیندستان و پاکستان قەوما و ئەمەی دواییان بە ئاشکرا یارمەتی خەلّکی کەشمیری هیندستانی دەدا جیا ببنەوە و رەگەلّ پاکستان کەون. ناوبژیکردنی نێو نەتەوەیی نەیتوانی ئەو دوو ولّاتە بگەیەنێتە یەک. هیندستان چاری نەما و سوپایەکی زۆر گەورەی ناردە سەر پاکستانی رۆژهەلّات کە لەوێ جودایی خوازانی بەنگالی بزووتنەوەیەکی جیابوونەوەیان لە پاکستان بەرپا کردبوو. لە ئەنجامدا، پاکستانی رۆژهەلّات جیا بووەوە و دەولّەتێکی نوێی سەربەخۆ بە ناوی بەنگلادەش لە دایک بوو. پاکستانی رۆژئاوای بریندار کە سەت ملیۆن نفوسی رۆژهەلّاتی لە دەست چوو لە پێ ناسین بە بەنگلادەش بەولاوە هیچی بۆ نەمایەوە بەلّام دوژمنداریيەکەی لەگەلّ هیندستان توندتر بوو و ئێستاش کە وەک هیندستان چەکی ئەتۆمی دەست کەوتووە لە هەڕەشە و گوڕەشەی لەسەر کەشمیر سست نەبووەتەوە.

قبرس نموونەیەکی دیکەیە لە بە خراپ تێ گەیشتنی هێزی نەیارەکەت و بە چاکی هەڵنەسەنگاندنی سیاسەتی جیهانی. لە ساڵی 1974 ئەفسەرێکی ناسیۆنالیستی سوپای یۆنانیی قبرس کوودەتایەکی لە دژی سەرۆکی ئەو وڵاتە، مەتران مەکاریوس، کرد و رایگەیاند کە دوورگەی قبرس بەشێکی جیانەبووەی وڵاتی یۆنانی دایکە. خۆی رەنگە ئەو هەقیشی بووبێ بەڵام مخابن هەق لە بازاڕی سیاسەتی جیهاندا هەموو جارێ پارەپوول ناکات. سوپای تورکیا بێ ئاو لێ خواردنەوە هەڵیکوتایە سەر دوورگەکە و نەک هەر بەشە تورکییەکەی قبرسی داگیر کرد بگرە زۆر ناوچەی یۆنانییەکانیشی خستە سەر ئەو بەشە تورکییە و سنووری ئەمیانی گەیاندە سەر سنووری شارەوانیی نیکۆسیای پایتەخت. تورکیا ئەمەی کرد بە زەقە زەقی چاوانی ئەمەریکا و یەکیەتی سۆڤیەت و ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەوە بوو بە 33 ساڵ (ئەمساڵ وا بوو بە 46 ساڵ) لەشکری تورکیا بەشێکی قبرسی داگیر کردووە هەر لەبەر سەرەڕۆیی ئەفسەرێکی کەمزان لە سیاسەت ئەگینا خۆ مەکاریوسیش پیاوێکی ناسیۆنالیستی یۆنانی بوو بەڵام ئەم دووربینتر بوو.

ئەمانە چەند نموونەیەکن لە سیاسەتی ناعەقلانیی رێبەرانی بەتایبەتی گەلانی جیهانی سێیەم هەرچەندە کە رەنگە زوربەیان بۆ گەل و وڵاتەکەیان نیاز پاک و دڵسۆزیش بووبن. ئەوانە حیسابێکی وردیان بۆ پێچ و پەنای سیاسەتی نێودەوڵەتی نەکردووە و بە داخەوە ئەزموونیان لەم بوارەدا کەم بووە، یان هەر نەبووە.

مخابن عبدالله ئۆجەلانەکەی خۆشمان (خوا سەلامەتی کا) هەر هەمان رێچکەی گرتە بەر. کەس ناتوانێ نکۆڵی لە رۆڵی ئەو سەرکردە کوردە و پێ کا کا بکات لە بووژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی کوردی لە تورکیا. بەڵام ئۆجەلانیش کەوتە هەمان هەڵەی لەخۆ دەرچوون و خۆ بە زل زانینەوە. ئەو، بێ ئەوەی پرس و تەگبیر بە سەرکردایەتی بزووتنەوەی

کوردایەتی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکات هەر لە خۆیەوە بڕیاری دا تەواوی خاکی کوردستان بە هەر چوار پارچەکەیەوە مەیدانی شەرعی و ڕەوای خەباتی چەکداریی پێ کاکایە. ئەو هەر بەوەش ڕانەوەستا بەڵکو هەوڵی لەناوبردنی دەسەڵاتی هەردوو کۆمەڵە سەرەکییەکەی کوردستانی عیراق (پدک و ینک) ی دا کە پتر لە شەست ساڵە خەباتی سیاسی و چەکداری لەو بەشەی کوردستاندا دەکەن و لە ڕاستیدا بوویوون بە هەویێنی خودی بزووتنەوەکەی ئۆجەلان خۆیشی. لە ئەنجامیش، کە دەسگیر کرا و ئەو کارەساتەی بەسەر پێ کاکا و خودی خۆیشی هێنا و میللەتی کوردیشی لەبەر چاوی دنیا سووک و ڕیسوا کرد، ئەوجا لووتی بە واقیعی سیاسەتی جیهان کەوت و ناچار هەڵستا دروشمی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی کوردستانی خستە سەر تاخچەی تۆزاویی مێژوو.

خۆی باش دەبوو ئەگەر هەل و مەرج و باری جیۆپۆلیتیکی ناوچە ڕەخساو بوایە و هەموو هێز و پارتی و کۆمەڵە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە کۆنفەرانسێکی نەتەوەیی گەورەدا لەسەر نەخشەیەکی گشتیی ڕێگای خەبات ڕێک بکەوتبان و هەموو پیادەیان بکردایە، شتێکی ئا وەک ڕێکخراوی ئازادکردنی فەلەستینی. بەڵام بارودۆخی کورد زۆر جیاوازە لەوەی فەلەستینییان. ئەوان یەک دوژمنیان هەیە، کورد سێ. لەبەر ئەوەش کە هەر یەکێک لەو دەوڵەتانەی کە حوکمی کورد دەکەن سیستەمێکی سیاسی جیای هەیە لەوەی ئەوی تر، یەکێک سەر بە ئەمەریکایە، یەکێکیان جاران سەر بە سۆڤییەت بوو، یەکێک دنیایی یە ئەوی تریان دینی یە، زۆر زەحمەتە کورد بتوانێ سیاسەتێکی یەک ڕەنگ بۆ خەباتی هەموو بەشەکانی کوردستان بگرێتە بەر. چاکتر و، ناچاربوون، لەوەدایە هەر بەشێک شێوەی خەباتی خۆی چۆن لەگەڵ جیۆپۆلیتیکی ناوچەکەی خۆی دەگونجێ، ئەوە هەڵبژێرێ.

سەرکردایەتی کوردستانی عیراق کە بۆ پاراستنی ئەو نیمچە

سەربەخۆییەی کە لە ئەنجامی خەباتێکی خوێناویی دەیان ساڵ خایەن وەدەستی هێناوە ناچارە بە قسە و رەفتاری نەرم و حەکیمانە و دیپلۆماسییەت لەگەڵ دراوسێکانی هەڵسوکەوت بکات ناکرێ ئەم دەسکەوتە بکاتە بەلاگێڕی چەند کۆمەڵێکی چەکداری بەشەکانی دیکەی کوردستان کە هاتوون دەڵێن "ئێرە و ئەوێ چ فەرقی نییە بۆ ئێمە و خاکی کوردان هی هەموو کوردانە".

ئای کە جوانە ئەم وشە رۆمانتیکانە!

لەوانەیە ئێستا زۆر کوردی سادە و بێ ئاگا لە سیاسەتی دەولی وا بیر بکەنەوە کە هەر تەنیا یەک پارچەی کوردستان سەربەخۆ ببێ ئیتر ئەوە دەبێتە داڵدە و یاریدەدەری شۆڕشگێڕانی هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان!!! سەت بریا و سەت خۆزیا سیاسەتی دنیا ئەمەی وا بە ئاسانی لێ قەبووڵ بکردباین. جارێکیان دکتۆر قاسملوی رەحمەتی گێڕاویەتیەوە گوتبووی لە ستۆکهۆلمی سوێد بووە بانگهێشت کرابوو بۆ کۆبوونەوەیەکی گەورەی کوردەکانی ئەو وڵاتە. دروشمێکی زۆر هەر چوار دیواری هۆڵی کۆبوونەوەکەی رازاندبۆوە. دروشمەکان لەسەریان نووسرابوو: "شۆڕش دەکەین بۆ سەربەخۆیی هەر چوار پارچەکانی کوردستان و ئازادکردن و یەک گرتنەوەی تەواوی گەلی کورد لەناو یەک نیشتمانی یەکگرتوودا." قاسملو دەڵێ لێیان پرسیبوو ئەگەر دروشمەکانی بە دڵ بێ، ئەویش گوتبووی ئەرێ وەڵلا زۆر جوانن . پێیان گوتبوو باشە ئەدی بۆ ئێوەش ئەمە ناکەنە دروشمی حزبەکەی خۆتان لەجیاتی دروشمی خودموختاری، ئاخر خودموختاری کەی مۆدەی ماوە؟ لە وەرامدا قاسملو پێی گوتبوون: " بەخوا برایینە ئەوە بە ئێمە ناکرێ، فەرموون ئەنگۆ بیکەن، ئەو بارە گرانە بە ئێمە هەڵناگیرێ دیارە ئێوە پێتان دەکرێ هەڵیگرن !!".

بزووتنەوەی قەومی عەرەبی و بەعسییەکان ئەوانیش بەم ئەقڵ و

بۆچوونە خەباتیان دەکرد کە خاکی عەرەبان هی هەموو عەرەبانە بۆیە نەک هەر نەگەیشتنە ئەنجام بەڵکو ئەوە پتر لە شەست ساڵە کەوتوونەتە ناو ئەو زۆنگاو و گێژەنەی کە لە کەمزانییەوە بە دەستی خۆیان بۆ خۆیان دروست کردووە.

حزب الله و فەلەستینییەکانی لوبنان لە باشووری لوبنانەوە بەردەوام بە تۆپان لەو دیو سنووری ئیسرائیلیان دەدا تا ئیسرائیل پەلاماری دان و بۆ ماوەی 22 ساڵ باشووری لوبنانی داگیر کرد و ئێستاش لوبنان لەپاش ئەو داگیرکردنە نەهاتۆتەوە سەر خۆ.

تیئۆری سیاسی بە قسە خۆش و ئاسانە بەڵام لە پیادەکردندا وا نییە. ڤلادیمیر ئیلیچ لینین بە خۆڕایی نەیگوتووە " سونگی تفەنگەکەت رەپێش کە، ئەگەر بە کا کەوت بڕۆ پێش، وەگەر بە کۆنکریت کەوت بکشێوە."

هەر ئەم قسەی لینینیشە کە رامدەکێشێ بۆ لایەنێکی دیکەی مامڵەت کردن لەگەڵ سیاسەتی جیهانی، لایەنە واقیعییەکەی.

ئیرلاندا دروورگەیەکە کە کراوە بە دوو بەشی سیاسییەوە، باشوورەکەی کۆماری ئیرلاندای سەربەخۆیە و پایتەختەکەشی شاری دەبلنە.

باکوورەکە کە رووبەری کەمترە ئەمیان بەشێکە لە بریتانیا بە ناوی ئەلستەر Ulster کە نۆردرن ئایەرلاندیشی پێ دەڵێن و پایتەختەکەشی بێلفاستە. دانیشتووانی هەردوو بەشەکان ئیرلاندین بەڵام لە کاتێکدا کە تەواوی کۆماری ئیرلاندا کاتۆلیکن ئەوانەی باکوور تێکەڵەیەکن لە کاتۆلیک و پرۆتێستانت. ئەوە نزیکەی چل ساڵێک دەبێ کاتۆلیکەکانی باکوور دەستیان داوەتە چەک و لە ژێر ئالای (لەشکری کۆماری ئیرلاندی I.R.A) شەڕێکی پارتیزانیی دژواریان لە دژی بریتانیا و پرۆتێستانتەکانا بەرپا کردووە.

هەڵبەت کۆماری ئیرلاندا بە گەڵ و حکومەتەوە خەون بەوە دەبینن

کە بـاکووری وڵاتەکەیـان بگەڕێـتەوە بـۆ باوەشـی نیشـتمانی دایـک و درووگەی کەرتکراو ببێتەوە یەک دەوڵەت. ئەمە بە خەون و خەیاڵیان زۆر خۆشـە. بەڵام لەوەتەی بـزووتنەوەی چەکـداری لە بـاکوور دەسـتی پـێ کـردووە هـیچ جـۆرە یـارمەتییەک لە کۆمـاری ئیرلانـداوە نەدراوە بە هاوڕەگەزە شەڕکەرەکانیان لە باکوور و یەک تاکە جاریش چەکدارێکی بـاکوور نەچـۆتە نـاو خـاکی باشـوورەوە و هـیچ بنکەیەکیـان لەوێ دانەمەزراندووە. باشوور لەگەڵ لەندەن پەیمانی هەیە کە نە ڕێگایان بداتێ نە یارمەتیشیان بۆ بنێرێ. کۆماری ئیرلاندا، با لە ژێرەوە پێشی ناخۆش بێ، ڕێزی لەو پەیمانە گرتـووە و شـەڕکەرەکانی بـاکووریش وەزعـی ناسـکی باشـووریان لە بەرچاو گرتـووە و چ حکومەتەکەشـی بە خـایەن و پیـاوی ئینگلیز دانانێن. ئەوەیە فەرقی نێوان ئەوان و ئێمە، فەرقی نێوان دووربین و کـورتبین لە سیاسـەت، نێـوان زۆرزان و کەمـزان، نێـوان پێشـکەوتن و دواکەوتن. زوبانی حاڵی باشوورییەکان بە باکوورییەکان دەڵێ do it your self واتا خۆت بیکە.

نمـوونەیەکی دیـکەی دووربینـی سیاسـی ئالبانیـا و کۆسـۆڤۆیە. ئالبانیـا کۆمـارێکی بچـووکی سـەربەخۆیە لە گـوێ ئـاوی ڕۆژهەڵاتـی دەریـای ئەدریاتیـک و لایەکـی سنووری سێربیایە. کۆسـۆڤۆش هەرێمێکـی ئالبانی نەژادە لەنـاو سـێربیا. دنیـا دەزانـێ کە دانیشـتووانی کۆسـۆڤۆ داوای سـەربەخۆیی دەکەن و شـەڕی چەکداریشـیان لە پێنـاودا کـردووە. بەڵام کۆماری ئالبانیا تا ئێستا هیچ جۆرە یارمەتییەکی نەداون و ئەوانیش داوای ئەوەیان لێ نەکردووە و خاکی ئالبانیایان بۆ بنکەی پشتەوەی شەڕ بەکار نەهێنـاوە. هەدوولا تـێ دەگەن کە وەزعەکە زۆر ناسـکە و ئالبانیـا بەرگەی پەلامـارێکی سـێربیا ناگرێـت و ئەمەریکـا و روسـیا و ئەورووپـاش بە دەسـتێوەردانی ئالبانیـا لە کێشـەی نێـوان سـێربەکان و کۆسـۆڤارەکان ڕازی نـابن. زوبـانی حـاڵی ئالبانیـا بـۆ کۆسـۆڤارەکان هەر هەمـان پەیـامەکەی کۆمـاری ئیرلانـدایە، do it your self خـۆت بیکە. ڕۆژێکـیش

کۆسۆڤارەکان قسەیەکی خراپیان دەرهەق بە حکوومەتە هاوڕەگەزەکەیان لە ئالبانیا نەکردووە. نموونەی دیکەی سیاسەتی عەقلانی زۆرن بەڵام پێم وایە ئەوەندە دەبێ بەس بێ بۆ ئەو کەسانەی کە، بە تێ گەیشتنی من، زوڵم لە سەرکردایەتی کوردستانی عیراق دەکەن کە باس دێتە سەر کۆمەڵە کوردستانییەکانی تر و باس دێتە سەر وڵاتە دراوسێکان. با ئەوەش بزانرێ کە من پێشتر گوتم هەندێ جار ناچار دەبیت ئایدیۆلۆژی ناسیۆنالیزمەکەت پەڕوباڵ بکەیت یان هەر بە تەواوی بیپێچیتەوە و بیخەیتە سەر تاخچەی مێژوو. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە تۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان بەسەری نەکەیتەوە و گەردی مێژووی لێ دانەتەکێنیت. من گوتوومە بۆ ماوەیەکی کاتی هەڵیگرە تا کڕی دێت. جا ئەگەر ئەو کڕە هات و سیاسەتی دنیا لە ناوچەکەی ئێمەدا گۆڕا با کوردیش سێ و دووی لێ نەکات و جڵەوی سیاسەتەکەی وەرسووڕێنێتەوە و لێی با بداتەوە. خۆ بادانەوە لە سیاسەتدا عەیب نەبووە و ناشبێ. کوردیش لەم بوارەدا ئەزموونی خراپی نییە.

جاران کە پێشمەرگەکانی کوردی عیراق بە شاخانەوە بوون ئازادتر بوون لە ئێستا لە دەربڕینی هەستی نەتەوایەتییان. ئەوساکە بە ئارەزووی خۆیان قسەیان بە ئیستیعمار و ئەو وڵاتانە دەگوت کە کوردستانیان داگیر کردووە. ئەوساکە کەس حیسابی بۆ قسەکانیان نەدەکرد و چ باجیان لەسەر نەبوو چونکە بە ڕەسمی هیچ وڵاتێک ئیعتیرافی پێ نەکردبوون . ئەڵبەت بە درێژایی خەباتی چەکداریش سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە عیراق هەر هەوڵی داوە ئەو ئیعتیرافە نێونەتەوەییە بۆ دۆزەکەی وەدەست بێنێ. ئەڵبەت ئەمە هیوا و خواستی هەموو کۆمەڵە کوردستانییەکانە کە ئیعتیرافی دەولییان پێ بکرێ. بەڵام دیارە ئەمانە ئەوە نازانن کە ئەم پێ ناسینە بە بەلاش نییە و دەبێ بۆی بژێرن. ئەوە نازانن ئایا کۆمەڵی نێونەتەوەیی و بە تایبەتی زلهێزەکان و بە تایبەتیتریش تاکە زلهێزی ئەمڕۆ، ئەمەریکا، ڕازی دەبن قسەت لەگەڵا بکەن!!، ڕازی دەبن سەرۆکی

ئەمەریکا و سەرۆکانی جیهان بە رەسمی لەگەڵ سەرکردە کوردەکان دابنیشن و لە گەمە نێونەتەوەییەکەی خۆیاندا بەشداریان بکەن ؟ خۆ ئەمانە لێت قەبووڵ ناکەن هەر بە زمانی پێشمەرگەکەی ناو ئەشکەوت (اسحاب الكهف) قسەیان لەگەڵدا بکەیت و وەک پێشوو جنێو بە ئەندامەکانی دیکەی کڵەبەکەیان بدەیت . کە تۆ کرایت بە ئەندام دەبێ ئابۆنەی ئەندامەتییەکەشت بدەیت کە ئەویش قورقەپ لێ کردنە لەو بوارانەی کە کڵەبەکە خۆی بۆت دادەنێ. خۆ ئەگەر بە شەرت و مەرجی کڵەبەکەش رازی نابیت ئەوا فەرموو رێگای ئەشکەوتەکەت لێ ناگرنەوە و بگەڕێوە سەر لووتکە شاخەکان هەتا سبەینێ قسەی خۆت بێ بەرپرسیاری و بێ باجدان بکە.

جا ئەو برادەرانەی رەخنە و گلەییان لە سەرۆک مام جەلال یان لە سەرۆک بارزانی هەیە و تەقدیری سیاسەتی دەرەوەیان ناکەن ئەوانە بە داخەوە ئاگایان لە پانایی سیاسەتی جیهانی نییە.

جەنابی مام جەلال ئەوە شەست ساڵ پترە خەباتی کوردایەتی دەکات بۆ یەکبوونی کورد و یەکپارچەیی خاکی کوردستان. بەڵام سیاسەتکاری ئەزمووندار حیساب بۆ ئەوە دەکات کە بازاڕی سیاسی 2007 هەمان بازاڕە سیاسییەکەی ساڵە چلەکانی سەدەی رابردوو نییە. جا راست ئەوەیە کوردیش خۆی لەگەڵ ئەم بازاڕە گۆڕاوە بگونجێنێ. کوردایەتی کردن بە عاتیفەی چلەکان کە بۆ زەمانی خۆی پڕ بە پێستی خۆی بوو ئەمڕۆ لە بازاڕی سیاسیی نوێدا یەک پوول ناهێنێ.

ترسی گەورە و کارەساتهێنەر لەوە دایە جڵەوی وڵاتێک بکەوێتە دەستی نەزانان کە هەر خوا خۆی دەزانێ بۆ کوێت دەبا. کەس لە مام جەلال باشتر لەم راستییە نەگەیشتووە بۆیە دڵنیا بن کوردستان لە دەستێکی ئەمین دایە.

هۆمەری دزەیی

-10-
هەڵبژاردنی پارلەمانی و سەرۆکایەتی لە کوردستان
براوە مام جەلال و کوردن

دیسان خەڵکانێکی کورتبین لە سیاسەتدا ڕووی تانەو توانج و هێرشی نابەجێیان کردۆتەوە جەنابی مام جەلال و هەر ئەوەندەی لێ تێ گەیشتوون کە،بە قسەی خۆیان،مام جەلال بەو هەڵوێستانەی کە لە کاتی شاڵاوی هەڵبژاردناو دوای ئەوەش دەینواند، هەم زیانی لە ینک وهەم لە خۆیشی داوە. ئەمن پێم وایە لە داهاتوویێکی زۆر نزیکدا لە خۆبوردوویی ئەو پیاوە گەورەیە دەردەکەوێت کە چۆن بەرژەوەندیی گەل و وڵاتەکەی پێش ناوی خۆی و حیزبەکەی دەخات. مێژوو بە وشەی زەق و دیار دووربینیی و سیاسەتی ریئالیستی جەنابی مام جەلال لەناو لاپەڕەکانی خۆیدا تۆمار دەکات.

زۆرکەس وای تێ گەیشتوون کە مام جەلال دژی گۆڕانە. ئەمە بەهەڵەداچوونێکی گەورەیە کە لە ئەنجامی کورتبینیی سیاسییەوە لای ئەوانە گەڵاڵە بووە. لە سیاسەتدا تۆ هەر

سەیری رووبەری ڕووداوەکان ناکەیت کە هەر ئەوەت لێ دیارە. سیاسەتکاری ئەزموونداری قاڵ بوو هەموو لایەکی ڕووداو هەڵدەسەنگێنێت و بە چاوێکی وردبینی تیژڕەو قووڵایی ڕووداوەکان دەبینێ.

مام جەلال خۆی گۆڕانە. لەوەتەی من لە ساڵی 1948 ەوە ئەم پیاوە دەناسم و بە درێژایی تەمەنیشی،چ بە خەباتی سیاسی، چ چەکداری، هەر دروشمی گۆڕانی بەرزکردۆتەوە. ئەمڕۆ کەس نییە هێندەی مام جەلال

لەناو ئەزموونی سیاسیدا قاڵ بوویێت. ئەو دروشمانەی کە ئەمڕۆ لیستی گۆڕان هەڵی کردوون هیچ کامێکیان بۆ مام جەلال نوێ نین چونکە خۆی دایناون. بەڵام ئەوەی کە ئەو هەستی پێ دەکات و لە ئەنجامی ئەزموونی دووروودرێژی لە سیاسەتدا بۆی یەکلا بۆتەوە ئەوەیە کە دروشم دەکرێت زۆر جوان و خۆش بێت بەڵام رێگای پیادەکردنی بەداخەوە مەرج نییە ئەوەندە جوان و خۆش بێت. جا لە پێناو ئەو سیاسەتە واقیعییەی خۆی مام جەلال زۆرجار رووبەڕووی تیرو توانجی کورتبینان بۆتەوە بەڵام ئەو سەبارەت بە باوەڕی بە تینی بەو پرەنسیپەی ریئالیزمی سیاسی هەرگیز گوێی نەداوەتە تانەو توانجان و بێباک بووە لە "تاوزڕاندنی" خۆی.

ئەدی هەر پارو پێرار نەبوو هێرشێکی زۆری کەمزانان دەکرایە سەر جەنابی مام جەلال لەبەر هەڵوێستی بەرامبەر بە مانەوەی چەکدارانی پەکەکە لەناو خاکی کوردستانی ئیراقداو لەپاشانیش سەردانەکەی بۆ تورکیاو دانوسەندنی لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی ئەو وڵاتە لەسەر کێشەی پەکەکەو هەڵوێستی ئانکارا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستانی ئیراق !

هەر بێ ئاگا لە دیوی پشتەوەی رووداوی سیاسی نازانن ئەو گۆڕانانەی کە ئەمڕۆ دەربارەی کێشەی کورد لە تورکیا وا خەریکەلە ئاسۆدا سەر هەڵئەدات ئەوە هەمووی بەرهەمی ئەو هەوڵ و پەیوەندییە لەپشت پەردانەی مام جەلالە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا بە شێوەیەکی ئاشتییانەی دیمۆکراتیک.

ئەدی گۆڕانی هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی تورک بەرامبەر بە هەرێمی کوردستانی ئیراق بە شێوەیەکی تا ئەندازەیەک پۆزەتیڤانەتر لە جاران، چما ئەوەش هەمووی بە راوتەگبیری جەنابی مام جەلال نەبووە بۆ سەرکردایەتی تورک و بۆ سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانیش!

رەنگــە هەنــدێ جــار مــام جــەلال لەســەرەتای هەوڵەکانیــدا ئەوەنــدە بەختــەوەر نــەبووبێت و کەوتبێتــە بــەر رەخنــەی دڵسۆزانی کــەمزان. بــەڵام خۆشبەختانە مێژوو بە خێرایی بۆی تێ هێناوەتەوە و بۆ هەموو ئەو کەسە کورتبینانەی ئاشکرا کردووە کە ئەو پیاوە بەڕاستی درەختێکی بەرهەمدارە ئەگەرچی لەم لاو ئەولا خەڵکانێک هەر خەریکی لک و پۆپ شکاندن و هەڵوەراندنی گەڵاکانین. مام جەلال چنارێکی رەگ قووڵ داکوتاوی پەلوپۆ بەهەموو لایەکدا رۆیشتووی ئەم کوردستانەیە.

ئەمە تـەنها نموونەیـەک بـوو بۆ سیاسـە تـی واقیعبینانـەی جـەنابی مـام جەلال. جا با بگەڕێمەوە بۆ هەڵبژاردنەکەی خۆمان.

ئـەم گۆڕانـەی کـە ئـەمڕۆ بەڕاسـتی خـەڵکێکی زۆر لـە کوردسـتانا بـە هەڵپـە داوای دەکـەن و، ناهـەقیش نـین، ئـەوە لـەمێژە خـودی مـام جـەلال خۆی دایڕشتووە. بەڵام ئەو دەزانێ کە گۆڕان بەشەوو ڕۆژێک ناکرێت. راسـتە شـت هەیـە بـە بڕیـارێکی حکومـەت دادەسـەپێندرێ بـەڵام زۆر شتیش تەنها بە پرۆسەیەکی دووردرێژی مێژوویی‌یەوە ئەنجام دەدرێ کە دەبێ هەنگاوی بۆ بنرێت و بخرێتە سەر رێچکەی خۆی. لە پرۆسەی ئەم هەڵبژاردنەدا مام جەلال بە هەڵوێستی دیموکراتیکانەی ئەو هەنگاوەی ناو پرۆسەی گۆڕانی خستە سەر رێچکەی خۆی. ئەنجامەکانیش بەرەبەرە، نەک بە عەسای مووسا، دەردەکەون.

دەکرا مام جەلال لەگەڵ کاک نەوشیروانا پێکەوە دروشمی گۆڕان هەڵبکـەن و رەنگـە بـە یـەک لیسـتە زۆرترایـەتی هـەرەزۆری دەنگـەکانیان بهێنایـە. بـەڵام مـام جـەلال روانیـیـە دوورتـر لـەوەی کـە بەرژەوەنـدیی حیزبەکەی خۆی تێدایە. بۆچی بۆ کورد گرینگ هەر ئەوە بێ کێ دەباتەوە، کێ دەدۆڕێنێ؟ نا !

ئەمڕۆ بارودۆخی سیاسی لە کوردستان زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە هەندێ کەس بە هەندی وەرناگرن. ڕەنگە ئەوانە وای بۆ چووبن کە بە بردنەوەی یەک لایەنی سیاسی لە هەڵبژاردنا ئیتر گرێ کوێرەکە دەکرێتەوەو وڵات دەبێ بە شامی شەریف.

کێشەی کورد لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە بەغدا، کێشەی کورد لەگەڵ وڵاتە دراوسێکان و ئەو وڵاتانەی لەپشت ئەوانن، کێشەی کورد لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان و ئینجا کێشەکانی ناو خودی خۆی. ئەمانەو زۆر فاکتەری تریش هەمووی ڕێگرن لەوەی کە واقیعی سیاسی لە کوردستانی ئیراق، بۆ ئێستا، بە شێوەیەکی دراماتیک بێتە گوهارتن. پێم وایە جارێ هێشتا ماوەتی هەندێ لایەنی سیاسی کە بە درێژایی مێژووی خەباتی گەلی کورد وجوودیان لە مەیدانی سیاسی کوردستانی ئیراقدا هەبووە بە یەک دەست وەشاندن ئیتر ساحەکە چۆڵ بکەن. ئەگەر ئەوە بکرێت بێ گومان ئاڵۆزییەکی یەکجار دژوارو ناخۆش هەر نەبێ لەسەر دارایی و هێزی پێشمەرگە سەر هەڵئەدات و هەر خوا خۆی دەزانێ ئەمجارەیان بەرەو چ هەڵدێرو زنارێکمان دەبات. خۆ ئەزموونی رابردوومان هێشتا لەبەرچاوە، کورد ئازایە بۆ خۆخۆری و خوا هەڵناگرێ دراوسێکانیشمان لەم ڕووەوە چ قسووریان نەبووەو ناشبێ.

با واقیعی بین. ئەم پارووە گەورەیە ئەمڕۆ لەناو کۆمەڵی کوردا وا بە ئاسانی قووت نادرێ. لەبەر ئەم هۆیانەیە کە مام جەلال هەوڵ ئەدا گۆڕانەکەی خۆی بە پارێزگارییەوە، بێ هەڵپە، بەبێ جۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕانە و بە نەرم و نیانی بە ئەنجام بگەیەنێ.

برادەرێک لێرە لە ڤیەننا پێی گوتم " من بۆیە کاک نەوشیروانم خۆش دەوێ چونکە هەق و ڕەقەو موجامەلە نازانێ". هەقەکە زۆر باشە بەڵام ڕەق و موجامەلە نەزانین باش نییە.

من خۆیشم ئەوا خەریکە دەبێتە چل ساڵ هەر لەم ڤیەننایە لەگەڵ کاک نەوشیروانا بووین بە ئاشناو برادەر. خۆ هەموو کەس دەزانێ کاک نەوشیروان چ پێشمەرگەیەکی دڵسۆزی لەخۆبووردووی دێرینە. هەر کوردێک کەمێ ویژدانی هەبێ رێزێکی تایبەتی بۆ پرەنسیپی بەرنامەی کاک نەوشیروان دەبێ کە بەو پەڕی دڵسۆزی و پەرۆشییەوە داوای شتێکی زۆر ئاسایی بۆ گەل و وڵاتەکەی دەکات. هەر کوردێکیش کەمێ ویژدانی هەبێ، لە هەڵوێستی بەرپرسیارانەی مام جەلال ئەگات کە پاراستنی یەکیەتی ریزی کۆمەڵی کوردی لەم قۆناخە ناسکەی ئەمڕۆدا لە سەرووی هەموو سەرراییەکاندا داناوە. مام جەلال هەقە بەڵام رەق نییە،نەرمەو موجامەلەش دەزانێ.

بۆ سیاسەتکاران تەنها دڵسۆزی بەس نییە،دەبێ دیپلۆماسییەتیشی لەگەڵدا بێت.

لە سیاسەتی دەرەوەی، کوردی ئیراق بە سنگ دەرپەڕاندن و پەنجە هەڵشەقاندن ناگات بە هیچ و ئەنجامی خراپیشی لێ دەکەوێتەوە (ئەم چەند قسەیەم ئاراستەی کاک نەوشیروان نییە چونکە دەزانم ئەو وا نییە).

لە سیاسەتی ناوخۆی کوردیشدا زۆر بەڵێن دان بە کۆمەڵانی خەڵک پاش ماوەیەکی کورت خەڵکەکەت لێ هەڵدەگێڕێتەوە. (ئەم قسەیەم ئاراستەی کاک نەوشیروانە). رەوشتی سەوادی میللەت ئەوەیە کە هەموو شتێکی پێکەوەو بە پەلەش دەوێ. پێم وایە ئەوەش نە بە ئۆباما نە بە نەوشیروانیش دەکرێ. من وای بۆ دەچم کە تەندروسترە ئەگەر شت بە چاکسازییەکی سروشتی رێڕەوی خۆی بگرێت نەک بە هەڵپەو گۆڕانی رادیکاڵی دراماتیک.

مام جەلال بەم هەڵوێستەی لە کاتی شاڵاوی هەڵبژاردنا نەریتی دیمۆکراتیکی بۆ هەڵبژاردنەکانی پاشەڕۆژیش داچەسپاند.

مـام جـەلال ڕێگـای لـە ئیحتیمـالێکی زۆر لـەگوینی نـاکۆکی و دووبەرەکی و دیسانەوە لێکترازانی یەکیەتی ریزی کورد گرت. هەندێ وای تێ گەیشتوون پارتی و بارزانی بردیانەوە و یەکیەتی و مام جەلالیش دۆڕاندیان. نـەخێر، مـام جـەلال پـارتی و سـەرکردایەتی پارتیشـی لـە شکستێکی مسۆگەر رزگار کرد. دەستیشی خۆش بێت چونکە بۆ ئەمڕۆ هەر ئەوە گونجاوترین ڕێگاچارەیە.

زۆر باشەو تەندروستە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کاندیدانی لیستی گۆڕان جێگـا لـەناو پارلـەمانی نوێدا دەگـرن. پیرۆزباییـان لـێ دەکـەم و دڵخۆشـیی خۆمیـان پـێ ڕادەگەیـەنم. پارلـەمان بـێ ئۆپۆزیسـیۆن پارلـەمان نییە،شوورەیی و شەرمەزارییە.

زۆر باشەو تەندروستیشە کە کاندیدی دیکەش بۆ سەرۆکایەتی هەرێم لـەپاڵ کاندیـدی حیزبـە سـەرەکیەکان هـەبوون بـۆ ئـەوەی نـەریتی "قودسییەت" بۆ سـەرکردەیەک یان هـەر سیاسەتکارێک دابتـەپێت و تـێ بگەن کە مەیدانی سیاسەت تاپۆی کەس نییە تاهەتایە.

بەلای منەوە پارلـەمان بـەم شـێوە تازەیـەی و بـەردەوامبوونی سـەرۆکی کوردستان جەنابی کاک مەسعود بارزانی بۆ تێرمێکی تر سەلامەترین و ئاشتیانەترین ڕێگایە بۆ ئەمڕۆی کورد.

کرێدیت بۆ هـەڵبژاردنی ئەم ڕێگایەش دەگەڕێتەوە بۆ جەنابی مام جەلال و گومانم نییە کە ڕووداو دەری دەخەن ئەو و کورد براوەن.

هۆمەر دزەیی
ڤیەننا
2.8.2009

-11-
نامەیەکی کاک نەوشیروان مستەفا

ساڵی 1970 لە باڵیۆزخانەی عیراق لە ڤیەننا بۆ کاروباری میدیا و وەرگێڕانی زمان دامەزرام. لە کۆتایی مانگی سێپتێمبەری هەر ئەو ساڵە خۆم و رووناس (رووناک) ی هاوسەرم، کە تازە لە کوردستان هاوسەرگیریمان بوو، بۆ چەند رۆژێکی مانگی هەنگوین چووین بۆ پراگ پایتەختی چێکۆسلۆڤاکیای ئەوسا و لە ماڵی کاک موحسینی کاکم کە لەوێ باڵیۆزی عیراق بوو ماینەوە. دوای ئەوە بەشەمەندەفەر چووین بۆ ڤیەننا و لەوێ دەستم بە کارەکەم کرد لە باڵیۆزخانەی عیراق. لە ڤیەننا بەڕێگای دکتۆر وریا رەواندزی کە دۆستێکی لە مێژینی خۆم و تەواوی بنەماڵەکەمان بوو ئاشناییم لەگەڵ دوو کوردی دانیشتووی ڤیەننا پەیدا کرد، نەوشیروان مستەفا و فوئادی مەلا مەحمود (لەگەڵ دکتۆر وریاش هەسێکیان یادیان بەخێر). لە بواری سیاسەتدا ئەمن تا ساڵی 66 جەلالی بووم بەڵام دوای پێکهاتنی ئەو ساڵەی نێوان حکومەتی بەغدا و باڵی جەلالیی پارتی دیموکراتی کوردستان دڵم لەو باڵە سارد بووەوە بێ ئەوەی پەیوەندیی کەسێتیم لەگەڵ هیچ کامێک لە جەلالییەکاندا تێک بچێت. خۆ لەگەڵ خودی مام جەلال وەک بڵێی هەر هیچ رووی نەدابێت هەروا ماینەوە، نە ئەو بە چاو و دڵێکی نوێ دەیڕوانیە من نە منیش سەیری ئەوم دەکرد کە جەلالییە. مام جەلال لە سەردانێکیشی بۆ ڤیەننا لە سەرەتاکانی حەفتاکان کە دەشیزانی من لەگەڵ رەوتی ئەواندا نەماوم کە داوام لێ کرد لای خۆم دابەزێ یەکسەر رازی بوو و ئەو چەند شەوەی ڤیەننای لە ماڵی من مایەوە، نەچوو بۆ ئوتێل. کاک نەوشیروان و کاک فوئاد هەردووکیان جەلالیی بوون. جا مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە کە هەر

لەگەڵ یەکتری ناسینی من و ئەو دوو کوردەی ڤیەننا ئیتر دانیشتنەکانی ئێوارانمان هەر بەیەکەوە بوو و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئێمە ئەم سیانە و کاک کەریمی پیرۆتیش کە خەڵکی موکریان بوو و خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی بوو لە زانکۆی ڤیەننا، بووین بە برادەری زۆر نزیکی یەکتری. وەک گوتم بیرو بۆچوونی سیاسیمان لەپاش 66 ناکۆک بوو بەڵام ئەمن هەرگیز بیرو باوەڕی سیاسی و پەیوەندیی شەخسیم بەیەکەوە نەدەبەستایەوە و نایبەستمەوە هەر چەندە کە لە هەندێ دانیشتنەکانماندا کە باسی سیاسەت دەهاتە ئارا لێمان دەبوو بە دەنگ هەڵبڕینیش.

کاک نەوشیروان مستەفا گەنجێکی زۆر زیرەک و خوێندەوار بوو و حەزی زۆری لە خوێندنەوە بوو و لە رووی زمانەوانیشەوە شارەزاییەکی چاکی هەبوو لە زمانی کوردی و عەرەبی و زۆر زوو ئەڵمانیش فێر ببوو (دواتریش ئینگلیزی کە چووە ئینگلتەرا و لەوێ مایەوە) و نووسەرێکی ستایل تایبەتی زۆر جوان بوو بە کوردی و دەسخەتێکی زۆر خۆشیشی هەبوو لە نووسیندا. دانیشتن لەگەڵیدا خۆش دەبوو ئەگەر پاش ماوەیەک بیناسیبایت. وەکوو هەموو مرۆڤێکیش هەندێ لایەنی نەرێتی هەبوو. ئەو ساڵانەی کە لە ڤیەننا بوو نەوشیروان چەپڕەوێکی زۆر سەرکەش بوو و لە قسەکانی دەر دەکەوت کە رکی زۆری لە چینی ئاغا و بەگ و میر و شێخ و مەلا و سەرمایەدارانی کورد بوو. بە تایبەتی کە مەشرووبی دەخواردەوە هیچ سڵی نەدەکردەوە لە دەربڕینی ئەو هەستەی و دەشیگوت کە خۆی زادەی خێزانێکی هەژاری ناوچەی شارەزوور بووە. لە موناقەشە کردنیشا نەوشیروان رۆحێکی دێمۆکراتیکی نەبوو، بیرو بۆچوونی دژی ئەوەی خۆی پێ هەزم نەدەکرا و زوو هەڵدەچوو و زۆر قسەرەق و قسەلەڕوو بوو هەندێ جار تا رادەی سووکایەتی کردن بە بەرامبەرەکەشی. سەرەڕای جودایی تێگەیشتن و بۆچوونمان بە تایبەتی

لەبارەی پرسی کورد کاک نەوشیروان پەیوەندیی کەسێتیی لەگەڵ مندا هەمیشە دۆستانە و برایانە بوو. حەز دەکەم ئەوەش بزانرێ ئەمن کە ئەم قسانە دەکەم ئەوە هی ساڵانی نیوەی یەکەمی حەفتاکانی سەدەی رابردووە، دوای ئەوە کە لێک دابڕاین و من خۆم جۆری بیرکردنەوەم my way of thinking لەگەڵ رەوتی تەمەندا گەییوتر دەبوو ئیتر لە نزیکەوە ئاگام لە نەوشیروان نەما ئەگەر چ "گۆڕان" ێک بەسەر جۆری بیرکرنەوەی ئەویشدا هاتبێ. هیچ سیاسەتکارێکیش پێغەمبەر و فریشتە نەبووە و ناشبێ.

دوای نسکۆکەی 1975 ئەمن بارم کرد بۆ لەندەن و لەوێ گیرسامەوە. پەیوەندیی نامە و تەلەفۆنیم لەگەڵ نەوشیروان و فوئاددا نەپچڕا. ئەمەیان یەکێکە لەو نامانەی کە دیارە وەرامی نامەیەکی منە بۆ نەوشیروان و لە ڤیەنناوە بۆی ناردوومەتە ئینگلتەرە و هەڵم گرتووە. لەم نامەیەدا پیرۆزبایی لە خۆم و رووناکی هاوسەرم دەکات کە کوڕێکمان بیوو و سەرەتا ناومان نابوو ئارام بەڵام دواتر گۆڕیمان بە کاروان. لە نامەکەیدا کاک نەوشیروان باسی هەندێ شتی کردووە رەنگە خوێنەری ئەم دێڕانە سەری لێ بشێوێت تێ نەگا ئەوە باسی چی دەکات جا لە دامەنی نامەکە ئەو پنتکانەم بەکورتی روون کردوونەتەوە. ئەمەش دەقی نامەکەیە.

برای خوشەویست کاکە هومەرا

سلاویکی گەرم

نامەکەت زور دلشادی کردم، بە تایبەتی هەواله خوشەکەی ئاغای

ولی عهد. پیروزبایی لە خانمتان و لەخوتان ئەکەم کە خوا ولی عهدیکی بە ئیوە و برایەکی بە نازدار و لارا بەخشیوە. ئومیدەوارم لە باوەشی خیزانیکی بەختیار و ئاسودەدا بە ناز و خۆشی وەکو باوکی گەورە بیت و کور جیگەی باوک بگریتەوە.

چاوی نازردا و لارا و ئارام ماچ ئەکەم . سەلام و حورمەتیکی زورم بو روناکی خان هەیە. هیوادارم تەندروست و بەختیار بیت.

کاکە! دەربارەی پاسەکەت، هیوام وایە ئیستە گیر و گرفت نەمابی. خوانەخواستە ئەگەر گیر و گرفت هاتە ریگە و بە هی ناقانونی رازی بویت، وا برادەرانی ئیمە لەم روەوە ئەتوانن شتیکتان بۆ جی بە جی بکەن، ئەوسا یان تلفون بکە وەیاخود من ئەدرەسی برادەرانت بو ئەنیرم خوت رەسم و معلوماتیان بو بنیری. بی گومان پیاو ئەگەر بە ریگە قانونیەکە شتیکی بو بکری پەنا نەباتە بەر ئەم ریگەیە چاکترە.

- ڤیەنای نەحلەتی هەروەکو خۆی وایە، رەنگە ماشین و هەندی شتی تری لی دەربکەی سەد سال بی گۆڕانی تیا نەبوبی. شتی تازە قەبول کرانی ٦٠ -٧٠ پەنابەری کوردە لەوانە ٣ کچی خانەقاکان، نازانم کەی ئەگەن، هەندیکی هولەندە گەیشتون و هەندیکی تریشیان ئەگەن.

- فوئاد هەر عەینی خویەتی نە زور خراپ تر بوە نە چاک تر زور سلاوی هەیە.

- حکیم الدولەش هەروەکو جارانە، لەکاتی حادثەکەدا من لیرە نەبوم، هەر لە رادیودا گویم لی بو، بەلام بەو جورەی ئەو ئەیگیریتەوە، دوای ئاشبەتالەکەی پار و شورشەکەی ١٥ سال لەمەوبەر، روداوەکەی ئەو گرنگ ترین روداوی شورشگیرانەی ژیانی کورد بوە. تبعا" ئارشیفیکی کردوە بو هەمو ئەو وتارو تعلیقانەی لەم روەوە نوسراون.

- کـاک سـەردار روژی ١٦ داخلـی خەسـتەخانە ئەبـی بـو عملیـات، برادەران بە داخەوە نەک هەر پولیکیان بو نەنارد، بەلکو کلمەیەک قسەی خوشیشیان بو نەنوسیوە، وادیارە زبیر (گزارشی خراپی) لی داوە.

باقیەکەی دنیا لە جیگەی خویایەتی هی کوردستان نەبی، ئەلین تعریب لە کەنـدیناوەش دەسـتی پـی کـردوە، لەمەولا ئەبـی حەیـران بە عەرەبـی بلیین!

- خولاسە وەزعی باشە و زور سلامی هەیە.

جاریکی کە بە هیوای خوشیتان هەر بژین بو

نەشیروان

ڤیەنا 7/2/1976

روونکردنەوەی هەندێ پنتکی تەماوی نامەکە:

- نەوشـیروان باسـی (پـاس) دەکـات کە بە ئەڵمـانی واتـا پاسـپۆرت. بەڵـێ، ئەمـن کە دوای 75 لە باڵیۆزخـانەی عیـراق لە ڤیەننـا دەرکـرام و پاسپۆرتەکەشیان لـێ سـەندمەوە پاسـپۆرتێکی ئێرانیم وەرگـرت بە نـاوێکی جـودا. جـا کە چـوومە ئینگلـتەرا و ویسـتم خـۆم لە زانکـۆ تۆمـار بـکەم کێشـەی ناو و پاسپۆرتم تووش بوو. ئەمن هەموو کۆرسـەکانی ساڵەهای خوێنـدنی پێشـترێم لە زانکۆکانی ڤیەننا و پاریس کە ئەوسا عیراقی بووم ئەمـانە هەمـوویم لەگەڵ خۆمـدا بردبـوو. جا لە تۆمارگـای زانکـۆ سـەیریان کرد کە من شەخسێکی تر و خەڵکی وڵاتێکی ترم. کێشـەم بۆ دروسـت بـوو بـۆیە هانـام وەبەر کـاک نەوشـیروانەوە بـرد کە بەڵگەیەکـی عیراقـی بـوونی پێشـترێم بـۆ پەیـدا بکـات. ئێتـر ئەوەیە کە ئەو لەم نـامەیەدا باسـی دەکات.

کاک نەوشیروان دەڵێ " حکیم الدولەش هەر وەکو جارانە".

وەختی خۆی کاک کەمال فوئاد یادی بەخێر هەر بۆ نوکتە ناو و لەقەبی سەیر سەیری ئێرانی دەبەخشییە زۆرێک لە کوردانی ئەورووپا. جا لەقەبی (حکیم الدولە) واتا دکتۆرالدولە بەر دکتۆر وریا ڕەواندزی کەوتبوو. دکتۆر وریاش ئەو وەختە شتێکی زۆر ناوازەی کردبوو کە دنیا باسی دەکرد. لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا کارلۆس ناوێکی خەڵکی وڵاتێکی ئەمەریکای لاتین بە زەبری چەک دەستی بەسەر فرۆکەیەکی پڕ لە ئەندامانی پلە بەرزی ڕێکخراوی (ئۆپێک OPEC) لە فرۆکەخانەی ڤیەننا داگرتبوو کە وەزیری نەوتی سعودی (ئەحمەد زەکی الیمانی) شیان لەناو بوو. بەڵام لە ئەنجامی شەڕە گوللە لەگەڵ پۆلیسی نەمسا چەند کەسێک لەناو فڕۆکەکە بریندار بوون. کارلۆس داوای کرد دکتۆرێک بنێرنە ناو فڕۆکەکە و لەگەڵیان بمێنێ بۆ چاوەدێریکردنی بریندارەکان تا دەگەنە شوێنی مەبەست کە هەر خۆیان دەیانزانی کوێ یە. هیچ پزیشکێک لە ڤیەننا نەوێرا لەگەڵیان سوار بێ تەنها دکتۆرێکی کورد نەبێ ئەویش ئەم وریا ڕەواندزییەی خۆمان بوو. دکتۆر وریا خۆبەخشانە بەگەڵیان کەوت تا فڕۆکەکە وا بزانم لە الجزایر نیشتەوە ئینجا کارلۆس سوپاسی کرد و ڕێگای دایێ بگەڕێتەوە بۆ نەمسا. ئەمە ئەو چیرۆکەیە کە کاک نەوشیروان باسی دەکات.

نەوشیروان باسی سەردار ناوێک دەکات. کاک سەردار دەلو خەڵکی خانەقین بوو و لە پێشمەرگایەتی گوللەی پێ کەوتبوو و دەستێکی سەقەت ببوو. دیارە ناردبوویان بۆ ڤیەننا بۆ نەشتەرگەری و لەوە دەچی لە ڤیەننا مەیلی جەلالییانی پەیدا کردبێ. جا نەوشیروان دەڵێ گوایا (زبێر) کە کوردێکی سوری و بەرپرسی پارتی بوو لە نەمسا دەبێ ئەو خەبەری خراپی لێ دابێ بۆیە پارتی، کە خۆیان ناردبوویان بۆ عیلاج، پشتیان تێ کردبوو. ئەمە بڕوای کاک نەوشیروان بوو.

کەریم پیرۆتییش کوردێکی زۆر کوردپەروەری خەڵکی موکریانە کە بۆ خوێندنی پزیشکی هاتبووە ڤیەننا و ئێستا دکتۆرێکی زۆر سەرکەوتووە لە گوندێکی باکوری نەمسا. کاک کەریم کە ئەویش کوڕە ئاغایەکی دێبوکری بوو و لە قسەکردندا وەک هەموو ئێرانییەکان وشەی (خولاسە)ی زۆر بەکار دەهێنا. سەبارەت بەوە نەوشیروان لەقەبی خولاسەی بە کەریم پیرۆتی وەنابوو و لای خۆمان هەر دەیگوت کەریم خولاسە.

یادی بەخێر کاک نەوشیروان، ساڵانێکی خۆشمان پێکەوە لە ڤیەننا بەسەر برد. بە دڵنیاییشەوە دەڵێم کە ڕێز و خۆشەویستیی زۆرمان بۆ یەکتری هەبوو هەرچەندە کە جاروبار لەسەر سیاسەت بە توندیش موناقەشەمان دەبوو بەڵام دواجار دەمانکرد بە گاڵتە و نوکتە و لە بواری کولتور و شیعر و ئەدەبیات و موزیکیشدا زۆر هاوبیر و هاوچێژ بووین.

ڤیەننا، 1987 یان 1988

لە چەپەوە: کچێکی کرماشانی، ئامانج مارف، جەمیلە خان، شێرکۆ بێکەس، هۆمەر دزەیی، ئەحمەد عەدنان، دیدوان دزەیی، کەریم پیرۆتی و ......

ڤیەننا، لە ماڵی هۆمەر دزەیی، لە ڕاستەوە: نەوشیروان مستەفا، هۆمەر دزەیی، نازداری کچی لە باوەشییەوە، ڕووناکی هاوسەری هۆمەر، دکتۆر وریا ڕواندزی، فوئاد مەلا مەحموود

نەوشیروان مستەفا، نازداری کچی هۆمەر دزەیی، لە ماڵی هۆمەر لە ڤیەننا، ساڵی 1974



نامەکەی نەوشیروان مستەفا بۆ هۆمەر دزەیی

ڤیەننا، لە ماڵی دکتۆر عومەر حەمەد

لە ڕاستەوە: یۆهانا، هاوسەری دکتۆر کەریم پیرۆتی. د. عومەر حەمەد، د. کەریم پیرۆتی، هۆمەر دزەیی و ....

-12 -
کورد و دووەم دەوڵەتی عێراق
هۆمەر دزەیی

لە سەروبەندی دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن و کێشمەکێشی نێوان کورد و عەرەب کە ئایا کورد چی بەر بکەوێ لە دەستوری نوێی عیراق و سیستەمی حکومەتی عیراقیی هێشتا دانەمەزراودا بیرۆکەی ئەم گوتارەم بۆهات کە بە ئینگلیزی بینووسیم تا بینێرم بۆ ڕۆژنامەیەکی ئەمەریکی بۆمی بڵاو بکاتەوە. بۆیە بیرم بۆ بە ئیگلیزی نووسینەوە و بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەیەکی ئەمەریکی چوو چونکە ئەمەریکا بوو کە ڕێژیمی سەدامی بۆ ڕووخاندبووین و دەسەڵات و بڕیار لەسەر چارەنووسی عیراقی دوای سەدامیش هەر بەدەست ئەوانەوە بوو. مەبەستیشم بوو ڕای گشتی و هاوسۆزیی و پشتیوانیی جەماوەری ئەمەریکی بۆ پرسی کورد ڕاکێشم کە زۆر جار کاریگەریی ئەرێنیی لێ دەکەوێتەوە. هەر چۆنێکی بێ نووسیمەوە بەڵام نەمنارد، پێچامەوە و خستمە سەر تاخچەی مێژوو.

ئێستاکێش کە سەیری ئەم قۆناخە زۆر ناسک و هەستیارەی حاڵی کورد دەکەم پێم وایە کڕی هاتووە و جێی خۆیەتی ئەو گوتارە هەڵگرتووەم لە گەردی مێژوو داتەکێنم و بڵاوی بکەمەوە.

جا ئەمەی خوارەوە ئەوە ئۆریگیناڵە ئینگلیزییەکە و هەر لەلایەن خۆشمەوە تەرجەمە کوردییەکەیەتی بە کەمێ دەسکارییەوە.

The Kurds and the second Iraqi State

Homer Dizeyee

Iraq was founded by the British in 1921 as one of the new States as a result of the dismemberment of the Ottoman State following WW.1

On the outset, this new State has been founded on artificial basis

out of three Ottoman Wilayets (provinces), the Basra, Baghdad and Mosul with no coherent cultural and economic ties to one another. The Basra wilayet, the population of which was predominately Shia Arabs, had trade and commerce links rather to its south, the Persian Gulf and the Indian peninsula, than to other Ottoman wilayets. Baghdad wilayet, both Shiite and Sunnis, because it included within its borders the two holy Shiite pilgrim sites of Najaf and Karbala enjoyed prosperous commercial links to Iran. The Mosul wilayet, predominately Kurdish 95% Kurdish according to Arnold Wilson, Mesopotamia Between two Loyalties (London 1914 - 1917) culturally and commercially had been closer to the Aleppo wilayet, now a Syrian province, than to the two other wilayets of its south. Disregarding the desire and the opinion of the population of these three wilayets the British forcibly put them together to establish a new State to which they gave an old geographical name, Iraq. worse, the British imposed a Sunni, minority in the new State, government on a majority Shiite population. still worse, they brought a Sunni Arab prince, Faisal, from another Ottoman wilayet, Hidjaz, now part of Saudi Arabia, and made him king of Iraq. Thusan amalgamation of Shiites, Sunnis and Kurds on the top of which a king from Hidjaz.

As a matter of fact, until about the end of WW1 in 1918,

the British colonialists had in mind to establish the new State, Iraq, out of the two Basra and Baghdad wilayets they occupied right at the beginning of the war 1914 - 1915. The Mosul wilayet has not been captured until the end of the war in 1918. Even after the occupation of the Mosul wilayet this Kurdish province has become a hot issue because, on the one hand, its Kurdish population wanted to establish their own independent Southern Kurdistan State and the Ottomans, on th other hand, knowing that they were losing the Arab wilayets, were insisting on retaining this Kurdish wilayet within their new borders. However, after the discovery of oil in Kerkuk in the Kurdish wilayet the British has decided to attach this province to the Basra and Baghdad provinces and establish the new Iraq State out of the three former Ottoman provinces. the British had three goals in mind when they made their decisionfirst: to own the newly found oil wells because according to the Sykes- Picot Agreement 1916 between Britain and France, Iraq would fall under British mandate; second: to increase the Sunni vote in Iraq (the Mosul wilayet is Sunni Kurd) to balance the Shiite refusal to accept a Sunni King brought from Hidjas ; and third: a State with bizare mixture of ethnic and sectarian diversity would best serve the colonial principle of Divide and Rule.

The new State of Iraq has been proclaimed in 1921, became a member of the League of Nations in 1925 and virtually no decade has passed since without a Kurdish revolt against this forceful annexation of their country to an Arab State" .We ask the new civil adminstration not to allow the Turks to return to our country and not o let the Arabs to rule us These were the conditions the two Kurdish delegates, Khorshid Agha Dizeyeethe uncle of the author of these linesand Ahmed Effendithe husband of this author`s auntwho represented the Kurds in Arbil forwarded to the British Political Officer in ArbilArnold Wilson, in return of their support to the British (Arnold Wilson, Mesopotamia between two loyalties

1914 - 1917.) Kurdish hopes have been dashed and southern Kurdistan was annexed to Iraq. Soon after, the new Arab rulers started to dismember the cohessiveness of the Kurdish area. They detached Kurdish towns of Duhok, Zakho, Akra, Sheikhan and Sinjar from the Kurdish mainland and annexed them to the newly administrative unit of Liwa Mosul dominated by Arabs; they detached Khanaqin, Mandali, Badra, Jassan, Hayy and other townships from Kurdish mainland and annexed them to the newly established Arab provinces of Liwa Diyala and Liwa Koot.Furthermore, they started bringing Arab tribes to the oil rich areas of Kerkuk mainly in Hawidja area south of the city. All this without asking the Kurdish population of these areas. The frustrated Kurds resorted to arms struggle until the monarchy was toppelt in a military coup in 1958 and a replace republican system was established. The Kurds supported the new regime hoping their dreams would finally come true. Frustrated anew, they were brutally treated by successive republican governments including the use of chemical weapos by the Baathist regime of Saddam Hussein in .1988

Iraq as State collapsed on April 9, 2003 as a result of US led coalition attack. The government has been dissolved, the armed forces disbanded and even the Iraqi flag no more aknowledged by many communities on top of them the Kurds.

Now, the iraqis are in the process of building a second Iraqi state. According to recent polls and an unofficial referandum held by Kurdish NGOs, more than 98% of the Kurds do not want to be part of a new Iraqi state; they want to have their own independent homeland. They are bitter about the double standard policy of the US led alliance that Iraq must remain as a unified country. They are asking: Why was it right for Palestine to be split to two? right for the Soviet Union to be dissolved? right for Yugoslavia to be dismembered? for Tchechoslovakia to be divided to two? for East Timor to

seperate from Indonesia? for Eriteria to quit Ethiopia? Thus, the Kurds are asking what would be wrong for the artificial state of Iraq to be split to two states, Iraqi and Kurdish? The Kurdish leaders, though discretely showing the views of their compatriots, are obliged to look at the issue from more pragmatic angle. They know that neither the US led alliance nor the neighboring countries are willing to allow the birth of a separate Kurdish state in the Middle East they therefore have suggested a loose federal system for the second Iraqi state which would be based on two main nationalities, Arabs and Kurds with defined geographical boundaries. They gave as example for such a federal system, Canada, former Tchechoslovakia, Belgium, and Switzerland, all of them with two or more nationalities living on their own historical territories. The Kurds, rightly, want for this federal system to be a voluntary Union .

As the first Iraqi State collapsed because it had been built on false, unrealistic foundation, the Iraqis and the world community should realize that a second Iraqi State would end up with the same fate unless the Kurds get their full legitimate rights including the right of self determination enshrined in the new constitution.

The ills of this country its Kurds. They have been behind Iraq`s compromise of territories to Iran at Algiers in 1975; the Kurds were behind the Iran - Iraq war 1980 - 1988 when Saddam Hussein thought his country was strong enough to recapture the territories lost to Iran in the Algiers Agreement; the Kurds were behind the Iraqi invasion of Kuweit in 1990 as a consequence of Iran - Iraq war.

To conclude, is it not time for the world community to realize that the Kurds, in all parts of their divided homeland, Kurdistan, deserve an independent State of their own ?

ئەوەش کوردییەکەیەتی بە هەندێ دەسکارییەوە:

کورد و دووەم دەوڵەتی عیراق هۆمەر دزەیی

عیراق لە ساڵی ١٩٢١ لەلایەن بریتانییەکانەوە دامەزرا وەک یەکێک لەو دەوڵەتە تازانەی کە لە ئەنجامی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانیی دوای یەکەم جەنگی جیهان سەریان هەڵدا.

ئەم دەوڵەتە نوێ یە هەر لە دەسپێکا بە سەقەتی لە دایک بوو. چونکە لە سێ ویلایەتی عوسمانییەوە تێک هەڵکێشرا کە هیچ پەیوەندییەکی نە فەرهەنگی نە ئابووریی توکمەیان بە یەکەوە نەبوو، ویلایەتی بەسرە و ویلایەتی بەغدا و ویلایەتی موسڵ. ویلایەتی بەسرە کە دانیشتوانی بە زۆرترایەتی هەرە زۆری عەرەبی شیعە بوون هەموو کاروباری بازرگانی و ئابوورییان لەگەڵ ناوچە باشوورییەکانی خۆیان لە کەنداوی فارسی و لە نیمچە دورگەی هیندی بوو نەک لەگەڵ ویلایەتەکانی تری عوسمانی. ویلایەتی بەغدا کە دانیشتوەکانی شیعە و سوننە بوون بەڵام چونکە شارە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلای شیعان کەوتبوونە ناو سنووری ئەم ویلایەتە ئەوان زیاتر وابەستەی ئێران بوون لە بواری هاتوچۆ و ئاڵوگۆڕی کولتووری و ئابووری و بازرگانیانەوە. هەرچی ویلایەتی موسڵە، ئەمەیان کە بە پێی ئارنۆڵد ویڵسن لە کتێبی یادداشتەکانیدا (میزۆپۆتامیا لە نێوان دوو وەفادارییاندا Mesopotamia between two loyalties

1917 - 1914 لە سەدا ٩٥ ی 95% کورد بوون و ئەوانە لە بواری کولتوور و ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە زیاتر

لە ویلایەتی حەڵەبەوە نزیک بوون تا لەگەڵ دوو ویلایەتەکەی بەغدا و بەسرە. جا بێ ئەوەی گوێ بداتە حەز و ئارەزووی دانیشتووانی ئەو سێ ویلایەتانە، بریتانیا هەرسێکیانی پێکەوە لکاند، دەوڵەتێکی نوێی پێ دامەزراند و ناوێکی جۆگرافی کۆنی بۆ هەڵبژارد، عیراق. لەوەش خراپتر، هەڵستان حکومەتێکی سوننەیان بەسەر وڵاتێکا داسەپاند کە زۆرترایەتی

هەرە زۆری شیعە مەزهەبن. هێشتا لەوەش خراپتر، ئەمیرێکی عەرەبی سونني مەزهەبیان (فەیسەل) لە ویلایەتێکی دیکەی عوسمانییەوە (حیجاز) هێنا و کردیان بە مەلیکی عیراق. بەم جۆرە وڵاتێکی چێشتی مجێور ئاسایان (شیعە و سونە و کورد) پێک وەنا و مەلیکێکی حیجازیشیان لەسەر دانا.

راستییەکەی، خۆی بریتانییەکان تا ساڵی 1918 نەگەیشتبوونە ویلایەتی موسڵ و ئەوان هەر لە سەرەتای دووەم جەنگی جیهانا لە ساڵانی 1914 - 1915 دوو ویلایەتەکەی بەسرە و بەغدایان گرت و پلانیان دانابوو کە دەوڵەتە نوێکەی ناویان نا عیراق لەو دوو ویلایەتە دابمەزرێنن. کە لە ساڵی 1918 ویلایەتی مووسڵیشیان گرت لێرەدا تووشی چەندین گرفت و کێشە بوون. لەلایەکەوە خەڵکی ئەم ویلایەتە کوردییە دەیانویست دەوڵەتێکی سەربەخۆی باشووری کوردستان دابمەزرێنن. لە لایەکی ترەوە عوسمانییەکان کە بینییان دوو ویلایەتە عەرەبییەکەی بەسرە بەغدایان لە دەست چووە، سوور بوون لەسەر ئەوەی کە هەر نەبێ ویلایەتی مووسڵ، کە عەرەب نییە، نەدۆڕێنن و لەناو سنووری نوێی خۆیانیدا گل بدەنەوە. بەڵام لەپاش دۆزینەوەی نەفت لە کەرکوک کە لە ویلایەتی موسڵی کوردی بوو بریتانیا بڕیاری دا ئەم ویلایەتەش بخاتە سەر دوو ویلایەتە عەرەبییەکەی بەسرە و بەغدا و عیراقە نوێکە لەو سێ ویلایەتەوە دابمەزرێنێ. بریتانیا لەو مشتومڕەدا سێ ئامانجی لەبەرچاو گرتبوو، یەک: ببێ بە خاوەنی ئەو نەفتەی کە تازە لە کەرکوک دۆزرابووەوە چونکە بە پێی پەیمانی پێشتری سایکس - پیکۆ 1916 لە نێوان بریتانیا و فرانسە بۆ دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی ویلایەتەکانی بەسرە و بەغدا بەر بریتانیا دەکەوت و سووریاو فەلەستینیش بۆ فەرەنسا (لوبنان و ئوردن هێشتا وجودیان نەبوو). بۆیە بریتانیا هەوڵی دا و بۆشی چووە سەر کە ویلایەتی موسڵی دەوڵەمەند بە نەفت بخرێتە سەر دوو ویلایەتەکەی پێشتر. دوو: دانیشتووە شیعەکانی دوو ویلایەتەکەی پێشتر قەبووڵیان نەبوو ئەمیرێکی سونني حیجازی (فەیسەل)

بکرێ بە مەلیکیان. هەر خودی فەیسەڵ خۆی بۆ بریتانییەکانی نووسی کە ئەگەر بێتو ویلایەتی موسڵی سوننەی بۆ نەخەنە سەر دوو ویلایەتە شیعەکەی بەسرە و بەغدا ئەوا مەحاڵە شیعەکان پێی رازی ببن ببێ بە مەلیکیان. بۆیە و بۆ زیاترکردنی ژمارەی سوننە لە عیراقێکی نوێدا بریتانیا مەبەستی بوو ئەو ویلایەتە سوننەیە (موسڵ) بخرێتە سەر دوو ویلایەتە شیعەکە. سێ: وڵاتێکی بریتی لە هەڕەمەیەکی شیعە و سوننە و کورد کە هەم بە نەژاد هەم بە ئایینزا (مەزهەب) زۆر لێک دوورن ئەوە پڕ بە پێستی خۆیەتی بۆ سیاسەتی بە ناوبانگی کۆلۆنیالیزمی بریتانی (divide and rule، تێکی بدە و حوکمی بکە، فرق تسد).

بەم جۆرە، دەوڵەتێکی نوێ بە ناوی عیراق لە ساڵی 1921 دامەزرا و لە ساڵی 1925یش بوو بە ئەندامی (کۆمکاری میللەتان league of Natons . بەڵام لەوساشەوە کورد هەمیشە هەر لە سەرهەڵدان و دژایەتی کردنی ئەو عیراقە عەرەبی یە بوو کە بە داری زۆرێ وڵاتی کوردیان پێوە لکاندبوو. " ئێمە داوا لە بەڕێوەبەرایەتی سیڤیلی نوێی بریتانی دەکەین نەهێڵن تورک جارێکی تر روو لە وڵاتی ئێمە بکەنەوە و رێگاش نەدەن بە عەرەب حوکمی ئێمە بکەن." ئەمە دوو مەرجی کوردەکان بوو کە نوێنەرەکانی هەولێریان، خورشید ئاغای دزەیی و ئەحمەد ئەفەندی (ئەحمەد عوسمان) پێشکەشی ئارنۆڵد ویڵسن، ئەفسەری سیاسیی بریتانیان کرد بەرامبەر بەوەی کە ئەوان پشتگیری لە هاتن و مانەوەی بریتانیا بکەن [خورشید ئاغا مامی هۆمەری دزەیی بوو و ئەحمەد ئەفەندیش مێردی پووری، مێردی خوشکی دایکی] . بەڵام خەون و خەیاڵی کوردەکان بوو بە سەراب و، دەرەنجام، باشووری کوردستان هەر لکێندرا بە عیراقە تازەکەوە.

هێندەی پێ نەچوو دەسەڵاتدارە نوێیە عەرەبەکان دەستیان بە عەرەباندنی ناوچە کوردییەکان کرد. کابرایەکی نەتەوەپەرستی عەرەبی سووریان هێنا (ساطع الحصري) کردیانە بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی مەعاریفی عیراقی کە بەرپرسی نووسینەوە و لەچاپدانی هەموو کتێبەکانی

مێژوو بوو لە قۆناخی خوێندنی سەرەتایی و دوای ئەوەش کە بە ئاشکرا هەستی عەرەبچیاتییان لێ دەتکایەوە. شار و شارۆچکەکانی ندهۆک، زاخۆ، ئاکرێ، شێخان، سنجار ئەوانەیان هەموو لە وڵاتی کوردان داپچڕاند و خستنیانە سەر ئیدارەیەکی نوێ بە ناوی لیوای موسڵ. هەر بەوە نەوەستان، ئینجا هەڵستان خانەقین، مەندەلی، بەدرە، جەسسان، حەی (حيّ) و چەند شارۆچکەی دیکەشیان لە خاکی کوردان دابڕاند و خستیانە سەر دوو لیوای نوێی عەرەبان، لیوای دیالە و لیوای کوت.

بەوەش تێر نەبوون ئەمجارە هەڵستان عەرەبێکی زۆریان هاوردە کرد بۆ ناوچەی حەویجەی پڕ لە نەفتی نزیک شاری کەرکوک. ئەوە هەمووی بێ ئەوەی یەک پرس بە دانیشتووە کوردەکانی ئەو ناوچانە بکەن.

کوردی دڵساردبووەوە ناچار دەستی بە خەباتی چەکداری کرد تا ساڵی 1958 کە حوکمی مەلەکی لە عیراق داتەپی و سیستەمی کۆماری دامەزرێندرا. کوردەکان یەکسەر پشتگیریيان لەو رێژیمە نوێیە کرد بە هومێدی بەدیهێنانی خەونە دێرینەکەیان. زۆری نەبرد سەر لە نوێ لەلایەن هەموو حکومەنە کۆمارییە نوێکانیشەوە داپەڵۆسران و تەنانەت لە سەردەمی بەعسییەکانی سەدام حوسێنا ساڵی 1988 بە چەکی کیمیاویش ژەهراوی کران. بەڵام لە رۆژی 9 ی مانگی گوڵانی ساڵی 2003 عیراق لە ئەنجامی هێرشێکی هاوپەیمانیی بە سەرکردایەتی ئەمەریکا وەک دەوڵەت وجودی نەما. حکومەت هەڵوەشا، هێزە چەکدارەکان بەرەڵا کران، تەنانەت ئاڵای عیراقیش لەلایەن زۆرترایەتیی عیراقییانەوە بە تایبەتی لە لایەن کوردەکانەوە چیتر بە ئاڵای خۆیان نەناسرا.

ئەوە بوو کە عیراقییەکان کەوتنە پرۆسەی دامەزراندنی دووەم دەوڵەتی عیراقی. بە پێی ریفەراندۆمێکی نا فەرمی کە لە لایەن NGO یەکی کوردییەوە رێکخرابوو دەرکەوت کە پتر لە 98% ی کورد نایانەوێ لەناو دەوڵەتێکی نوێی عیراقیدا بن، بەڵکو دەیانەوێ دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆیان هەبێ.

کورد دڵی لە سیاسەتی دووڕوویی هاوپەیمانیی بە سەرکردایەتیی ئەمەریکاش سارد بووەتەوە کە دەڵین عیراق دەبێ وەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو بمێنێتەوە. لێرەدا پرسیاری کورد ئەمەیە: بۆچی دروستە بۆ فەلەستین ببێ بە دوو دەوڵەت ؟ دروست بوو بۆ یەکیەتی سۆڤییەت هەڵبوەشێت ؟ بۆ یوگۆسلاڤیا تەخشان و پەخشان بکرێت ؟ بۆ چیکۆسلۆڤاکیا بکرێت بە دوو دەوڵەت ؟ بۆ تیمۆری رۆژهەڵات لە ئیندۆنیسیا جیا ببێتەوە ؟ بۆ ئەریتریا لە ئیسیۆپیا دا بپچڕێندرێت ؟

جا کوردەکان دەپرسن بۆچی ئەو هەڵوەشاندنەوەیە بۆ دوو یان چەند دەوڵەتیە بۆ ئەوانە حەڵاڵ بێ، بۆ کورد حەرام بێ ؟

لە ئەنجاما، رێبەرانی کورد هەرچەندە کە لە ژێر لێوانا هەر هەمان دڵساردبوونەوەیان لەگەڵ هاوولاتیە دڵساردبووەکانی خۆیانا دەردەبڕی، چاریان ناچار بوو لەسەرەوە لە روانگەیەکی زیاتر پراگماتیکانە بڕواننە کێشەکە. ئەوان تێ گەیشتبوون کە نە لە نیازی هاوپەیمانی بە سەرکردایەتی ئەمەریکا دایە نە وڵاتە دراوسێکانی کوردیش دەیانەوی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستا لە دایک ببێ. بۆیە کاربەدەستانی کورد بە نابەدڵیەکی زۆرەوە پێشنیازێکی نوێیان خستە روو کە وەک دەڵێن " نە شیش بسووتێ نە کەباب ."

پێشنیازەکەیان ئەوە بوو کە سیستەمێکی فیدەراڵی شاش و واش بکرێتە بەر ئەو عیراقە تازەیە، سیستەمێک لەسەر بنەمای دوو نەتەوەی عەرەب و کورد هەر یەکەیان لەناو سنووری جۆگرافی نیشتمانیی دیاریکراوی خۆیدا باڵادەست بێ. کوردەکان ئەم چەند نموونەیان هێنایەوە یاد کە چەند میللەتێک بەتەبایی و بە ئاشتی پێکەوە بژین: کەنەدای فیدەراڵ، چیکۆسلۆڤاکیای جاران، بەلژیکاسویسرا کە هەموویان بە دوو یان زیاتر نەتەوە پێکەوە لەناو یەک وەتەندا و هەر یەکە لەسەر خاکی مێژوویی خۆیدا بە خۆشی و برایانە دەژین. کوردەکانیش دەیانەوێ پێکەوە ـژیانی ئەو نەتەوانە لەناو ئەم وڵاتە یەکگرتووەدا بە ویستی خۆت بێت نەک بە سەپاندن.

ئێستاکەش دەبێ وانە لە واقیعی نوێی ئەم عیراقە وەربگیرێت، دەبێ بزانرێت کە یەکەم دەوڵەتی عیراقی لەبەر ئەوە شکستی هێنا چونکە لەسەر بناغەیەکی چەوت و

ناواقیعی بنیادنرابوو، خودی عیراقییەکان خۆیان و کۆمەڵگای جیهانیش دەبێ بزانن کە سەر لە نوێ دامەزراندنی دەوڵەتێکی تری عیراقی هەر هەمان بەختە رەشەکەی پێشتری بە نەسیب دەبێ ئەگەر گەلی کوردان بە هەموو مافە نەتەوەییەکانی خۆی نەگات لەناویانا مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆت بە دەستی خۆت و ئەمەش هەمووی بە روونی لەناو دەستوورێکی نوێی عیرقدا بچەسپێندرێ.

عیراق، هەر لەگەڵ دامەزراندنیدا، دەردی گرانی بێ دەرمانی کێشەی کوردەکەی بووە . هەر کێشەی کورد بوو لەپشت شەڕی ئێران - عیراق کە سەدام لە رێکەوتنی الجزایر ساڵی 1975 هەندێ خاکی عیراقی بۆ ئێران بەجی هێشت بەرامبەر بەوەی کە شای ئێرانێ چیتر پشتی بزووتنەوە چەکدارییەکەی کوردی عیراق نەگرێ; هەر کێشەی کورد بوو لە پشت شەڕی دووەمی ئێران - عیراق 1988 - 1980 کە سەدام هەستی کرد وڵاتەکەی بەهێز بووە و ئێرانی دوای رێژیمی شاهیش پشتیوانیی رۆژئاوای نەماوە و ویستی خاکە دۆڕاوەکانی لە ئێران بسەنێتەوە; هەر کێشەی کوردیش بوو کە بوو بە هۆی هێرشی سەدام حوسێن بۆ سەر کوێت هی ساڵی 1990 ئەوەش هەر پەیوەندی بە شەڕەکەی پێشتری ئێران - عیراقەوە بوو.

خولاسە: هەتا کورد، نەک هەر لە عیراق، بگرە لە هەموو بەشەکانی کوردستانە دابەشکراوەکەی بە مافی نەتەوەیی خۆی نەگات، مەحاڵە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بارودۆخێکی سیاسیی جێگیر بەخۆیەوە ببینێ.

-13-
ترازووی هاوسەنگ نەک لاسەنگ
عێراقی بانێک و دوو هەوا[3]

عەرەبی عێراق داوا لە کورد دەکەن ئەمانیش وەکوو عەرەبەکان خۆیان بە عێراقی بزانن و بناسێنن و وەکوو ئەوانیش پابەندی هەڵوێستی حکومەتی بەغدا بن لە سیاسەتی دەرەوەی.

ئەمە جوانە و حەقی خۆیانە، کە لە وڵاتێکی فیدراڵدا هەر دەبێ وابێ، بەڵام دیارە نازانن یان دەزانن و خۆیان لە گێلی دەدەن کە بەپێی دەستوری عێراقی (العراق دولة اتحادية) ئەو سیاسەتە دەرەوەییەش تەبای سیاسەتی ناوەوەیی دەبێ بۆ هەردوو لا یەکسان بێ، کە عەرەب داوا لە کورد بکات بەرگری لە کێشەی فەلەستین و دژایەتیی ئیسرائیل بکات، دەبێ کوردیش چاوەڕێی ئەوە بێ عەرەبی عێراق بەرگری لە پرسی ڕەوای کورد لە تورکیا و ئێران و سووریا بکات و دژایەتیی ئەو سێ حکومەتانە بکات کە هەموو دونیا دەزانێ مافی نەتەوەیی کوردیان پێشێل کردووە، کە عێراق یارمەتیی دارایی بۆ شەڕکەرانی فەلەستینی بنێرێت، دەبێ بە هەمان ئەندازە یارمەتیی دارایی بۆ خەباتکارانی کوردی نا-عێراقیش بنێرێت، پارەی عێراق هی عەرەب و کوردە، چۆن تۆ کێشەی عەرەبی دەرەوەت هەیە منیش کێشەی کوردی دەرەوەم هەیە.

جا تەنها بە لەبەرچاوگرتنی ئەم واقیعە بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ئەو یەکسانییە لە سیاسەتی دەرەوەدا هەردوو لا دەگرێتەوە.

بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان نەماندی و نەمانبیست بەغدا خەمخۆری کوردە ناعێراقییەکان بووبێت، چونکە نەبوونی مافی نەتەوەیی کوردانی ئەو کوردستانانە و تەنانەت چەوساندنەوەشیانی بە کێشەی خۆی دانەناوە.

---

(3) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە(4213) یەکشەممە 15ی کانوونی یەکەمی ساڵی 2024 بڵاوکراوەتەوە.

سیاسەتی ئەمڕۆی بەغدا و هی لەمێژینیشی هەر ئەوە بووە کە نابێ عێراق ئەو سێ دەوڵەتە دراوسێیەی کە هەر یەکە بەشێکی کوردستانی تێ کەوتووە، لە خۆی بتۆرێنێت.

ئا لێرەدا پرسیارێک سەری قوت دەکاتەوە؛ بۆچی هەر کورد دەبێ پابەندی بەندەکانی دەستووری عێراقی بێت و بەرگری لە کێشەی فەلەستین و هەر کێشەیەکی تری عەرەبی ناعێراقی بکات و لە پێناودا زلهێزە خاوەن بڕیارەکان لەخۆی بکاتە دوژمن، کەچی عەرەبی عێراق قورقەپی بکات بەرامبەر بە باری نالەباری کوردانی ناعێراقی؟!

جا کوردی عێراق داوا لە بەغدا دەکەن ئەم ترازووە لاسەنگە پێویستە هاوسەنگ بکرێتەوە، داوا دەکەن نابێ عێراق بانێک و دوو هەوا بێ.

هۆمەر دزەیی لە نێوان مام جەلال و کاک مەسعوود

سەرۆک کۆماری عێراق مام جەلال تاڵەبانی لە نێوان هۆمەر دزەیی ڕووناک خانی هاوسەری

-14-

کولتووری بەعس لەناو دەسگا حیزبی و حکوومییەکان و میدیاکانیان لە هەرێمی کوردستان بەردەوامە

لە مانگی رابردوو 2 کۆنسێرتی گۆرانیم لە هەولێر و سلێمانی ئەنجام دا کە بە سپۆنسەریی وەزارەتی رۆشەنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو و مایەی سوپاسگوزاری و منەتباریمە.

لەم مانگەشدا گروپێکی موزیکاڵی زۆر سەرکەوتووی ئیتالی ئەوانیش 3 کۆنسێرتیان لە بەغدا و سلێمانی و هەولێر پێشکەش کرد.

ئەوەی کە لە ئەنجامی ئەو بۆنە هونەرییانەدا سەرنجیان راکێشام ئەم تێ بینییانەی خوارەوەمن.

با جارێ بە کۆنسێرتەکەی سلەیمانیم دەست پێ بکەم. من لەسەر شانۆکە دەمبینی کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی بواری هونەر و ئەدەبیات و رۆشەنبیری کورد لە هۆڵەکەدا دانیشتبوون. هەر بۆ نموونە، شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەس، زانای مێژووی ئەدەبیاتی کوردی پرۆفێسۆر عزالدین مستەفا رەسوڵ، بیرمەندی لە جۆرەها بواردا پسپۆڕ سەلاحوددینی موهتەدی، هونەرمەندی خۆشەویست بەهجەت یەحیا و دکتۆری پزیشک عەتیە ساڵحی و پرۆفێسۆری بواری قانون دکتۆر نوری تاڵەبانی. هەروەها بیستم کە ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەند و شاعیر و نووسەر و مامۆستای زانکۆ و پزیشک و رۆشەنبیرانی دیکە و حەشاماتێکی بێ ژمار لە لاوی کورد بە کوڕ و کچی هونەدۆست ئامادەی کۆنسێرتەکە بوون.

لەناو هەموو ئەمانەشدا ئەندامی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان خانم نەرمین عوسمان ئەویش لە ریزی پێشەوە دانیشتبوو.

جا ئەوەی کە مـن دەمەوێ پیشـانی بـدەم ئەوەیە کە چەنـد ڕۆژێـک دوای کۆنسێرتەکە ڕۆژنامەی عەرەبی زمانی یەکیەتی " الاتحاد" ڕۆژی 2012/11/3 لە دوا لاپەڕەیـدا شـتێکی جـوانی لەسـەر کۆنسـێرتەکە نووسیبوو. بەڵام ئەوەی کە لەو نووسینەدا سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو کە لەناو ئەو هەموو ڕۆشەنبیرانەی کە ئامادەی کۆنسێرتەکە بوون "الاتحاد" تەنیا ناوی نەرمین عوسمانی هێنابوو. وەک بڵێیت کەسایەتی نەرمین خان چونکە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبێکە دەبێ لە کەسایەتیی خەباتکارێکی ماندوو نەبووی وەک دکتۆر عزالدین مستەفا ڕەسوڵ کەوەتا نزیکەی شەست دانە ساڵە خزمەتی مێژووی ئەدەبی کوردی دەکات گرنگتر بێ، دەبێ لە کەسایەتیی یەکێک لە گەورەترین شاعیری ئەمڕۆمان کە شێرکۆ بێکەسە گرنگتر بێ، دەبێ لە کەسایەتیی پسپۆڕێکی تا خوا حەز دەکات شـارەزا لە بـواری سیاسـەت و ئەدەبیـات و مێـژوو و کـۆمەڵایەتی و ... نـازانم چـی دیـکەش سـەلاحوددینی مـوهتەدی گرنگتـر بـێ، دەبـێ لە هونەرمەندێکی گەروو زێڕینی وەک بەهجەت یەحیا گرنگتر بێ. دیارە دەبـێ ئەنـدامێکی سـەرکردایەتی حیزبێکـی کـوردی لەو هەمـوو کەسـایەتییانەی بـواری فەرهەنـگ و ڕۆشـەنبیری گرنگتـر بێـت کە ڕۆژنـامەیەک لەنـاو هەموانـدا هەر باسـی بەشـداربوونی ئەو بکـات لە کۆنسێرتەکە!!

لێرەدا حەز دەکەم بزانرێ کە من ڕێزێکی تایبەتیم بۆ خودی نەرمین خان هەیە و وەک خوشکێکی خۆشەویستی خۆم تەماشای دەکەم و هەر پەیـوەنییەکی زۆر نزیکـی کەسوکاریشـمان لەگەڵ یەکـدا هەیە. هەر لە کۆنسێرتەکەش هەستم دەکرد کە نەرمین خان دیار بوو زۆر بە پەرۆشەوە و بەو پەڕی ڕامانی قووڵەوە سەرنجی دابووە گۆرانییەکانم. جا ئەوەی کە دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە مەبەستی من لەم گازاندەیەم بە هیچ جۆرێک "خودی ناوێکی دیاریکراو" نییە بەڵکو پرۆتێستۆ کردنمە لە دەرخستن و پێشخستنی "کارمەندێکی حزبی" لەناو ئەو هەموو ڕۆشەنبیرانەی کە لە

سـەرەوە نـاوم هێنـاون. خـۆ ئەگەر نەرمـین خـانیش وەک هەمـوو ئامادەبووەکـانی دیـکە نـاوی وەک مەسـئولێکی حزبـی لە ڕۆژنـامەی "الاتحاد" دا نەهاتایە و کەسێکی دیکەی حزبی ناوی بهاتایە ئەوسا بە دڵنیـاییەوە گلەیـیەکەم ئاراسـتەی ئەو کەسـە دەبـوو - کە ئەویـش لەبەر شەخسـی خـۆی نـا، لەبەر پۆسـتەکەی - و نـاوی نەرمـین خانیشـم وەک ڕۆشـەنبیرێکی لێهـاتوو ڕەگەڵ ناوی شـێرکۆ بێکەس و دکتـۆر عزالـدین و بەهـجەت یەحیـا و سـەلاحوددینی موهتەدی دەدا چونکە مـن زۆر جـار گوێم لە لێـدوان و شـیکردنەوەکانی ئەم خانمە زمانپـاراوە بـووە و هەمـوو جـارێکیش مەسـت و حەیرانـی بۆچوونەکـانی بـوویم. بـۆیە دووپـاتی دەکەمەوە کە نەرمین خان ئەم تێ بینییانەی من بە دڵگرانی وەرنەگرێت چـونکە مەبەسـتی مـن لێـرەدا (کەسـەکە) نیـیە بەڵکـو (پۆسـتەکەیە) و نارەزاییەکە بەرامبەر بە بەردەوامبوونی کولتووری بەعس لەناو دەسگا و میدیای حیزبە کوردییەکاندا.

لە تەواوی دونیادا وێنەی گۆرانبێژ و وەرزشکاران دەخرێتە سەر تی شێرتی گەنجان کەچی لای ئێمە هێشتا هەر تەمجید کردنی بەرپرسە حزبییەکانە.

بەلای منەوە ئەمە شەرمەزارییە و نیشانەی دواکەوتنی عەقلییەتی چینی دەسەڵاتدارە چونکە لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی جیهانا ماوەی پۆستی سیاسی و ئیداری ماوەیەکی کاتییە بەڵام ناوی شاعیر و نووسەر و بیرمەند و هونەرمەند و وەرزشکاران لەناو دەفتەری مێژوو و لەناو دڵ و دەروونی سەوادی خەڵکا وەک نەخشی سەر بەرد هەر دەمێنێ.

چەنـد ڕۆژێـک دوای کۆنسـێرتەکەی هەولێـر کە پـێم وابـێ 2012/11/4 بوو ڕۆژنامەی "خەبات" ی پارتی دیمۆکراتی کوردستان ئەویش شتێکی جوانی لەسەر کۆنسێرتەکە بلاو کردەوە، ئەویش لەناو هەمـوو هونەرمەنـدو ڕۆشـەنبیراندا نـاوی بەڕێز ئەرسـەلان بـایزی هێنـابوو.

ئەمن پێی لێ دەنێم کە گلەییەکەی من لێرەدا دەربارەی ناوهێنانی کاک ئەرسەلان بایز رەنگە ئەوەندە بەهێز نەبێ چونکە سەرۆکی پارلەمانە و لە هەموو دنیاشدا وا باوە کە (سەرکۆمار و سەرۆک پارلەمان و سەرەک وەزیران) ئەم سییانە هێمای دەوڵەتن. ئەمانە پایەیەکی تایبەتییان هەیە کە ئەگەر لە بۆنەیەکی ئەوهادا ئامادە بین ناویشیان بێ ئاساییە و باویشە. بەڵام لێرەشدا بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم کە بایەخدان بە کەسایەتی بواری رۆشەنبیری و کولتوور و هونەر لەلایەن میدیا حیزبییەکانەوە دەخرێتە پشت کەسایەتی سیاسەتکار و ئەندامانی سەرکردایەتی حزبە کوردییەکانەوە.

رۆژی 2012/11/11 ش گرووپێکی هونەرمەندانی بواری موزیکی زۆر رێکو پێکی ئیتالی نمایشێکی زۆر سەرکەوتوویان لە (هۆڵی پێشەوا) ی وەزارەتی رۆشەنبیری لە هەولێر پێشکەش کرد. دیار بوو پێشتر وا داندرابوو کە لە کۆتایی کۆنسێرتەکە چەپکە گوڵێکی رەنگاوڕەنگ پێشکەش بە یەکە یەکەی هونەرمەندە ئیتالییەکان بکرێت. ئەم نەریتە شتێکی زۆر جوانە و لە هەموو وڵاتاندا لە بۆنەی ئەوهادا باوە. لە وڵاتانی دنیا وا باوە کە ژمارەیەک کچ و کوڕی مناڵی جوانکیلەی هەندێک جار بە بەرگی میللییەوە ئەو چەپکە گوڵانە پێشکەش بە میوانەکان دەکەن. بەڵام لە کۆتایی ئەو کۆنسێرتەی ئیتالییەکان لە هەولێر پێشکەشکارە کوردەکەی کە بەرنامەکەی پێشکەش دەکرد بە میکرۆفۆن ناوی ئەو کەسانەی بانگ کرد کە بفەرموون بۆ سەر شانۆکە بۆ ئەوەی هەر یەکە چەپکە گوڵێک پێشکەش بە هونەرمەندە ئیتالییەکان بکات. ناوەکانیش ئەمانەبوون: دکتۆر فوئاد حوسێنی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، حەسەنە سووری جێگری سەرۆکی پارلەمان، تاهیر عبداللەی جێگری پارێزگاری هەولێر و هۆمەر دزەیی هونەرمەند و چەند کاربەدەستێکی پلە بەرزی وەزارەتی رۆشەنبیری. من کە درێژایی تەمەنم لە دەرەوەی کوردستان

بەسەر بردووە هێشتا نەمدیوە کە لە بۆنەی وەهادا ئەو کەسایەتییە پلە بەرزانەی دەوڵەت بە کاری پێشکەش کردنی چەپکە گوڵان بۆ میوان هەڵبستن . بەڵێ، گەر شتەکە خەڵاتێک یان مێدالیایەکی تایبەتی بێت ئەوە زۆر ئاساییە کە سەرۆکی دەوڵەت یان کاربەدەستێکی پەیوەندیدار بەم کارە هەڵبستێ بەڵام بەڕاستی ئەمە کاری سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی یان جێگری پارێزگار و جێگری سەرۆکی پارلەمان نییە. ئەگەر مەلیکەی بریتانیا سەردانی وڵاتێک بکات خۆ سەرەک وەزیر و سەرەک پارلەمان و کەسایەتی حزبی و حکومی گوڵی پێشکەش ناکەن بەڵکو ئەم کارە بە چەند منداڵێکی جوانکیلەی خنجیلانە دەسپێردرێت نەک چەند زڕتە زەلامی سمێل بابڕی ورگنی وەک ئێمە.

راستە لێرەدا ئەمن باوەڕ ناکەم کە ئەو کاربەدەستانە خۆیان پێشتر داوایان کردبێ کاری پێشکەش کردنی گوڵەکان بەوان بسپێردرێ هەچەندە کە دوور نییە پێشیان ناخۆش نەبێت. ئەو شەوە هەر بەڕاستیش هەستم کرد کە ئەمانە (خۆیشم لە گەڵیاندا) بێ ئاگا بوون لەو بڕیارەی کە نازانم کێ پێشتر لە وەزارەتی رۆشەنبیری دایبووی کە ئەمانە دەبێ بە کاری پێشکەش کردنی چەپکە گوڵەکان هەڵبستن.

جا ئەوەی کە لێرەدا مەبەستی منە ئەوەیە کە کاربەدەستە پلە نزمەکانی حزبی و حکوومی و میدیای ئەو حزبانە لە پێناو پاراستنی پۆست و مووچەی خۆیان ناچار دەبن ماستاو بۆ کاربەدەستە حزبی و حکومییە گەورەترەکان بکەن چونکە ئەوان دەزانن کاربەدەستە پلە بەرزەکان چییان پێ خۆشە. ئەمەش بەداخەوە پڕۆێشکی گەندەڵییەکەی سەرەوەیە کە پەڕیوەتە ناو کارمەندی بێ دەسەڵاتی لە نانبڕین ترساوی حزب و حکومەت و میدیاکانیانەوە. خۆ من ناڵێم ناوی هەموو ئەو رۆشەنبیرانە بهێنرێت بەڵام ئەگەر ناوهێنان هەر پێویست بوو نابێ هەر ناوی کاربەدەستی حیزبەکان بێ.

جا ئەگەر بەرپرسـانی گەورەی دەوڵەت و ئەنـدامانی سـەرکردایەتی حزبە کوردییەکان مەبەستیان بێ ئەم دیاردە ناشارستانییە لەناو بەرن زۆر بە ئاسانی دەتوانن ڕێنمایی بۆ کارمەندانی دەسگاکان و میدیاکانی خۆیان بنێـرن کە شـتی وا قەبـووڵ ناکرێـت. ئەگینـا کولتـووری بەعـس، ئەو کولتوورەی کە ئێمە خۆمان بە توندی نەفرەتمان لێ دەکرد و دژلیەتیمان دەکرد وا لەناو حزبە کوردییەکان و دەسگاکانی حکومەتی هەرێمدا هەر بەردەوامە.

تێبینی:

ئەم بیـر و رایەم هـیچ پەیوەنـدییەکی بەو پۆسـتەمەوە نیـیە وەک راوێژکاری سیاسیی سەرکۆماری عیراق بەڵکو بیر و رای تایبەتی خۆمە و هەر خۆم لێی وەرامبارم.

نەرمین عوسمان



شێرکۆ بێکەس

دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسووڵ



بەهجەت یەحیا



لە چەپەوە: سەلاحەدین موهتەدی، هۆمەر دزەیی، یوسف زۆزانی لە
ستۆکهۆڵم



د. فوئاد حوسێن

-15-
Suleimania, the Cultural Capital of Iraqi Kurdistan

Report presented to his Excellency, Dr. Barham Salih, the Prime Minister of the Kurdistan Regional government (KRG)

By Homer Dizeyee

Overview

For more than two hundred years, the city of Suleimania, once capital of the Kurdish dynasty, the Baban, has been the unchallenged political and cultural capital city of southern Kurdistan. At the time of the Baban, Suleimania was a wilayet (province) among hundreds of wilayets of diverse ethnicities ruled by the Ottoman Empire.

Due to its rich written literature and newly coined administrative terminologies, the court vernacular called the Suleimani - later colloquially known as Sorani - became the commonly accepted standard Kurdish language in southern Kurdistan and remains so to the present day. The many sub-dialects in the region were to subordinate to the court dialect. Poets, epic-tellers and other wandering singers, such as Ali Bardashani seeking favor of the Baban prince, would abandon their local dialects that they used previously for their poems and began to switch to the Suleimani.

Teaching at schools, if any, and madrasas (religious

schools) all around the region was in Suleimani Kurdish. Later, when Kurdish radio broadcasting was launched in Baghdad it was mainly in the Suleimania dialect.

It is noteworthy to mention the socio-cultural characteristics of the urban inhabitants of the city of Suleimania. When founding his capital 200 years ago, the prince of Baban brought to Suleimania hundreds of Kurdish families from Persian Kurdistan. Unlike the socio-cultural life under the highly religious system of the Ottomans, the populace of the Persian Empire, who lived under a semi-secular system of government marked by a brilliant civilization of more than 2000 years, were, and still are, recognized by their love for culture, especially music and poetry, and their socially open-mindedness. This is especially true amongst their women, who are among the most openminded Moslem women in the Middle East.

The newcomer Kurds carried with them this rich culture and the social mentality of their ancestors to the newly established metropolis of the Baban principality. Most of the famous Kurdish poets, singers and musicians were either urban Suleimanis or settled there. This mentality would breed within the society in Suleimania a kind of indifference towards religions, which, in turn, led to an inclination toward secularism, indulgence in alcoholic consumption and teasing of all non-Suleimani Kurds through a very masterly invented sense of humor. Three characteristics have become the brand mark of the people of Suleimania to the present day: a well educated language (both spoken and written), love for secularism, and a very merry spirit marked by a sense of humor. One may rightly say that the city became the center of the Kurdish renaissance in all aspects, very similar to the early period of the European renaissance.

Thus, as we can see, throughout its relatively short history, Suleimania flourished day by day to become, on its merits, the unchallenged capital of the Kurds.

Current situation

Due to geo-political change in the region and other factors, the city of Arbil has been declared by the former regime of President Saddam Hussein to become the official capital of the autonomous region of Kurdistan in Iraq in .1968

In Middle East and in many other countries of the third world, the general belief is that not only politics but also all economic and socio-cultural activities should be concentrated in the capital city. Obviously, this would lead the capital to flourish at the expense of other, maybe much larger, cities. This is wrong in my view. In the United States large cities such as New York, LA. and others have not been chosen to become the federal capital. Still, they maintain their characteristics of cultural, and in fact, business heritage, while politics is done in Washington D.C. It would be harmful to the overall Kurdish culture to let activities in this domain be accumulated in the capital.

What is to be done?

Now that Suleimania has become vulnerable to this unhealthy trend, ideas and suggestions have to be presented to both the KRG and to NGOs regarding what should be done to resist the impact of the damaging mentality of the ruling authorities in the capital city. It isn't the task of the government alone to come forward and make an effort in this respect; it is also a duty of the NGOs and, indeed, individuals of all cultural fields to participate in a process to reverse this trend.

Ideas and suggestions

-1 **New city planning, green, green, green Suleimania**. An aerial view of Suleimania would show how lamentable this once so prosperous green city has ended up. It looks like a cluster of concrete blocks with tasteless ugly buildings and shops, little verdure and filthy streets and creeks. This situation is antagonistic to an intellectual and cultural center, which Suleimania has been but is now lagging behind.

Planning is of utmost necessity. Hence, a master plan based on modern western city- planning that gives priority to parks, green belts, recreation centers and bike and jogging routs. The motto should be: green, green, green Suleimania.

-2 **Schools, public libraries, internet cafes**. The two latter facilities should include special sections for children. The school system needs to be revised. All over the modern world special importance is been given to extra-curricular activities. This should start at the elementary level and include music, poetry, theater, painting, rhetoric, and leadership, in addition to all kind of sports.

-3 **Sports**. A modern football stadium for about 60 thousand spectators is needed. This would also serve as a venue for great artistic events (concerts, festivals...etc). In addition, tennis courts, golf courses, and swimming pools would attract both locals and foreigners working in Kurdistan.

-4**The Kurdish Academy (Korri Zanyari)**. Because of the consensus that the Suleimani dialect has become the standard Kurdish in Iraqi Kurdistan, it would be logical for the Kurdish Academy, which deals mainly with language issues, to be based in Suleimania.

-5 **Academy of Music and Ballet**. If financially viable, I would recommend establishing a prestigious Music Academy that hires music and ballet professors from renowned music establishments in the world. One of its duties should be quality control of music before it finds its way to radio and TV channels. This would help to preserve the purity and authenticity of the art of music in Kurdistan.

-6 **Annual music festivals**. There are numerous musical groups in all cities, towns and townships in Kurdistan, and Iraq as a whole. There is no interaction between them, however. They don't know about each other and rarely will a group from Dehok perform in Suleimania and visa verse. The above mentioned Music Academy should organize annual music festivals for all Iraq, and possibly neighboring countries' artists. These way talents would compete and scholarships should be given to the most talented ones.

I believe Suleimania would earn a credit and reputation throughout the Middle East and the rest of the world for holding these kind of festivals.

-7**Movie-theaters**. Is it not odd for a city with a population close to a million inhabitants to not have a single movie-theater? A modern multiplex theater is urgently needed.

-8 **Theaters and possibly an opera buffo (Comic Opera)**. Kurds, especially in Suleimania, are play-lovers. They deserve having a number of theaters in the city which would encourage actors and play writes to display their talent when they see their work and art is being appreciated in decent, modern art centers.

-9 **Forums**. Kurds are also famous for their love for poetry, music and dance. Almost every young Kurd, male and female,

has tried to write a poem and knows how to dance. To encourage these young people, I would suggest organizing a weekly forum in a beautifully decorated hall for the would-be young poets, who would present their pieces weeks earlier to a committee of evaluation which would decide on their eligibility. Media should be invited to every session and free admission given to the audience. This could be applied to young singers, musicians and dancers.

-10 **Recording studios**. Kurdish singers and musicians have little possibility to record their works in decent recording studios. Most of these "studios" are self-made and don't meet the elementary requirements of a modern place of recording. Recording instruments and lighting are primitive. If they can afford it, most of the artists do their recording in neighboring countries.

-11 **Picnic areas**. The Kurds are an outdoor people. Throughout the country you see them picnicking with their families alongside main rural roads and on the slopes of nearby hills. Being not lawfully designated, these at randomly chosen areas lack all kinds of picnic area requirements- no restrooms, no running water and not even a trash bin. Therefore, you can imagine what garbage and stink is left behind when the picnickers leave. A modern picnic area planning controlled by law executing officials is urgently needed.

-12 **Mosques and hijab**. Never in its history has the city of Suleimania had such a great number of mosques and young girls, even college students, wearing the hijab. I believe that the reason is to be traced back to the migration of the rural Kurds to the cities as a result of the former regime's anfal campaign in the 1980s. This strange phenomenon, alien to the people of Suleimania, is incompatible with their social and, indeed, intellectual frame of mind.

Even in Iran people are not been bothered by so many muathins (mullahs) calling for prayer. In the UAE, the building of new mosques is limited to the requirements of the neighborhoods. You don't need to have two or more mosques in a small neighborhood or in the same street. Besides this, from architectural point of view, the modern mosques in those countries are simple and unicolored in contrast to Kurdish tasteless multicolored ones.

In my view, restrictions should be set for building new mosques. The hijab issue can be dealt with through advancement of the educational system mentioned above.

Final word

Suleimania deserves a much better life. Unless great effort is been made by both officials and citizens to help it regain its original color, this once so glamorous city will fade deplorably. No Kurd wants to see that.

Homer Dizeyee Suleimania, 30/9/2009



دیمەنێکی شاری سلێمانی

-16-
نامەکانی شێرکۆ بێکەس

یەکەم ئاشنایەتی من و شێرکۆ بێکەس دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1963. لە مانگی یانزدەی ئەو ساڵە کە ڕژێمی بەعس لە ئەنجامی کودەتایەکی سەربازی بە سەرکردایەتی مشیر عبدالسلام عارف رووخا ئەمن لەگەڵ هاوکارانی تری دەزگای ڕاگەیاندن و میدیا لە ئێستگەی ڕادیۆی (دەنگی کوردستان) لە ئەشکەوتی گردەڕەشی نزیک ماوەت دەسبەکار بووم. هێندەی نەبرد حکومەتی نوێی بەغدا ئاگربەستی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ڕاگەیاند و دەست بە وتوویژ کرایەوە. ئێمەی ستافی ڕاگەیاندنیش لە چاوەڕوانی ئەنجامی دان و سەندنەکان هێرشی بە ڕادیۆمان بە شێوەیەکی کاتەکی لە دژی حکومەتی بەغدا ڕاگرت. جا لەو ماوەیەی دان و سەندندا ئێمەش "ئەسحابی کەهف"ی ئەشکەوتەکەی گردەڕەش بارمان سووک بوو لە ئامادەکردنی ڕۆژانەی بەرنامەکانمان و زیاتر سەنگمان دەخستە سەر موزیک و گۆرانی و نوێترین دەنگوباس. زۆرێکیشمان مۆڵەتمان وەرگرت بچین سەردانی کەسوکارمان بکەین لە شارەکان، سەرو قژو جلەکانمان پاک بکەینەوە لە ڕشک و ئەسپێ، حەمامێکی گەرم و گوڕ وەرگرین و خواردنێکی تەندروست بخۆین.

من و کاک موحسین دزەیی کاکم کە ئەو لە ماوەت دادوەری شۆڕش بوو لەگەڵ گروپێک پێشمەرگەی دیکەی بواری دادوەری و ڕاگەیاندن بە سواری پاسێکی شڕ و شپڕێوی بە جرەجر، بەڵام بۆ ئێمە وەک کادیلاک وابوو، بە ڕێگای چۆمی قەشاندا ڕوومان کردە شارە حەیاتەکەی سلێمانی. کاک موحسین و من میوانی کاک عەلی فەتاح دزەیی ئامۆزامان بووین کە مدیر ناحیەی عەربەت بوو بەڵام ماڵ و

خێزانــی هەر لە سـلێمانی بـوو. لە سـلێمانی کەسـایەتییەکی زۆر بەڕێـز و پیـاوانە و جـوامێر و چـاوتێر، کـاک ئەمـین شـەوکەت (یـادی بەخێـر)، کە حەزی زۆری لە کۆڕ و دانیشتنی ئەدیب شاعیر و هونەرمەندان بوو چەند ئێوارەی زۆر خۆشی هەمووی لەسەر حیسابی خۆی بۆ ساز دەکردین کە هەرگیـز لە یـادم دەرنـاچن. لە یەکێـک لەو ئێـوارانە کە وا بـزانم لە یـانەی فەرمانبەران بـوو لەگەڵ کـاک شێرکۆ بێکەس و کـاک رەفیق چالاک و هەندێ برادەرانی دیکەش لەسەر یەک مێز بووین و من باسی رادیۆی دەنگـی کوردسـتانەکەی شۆڕشـم بـۆ دەکـردن. راسـتییەکەی لە دەسـپێکی یەکتری ناسینمان ئەمن نەمدەزانی شێرکۆش شاعیرە. بەڵام چونکە ئاشقی شیعرەکانی بابی بووم و هەر لە قوتابخانەی سەرەتاییمدا کۆڵێک سروود و شیعرەکانی فـایق بێکەسـم ئەزبەر بـوو بۆیە کە زانیم ئەوە کـوڕی فـایق بێکەسـە و خۆیشــی شـاعیرە ئیتـر لەو شـەوەوە لەگەڵ شـێرکۆ بـووین بە هـاوڕێ، ئەو هەڵبەسـتوان، مـن خۆشـخوان، هەردووکیشـمان تـا بناگوێمـان ئاشقی ژنی جوان. هەر چۆنێکی بێ، زۆری نەبرد، بارودۆخی سیاسی و سەربازی کورد لەگەڵ بەغدا تێک چووەوە و هەر یەکەمان سەر لە نوێ کەوتیـنە لایەکەوە. سروشـتانە پەیوەندیشـمان پچڕپچـڕی زۆری تـێکەوت. ســاڵ بوویــوو بە 64، مــن گەڕامەوە بــۆ پــاریس، کە هەر لەوێشــەوە هــاتبوومەوە. لەو سـاوەش ئیتـر تـا مـاوەیەکی درێـژ لەگەڵ کـاک شـێرکۆ ئاگامان لێک بڕا.

خۆشترین پێک شادبوونەوەمان ساڵی 1987یان 1988بوو لە ڤیەننا. دواتـر چەنـد دیـداری دیکەشـمان بـوو لە سـتۆکهۆلم و لەنـدەن و واشـنتن. بەڵام لەو ماوانەدا پەیوەندی نێوانمان بە نامە و بە تەلەفۆن نەدەپچڕا. ئەمن ئەم چـوار نـامەی کـاک شـێرکۆم بـۆ یادگـاری پاراسـتووە کە هەرگیـز بە خەیاڵیشمدا نەدەهات لە دوای مەرگی ناوادەی بڵاویان دەکەمەوە. نامەکانی هەمووی لە پشتی پۆستکارتی جوان جواندا نووسیوە بەلام کردوونیەتە ناو زەرفەوە. نامەکانی منیش بۆ ئەو نازانم سەرەنجامیان چی بووە.

لێـرەدا چـوار نـامەکە بە پێـی رێکەوتـی ناردنیـان بـڵاو دەکەمەوە کە

یەکەمیانی بە ڕێگای کاک خەبات مارفەوە بۆ ناردوومەتە ڤیەننا کە من هێشتا لەوێ بووم و شێرکۆ ئەدرەسەکەی منی نەدەزانی.

نامەی یەکەم

لەسەر زەرفەکە ئەمەی نووسیوە:

بە هۆی کاک خەباتەوە بگات بە دەستی کاک عومەر دزەیی

نـامەکە کە لە سـتۆکهۆلمەوە نـاردوویەتی ڕێکەوتـی ٥ /٢ /٩٨٨ ی لەسەرە:

برای خۆشەویست

کاکە هۆمەر

بە هیـوای خۆشـی و چـاو و دڵ ڕوونیتـانم لەگەڵ خـاو و خێـزان و هەمووانی دڵسۆزدا.

دوای سـەفەرێکی دوورودرێـژ بەخـۆم و هەگـبەی شـیعرەوە گەڕامەوە سەر هەواری خاڵی. هەڵبەتە ئەو شەوانەی لە " ڤیەننای" نازدار پێکەوە بووین مایەی یادگاری شیرینی ئەم تەمەنە کۆچەرەمانە. ئەو تۆزە تام و چێژەی بەم ژیانەوە ماوە خۆشەویستی ی ئازیزان هەویێنێتی !

جارێ هەر تەنیام و (بێ کەس) هەر خۆمم! ژوورەکەم بۆنی نامۆیی و بۆکڕوزی جەرگی منی بێ ئافرەتی لێ دێت !! کەم کەس تێم ئەگات ! تەنانەت هەندێ جار شیعریش لە ئاستی ئەم هەژین و خۆخواردنەوەیەی دەروونیدا کەڕەواڵەیە !

سڵاو و ڕێزم بۆ ڕووناک خان.

چاوی منداڵە ژیکەلەکانتان ماچ ئەکەم.

لە جەژنەکانی نەورۆزدا بە نیازم بەخۆم و هەگبەی شیعرەوە ڕووبکەمە وڵاتی ئینگلستان.

ئەگەر شریتێکی زیادەی دەنگی بە سۆز و خۆشی خۆتان لابێ و بۆم بنێـرن لام وایە لەم تەنیـاییەدا بـۆ بەبـاکردنی ئەم هەناسـە سـاردانە خەم ڕەوێن بێت. هەر بژین.

واژۆ

براتان

ستۆکهۆلم 5/2/988 شێرکۆ بێکەس

نامەی دووەم

ستۆکهۆلم

24/9/1990

برای خۆشەویست و ئازیز

کاکە هۆمەر

بە هیـوای هەمیشـە چـاو و دڵ ڕوونـی و خۆشـیتانم. ڕێـز و سـڵاوی گەرمـی دڵسـۆزانەم بـۆ ڕوونـاک خـان و چـاوی هەمـوو منـداڵەکان مـاچ ئەکەم.

ئێ کاکی برا ؟! چۆنی چۆن ؟!

سەرقاڵی و بگرەو بەردەی ئەم ژیانە جەنجاڵە بووە هۆی دواکەوتنی نووسینی ئەم کارتە، بەڵام ئێوە هەر لە دڵدان، سەردانەکەی ئەمریکا و بە دیـدار شـادبوونەوەتان مـایەی چەنـدین پێـک گەیشـتن و کـۆڕی گەرمـی جگەرسۆزانەی وەها بوو کە لەبیر نەچنەوە، میوانداری و باوەشی پڕ لە سۆزی برایەتیتان بۆ من نیشانەی ڕاستەقینەی خۆشەویستی و وەفاداری بـوو. وا لای ئـێمە لە ئێسـتەوە سـەرما بە پەلە کەوتـۆتە ڕێ. تـۆ بڵـێ ی ئەمجارە زەمان وا بچەرخێ لە هەولێر یەکتر ببینینەوە؟! ئای کە جەژنێکی گەورە ئەبـێ تـۆ بڵـێ ی ؟! بڵێم چـی ئەوەنـدە کارەسـاتمان دیـوە بەلای

ئێمەوە ئەم مۆتەکەیە بووە بە ترسێکی ئەبەدی!

بەڵام ئەو نەهەنگە کەوتۆتە
داوێکی ئاسنینی گەورەوە
زەحمەت لێ ی دەرچێ ؟!
دیسانەوە ڕێز و خۆشەویستیم
دیسانەوە ماچ و باوەشی گەرمم
دیسانەوە سڵاوم بۆ ڕووناک خان و
چاوی منداڵان ماچ ئەکەم.
هەر بژین

واژۆ
شێرکۆ بێکەس

نامەی سێیەم

ستۆکهۆلم
1/7/1991

برای بەڕێز و خۆشەویستم
کاکە هۆمەر !

به هیوای هەمیشە چاو و دڵ ڕوونیتانم.

سڵاو و هەواڵ پرسینی گەرمم بۆ ماڵ و منداڵ.

بەر لە ماوەیەک نامە جوانەکەتم پێ گەیشت، ئەوەی نووسیوتە سەرچاوەیان ڕاستی و دروستی یە. مردن لە وڵاتی ئێمەدا و لەم بارودۆخە نا هەموارەدا بۆتە شتێکی ئاسایی ڕۆژانەی ژیان، ئەگەر مامە کلۆڵەکەی من تەمەنێکی هەبوو خۆ هەر لەم ساڵە دوابڕاوەدا بە هەزارانمان، هەزاران

نەونەمامی جوانمان کە هێشتا شنەبای ژیانیش بەتەواوی لێی نەدابوون، لە جێی خۆیان، هەڵکەندران و زریانی تووش بردنی !.. سوپاس بۆ هەستی برایانە و هونەرمەندانە و کوردانەتان. بەڕاستی حەزم ئەکرد منیش لەگەڵ نەسرین و هەڵۆدا بهاتمایە و جارێکی تر بۆ بینینەوەتان چاو و دڵم روون ببوایەتەوە بەڵام بە داخەوە نەلوا. وتیان ئێوەش نیازی سەفەرتان هەیە، ئیتر نازانم ئەم کارتەم فریاتان ئەکەوێ یان نا ؟! " هەر چۆنێک بێ ئومێد ئەکەم بێ وەی بن و هەمیشە لەش ساغ و سەرفراز بن. دیسانەوە ڕێز و سڵاوم بۆ هەموو لایەک و هەر بژین.

واژۆ

شێرکۆ بێکەس

نامەی چوارەم

دوانامەی شیرکۆ بێکەسم لەشامەوە بۆ هاتووە. نامەکەی لە کارتێکی جوانی دوولایی نووسیوە کە لایەکی تابلۆی دیمەنێکی باوی شامە، کابرایەک بە بەرگی شامییەوە دانیشتووە مژ لە نێرگەلەکەی دەدات و ژنەکەشی لە تەکیەوە سێوی بۆ قاش قاش دەکات. شێرکۆ ئەم کارتە جوانەی خستۆتە ناو زەرفێکەوە و ئەمەی لەسەر نووسیوە:

بۆ

برای ئازیز و خۆشەویست

کاک عومەر دزەیی

پێشکەشە

لە

(شێرکۆ بێکەس)ەوە

ئەمەش ناوەڕۆکی نامەکەیە:

شام

15/4/2002

برای ئازیز و خۆشەویست

کاکە هۆمەر گیان!

نەک ناو بەناو زۆرجار لە بالآ ئاوێنەی خەیاڵ و بیرکردنەوەمدا لە هات و چۆ دان .. ئەوی کەی تەمەن بەرەوخوار ئەبێتەوە ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو، لە خۆشەویستان، لە خەونەکانی یادگار و لە ئەلبوومی ئازیزان . تۆیش لەو ئەلبوومەدا هەمیشە هەر پیاوە دەم بە زەردەخەنە و دەنگ خۆشەکەیت!.

لە شامەوە ئەم کارتە ئەنێرم.. لێرە و لە بێروت دوو کۆڕم هەبوو " دەنگدانەوەیان باش و بە دڵی تۆ بوو.

ژنی جوان لێرە ئەمەندە زۆرە نە شیعر فریایان ئەکەوێ و نە گۆرانی! بەڵام بۆ ئێمەی تەمەن سەربەرەوخوار هەر ئاخ هەڵکێشان ماوەتەوە.. یان لە دواییدا چەند وێنەکێشانێ !.. سڵاوی تایبەتیم بۆ ڕووناک خان. چاوی منداڵەکان ماچ ئەکەم.. بەگەرمی هەواڵی د. نجم الدین ئەپرسم.. ئومێد ئەکەم هەمووتان تەندروستیتان باش بێت"

دوای ماوەیەکی تر سەفەری سوید ئەکەم " لەوێشەوە هەوڵ ئەدەم پەیوەندیتان پێوە بکەم .. ئایا ئەو چاوپێکەوتنە دووردودرێژەی لەگەڵ دەنگی ئەمریکادا کردم هەر هەمووی بڵاو کرایەوە؟! چونکە ئاگادار نیم"

دیسانەوە خۆشیتان" هەر بژین"

واژۆ

براتان

شێرکۆ بێکەس



شێرکۆ بێکەس و هۆمەر دزەیی
ڤیەننا، 1987 یان 1988

لەندەن
لە چەپەوە: محەمەد مەعسووم، شێرکۆ بێکەس، شێخ جەنگی تاڵەبانی، هۆمەر دزەیی

شام
١٥/١٢ ٢٠٠٢

برای ئازیز و خۆشەویست
کاکە هۆمەر گیان!

ئەوەتا ئامادەناوە زۆر جار لە یادا
ئاوێنەی خەیاڵ و بیرکردنەوەمدا لە
هات و چۆدان - ئەوەی کە ئەمەوە
بە دەرفەت ئەبینمەوە ئاوڕدانەوەیە لە
برا بوردووە لە خۆشەویستان - لە هەموو کاتێ
یادگارێ لە ئەلبومی ئازیزانە. تۆیش
لەو ئەلبومەدا وێنەیەکی هەر بیناوە
دەم بە زەردەخەنەو دڵخۆشکەریت!.

لە شامەوە ئەم کارتە ئەنێرم..
لێرەوە لە پێتەوت دووکۆنووسەم هەبوو..
دە تکایە ئاگادارییان باشی و بەردەوام بوو -

ئێستا لێرە ئەوەندە زۆرە نە
شیعر خەیاڵ ئەکرێ و نە [illegible]
بۆ [illegible] ئەوەی [illegible] هەر [illegible]
[illegible] ئاوەڵاوە.. یان لە دوایەدا
چونکە [illegible]!..

سڵاوی [illegible] بۆ [illegible].
هاوڕێ [illegible].. [illegible]
[illegible] د. نەجمەدین [illegible].. [illegible]
[illegible] باش بن..

دوای [illegible] سوید [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]?! [illegible]..
[illegible] خۆشەویست.. [illegible]..

شێرکۆ بێکەس

ستۆکهۆڵم
١/٧/١٩٩١

برای بەڕێز و خۆشەویستم
کاک هۆمەر!

بە هیوای هەمیشە چاو و دڵ ڕووناکیتانم.
سڵاو و هەواڵپرسینی گەرمم بۆ ماڵ و منداڵ.
[illegible] نامە [illegible]
[illegible] ڕاستی و
دروستییە. [illegible]
[illegible] بۆتە [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]

[illegible] - [illegible] -
[illegible]!.. سڵاوم بۆ [illegible]

[illegible] ساڵە. [illegible]
[illegible]
[illegible]
چاوەڕێم [illegible]
[illegible]. [illegible]
[illegible]
[illegible]?! [illegible]
[illegible]
[illegible] - [illegible]
[illegible] سڵاوم بۆ هەمووتان و هەروەها [illegible]

شێرکۆ بێکەس


STOCKHOLM
Strömmen
René Coeckelberghs International Publishing Stockholm
Printed by


Lindenhags. Foto
Foto: Kurt Andersson

Khabat MAROVE
Harmonieg. 8-4
1090 WIEN
Austria

بەهۆی کاک خەبات مارۆڤ
بۆ دەستی کاک عومەر دزەیی

بۆ
برای ئازیز و خۆشەویست
کاک عومەر دزەیی
پێشکەشە

لە
(شێرکۆ بێکەس) ەوە

-17-
دوو نامەی مامۆستا مەلا شکور مستەفا

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو بۆ ماوەیەک لە ئینگلتەرا گەڕابووومەوە بۆ کوردستان و لە هەولێر بە پارت -تایم لە کۆڤاری کاروان کاری رۆژنامەوانیم دەکرد. مامۆستای نووسەر و لێکۆڵەری زمان شکور مستەفا کتێبێکی کۆنی زمانەوانی ناوداری ئەڵمان کارل هادانگ Karl Hadang ی لابوو کە لەسەر شێوەزارەکانی زمانی کوردی ی نووسیبوو. کتێبەکە بە ئەڵمانی بوو و ئەویش بە دوای یەکێکدا دەگەڕا کە ئەڵمانی و کوردیەکەشی باش بن تا وەریگێڕێتە سەر زمانی کوردی بۆ چاپکردنی. کە زانی من ئەڵمانییەکەم رەوانە کاری تەرجومانییەکەی بە من سپارد و من خۆیشم هەر حەزم لە بابەتی زمانەوانی بوو بۆیە بەخۆشییەو لێم وەرگرت و دەستم کرد بە وەرگێڕانی بۆ کوردی. بەڵام ساڵی 1986 بە خاوخێزانەوە لە دەست رژێمی بەعس رامانکرد بۆ ئێران و لەوێش بۆ نەمسا و لەوێشەوە بۆ ئەمریکا. داخی گرانم وەرگێڕانی کتێبەکەم بە نیوەچڵی بەجێ هیشتبوو و مامۆستا مەلا شکوریش بە دڵشکاوی.

کە لە ئەمریکا گیرسامەوە و لە بەشی کوردی ی رادیۆی دەنگی ئەمریکا دامەزرام مامۆستا شکور دوو نامەی بە دەسخەتە نەخشینەکەی خۆی بە دەستی خەڵک بۆ ناردم و تکا دەکات کە وەرگێڕانەکەی بۆ تەواو بکەم چونکە ئەوهەندەی کە بە تەرجومەکراوی بۆم بەجێ هێشتبوو زۆر زۆری بە دڵ بووە بۆیە هێشتا هەر بە تەمای تەواوکردنی بوو لە لایەن منەوە. ئەمەیان نامەی یەکەمە کە بە دەسخەتێکی مەیلەو شکەستەی ئێرانیانیی زۆر جوانی نووسیوە کە بە داخەوە چەند وشەیەکم بۆ نەخوێندرایەوە و بەم هێمایە (...؟) ئاماژەم پێ داوە.

نامەی یەکەم

برای دوور وڵات کاک هۆمەر دزەیی، ڕۆژباش

کاکە گیان، ڕەنگە بە بیرت بێ، ڕۆژگارێ جەنابت کتێبەکەی کارل هادانگت لە نیوە پترت بۆ کردم بە کوردی، بەڵام بەداخەوە ئەوە بوو شەقی زەمانە پشووی هێندە درێژ نەبوو، دەرفەتی تەواوکردنیت تاسەر بۆ فەراهەم کا، کتێبەکە بە نیوەچڵی مایەوە... ئەمنیش گوتم ئەگەر هەلم بۆ ڕەخسا، ئەوەندی مایە لۆتی بنێرم بەرکو بیکەیە کوردی و نووکە زەمان کەمێ دەگەڵمان بە لوتفە ئەگەر کارەکە سەروبەر (...؟)، منیش لۆتی لە چاپ دەدەم و هەر بە ناوی خۆتەوە دەکەوێتە ناوناوانەوە ... ئەوە کارێکە جەنابت بە ئەنجام دانی سەردەقی خزمەتێکی ترت و نوێ دەشکێنی ... ئەوا بۆم ناردی و خۆت و شیرت...

لەو قەدەرانە لە خزمەت مام جەلال بووم، باسمان کردی ... ئەمن ئێستا لە هەولێرم، ناوبەناو دەچمەوە سولەیمانی، هەردوولا لە کارەکانم قایلن.

ئیدی سڵاو و ڕێزم بۆ هەموو هاوالانی ڕادیۆ دەنگی ئەمریکا...

هیوادارم کارەکە زوو ئەنجام دەی چاوەنۆڕم.

برات
مەلا شکور
واژۆ
10/5/1998

کۆپی کتێبەکەم پێ گەیشت و ئێستاش ماومە بەڵام مشووری شەوانە/

ڕۆژانەی ئامادەکردنی بەرنامەکانی ڕادیۆی دەنگی ئەمریکای کوردی ئەو دەرفەتەی لێ زەوت کردبووم جارێ خۆم خەریکی نووسینی دیکە بکەم. هەر لەبەر ئەو پڕکارییەی دەنگی ئەمەریکاشم بوو کە ناچار خوێندنی ماستەرەکەشم لە (زانکۆی جۆرج مەیسن University of George mason) لە ویلایەتی ڤیرجینیا) بە نیوەچڵی بەجێ بێڵم کە تەنها کەمتریش لە ساڵێکم مابوو بڕوانامەکەی لە (زمانانی بیانی foreign languages) لێ وەرگرم. داخی گرانم، هەر کەم ساڵێک دواتر، هەواڵی ناسووری مەرگی ئەو نووسەر و توێژەرە پەنجە ڕەنگینەم پێ گەیشت، مەلا شکور مستەفا لە ١٨/ ٩ / ٢٠٠٣ ماڵاوایی دوایی لێ کردین.

وەرگێڕانی کتێبە بەهادارەکەی کارل هادانگ بۆ کوردی هەر بە نیوەچڵی و بێ ناز مایەوە و ئەو داخوازانەی دیکەش کە لێی کردبووم بیرم نەماوە ئەگەر بۆیم جێ بە جێ کردبێ یانەنا. هەر چۆنێکی بێ، شەقی زەمانە نە هێشتی ئاوات و خەونە خۆشەکانی مەلا شکور بێتە دی نە هی من. جا ئاگام لەوەش نییە ئەگەر دوای ئێمە خێرخوازێکی ئەڵمانی و کوردی زانێکی باشی دیکە ئەو کارە جوان و گرنگەی کارل هادانگی بە ئەنجام گەیاندبێ.

نامەی دووەم

نامەی دووەمی مامۆستا مەلا شوکور مستەفا کە بۆی ناردبوومە ئەمریکا واژووی 1998//11/18 لە سەرە کە دیارە شەش مانگێک دوای ئەوەی یەکەمی ناردووە بۆ سۆراخی داخوازەکەی. ئەوساکە دیارە ئەو کرابووە کارگێڕی (کۆڕی زانیاری کوردستان).

ئەم نامەیەیان درێژترە و ڕاستییەکەشی زۆر وشەم بە چاکی بۆ نەخوێندرایەوە بۆیە تەنها تیشک دەخەمە سەر ئەو شوێنانەی کە شایەستەی بڵاوکردنەوەن و ئەوەی بۆشم نەخوێندراوەتەوە وەک پێشتر گوتم ئەوانەم بەم هێمایە (...؟) ئاماژە پێ داون.

بەڕێز کاکە عومەر دزەیی خۆشەویست

سڵاو ...

براله، چەند مانگێک لەمەوپێش (...؟) زیراکسی کتێبە (...؟) کارل هەدانگم لەبۆ هەناردی بۆمان بکەیتە کوردی و کارەکە 'الاحسان بالتمام' تەواو کەی و لێرە لە هەولێر بڵاوی کەینەوە... دەگەڵ نامەیەک بۆم ناردووی، نازانم بە دەستی ممبارەکتان گەیشتووە یان نا ؟ (...؟) کارەکە کاک سەردار میران و ناسکە دزەیی بۆیان رەخساندم. بە کاک موحسینیشم گوت ... سڵاوی هەیە ... کورە عومەر وەرەوە، ئێرە خۆشترە...

(.................. ؟)

برا گیان، رەنگە ئەگەر ئادرێسی فاکسیت بەڵەد بم شتت بۆ بنێرم، من ئێستا سەری کاری کۆڕی زانیاری کوردستانم بە دەستەوەیە. حەز دەکەم دەعوەتێکت لێ بکەین ؟ بابە کەفالەتی گوناهەکانت لەسەر ئێمە، وەرەوە، وەرەوە، وەرەوە ... شەوەکەت بەبیرە لە ماڵە پاشای خدری پاشای کە (...؟) دەگەڵ فارس ئاغای خزمتدا تا نیوەشەو حەیرانتان چڕی، ئەدی نەبوو شێخ لەتیف و حەمەی مەلا کەریمیش بوون؟

کاکە هەرچی ئادرەسی کۆڕ و کۆمەڵە و ئەکادیمیا و زانستگا و ئینستیتوی ئەمریکا و ئەوروپا هەن بە فاکس بۆمان بنێرە زۆرت منەتبار دەبین ... ئەرکی پارەی فاکسەکان بۆ خۆمان بۆت تەحویل دەکەین ...

(......................؟)

سڵاو لە فەخریە دۆسکی و موعتەبەر شیروانی و کاک مایکل دەکەم، پێیان بێژە دەعوەتیان لێ دەکەم بۆ کوردستان.

زۆر سڵاوم بۆ لارای زیرەک و دەنگخۆش و تارای جوان و کاروان و داڵگیان.. سڵاو لە مام ئەمریکا ...

ئیتر خۆشیتان

واژۆ

شوکور مستەفا

1998//11/18





مامۆستا شوکور مستەفا

-18-
نامەیەکی پڕ لە خرۆشی سەلاحودینی موهتەدی

کاک سەلاحی موهتەدی کوڕە گەورەی رحمان ئاغای حاجی بایز ئاغای بنەماڵەی خانەدانی ئیلخانی زادەی خێڵی ناوداری دێبوکرییە کە لە بۆکان و گوندەکانی دەوروپشتی نیشتەجێن. رەحمان ئاغای بابی یەکێک بووە لە وەزیرەکانی یەکەم کابینەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد.

کاک سەلاحیش تەبای باب وباپیرانی و تەواوی بنەماڵەی موهتەدی هەر لە تەمەنی منداڵییەوەی رێڕەوی کوردایەتی گرتۆتە بەر. دواجار، تەبای هەزاران هاوولاتیانی کوردی دیکەی، ئەویش ئاوارە و سەرگەردانی هەندەران بووە و بە خاو خێزانەوە لە ولاتی سوئێد گیرساوەتەوە. ناوەناوەش کاک سەلاح سەردانی باشووری کوردستان دەکات و لە سلێمانی بە دۆست و برادەرانی شاد دەبێتەوە.

کاک سەلاحودینی موهتەدی نەک هەر لە بواری سیاسەتدا شارەزایەکی ورد و دووربین و واقیعیە بەڵکو پسپۆڕیکی کەم وێنەی زمان و شیعر و ئەدەبیات و مێژووی کورد و فارسیشە و، ئینجا سەرباری ئەمانەش هەمووی، کەسایەتییەکی مەجلیس خۆش و قسەڕەوان و وەرام لە گیرفانە.

ئەمن پێش ئەوەی بە ناسینی کاک سەلاح و کاک عەبدوڵلای برای بەختەوەر ببم، پێش ئەوان لە ساڵی 1964 کاک محەمەدی برایانم لە پاریس ناسی کە هەردووکمان لەوێ دەمانخوێند و هەر یەکسەر بووین بە برادەری زۆر نزیکی یەکتری.

لە سەردانێکی بۆ ئەمەریکا بۆ بەشداری لە کۆبەندێکدا ئەمن زۆر خۆشبەخت بووم کە کاک سەلاح بۆ ئەو چەند رۆژەی ئەمەریکای میوانی ماڵی ئێمە بێت لە ڤیرجینیا. سەرنج کێشیی لەوەدا بوو کە لەو چەند رۆژەدا خۆم و روونـاکی هاوسەرم بۆ یەک لەحزەش بە چاوی خانەخوێ و میوان سەیری کاک سەلاحمان نەدەکرد بەڵکو وەک بڵێی ئەندامێک بووبێ لە فامیلی خۆمان. لەوانەیە پشتخان و فەرهەنگی خێڵەکی هاوبەشی نێوان فامیلی هەردووکمان، دێبوکری و دزەیی، نەیهێشتبێ ئەو و ئێمە لێک نامۆ بین. لە گفت و هەڵسوکەوت و قسە و باسەکانی، کە لە فەرهەنگی ئێمەوە زۆر نزیک بوو، هەر دەتگوت ئامۆزایەکی باب برامانە هاتۆتە سەردانمان. بەزمەکە هێشتان لێرەشدایە کە نێوی بابی کاک سەلاحی (رەحمان ئاغای حاجی بایز ئاغای) بوو، نێوی مامێکی منیش کتومت هەر ئەو نێوە بوو (رەحمان ئاغای حاجی بایز ئاغای). بابی من (حەمەدەمین ئاغای حاجی بایز ئاغای) بوو.

کە لەو سەردانەی ئەمەریکای گەڕایەوە بۆ سوێد کاک سەلاحی موهتەدی ئەم نامە جوانەی بە دەسخەتە شکەستە وەک نمە بارانەی بۆ ناردم کە تک تک جۆش وخرۆشی مرۆڤێکی هەستیار و دڵ برینداری لێ دچۆڕێتەوە. ستایلێکی ئەوەنـدە دڵ گەشێن لە نووسیندا کە پیاو هەست دەکا وا رۆمانی رۆماننووسێکی بە توانا دەخوێنێتەوە.

ئەمە دەقی نامەکەی کاک سەلاحودینی موهتەدی یە کە لە 99/3/29 لە سوێد بۆی نووسیوم.

بەرێز و خۆشەویست کاکە هۆمەر !

سەلامێکی سەمیمانەت پێشکەشە، پر لە تاسەی دیداری جوان و دەنگی خۆشت، تامەزرۆی گوفتاری شیرین و ماڵی رەنگینت. ئەم تاسە و تامەزرۆیی یە ـ ئاخۆ ـ کەی کوڵ و کۆی دادەمرکێ ؟ دەڵێن کوێر تا دەمرێ بە تەمای دوو چاوی ساغە !

ئێمەش هەر ئاواتە خوازین بۆ هەلێکی لەبار و نیشتمانێکی ئازاد و مەجلیسێکی گەرم و کۆمەڵێکی یەکگرتووی یارانی دێرین. بێ وەستان و بێ وچان زەوی دەگەڕێ و جیهان دەگۆڕێ و تەمەن تێدەپەڕێ. کاتێک بە خۆمان زانی وا خەریکە دەردی پیری دەبێتە سەرباری هەموو دەردان، مووی سپی ئاڵای تەسلیمی هەڵکردووە و ئێمەش لە گوێی گایدا نووستووین و توولی نەمامی ئەمەل تازە دەردەکا چرۆ!

لێت ناشارمەوە لەو هەموو ئاوات و خەونی رەنگاوڕەنگ، لە وان پلان و نەخشەی ژیرانە و بەرزەفڕ، ئێستا هاتوومەتە سەر ئەوەی کە کۆتایی تەمەنم _ بەڵام پێش پەک کەوتەیی و خەرفان _ ئەگەر چەند ساڵێکی کەم و کورتیش بێ، لە کوردستان بژیم لەگەڵ ئەو کەسانەی خۆشم دەوێن و جارێکی دیکە لەباتی تەزووی ساردی ترس و ناهومێدی، تەوژمی گەرمای هیوا و زیندووبوون بە لەشی کەسیرەمدا بگەڕێ و کە چاوم لێک نا، ئاخی غەریبی هەڵ نەکێشم!

تۆ بڵێی لەم رۆژکارە حیزەدا ئەم تەنیا ئارەزووەش نەقڵی بێ دەرپێ و دوو گەزە جاو بێ؟

نازانم بۆ لە سەرەتای نامەکەمدا _ بێ ئەوەی بەخۆم بزانم _ کەوتمە سەر ئەو کۆڵە خەفەت دەربڕین و کەسەر هەڵڕژتنە ؟ داوای لێبووردن دەکەم و هیوادارم دڵە ناسکە هونەرمەندەکەتم نەشکاندبێ کە هێمن کوتەنی دڵی شاعیر وەکوو ئاوێنە دەچێ و خۆ ئەگەر شکا _ خوانەخواستە _ وەکوو خەنجەر دەبڕێ ئاوێنە!

زۆر سوپاست دەکەم سڵام و احترامی برایانە و پڕ لە رێزم بە رووناک خان رابگەیەنیت و دڵنیا بێ کە یادی ئەو ماوەی میوانی بووم و یادی میهر و وەفا و نەجابەتەکەی قەت لە دڵم دەرناچێ.

کوڕ و کچ گشتیان سەلامم بۆیان هەیە و داوای سەلامەت و سەر کەوتنیان بۆ دەکەم. هەروەها دۆست و ئاشناکانی ئەوێ یەکە یەکە سەلامیان عەرز دەکەم.

کاکە گیان! شیعرەکەی هێمنم دۆزیەوە لە دیوانە چکۆلەکەیدا بەناوی ناڵەی جودایی. لە راستیدا برادەرێک دۆزیەوە و بۆی نووسیمەوە و منیش بە سوپاسەوە دەسخەتەکەی دەنێرمە خزمەت. پێویستە ئەوەشت عەرز بکەم کە مەرزە خـانمی هاوسـەری ناسـری رەززازی ئەو شـیعرانەی کـردۆتە گۆرانی و من خۆم گوێم لێ نەبووە بەڵام پێ یان وتم کە بە CD بڵاو بۆتەوە لەگەڵ کۆمەڵە گۆرانی یەکی خۆی و ناسردا.

ئەگەر بە پێویستی دەزانـی و لەوێ دەسـت نـاکەوێ خەبەردارم کە تـا ئەو CD ش پەیدا بکەم و بۆت بەرێ بکەم.

لەمەڕ چەند کوڕ و کچێکی کورد کە ببنە ئەندامی کۆڕی گۆرانی دروێنە، لێرە شوکر لاوی کورد زۆرن و پەکت ناکەوێ. جارێکی دیکە عەرزی سەلام و خۆشەویستیم پێشکەشە.

سەلاحودینی موهتەدی

99/3/29 واژۆ

سەرباری رێز و خۆشەویستیی زۆرم بۆ کاکە سەلاح و خاو خێزانی و براکانی حەز دەکەم پێی رابگەیەنم کە بەرئاوەژووی ئەوەی کە ئەو بۆی چووە گوایە دڵمی شکاندبێ بە " نازانم بۆ لە سەرەتای نامەکەمدا _ بێ ئەوەی بەخۆم بزانم _ کەوتمە سەر ئەو کۆڵە خەفەت دەربڕین و کەسەر هەڵڕژتنە؟ داوای لێبوردن دەکەم و هیوادارم دڵە ناسکە هونەرمەندەکەتم نەشـکاندبێ" ئەمـن چێژێکـی یەکجـار خـۆش و بەتـام لە شـێوازی ووسینەکانیم وەرگرتووە کە دڵمـی گەشـاندۆتەوە نەک شـکاندبیەتی. بریـا ئەم نامەیەی کە بۆمی ناردووە دە هێندەی دیش درێژتر بوایە هەر بەو " کۆڵە خەفەت دەربڕین و کەسەر هەڵڕژتنە"شیەوە. ئەمن کە نووسینەکانی

کاک سەلاحی موهتەدی دەخوێنمەوە وەک بڵێی سیمورغێک لەسەر شاپەڕی باڵی خۆیم دانابێ و بە گەردوونێکی پڕ لە خەون وخەیاڵی فانتازیا و تەلیسمدا گوزەرم پێ دەکات وام لێ دێ. بۆیە تکام ئەوەیە کاکە سەلاح گیان، هەر بەردەوام بە لەو شێوازی نووسینە دەگمەنەت و لەو قسە پڕ لە زانیاری گشتیە سەرنج کێشانەت. شانازیت پێوە دەکەین و لێت فێر دەبین.



لە ماڵی دکتۆر بەرهەم، لە ڤیرگینیا/ ئەمریکا

لە ڕاستەوە: سەڵاحەددینی موهتەدی، هۆمەر دزەیی، پەیمان خان هاوسەری عومەر هەڵمەت

بەڕێز و خۆشەویست کاکە هۆمەر !

سڵاوێکی سەمیمانەت پێشکەشە ، پڕ لە تاسەی دیداری جوان و دەنگی خۆشت ، تامەزرۆی گوفتاری شیرین و مانای ڕەنگینت ئەم تاسە و تامەزرۆییە - ئاخۆ - کەی کوڵ و کۆی دادەمرکێ ؟ دەڵێن کوێر تا دەمرێ بە تەمای دوو چاوی ساغە !
ئێمەش هەر ئاواتە خوازین بۆ هەڵێکی لەبار و ڕێسمانێکی ئازاد و مەجلیسێکی گەرم و گوڕ و کۆمەڵێکی یەکگرتووی یارانی دێرین . بێ وەستان و بێ وچان زەوی دەگەڕێ و جیهان دەگۆڕێ و تەمەن تێدەپەڕێ ، کاتێک بە خۆمان زانی وا خەریکە دەردی پیری دەبێتە سەرباری هەموو دەردان ، مووی سپی ئاڵای تەسلیمی هەڵکردووە و ئێمەش لە گوێی گایدا نووستووین و
ترولی نەمامی ئەمەل تازە دەروەکا چرۆ !
لێت ناشارمەوە لەو هەموو ئاوات و خەونی ڕەنگاوڕەنگ ، لەوان پلان و نەخشەی ڕێژراو و بەرز و فرە ، ئێستا ئاتوومەتە سەر ئەوەی کە کۆتایی تەمەنم - بەڵام پێش پەککەوتەیی و خەرفان - ئەگەر چەند ساڵێکی کەم و کورتیش بێ ، لە کوردستان بژیم لەگەڵ ئەو کەسانەی خۆشم دەوێن و جارێکی دیکە لە باخی تەڕ و تووی ساروی ترس و ناهومێدی ، تەوژمی گەرمای هەوا و زیندوو بوون بە لەشی کەسیرەمدا بگەڕێ وەکو جاوم لێکەنا ، ئافی ئەمریسی هەڵ نەگێشم !
تۆ بێی لەم ڕۆژگارە چەپەڵەدا ئەم تەنیایی و دوورەش نەقڵی بێ دەرێ و ڕوو لە زەجارێ ؟
نازانم بۆ لە سەرەتای نامەکەمدا - بێ ئەوەی بەخۆم بزانم - کەوتمە سەر ئەرکی لە خۆوەت دەربڕین وەکو سەر هەڵگرتنە ؟ داوای لێبووردن دەکەم و هیوادارم دڵە ناسکەکەی هونەرمەندەکەتم نەشکاندبێ کە هێمن گوتەنی دڵی شاعیر وەکوو ئاوێنە دەچێ و خۆ ئەگەر شکا - خوانەخواستە - وەکوو خەنجەر دەبڕێ ئاوێنە !
زۆر سوپاست دەکەم سڵاو و ئیحترامی برایانە و پڕ لە ڕێزم بە ڕووناک خان ڕابگەیەنیت و دڵنیا بێ کە یادی ئەو ماوەی میوانی بووم و یادی میهر و وەفا و مێهرەبانییەکەی قەت لە دڵم دەرناچێ ،

کوڕوکچ گشتیان سەلامم بۆیان هەیە وداوای سەلامەت وسەرکەوتنیان بۆ دەکەم .

هەروەها دۆست و ئاشناکانی تری یەکە یەکە سەلامیان عەرز دەکەم .

کاک گیان ! شیعرەکەی هێمن زۆرە وە لە دیوانە چاپکراوەکەیدا بەناوی ناڵەی جودایی .
لە ڕاستیدا بڕاوەزێک زۆرەوە ولێی نووسیمەوە وبینیم بەسەرپاسەوە ڕەنجەکەی
ئەوت دە نێرمە خزمەت . پێویستە ئەوەشت عەرز بکەم کە ئەمەرزە فانمی
دوسەری ناسری دەرزازی شەر شیعرانەی کردوەتە گۆرانی وەمن خۆم گوێم لێ نەبووە
بەڵام پێیان گوتم کە بە CD بڵاو کراوەتەوە لەگەڵ کۆمەڵە گۆرانی یەکی خۆی وناسردا .
ئەگەر بە پێویستی دەزانی ولەوێ دەست ناکەوێ خەبەر دەدارم کە تا ئەو CD یەش پەیدا
بکەم وبۆت بنێرم .

ماوەتە چەند کوڕوکچێکی کورد کە بەبنەماڵەی کۆڕی گۆرانی دروێنە ، ئێرە شوکر لاوی
کورد زۆرن وپەیکەت ناکەوێ . جارێکی دیکە عەرزی سلاو وخۆشەویستیم هەر هەمیشە !

سەلاحەددینی موهتەدی 29/3/99

-19-
دوو فرمێسکی وەفاداریم بۆ خۆشخوانێک

لەوەتەی هەم حەزم لێ بووە و چێژم لێ وەرگرتووە ئەو نامانەی دۆست، برادەر، خوشکەدەر، یار و کیژوکار بۆیان ناردووم بە جوانی بپارێزم و هەڵیان بگرم بەتایبەتی ئەوانەی کە بابەتی کولتووری و شیعر و ئەدەبیات و مێژووی سیاسی و ئەوانەش کە حەزحەزۆکێی سالآنی نەوجوانیمی تێدا باسیان لێ کراوە. تا ساڵی 63 یش هێشتا نامە و وێنە و وردە نووسینی سالآنی خوێندنی سەرەتاییشم هەڵگرتبوون بەڵام شالآوی بەعسی ئەو ساڵە ماڵەکەی گوندی دووگردکانیان سووتاندین و سەرەنجامی زۆرێک لەو بەڵگە مێژووییانەم خۆڵەمێشی گوێ ئاگردان بوو. ناوەرۆکی هەندێ لەو نامانەی ماون تێکەڵەیەکە لە سیاسەت و مێژوو و لایەنی تایبەتی خاو خێزانیش. جا لێرەدا ئەمن وای بە راست دەزانم هەر ئەو بەشانە بڵاو بکەمەوە کە بایەخێکی مێژووییان هەیە و باپاسی ئەو بەشانەش بکەم کە پەیوەندیدارن بە کاروباری خێزانییەوە بۆ ئەوەی خوێنەری خۆشەویست وەڕس نەکەم بە شتی لاوەکیی کە رەنگە بۆ ئەو کەم بایەخ بن.

نامەیەکی حەمەی بەکری دەنگ پڕ لە جۆش و خرۆش

ئەمن لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو کە هێشتا لە قۆناخی خوێندنی ناوەندی بووم لە کەرکوک ناوی حەمەی بەکری دەنگخۆشم بیستبوو بێ ئەوەی خودی خۆیم بینیبێ یان تەنانەت گوێم لە گۆرانییەکیشی بووبێ

چونکە ئەو و سالح دیلانیش پێیان خۆش نەبوو دەنگیان بۆ ئێسگەی رادیۆ تۆمار بکرێ. یەکەم جار کە ئاشنایەتیمان لە نێواندا دروست بوو هاوینی ساڵی 1959 بوو لە شاری ڤیەننا لە نەمسا. ئەوسا کاکە حەمە لەگەڵ شاندێکی عیراقیی کورد و عەرەب بۆ بەشداریی لە فێستڤاڵی لاوان و قوتابییانی جیهانی چەند هەفتەیەک لەو شارە حەیاتە مایەوە کە من لەوێ قوتابی زانکۆ بووم. جا لە ڤیەننا پێکەوە لەگەڵ ئەو دەنگخۆش و موزیسیانە کوردانەی کە لەگەڵ شاندی عیراقیدا هاتبوون چەند ئێوارەیەکی موزیکاڵی زۆر سەرکەوتوومان پێشکەش بە لاوان و قوتابییانی وڵاتانی جیاجیای دنیا کرد کە ئەوانیش بۆ فێستڤاڵەکە هاتبوون و ئەوانیش هونەری گەلانی خۆیان نمایش دەکرد. دوای ئەوە لەگەڵ کاکە حەمە لێک دابڕاین تا بۆ جاری دووەم ساڵی 1964 لە سلێمانی یەکتریمان بینییەوە کە ماوەیەکی کورتخایەنی ئاشتی لە نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی بەغدای دوای بەعسی یەکەم ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساندبووین. هەنگی ئەمن لە ئەشکەوتەکەی گردەڕەشی نزیک ماوەت کە لەوێ رادیۆی (دەنگی کوردستان)مان دەگێڕا گەڕابوومەوە بۆ ناو شار. لە سلێمانی هەر شەوی لە ماڵی یەکێ لەم هونەرمەند و شاعیر و هونەر دۆستانە چەند کۆڕ و دانیشتنی زۆر خۆشمان بە موزیک و گۆرانی دادەبەستا: ئەمین شەوکەت، نوری وەشتی، مستەفای خاوەن کۆگای گوڵزار، مستەفای سەید مەجید، حەمە سالح دیلان، قادر دیلان، حەمەی بەکر، نەجاتی عەبدە، حەتەمە رەش، هۆمەر دزەیی و چەند هونەرمەندێکی تری تیپی موزیکاڵی مەولەوی کە بەداخەوە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە. لەوەش زۆر دڵنیا نیم ئەگەر لە یەکێک لەو شەوارە هونەرییانە رەفیق چالاکیشمان لەگەڵدا بووبێ.

ساڵ هاتن و ساڵ چوون ئەمجارەیان ئەمن لە واشنتن و لە رادیۆی (دەنگی ئەمەریکای کوردی) گیرسامەوە. لەوێشدا پەیوەندیم بە کاکە حەمەوە هەر مابوو و ناوبەناو داوای گۆرانیم لێ دەکرد بۆ رادیۆکەمان. ئەمەیان نامەیەکی کاکە حەمەی بەکرە کە لە سلێمانییەوە بۆی ناردوومەتە

واشنتن و وەک گەوهەرێکی بەهاداری دەگمەن بۆ مێژوو پاراستوومە.

برای خوشەویستو بەریزم کاک عمر

پاش سەلام و ئەحوال پرسین هیوادارم سحەتتان هەر باش بیت و داوای سەرکەوتنت بو ئەکەم. بە داخەوە کە تەلەفونت کردبو زور نەمانتوانی باسو خواستی یەکتری بو یەک باس بکەین . ئەو گورانییەی کە لەگەل کچەکەت وتبوت لە تلفزیون جاروبار لی ئەدەن ئەی بینین زور گورانییەکی سەرکەوتوە داوای شریتیکت کردبو حازرم کردوە بوت شریتیکیان خوم بوم پر کردویتەوە هەمو گورانییەکانی تیدایە بە مقامو بەستە و الاوەیسی وە چەند مقامیکی تریشی تیایە لەگەل دوو شریتی کە یەکیکیان گورانی هەورامیە خۆی سیاچەمانە پینج شەش نەوعە هەمو نەوعەکانی تیایە. شریتیکی هورەی جافیشم بو پەیدا کردوی ئەنواعی هورەی جافی تیایە وا هەرسیکیان لەگەل ئەم نامەیەدا تەسلیم بە کاک اراس شیخ جەنگی ئەکەم ایتر ئەو مسئولە بە ناردنی هەرسی۳ شریتەکە و کاغەزەکە. برادەران و مستەفا سید مجید زور ئەحوالت ئەپرسن. کاک نوری وشتی زور ریزی هەیە بوتان .

ایتر هەمو رەفیقو برادەران ریز و سلاویان هەیە.

خوشیتان هیوادارم.

واژۆ

برات

حمەی بکر

یادی بەخێر حەمەی بەکر. پیاوێکی رەشەسمەری جوان کە دوای چەند پەرداخێک شەراب نۆشین هەردوو گۆناکانی ئەگەشانەوە و

سیمایەکی هێشتا دلکەشتری ئەدا بە ئاکاری روخساری رەنگ هەناری.
گەروویەک پڕ لە سۆزی غەریبی مێلانکۆلیک و دەنگەژێکانی رۆڵی
ئۆرکێسترایەکیشیان ئەدی بۆ قۆکاڵەکەی مانەندی گرین و زاری.



حەمەی بەکر

-20-

دوو فرمێسکی وەفاداریم بر هەڵبەستوانێک

نامەکانی حەمە رەسوڵ هاوار: شاعیر، مێژوونووس، زمانەوان.

لە ساڵانی دەنگی ئەمەریکام بەرنامەیەکی حەفتانەم هەبوو لەسەر فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی بەناوی (فەرهەنگ و تۆرەی کوردی). پەیوەست بەو بەرنامەیەم پەیوەندییەکی بەردەوامم هەبوو لەگەڵ شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانی کورد و شارەزا و پسپۆڕانی کورد لە هەموو بوارێکی فەرهەنگ وکەلەپووری کوردیدا. حەمە رەسوڵ هاوار، شاعیری " کوردستان جێگای بەچکەی شێرانە" یەکێک بوو لەو شاعیر و مێژوونووس و زمانەوانانەی کە بەردەوام لە پەیوەندی دابووم لەگەڵیدا، ئەو لە لەندەن، من لە واشنتن.

چەند نامەیەکی کاک هاوارم بۆ هەڵگیراوە کە بۆ زانیاریی خۆم لەبواری مێژوو و شیعر و کولتووری گشتی هەمیشە هانام وەبەر ئەو دەبرد بۆ ئەوەی بەرنامەکانمی پێ پڕوپڕتر و بەڵگەدارتر بکەم. ئەمەیان یەکێکە لە وەرامنامەکانی کاک هاواری رەحمەتی.

لەندەن 23/5/1995

برای بە ریزی هونەرمەند کاک عمر دزەیی

ئەم کاتەتان شاد:

پاش ریز و سلاو هیوادارم باش بن

چاوەکەم ئەو جارە بە تەلەفون دەربارەی رفیق چالاک و باسی ئەو شانۆگەری یەی کە لە سالّی ١٩٤٨ دا دوای بوومەلەرزەکەی پێنجوین، هەندی شتم بۆ ئامادە کردبووی وە بەتەما بووم پەیوەندی بکەینەوە لەو رووەوە، بەڵام دیارە کار و فرمانی زۆر دەرفەتی ئەوەی نەدابوون، بۆیە حەزم کرد بەم نامەیە لەو رووەوە خۆم چیم لەبیرە و لە برادەرانی تریشم پرسی وەکو ماموستا ابراهیم احمد و ماموستا هەردی بۆتان بنووسن. (ئەوی شایانی باسە رفیق چالاک سالی 1923 لە دایک بووە و لە 1973دا کوچی دوایی کردووە.)

لە سالّی 1946 دا کومەلیک تازە دروست بوبو بە ناوی (کومەلی هونەرە جوانەکان) لە شاری سلیمانی و بۆ پیتاک کردن بۆ لی قەوماوانی ئەو بوومە لەرزەیە چەند چالاکیەک کرا کە یەکیک لەوانە ئەو چیروکە بو کە بە ناوی (لە رێی نیشتمان) دا کرا کە ترجمەی چیروکەکەی (فی سبیل التاج) ی منفلوتی بوو بە عربي.

لەو چیروکەدا - شانوکە لە قوتابخانەی گویژەی سەرەتایی پێشکەش کرا کە رفیق چالاک قارەمانی چیروکەکە بوو و حسین توفیق و محمود محمد قادر لەیلێ گورانی (قژ کالی لیو ئالی) وت. لە سالّی 1947-1948 تیشدا وەکو هەردی بوی باس کردم، یەکیتی قوتابیانی سلیمانی کە ئەوسا کمال فوئاد سەروکی بوو بە هوی غفوری مرزا کەریمەوە داوایان لە هەردی کرد کە (فی سبیل التاج) یان بو بکا بە شیوەی شانوگەری و ئەلی پیم وتن کە رفیق چالاک ئەو کارەی بەر لەمە کردوە و پیوست بەوە ناکا، بەڵام ئەوان هەر سوور بوون لەسەر داخوازیەکەیان منیش چیروکەکەم بو کردن بە شیوەی شانوگەری و قوتابیانی قوتابخانەی ئامادەیی لە سلیمانی لەسەر شانوی قوتابخانەکەی خویان پیشکەشیان کرد

و هەردی سەرپەرشتی دابەشکردنی دەورەکانی و جۆری دەرهینانی (اخراج) ی خرایە ئەستو و پراوەیەکی زوری پی کردن و شانۆکە ۲ - ۳ روژ دریژەی کیشا و خەلک بە پەروشەوە ئەچوون بو سەیری و حکومتی ئەوسا بە ناوی (پاراستنی ئاسایش) ەوە شانوگەری یەکەی قەدەغە کرد.

(بەینی خومان بێ کاک عومەر، ئەو کارە بۆ کوکردنەوەی پیتاک بوە بو حزبی تحرر، نەک بۆ پنجوین) کە ئەوسا لە سلیمانی باوی بو. ئەوانەی لەمەدا بەشدار بون وەکو بیرم بی، احمد غفور، احمد شیخ حسن و چەند کەسیکی تر لەبیرم نەماون...

ئەمە دەربارەی (لە رێ ی نیشتمان) دا، بەلام بۆ ئاگاداریتان لە سلیمانیدا بەر لەوە چەند جارێک چالاکی شانۆگەری بوە کە یەکیک لەوانە بەناوی (کەرە لۆتی مەنوچەهر) کە نوسینی ماموستا ابراهیم احمدە و لە گوڤاری گەلاویژدا بلاوکرابوەوە، پالەوانەکەی (رئوف یحیا) بوو کە وا بزانم احمد شیخ حسن و شوکت غفوریش بەشداری یان تیادا کردبوو. ماموستا ابراهیم احمد باسی چەند شانوگەری یەکی کۆنی پیش ئەمانەی بو کردم وەکو چیروکی (نیرون) کە ماموستا سالح قفتان ترجمەی کردبوو و ئامادەی کردبوو بۆ شانۆ لەوەدا ابراهیم احمد و رئوفی شیخ سالح و فوئاد رشید و مجید رشید و رحیم و رحمانی جووتە برا و جمال مجید بەشداری یان کردبو، هەروەها فوئادی سالح قفتانیشی تیادا بوە.

جگە لەوە لە سالی 1929 شدا چیروکیک بە ناوی (شورشی فرنسە) لە قوتابخانەی زانستی کراوە، کە لەو روژانەدا پیرەمیرد و سالح قفتان و چەندکەسیکی تر هاوبەش بون لە بەریوەبردنی کاروباری قوتابخانەی زانستی دا (زانستی قوتابخانەیەکی شەوی اهلی بو بە پارە و یارمەتیدانی خەلکی سلیمانی دەبرا بەریوە و ئەوانەی کاسب بون و بە روژ نەیان توانیبو بچنە قوتابخانە دەرفەتی ئەوەیان هەبوە کە بە شەو بخوێنن، کە

بیـرم دی قوتابخـانەکە لە گەڕەکـی سـابونکەران بـوو خـانوەکە هـی مـلا حکیمی قرەداغی بوو.

ئیتر هیـوام خوشی و سـەرکەوتنتانە و لەگەل ریز و سـلاوم بۆ هەمـوو خوشک و برادەرانی ئیستگەکەتان.

واژۆ

براتان: هاوار

کاکە عمر بم بورە بو خەتە ناخوشەکەم چونکە هی دەست و پەنجەی لەرزوکە و پیری هاتوە بە پیریمەوە و پیرەمیرد ووتەنی

پیری هاتوە بە پیریمەوە کەس نیە وە تەنگ دلگیریمەوە

مەولەویش فەرموویەتی:

پیری پیم ئەلیٚ درەنگە های خزمە

دانەوە دەرگای ریٚی مردن نزمە

جـاریٚکی دیـکەش داوای هەنـدیٚ شـیعری مسـتەفا بەگـی کـوردیم لە کـاک هـاوار کردبوو. ئەمەش دەقـی وەرامەکەیەتـی کە لە 99/3/12 لە لەندەنەوە بۆی رەوانە کردووم بۆ ویٚستگەی رادیۆی دەنگی ئەمەریکا.

لندن 99/3/12

برای زور بە ریز و خوشەویست کاک هومەر

ئەم کاتە و هەموو کاتیکتان شاد و هیوادارم لە خوشیدا بن.

روحەکەم دەفتەریکــی کــونم هەیە وەکــو کەشــکوڵی لەوەدا چەنــد شـعریکی مسـتەفا بەگـی کـوردیم تیـا نوسـیوە لەوانە ئەم چـوار شـعرەم بـو

ناردن کە لام وایە لە شعرە بەرز و بە سۆزەکانی بیٰ....

کاک هومەر، روژی پینج شەمە بوو ... لە پوستەی گویگرەکانا یەکیک هەندی پرسیاری کردبوو دەربارەی قاموسەکەی کاک مایکل چایات و لە وەرامدا گویم لە دەنگی خوی بوو کە وتی " قاموسە کوردیە ئینگلیزیەکە کوردیەکەی بە شیوەی کرمانجی و هەندی ووشەشی بە سورانی و بە (هەورامی) تیدایە، لام وایە ئەوەی ئەو مەبەستیتی دەبیٰ شیوەی (گوران) بیٰ چونکە هەر هەورامییەکان بە شیوەی گوران نادوون بەلکو جوانرۆ و باجلان و (شبک)ی دەوری موسل و همەوەند و زەنگنەی جارانیش هەر بەو شیوەیە ئەدوون.... نازانم لەمەدا باشی بۆ چووم یا نا چونکە نەک هەر من بەلکو هەندی کەسی تریش لایان وایە هەورامانیەکان وەکو ئەوانی تر بە شیوەی گوران ئەدوون بویە راست نیە پیٰ ی بوتریٰ شیعرە زمانی هەورامی...

بم بورە شعرەکان بە خەتیکی ناخوش نوسراون بە داخەوە دەستم دەلەرزیٰ و چاپیشم نیە بویە داوای لی بوردن دەکەم.

واژۆ

برات ر هاوار

یادی بەخێر کاک حەمە رەسوڵ هاوار. هەڵبەستگەلێکی زۆر دڵڕفێنی بۆمان بەجیٰ هێشتووە. بەلای منەوە ئەم شیعرە پڕ لە سۆز و خرۆشی کوردپەروەری و نیشتمانپەروەرییەی سەرتۆپی نەک هەر شیعرەکانی خۆی بگرە هی زۆر شیعری شاعیرانی دیکەی کوردیشە لەسەر کورد و کوردستان:

کوردستان جێگای بەچکەی شێرانە

جێگای هەوارگەی کورد و گۆرانە

خوایە هەر خۆش بیٰ بۆمان تاسەر بیٰ

پاشماوەی خاکی ماد و بابانە

....

من و لارای کچم کە جاران هەردوکمان لە بەشی کوردی رادیۆی دەنگی ئەمەریکا کارمان دەکرد ئەم سروودەمان تۆمار کرد و ئێستاش لە یوتیوب دا بەردەستە. ئاوازی ئەم سروودە بەڕاستی زۆر هەست بزوێنە نازانم کێ دایناوە و رەنگە تورکیش بێ چونکە جاران زۆر لە هەڵبەستە کوردییە کلاسیکەکانمان ئاوازی سروودی تورکییان بە باڵا دەکردن.



له ڕاستەوە: ئیبراهیم ئەحمەد، حەمەڕەسووڵ هاوار، هۆمەر دزەیی. لەندەن





لەندەن ١٠ / ٣ / ٩٩

برای زۆر بەڕێز و خۆشەویست کاک هۆمەر

ئەم کاتەت هەموو کاتێکتان شاد و هیوادارم لەخۆشیدا بن.

[illegible]

[illegible] ئێمە چوار شیعرم بۆ ناردوون

[illegible] ....

کاک هۆمەر [illegible]

[illegible]

نامەی ... هەموو [illegible]

[illegible]

براتان [illegible]

-21-
نامەیەکی دکتۆر (پەروین نووری عارف) مامۆستای دیراساتی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی لیدز لە بەریتانیا

نامەکە ساڵی (1997) بۆ بەشی کوردی ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکی نووسراوە، کە داوا دەکات ڕێگا بە هۆمەر دزەیی کارمەندی ڕادیۆ کوردییەکە بدرێت یارمەتی کۆلێژەکەی زانکۆی لیدز بکات، لە بواری فەرهەنگ و کولتووری فۆلکلۆری کوردی، کە شارەزاییەکی زۆر بەرچاوی لەو بوارەدا هەیە .ئەوسا من (هۆمەر) هێشتا نەبووبووم بە سەرۆکی بەشی کوردیی ڕادیۆکە، بەس تەنها کارمەند بووم، سەرۆکی بەشەکە ئەمەریکی بوو.

" زور زور سوپاس ماموستای خوشەویستمان. بە ڕاستی ئەمەویت پیت ڕابگەینم کە لە ئاهەنگی نەوروزی لەندەن دەنگێ زولالی تو و لاراخان هەموو کوردی یەکخستبوو ئەو شەوە دارە ئەوانەی هاتبون سەر بە حزب و لایەنی جورا و جور بوون کە ڕیکەوتنیان ئاسان نیە وەکو ئاشکرایە لای هەمومان بە داخەوە ئەمە ئەلیم بەلام ئەو شەوە تو و لاراخان توانێتان هەمومان بکخەن وە ئاوازی کوردی سەرکەوت بەسەر شەررو ناکوکی و ئەتوانم بلیم هەموو ئەو دەردانەی کە لەناو کومەلی کوردایە لە ناو کوردستاندا وە لە دەرەوەی وەلاتە خۆشەویستەکەمان. دوای ئەو شەوە هاتم بۆ مەلبەندی روشنبیری کوردی وە گویم گرت لە خویندنەوەی شیعرەکە کە بەراستی پیک هاتوە لە میژووی فولکلور و هەندی لەو کیشە گرنگانەی کە کوردی دەرەوەی کوردستان توشی بوون. پیروزبایی ئەو شیعرەت لی ئەکەم وە هیوان وایە هەر سەرکەوتوو بیت."

پەروین

[illegible]

Head of Kurdish Service
Voice of America
Washington DC 20547
U.S.A.

From the Department of Arabic
and Middle Eastern Studies

[illegible] April 1997

Dear Sir,

My name is Parween Noori Arif and I am teaching at the Department of Arabic & Middle Eastern Studies, Leeds University in the United Kingdom.

The Department has established a Master's Degree in Middle Eastern folklore which includes Kurdish folklore and I am hoping to supervise students in Kurdish folklore as well as Arabic folklore, my area of study and research.

I am writing to you in anticipation whether you could kindly approach Mr. Homer Dizayy, who is one of your employees and a distinguished scholar in Kurdish folklore with the view to assisting my Department in whichever way possible to help us build our reference library, donate tapes or help us with the study of Kurdish folklore in general : such as allowing our future students to consult him or correspond with him.

Mr. Dizayy has a great wealth of material both written and oral on Kurdish folklore and I hope we will be in a position to benefit from his wide range of knowledge and thus establish the discipline of Kurdish folklore at Leeds University as a viable and worthwhile area of study.

I look forward to hearing from you soon.

Yours faithfully

Parween Noori Arif (Dr.)

-22-
نامەیەکی عەلی فەتاح دزەیی ئامۆزام (1992 - 1928)

لە کوێی ئەی دەنگ و ئاوازی براکەی نەوجەوانی من
لە کوێی ئەی بولبولی شیرین جریوەی کوردزمانی من
عومەر، ئەی کاکی شیرینم، لەبیرت بێ لە غوربەتدا
کە زۆر چاویان لە تۆیە کێوەکانی نیشتمانی من

ساڵی 1957 کە دەچووم بۆ ڤیەننا و بە ڕێدا چەند شەوێک لای کاک عەلیی قوتابیی زانکۆی دیمەشق لام دابوو ئیتر دوای ماوەیەکی کورت لە گەیشتنم بۆ ڤیەننا ئەم چەند دێڕە شیعرەی سەرەوەی بۆ ناردم کە لە پشتی وێنەیەکی خۆی بۆی کردبوومە دیاری.

عەلی فەتاح دزەیی نەک هەر ئامۆزام بوو بەڵکو هاوبیر و هاوخولیام و یەکێک لە برادەرە هەرە نزیکەکانیشم بوو، پیاوێکی شاعیر، لێکۆڵەر و ڕۆشەنبیر. وەک گەلێک لە لاوانی ساڵانی سییەکان و چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیستەم، خۆشم ئاسا، ئەویش ئەزموونی لە هەموو پارتییە کوردییە ناسیۆنالیستەکان و حزبی شیوعیش دا هەبوو. لە کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکاندا سێ ساڵ لەسەر کۆمونیزم کەوتە بەندیخانە. لەوێ لەگەڵ شاعیری گەورە عەبدوڵا گۆران بوو بە ئاشنا و کاریگەریی گۆران کەوتە سەر شێوازی شیعردانانی. کە ماوەی حوکمەکەی تەواو کرد چووە دیمەشق و لەوێ لە کۆلێژی ماف خوێندی و بڕوانامەی لیسانسی لەو ڕشتەیە وەرگرت.

هەر لەوێ لە ئەنجامی تێکەڵاوی بە کوردەکانی ڕۆژئاوا کاک عەلی فەتاح دزەیی ئەمجارەیان بە تەواوی کەوتە سەر ڕێڕەوی ناسیۆنالیزمی کوردی. دۆستایەتیی زۆر بە تینی پەیا کرد لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانەکان و کوردانی کوردپەروەری ڕۆژئاوا: ڕەوشەن خانمی بێوەژنی میر جەلادەت بەدرخان و سینەم خانمی کچی و جەمشیدی کوڕی و لەگەڵ قەدری جەمیل پاشا، عوسمان سەبری، مەمدوح بەگ، نورەدین زازا، جگەرخوێن، قەدری جان، عیسمەت شەریف وانلی و زۆری تر لە کوردانی سەرقاڵی سیاسەت و ڕۆشەنبیری لە سوریا.

عەلی فەتاح کە گەڕایەوە بۆ کوردستان تەریب لەگەڵ کاروباری بەڕێوەبەرایەتیی دەوڵەت وەک مدیر ناحیە و دواتر قایمەقام بەردەوام بوو لە شیعر دانان و لێکۆڵینەوەی بە پێز لە بەیتی کوردی بە تایبەتی مەم و زین. باوەڕ ناکەم توێژەرێکی دیکەی کورد فەلسەفەی ئەحمەدێ خانیی لە مەم و زین دا وەک عەلی فەتاح دزەیی تێ گەیشتبێ، لێکی دابێتەوە و شیی کردبێتەوە.

کە ئەو لە شام بوو ئەمن لە مانگی نیسانی ساڵی 1957 لە ڕێی چوونم بۆ ڤیەننا چەند شەوێک لای کاک عەلی لام داو منیش بە ناسینی ئەو هەموو کوردە ڕۆشەنبیرە ناسیۆنالیستەی ئەوێ شاد بووم و گەشامەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی کورد پاش تێکچوونی ڕێککەوتنی یانزدەی ئاداری 1970 کاک عەلیش تەبای ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئەمجارەیان لە ڕۆشەنبیرانی کورد ڕووی کردە چیا و بوو بە پێشمەرگە. ساڵی 1975 ئەمن هێشتا لە شاری ڤیەننا بووم کاک عەلی بۆ عیلاج هاتە ئەوێ. چۆن شاعیری گەورە عەبدوڵا گۆران کە ساڵی 1959 ئەویش هاتبووە ئەو شارە کە من ئەوساش لەوێ بووم و بەناو ئەو شارەی ناسراو بە (جوانی و موزیک و شەراب) دا چەند شەو و ڕۆژێک گەشتم

پێ دەکرد سەرسامی جوانیی شارەکە و ژنانی شارەکە بوو ئەوهاش بەسەر عەلی فەتاح دزەییدا هات. دواتر کاک عەلی شیعرێکی پڕ لە وردەکاریی لەسەر ڤیەننا و نمایشێکی ئۆپێرای ڤیەننا نووسی کە هەردووکمان پێکەوە چووبووینێ و شیعرەکەی پێشکەش بە من کردبوو.

ئەم نامەیەی کە لە کاک عەلی ئامۆزامەوە بۆم هاتە ئەمەریکا پێم وایە دەبێ دوا نامەی ژیانی بووبێ کە نووسیبیەتی یان رەنگە هەر ئاخیرین دەستوقەڵەمی بووبێ چونکە هەر چەند هەفتەیەک دوای گەیشتنی نامەکە پێم راگەیەندرا کە عەلی فەتاح دزەیی بە نەخۆشیی شێرپەنجە لە تەمەنی 63 ساڵیدا سەری ناوەتەوە. خۆی هەر لە نامەکەشیدا هەست دەکرێ ئەوە دوا ماڵ ئاوایی یەتی. ئەمەش نامەکەیە.

هەولێر

992/1/6

برای خۆشەویستم هۆمەر

چاوت ماچ دەکەم و چاوی روناک و هەموو منداڵەکان.

دایکی رۆژان زۆر لە ئەحواڵتان دەپرسی و چاوی منداڵان و دایکیان ماچ دەکا.

رۆژانیش احتراماتی هەیە و چاوی خوشکەکانی ماچ دەکا و هەمیشە ئێوەی لەسەر زارە، دەڵێ بابە (مامم عمر هەولێری لێ چۆڵ کردین و مامم (سعدی)ش بەغدای لێ چۆڵ کردین.

براگیان، خوا دەزانی لە کانی دڵمانەوە هیواداری سەرکەوتن و سەربەرزی و بەختیاریتانین، راستی یەکەی، تەندروستیم باش نیە و زۆر بە ئاواتی ئەوەم لەگەڵ خۆشەویستەکانم جاریکیتر چاومان بە یەکتر

بکەویتەوە. بە داخەوە، لە دوای سەفەرت ناچار بووم چەند دێڕ شعرەکانی کە بۆ نازدار خانم نووسیبوو لە رەشنووسی دیوانەکە دەر بهێنم خۆت دەزانی لەسەر ئەرکی ئەمینداریەتی چاپ دەکرا. وا لەگەڵ کاک مەسعود دانەیەکم لە دیوانەکە بۆ هەناردی، هەمووشم بە خۆم ووشە غەڵەتەکانم راست کردۆتەوە.

هەتا دوایی مانگی آبی 1991 دەمتوانی پیاسەیەک بە ئوتومبیل لە شەست مەتری بکەم، کەچی لەو وەختەوە لە بەدبەختی خۆم تووشی نەخۆشی (گرانەتا) بووم و منی خستە ناو جێگا.

ئێستا هەڵبەت لەماڵەوە دەرناچم چونکە ناتوانم. زۆر بەختیار دەبم کە لە هەموو پرۆژەکانت سەرکەوتوو بیت و ئەو ئیشەی کە بە تەمای بۆت بچێتە سەر. لام وایە چاک دەزانی چەندە پەرۆشی دیدەنیتانم .

زۆر بەوە بەختیار بووین کە (رۆناک خان) تەلەفۆنی بۆ کردین، قسەکردن مەبەست نیە بەڵکو بەسەرکردنەوە مەبەست و شایەدی لەبیرنەکردنە. لە دوای دیوانەکە (مەم وزین)ەکەم رێکخست و لە (رقابە)ش موافەقەتی چاپکردنی هاتەوە بەڵام ئەم شەڕەی دوایی هەڵبەت کاری کردە سەر تەخسیساتی ئەمینداریەتی و کتێبەکە ئەوها مایەوە. جارجار کونە شیعرم دەدۆزیەوە و لە کارواندا بڵاوم دەکردەوە، ئێستاش نە کاروان دەردەچێ و نە من توانای نووسینم هەیە.

ئیتر هەر خۆش بن و لەبیرم نەکەن.

برات

واژۆ

علی فتاح دزەیی

تێ بینیەکی بچووک لەسەر پنتکێکی ناو نامەکە:

کە ساڵی 1973 لەگەڵ رووناکی هاوسەرم لە ڤیەننا نۆبەرەمان کچێک بوو و ناومان نا نازدار، کاک عەلی ئەم چوارینەی بۆ دانابوو و بۆی ناردین.

که دایک نازدار و باوکیش نازدار بێ
ئەبێ نازدار وەکوو خونچەی بەهار بێ
گوڵاڵەی خاکی کوردستان لە نەمسا
ئەبێ جوان بێ و لەناو جوانان دیار بێ
هیوام وایە کە نازدار هەر لە خۆشی و
بە دایک و باوک بمێنێ و پایەدار بێ

ئینجا ئەوەیە کە لە نامەکەیدا باسی کردووە و نەیتوانیوە ئەو چوارینە بخاتە ناو دیوانە چاپکراوەکەی چونکە من لە عیراق رام کردبوو و رژیمی بەغدا بە چاوی دوژمنانە سەیری دەکردم.

عەلی فەتاح دزەیی، ئامۆزای هۆمەر



چوارینێکی کاک عەلی کە پێشکەشی هۆمەری کردووە.

-23-
نامەکانی مارف خەزنەدار و جەمال خەزنەداری برای

پرۆفێسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار (2010 - 1930) دۆستێکی دێرینی ساڵە چلەکانی سەدەی رابردووی بنەماڵەی ئێمە بوو. ئەوسا ئێمە ماڵمان لە گوند بوو، گوندی دووکردکان لە دەشتی دزەیی کە (دزەییاتی)شی پێ دەڵێن. قوتابخانەی سەرەتایی هێشتا لە گوندەکەمان نەکرابووەوە بۆیە سالآنە لە وەرزی خوێندندا کەسوکارمان خانوێکیان لە شاری هەولێر بۆ ئێمەی منداڵ بە کرێ دەگرت و لە پشووی هاوینانیش دەگەڕاینەوە بۆ گوندەکەمان. ئەوە پیشەی گەلێک لە منداڵە ئاغاکانی دزەیی بوو کە دانیشتووی گوندان بوون و قوتابخانە لە گوندەکانیان نەبوو. جا ئێمە کوڕانی حەمەدەمین ئاغای حاجی بایز ئاغای دزەیی چەند ساڵێک خانووەکەی هەولێرمان لە پیاوێکی زۆر باش و ناسراو لە شار، قادر کەشاف، بۆ دەگیرا. ئەو مام قادر کەشافە، کە بە رەچەڵەک لە بنەماڵەیەکی خەڵکی سلێمانی بوو بەناوی خەزنەدار، بابی دکتۆر مارف خەزنەدار و جەمالی برای بوو. خانووەکە وەک هەولێری دەڵێن لە (دەو بەستێ) بوو لە گەڕەکی تەعجیل و لایەکەی ئەولاتری گەڕەکی جوولەکان بوو. قادر کەشاف خۆی و دوو ژنی (فاتمەخان و ناجیە خان) و کوڕەکانی (مارف و عومەر و جەمال و جەودەت) و کچەکانی کە بە داخەوە ناوی ئەوانم لەبیر نەماوە لە خانووێکدا دەژییان و خانوێکی تریشی هەبوو کە دیواری لەگەڵ ئەوەی خۆیان یەک بوو ئەوەشی بۆ کرێ بوو و سالآنێکی زۆر بوو دەیدا بە ئێمە.

بەم جۆرە تێکەڵییەکی خێزانی و دۆستایەتییەکی نزیک لە نێوان ئێمە و

بنەماڵەی قادر کەشافدا دروست بوو. کاک مارف و کاک عومەر ئەو دووانە هاوپۆلی برا لەخۆم گەورەترکانم بوون، کاک جەمال هاوپۆلی خۆم بوو و دەنگیشی وەک هی من خۆش بوو و لە ئاهەنگەکانی نەورۆزی ساڵانی چلەکاندا زۆر جار بە دووقۆڵی سروودمان پێشکەش دەکرد. جەودەتی برایان لە ئێمە بچووکتر بوو.

ساڵ هاتن و ساڵ چوون، ئەمن کە لە ساڵی سکۆلاری 1955/1954 لە دواپۆلی خوێندنی ئامادەیی بووم لە قوتابخانەی ناوداری ئەو زەمانەی عیراق (الاعدادیة المرکزیة) لە بەغدا مامۆستای گەورە رەفیق حیلمی و کاک مارف خەزنەداریش لەوێ لە بەشی بەڕێوەبەرایەتی کارمەند بوون.

دواتر کە رێژیمی مەلەکی لە عیراق رووخا کاک مارف بۆ خوێندنی باڵا چوو بۆ یەکیەتی سۆڤیەتی جاران و بڕوانامەی دکتۆرای لە زمان و مێژووی ئەدەبی کوردی وەدەست هێنا و کە گەڕایەوە بۆ بەغدا و کوردستان ئیتر بوو بە پرۆفیسۆری زانکۆ لە رشتەی خۆی.

دیسان ساڵ هاتن و چوون، ئەمجارەیان من رۆیشتم و لە واشنتی ئەمەریکا خۆم گرتەوە. ئەوە بوو کە پێکەوە لەگەڵ چەند برادەرێکی کوردی تردا وێستگەی رادیۆی (دەنگی ئەمەریکا)مان دامەزراند.

جا دیارە کاک دکتۆر مارف - وەک خۆی نووسیویە - یەکێک بووە لە گوێگرە هەردەمەکانی بەرنامەکانی بەشی کوردیی دەنگی ئەمەریکا.

ئەمەیان نامەی یەکەمیەتی کە لە هەولێرەوە بۆی ناردوومەتە واشنتن.

هەولێر: 1994/3/2

بۆ برای خۆشەویست کاکە عومەر

ڕۆژتان باش

هەواڵت دەپرسم، هیوادارم لە خۆشی دا بی. دەمێکە ئارەزوو دەکەم هەواڵت بزانم کەچی لە هیچ لایێکەوە هەواڵ نی یە تەنیا دەنگت نەبێ. هێشتا هەر لە جێ ی خۆمم، مامۆستا لە بەشی زمانی کوردی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانستگای سەلاحەدین. کاری زانستگا زۆر قورسە لە بە نەبوونی و دەست کورتی. لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆر لە مامۆستایان پشتیان لە زانستگا کردووە و چوونەتە دەرەوە، بەڵام ئێمە بەشی دکتۆراشمان کردۆتەوە. ڕەنگە لە دووارۆژدا کارمان قورستر بێ.

ساڵی پار بە هۆی ئەوەی کاک موحسینی براتەوە کە لە هەولێر بوو کارتۆنێک کتێبی کوردیم بە دیاری بۆت ڕەوانە کرد. کاک موحسین لەگەڵ خۆی دا بردیانی بۆ لەندەن بە هیوای ئەوەی لە وێوە بۆتی ڕەوانە بکاتە ئەمەریکا. جا نازانم کتێبەکانت بە دەست گەیشتووە یا نا؟ من دەزانم خۆت و "دەنگی ئەمەریکا"ش پێویستیتان بە چاپەمەنی هەیە، تکا دەکەم هەر چی ئارەزووی دەکەن من دەتوانم بۆتانی دەست بخەم و ڕەوانەی بکەم.

دووبارە سڵاوی بێ پایانم بۆ هەموو لایێک و بە خۆشی و سەربەرزی بژین.

واژۆ

برات

مارف خەزنەدار

ئەمەشیان نامەی دووەمی پرۆفێسۆر دکتۆر مارف خەزنەدارە کە لە هەولێرەوە بۆی ناردوومەتە واشنتن.

بۆ برای بەڕێز و خۆشەویستم کاکە عومەر

ڕۆژتان باش

چاوەکانت ماچ دەکەم، هەواڵی خۆشی و شادی بنەماڵەت دەپرسم، هیوادارم هەموو لایێک لە خۆشی دابن.

هەمیشە یادت دەکەمەوە، جارجارەش گوێم لە دەنگت دەبێ، بۆ دەنگی تۆ ترانزیستورەکە دەکەمەوە و دەیخەمە سەر دەنگی ئەمەریکای کوردی، ئەگینا بۆ ئاگا و هەواڵ و ڕووداوەکان نی یە.

من باسی پەژمردەیی و نالەباری و ناسۆری ژیانی ئێرەت بۆ ناکەم، تۆ لە جێگەیێک کار دەکەی لەمن ئاگادارتری، ئێرە ئەو وولاتە بێ سەروبەرەیە دەیانەوێ ماسی بگرن قوونیان تەڕ نەبێ، وەک خۆت بۆی چووبووی، ئەوی تریش بە خەیاڵ سروشت و ژیانی کردۆتە سەوزایی هەمیشە، واتە ژیانی خۆشی و بەختیاری، بەڵام لە بێ نەوایی ئەسپێ سەوزە لە گیانم دەخوێنێ لەبەر باغەڵی زۆربەی خەڵکی ئەم وولاتە بێ چارەیە و بێ چارەنووسی یە.

من هەر لە زانستگەم، بەڵام زانستگەیێکی ڕووخاوی داتەپیوی لە کەڵک کەوتوو. بەدیار کۆمەڵێک قوتابی یەوە دانیشتووم، ئەگەر خزمەتیان نەکەم، دوارۆژیان لەناو دەچێ، مەبەستم لە خوێندن و خوێندەواری یە، ئەویتر ناشکوری نەبێ لە پاش دەرچوون بێ کاری و برسیەتی ڕووی تێ دەکا.

کاکی برا، گەڕانەوەی ئەم برایە و خزمی تۆیەم بە هەل زانی، بەم نامەیە بە سەرت بکەمەوە. منداڵەکانمان لەمن زیاتر گوێت لێ دەگرن بە تایبەتی بنیادی کوڕم یەکێکە لەوانەی بە شانازی یەوە سەیرت دەکەن،

ئەمساڵ بۆ پۆلی چوارەمی بەشی بیناسازی کۆلێجی ئەندازیاری دەرچوو.

وا لەگەڵ ئەم نامەیە بە دیاری دوو کتێبت بۆ ڕەوانە دەکەم، یەکەمیان گۆرینی منە بۆ زمانی کوردی، دووەمیان پێشەکیم بۆ نووسیوە. ئازاد شەوقی و هەموو برادەرانی ترت سڵاو و ڕێزیان هەیە.

بە خۆشی و شادی بژی.

واژۆ

برات

مارف خەزنەدار

هەولێر: ١٤/ ٧ /١٩٩٦

پێشتریش ساڵی 1992 ئەم نامەیەم لە کاک جەمال خەزنەداری برای کاک مارفەوە بۆ هاتە واشنتن. کاک جەمال هەر بە تەنها بەدەستوبازووی خۆی سەنتەرێکی تا بڵێی دەوڵەمەندی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە هەولێر دامەزراندووە کە لە سەردانێکی بەم دواییانەم بەڕاستی مایەی سەرسوڕمانم بوو. مخابنە کە وەزارەتی ڕۆشەنبیریی کوردستان یان هەر دەسگایەکی پەیوەندیدار ئاوڕێکی شایەستەی خۆی لێ نەداوەتەوە. ئەو هەزاران ڕۆژنامە و کۆڤارە ڕەنگ زەرد هەڵگەڕاوانە و بەسەر یەکدا کەڵەکە کراوانە لە بێ جێی یاندا بستێک گەردی مێژوویان لێ نشتووە و مشک و مۆرانەش مرخیان لێ خۆش کردوون. دەسخۆشانەم بۆ و، هاودەردیم لەگەڵ برادەری ساڵانی قوتابخانەی سەرەتاییم و هاودەنگی سرووده دووقۆڵییەکانی (دوێت duet) ئاهەنگەگانی نەورۆزی چلەکانم، کاک جەمال خەزنەدار، دەردەبڕم کە لەخۆ بوردووانە خۆی سەرگەرمی ئەو کارە پیرۆزە کردووە.

ئەمەش نامەکەی کاک جەمال خەزنەدارە لە بەغداوە بۆ واشنتن:

بۆ برای بەڕێزم کاکە هۆمەر

پێشکەشە

ڕۆژباش...

پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە خۆمان دەکەم بە بۆنەی کردنەوەی ئێستگەی دەنگــی ئەمەریکــا بە کــوردی، هیــوادارم هەر ســەرکەوتوو بــن لە خزمەتکردنی زمان و کەلەپووری نەتەوایەتیمان، دڵ و دەروونم کرایەوە و گەشـامەوە لە خۆشـیاندا، کە دەنگـی تـۆم هـاتە گـوێ، وا لەگەڵ ئەم نـامەیەی نـامەیێکم بۆ ئێسـتگە نـاردووە تکـایە ئەگەر هـاتو شـتێکتان بـڵاو کردەوە ناوم نەبەن، چونکە خۆت دەزانی من هێشتا هەر لە بەغدا دەژیم و تاقەتی بەعسی بەغدام نی یە ..

هەر بژی ..

واژۆ

جمال خزنەدار

برات

1992/5/11

هەولێر: ٢/٣/١٩٩٤

بۆ برای خۆشەویستم کاک عومەر

ڕۆژتان باش

حەواڵت دەپرسم، هیوادارم لە خۆشیدا بی. ناوە ناوە دەنگت دەبیستم شاد و گوشاد دەبم. دەمێکە ئارەزوو دەکەم حەواڵت بزانم کەچی لە هیچ لایێکەوە حەواڵ نییە تەنیا دەنگت نەبێ.

ئێستا هەر لە جێی خۆمم، مامۆستا لە بەشی زمانی کوردی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانستگای سەلاحەدین. کاری زانستگا زۆر تووشە لە بە نەبوونی و دەست کورتی. لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆر لە مامۆستایان پشتیان لە زانستگا کردووە و چوونەتە دەرەوە، بەڵام ئێمە بەشی دوکتۆراشمان کردۆتە. ڕەنگە لە دوا ڕۆژدا کارمان تووشتر بێ.

ساڵی پار بە هۆی ئەوەی کاک موحسینی براتەوە کە لە هەولێر بوو کارتۆنێک کتێبی کوردیم بە دیاری بۆت ڕەوانە کرد. کاک موحسین لەگەڵ خۆی دا بردیانی بۆ لەندەن بە هیوای ئەوەی لەوێوە بۆتی ڕەوانە بکاتە ئەمەریکا. جا نازانم کتێبەکانت بە دەست گەیشتووە یا نا؟ من دەزانم خۆت و دەزگای ئەمەریکاش پێویستیتان بە چاپەمەنی هەیە، تکا دەکەم هەر چی ئارەزووی دەکەن من دەتوانم بۆتانی دەست بخەم و ڕەوانەی بکەم.

دووبارە سڵاوی بێ پایانم بۆ هەموولایێک و بە خۆشی و سەربەرزی بژین.

برات

مارف خەزنەدار



دکتۆر مارف خەزنەدار

بۆ برای بەڕێزم کاکە هومەر
پێشکەشە

ڕۆژ باش..

پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە خۆتان دەکەم
بە بۆنەی کردنەوەی ئێستگەی دەنگی
ئەمەریکا بە کوردی، هیوادارم هەر
سەرکەوتوو بن لە خزمەتکردنی زمان و
کەلەپووری نەتەوایەتیمان، دڵ و
دەروونم کرایەوە وەک شامەوە لە
خۆشیایندا کە دەنگی تۆم هاتە گوێ،
وا لەگەڵ ئەم نامەیەی تۆ نامەیێکم بۆ
ئێستگەکە ناردووە تکایە ئەگەر لەبارتر دیتنیان
بڵاوکردەوە نارم نەبەن، چونکە خۆشتەوێتی
من هێشتا هەر لە بەغدا دەژیم و تا
بەسی بەغدام لێیە..
هەربژی..

جەمال خەزنەدار
برات
١٩٦٦/٥/١١



جەمال خەزنەدار، برای دکتۆر مارف

- 24 -
نامەیەکی فەلەکەددین کاکەیی

رەنگە پێشتریش باسم کردبێ، هاوینی ساڵی 1986 بە خاوخێزانەوە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی سەدام حوسێندا رامان کرد بۆ ئێران تا لەوێشەوە سەری خۆمان هەڵگرین بۆ هەر وڵاتێکی ئەورووپی وەرمانگرێ. ئێمە وامان دانەنابوو ماوەی ساڵێک لە ئێران دابنیشین، من وام دەزانی بەئاسانی ڤیزەی نەمسا یان ئینگلتەرامان پێ دەدرێ چونکە نازدار و لارای کچانم هەدوکیان لە ڤیەننا لە دایک ببوون و کاروانی کوڕیشم لە بریتانیا. بەڵام ساڵێکی تەواوی پێ چوو تا ڤیزەی نەمسامان پێ درا. ماوەی ئەو ساڵە چەند مانگێکمان لە گوندی راژان ی سەر بە ئازەربایجانی رۆژئاوا بەسەر برد و دواتر چووینە تاران لەوێ چاوەڕوانی ڤیزە بین.

راژان

راژان گوندێکی خنجیلانەی نزیک جادەیەکی قیرتاو بوو کە سەرێکی لە ورمێ تەواو دەبوو و سەرەکەی دیی نازانم تا کوێ دەچوو. چەند ماڵێک لە پەرگەی گوندەکە بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی و چەند بەرپرسێکی دیکەش تەرخان کرابوون لە ناویانا کاک ئیدریس بارزانی و کاک فەلەکەدین کاکەیی (یادیان بەخێر) کە ئەمەی دواییان بەرپرسی کاری راگەیاندن بوو. ئێواران لەگەڵ ژمارەیەک لە بردەرانی خوێندەواری دیکە لای کاک فەلەکەدین دادەنیشتین و کاتەکەمان تا درەنگانی شەو بە باس و خواسی شۆڕش و بە لێدوان لە سەر شیعر و ئەدەبیات و هونەری موزیک و گۆرانی بەسەر دەبرد.

دواجار ڤیزەی نەمسا بۆ خۆم و ماڵ منداڵەکانم گەیشت و چووین

سـاڵێک لە ڤیەننـا مـاینەوە و لەوێشـەوە سـاڵی 1988 بارمـان کـرد بـۆ ئەمەریکا.

ئەم نامەیەم ساڵی 1989لە کاک فەلەکەدینەوە بۆ هات بۆ ئەمەریکا کە هێشـتا رادیـۆی دەنگـی ئەمەریکـا نەکرابـووەوە. هەر ئەو سـاڵە چیـرۆکە شیعرێکی درێژم نووسی کە سەردبردەی ژیانی خۆم بوو لە کوردستان و لە هەنـدەران. شـیعرەکەم بـۆ کـاک فەلەکەدیـن نـاردە ئێرانـێ ئەمەش وەرامەکەی ئەوە بۆ من.

1989/12/27

برای هێژا کاکە هۆمەر دزەیی

ئەم کـاتەت بـاش و سـڵاو رێـز بـۆ مـاڵەوە و چـاوی منـداڵەکان مـاچ دەکەم. خۆشـحاڵم کە نیشـتەجێ بوویـت و "ئـارام"ت گرتـووە. نـامە جوانەکەت و شیعرە تەڕوتازەکەت گەیشت، لای هەموو ئەو برادەرانەی کە خوێنـدیانەوە، جـێگەی پەسـەند بـوو، لەوانەش کـاک هەژاری خۆشەویست کە لەم دواییە بەشی یەکەمی فەرهەنگێکی گرنگی لە چاپ دەرچووە، بە ناوی (هەنبانە بۆرینە) و بەشی دووەمی لە ژێر چاپە. هەروا (مەم و زیـن)ەکەی لە چـاپ دراوە، بەڵام لە ئەورووپـایە بە دەسـتمان نەگەیشتوو.

هیوادارین بەم زووانە گوێمان لەو سرووودە (یا گۆرانیە) کە بەخۆت ئاهەنگەکەیت بۆ ئەو شیعرە داناوە.

لەو وەختە کە نـامەکەت گەیشـت ئێزگەکەمـان لە کـار کەوتبـوو. لەم رۆژانە دەست پێ دەکاتەوە و دەیخوێنینەوە بۆ گوێ گران.

- کتێبێکـی کـاک حـمە هەورامـی (لە عیـراق) دەرچـووە بە نـاوی

(کاکەیی) رەنگە بە دەستمان بگات. لەمێژە دەرچووە بەڵام من تازە ئاگادارم. هەروا ... دیارە چەند نووسەری تر خەریکی کۆکردنەوەی ئەو کەلەپورە بوونە و هەن..

- سەیر ئەوەیە پارساڵ وتارێکم خوێندەوە لە گۆڤارێکی کوردی {وابزانم کاروان بوو / ئێستە لە بەردەستم نیە}.. نووسینی کاک حمە هەورامی بوو، دەربارەی ئاڤێستا و زمانی کوردی، هەر لەو بارەوە دەدوا کە لێرە باسمان کرد {پەیوەندی زمانی ئاڤێستا (یا ئاوێستا) بە زمانی ئەمڕۆی کوردییەوە}...

بەهەرحاڵ، رەنگە ئێستە مەجالم زیاتر بێ و خەریکی شتەکانی ترم ببم بە عەرەبی یەک دوو پەرتۆکم بلاو کردەوە... کاک محی الدین بۆت باس دەکا، کە خەریکی چیم و چۆن هەوڵم داوە ئازادی زیاتر وەدەس بهێنم. کۆمەڵەیەکی نووسەرانمان پێک هێناوە ژمارە (١) ی گۆڤارەکەی بە ناوی (بانگ)، کە ئەدەبییە، لەم رۆژانە دەردەچێ و، خەریکی ئەو جۆرە جموجۆڵانە دەبین و، بزانین.. چی دەتوانین بکەین. ئەگەر (مانع) ت نەبێ شیعرەکەت لە ژمارە (٢)ی گۆڤارە ئەدەبییەکە لەچاپ دەدەین (لەگەڵ دانانی "..." واتا بازدانێکی بچووک بەبێ هیچ دەسکارییەکی زیادە بەسەر ئەو بەیتە کە بەخۆت دیارت کردووە و نووسیوتە کە رەنگە لای هەندێ کەس "گران" بێ.

بە هەر حاڵ جارێ، (ئەوەش جاری دووەمە کە، ئەم وشە "بەهەر حاڵ" دەنووسم) چونکە نەمویست لە لاپەڕەی پێشوو کۆتایی بە نامەکە بهێنم، ... خراپ نییە زوو زوو ئاگامان لە یەک بێ، بە تایبەتی لەگەڵ کاک محی الدین باسی دەرچوونی (زاگروس) مان کردووە، بە عەرەبی، بە پێی توانا بە کوردیش ... لە ئەستۆم وەرگرتووە بۆیان بنووسم و، لێرەوە هەڤاڵانی تر یارمەتییان بدەن.

جارانیش وابوو بەڵام ئەمڕۆ زیاتر هەست دەکرێ (باشە کە خەڵکێکی

تریش بەوە هەستیان کردووە) کە کەلتوور بە گشتی و، هەر چالاکییەکی ئەدەبی و هونەری، چاکترین وەڵامی ئەو وەزعەیە کە بەسەر کوردستان و کورد هاتووە...

ئەگەر هەر چەکێکمان لێ بکەنەوە و بیانەوێ ...دەتوانن، تەنیا "چەکی" رۆشنبیری نەبێ، کە حەزیش ناکەم وشەی "چەک" بۆ کەلتوور بەکار بهێنم.

خۆشیتان و هەر شاد بن.

برات

واژۆ

فلک الدین

کاک فەلەکەین لە پەراوێزی نامەکەیدا ئەم چەند دێڕەشی زیاد کردووە:

کاکە گیان: ڕاستەکەی، پۆستکارتێکی جوانت لە (ڤینا)وە، کاتی خۆی، بە دەستم گەیشت. زۆر شەرمەزارم، چونکە نازانم ئایا وەڵامم دایەوە یا نە... ئەوەندە دەزانم کە لە وەختێکی وا گەیشت کە وەزعمان بەتایبەتی پاش کارەساتەکانی (چەکی کیمیایی)ئەوەندە ناخۆش و شپرزە بوو کە لە هەموو ژیان و وجودی خۆم وەڕس بووبووم ... ببوورە ئەگەر وەڵامم نەدابێتەوە.

یادی بەخێر، کاک فەلەکەدین کاکەیی ئینسانێکی زۆر رۆشەنبیری پڕ زانیاریی هەمەجۆر بوو. نووسەر و زمان پاراوێکی بە کوردی و بەعەرەبی زۆر پەنجە رەنگین بوو، دانیشتن لەگەڵیدا زۆر خۆش بوو. داخی گرانم زۆر زوو ماڵ ئاوایی تاهەتایەی لێ کردین.





فەلەکەدین کاکەیی

-25-
خۆخۆری

بە راسپاردە و بە ناوی کۆمەڵێک کوردی بریتانیا، سەربەخۆکان و سەر بە حزبەکانیش، لە مانگی جۆزەردانی ساڵی 1979 ئەم بانگەوازەی خوارەوەم بۆ قیادە موەقەتەی پارتی نووسی.

ساڵی 1975 لە دوولاوە ساڵێکی رەش بوو بۆ کورد. وەک بڵێیت بەدبەختی بە هەڵەنگوتنە تراژیکەکەی شۆرشی کورد وازی نەهێنابێت، هێشتا سەرباری ئەوەش رێبەری کورد جەنابی مەلا مستەفای بارزانیشی تووشی دەردە گرانەکەی خۆی کرد. بەمە، کورد کەوتە ناو گێژەنێکی وا خراپ کە وەک مێگەلێکی بێ شوانی لێ هاتبوو. سەر لێ شێواو و داماو، سەرکردەکانی کە لە جێی بارزانی پارتییان بەڕێوە دەبرد نەیاندەزانی چی بکەن و چۆنی بکەن. یادی بەخێر کاک سامی عبدالرحمان کە دۆستایەتی من و ئەو دەگەڕایەوە بۆ ئەشکەوتەکەی گردە رەش کە پێکەوە لەگەڵ کاک حەبیب محەمەد کەریم و هاوڕێیانی تر (زۆربەیان نەماون یادیان بە خێر) رادیۆی دەنگی کوردستانمان دامەزراند و دەگێڕا، ئەو ببووە کەسی سەرەکی لەناو سەرکردایەتییەکی نوێی پارتی بە ناوی (سەرکردایەتی کاتی - القیادة الموقتە).

یەکیەتی نیشتمانیی کوردستانیش تازە داندرابوو. بەڵام لە بەدبەختی کورد لەباتی یەکتری قەبووڵ کردن و پێکەوە ژیان و پیکەوە دەوام دان بە خەبات کوردە حەیاتەکە ئەم قسەی پێشینانەیان سەدا سەد پیادە دەکرد " دوو سەلکە بەران لەناو یەک مەنجەڵدا ناکوڵێن".

پێی ناوی بچمە ناو وردەکاریی ئەو هەموو رووداوە دڵتەزێنە

خەفەتناکانە کە لەپاش نسکۆکەی (ڕێکەوتنی الجزایر) لەناو شۆڕشگێڕانی کوردا سەری هەڵدا. ئەو بابەتە لە هەموو لایەکەوە زۆری لەسەر نووسراوە. هەنگی ئەمن لە بریتانیا بووم، خوێندنی زانکۆم تەواو دەکرد. ئێمەی کوردانی ئەوسای بریتانیا بیستبوومان کە لە ئەنجامی تێک گیرسانێک لە نێوان پێشمەرگەی قیادەی موەقەتەی پارتی و پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان سێ سەکردەی یەکیەتی (عەلی عەسکەری و خالید سەعید و شێخ حسێن بابە شێخ یەزیدی) بە دیل گیراون. دواتر، دوای ماوەیەکی درێژی نیگەرانیی خەڵکەکە دەنگۆیەک بڵاو بووەوە کە هەرسێکیان گوللە بارانیش کراون. بەڵام ئێمەمانان بە تەواوی نەماندەزانی ئەو هەواڵە راستە یان هەر قسەیە.

لە بێ خەبەری و بێ سۆراخی راستی، کۆمەڵێک لە ئێمەی کوردانی بریتانیا (سەربەخۆ و سەر بە یەکیەتی و تەنانەت هەندێکی سەر بە پارتیش) رۆژ بە رۆژ زیاتر دەکەوتینە دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەوە. ئەوە بوو کە دانیشتنێکمان ئەنجام دا و لەو دانیشتنەدا داوا لە من کرا بانگەوازێک بەناوی هەمووومان بۆ قیادەی موەقەتە بنووسم داوای سۆراخی راستیان لێ بکەین.

نامەکەم نووسی و سەرو کۆپیم دانێ. بیرمە بە پێشنیازی کاک دارا عەتار و پێم وایە ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم کاک دکتۆر فریاد حەوێزیش کەمێک دەسکاری نامەکەم کرد. جا ئەمەی خوارەوە دوادەقە لەلایەن کۆبوونەوەکەوە پەسندکراوی ئەو نامە بانگەوازییە یە کە لە مانگی جۆزەردانی ساڵی 1979 ناردمان. سەرەنجامی بانگەوازەکەشمان وەک بەردی بن گۆمی لێ هات، نە یەک دێڕە وەرامان بۆ هاتەوە، نە خۆشمان بۆ رای گشتیی کوردمان بڵاو کردەوە هەر چەندە کە نێویشمان

نابوو نامەی کراوە. بۆیە ئێستا وا کۆی هاتووە لێ گەڕێین با مێژوو خۆی بێتە زمان.

نامەیەکی کراوە

بۆ سەرکردایەتی کاتی ـ پارتی دیموکراتی کوردستان

بابەت/ عەلی عەسکەری و هاوڕێ کانی

پاش سڵاو

برایان

هەموومـــان دەزانـــین کە لەپـــاش 1975 خەبـــاتی گەلـــی کـــورد لە کوردستانی عیراق دا شێوە و ڕێبازێکی نوێ و جیاواز لە هی ساڵەکانی شورشی 61 - 57 ی وەرگرتوە.

بە پـێ ی ئەو ڕێبـازە نـوێ یە ژمـارەیەک لە ڕێکخـراو و پـارتی و بزوتنەوەی نوێ لە کوردستان دا کەوتنە ناو مەیدانی خەباتەوە. ئەوە بو کە لە ئەنجامی کارێکی پیشمەرگانەی جیاجیای هەر یەکە لەو ڕێکخراوانە هەستانەوەیەکی شورشگیرانەی ساوا و سنوردار لە بەهاری ١٩٧٦دا بەسەر پێ کەوت.

ئەگەر چـی پێشـان وا دیـار بـو، بەلام ئەمـروکە نە کوردســتان وە نە کوردایەتی مۆنۆپۆل و تاپۆی سەر پارتی یەک یان بزوتنەوەیێکی کوردن. هەروەها ئەمرۆکە هیچ کەسێک سەرۆکی میللەتی کورد نیە. بەلکو هەر سەرۆکێک تەنها سەرۆکی پارتی یان ڕیکخراوەکەی خۆیەتی و بەس.

نە ڕادەی نیشـــتمان پەروەری و کـــورد پەروەری وە نە دابەشـــکردنی (خیانەت و جاشاتی و نۆکەری) بە تەرازووی پارتایەتی دێنە هەڵسەنگاندن. ئەمەش چونکە هەر پارتی یەو بە پێـی ئایـدیۆلۆژی خۆی حوکم لەسـەر پـــارتی یەکـــانی تـــر دەدا. لەبەر ئەوە حـــوکمەکە لاگـــر (تەرەفگیـــر) و نامەوزوعی دەردەچێ.

ئاشـــكرايه كه ئامـــانجى نزيـــک و دووری هەمـــوو ئەو پـــارتی يـــانه: خزمەتی كورد و كوردستانه. لەبەر ئەمە پيشمەرگەی هەر پارتيەک بەر له هەموو شتيكی تر پيشمەرگەی كوردستانه وه بريارداني چارەنووسی هەر پيشمەرگەيێک ئيشی تايبەتی پارتی يەک نيه بەلكو كاروباريكی نەتەوەييه.

جـا لەبەر تيشـكی ئەم راسـتی يه، كوشـتنی سـەركرده و پيشـمەرگەی پارتيیەكی نەيار (معارِّز) بەلای ئيمەوه كوشتنی (معارزيكی سياسيه) نەک هی (جاش و جاسوس و نۆكەره). هەروەها (تحدی) يەكی بێ باكانەی هەستی ميللەتی كوردە.

ئەوەی كه جـێ ی داخه پـارتی ديمـوكراتی كوردسـتان و يەكێتـی نيشـتمانی ی كوردسـتان لەسـەر شـتێک كەوتـونەته گيـانی يەكتـری كه سـەركردەكانيان خۆيـان باوەريـان پـێ نيه ئەويـش (خيـانەت و جاشـاتی و نۆكەری)يه. كەچی - دوور له هەستێكی وەلامبارانه (شعور بالمسئولية) - به بلاوكراوه و ناميلكه ئەندامەكانيان بەم ناو و ناتورانه پەروەردە دەكەن و هەسـتێكی پـڕ له كيـنه و شـەرراويان له ميشـكا دەروێـنن. لەبـاتی ئەوەی فێـری كولتـوريكی سياسـی ديموكراتيـک و گيـانێكی (سـپۆرت له سياسـەت)يان بـكەن، هەڵدەسـتن ئاوی (كـورد تێـک بەردان) دەڕێژن بۆ نەتەوه و نەوه.

نمـونەيەک بـۆ ئەم راسـتی يه: له كـاتی ريكەوتـنەكەی1977 ی شـام لەنيـوان (پ د ک) و (ی ن ک) ئەم دوو پـارتی يه بـوون به بـرای خەبـات و (هـاورێ ی چەک)ی يەكتـری. كەچـی كه ريكەوتـنەكه هەڵوەشايەوه وەنەبێ به گيانێكی ديموكراتيكانه سەيری يەكتری بكەنەوه بەلكو گورج كران به (جاش و جاسوس و خائن) لەلايەن يەكتريەوه و فەتوای كوشتنيان درا.

هەست بەوه ناكەن كه شەری براكوژی خەبات كوشتنه، چونكه بەره بەره كورد له خەباتی نيشتمانی ی دا سارد دەكاتەوه.

برايان

پتر لەسالێکە عەلی عەسکەری و خالید سەعید و شێخ حسێن و هاوڕێ کانیان لای ئێوە گیراون و بی سەر و شوێنن. گشت کوردستان پەرۆشی سۆراخیانە. قسە هەیە کە کوژرابن.

ئەگەر ئەمە راست بێ، کوشتنی ئەو پێشمەرگانە لە چوارچێوەی کوشتنی (معارزێکی سیاسی) بەدەر وە نی یە. کوشتنی (معارزی سیاسیش) - خۆتان چاک دەزانن - یەکێک لە سوخەتە هەرە دیارەکانی ئەو رێژیمەیە کە ئەمرۆکە کورد دوچاری بووە.

جگە لەمە: ئەگەر ئەو پێشمەرگانە لە ئەنجامی هێرش بردنیان بۆ سەر هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (وەک بیستومانە) بکوژرابان کەس هەقی گلەیی نەدەبوو. چونکە خۆ -پاراستن بە پێ ی هەموو عورف و قانونێک شتێکی رەوایە.

بەڵام کوشتنی یەخسیری چەک کراوی بەر دەستی خۆت نە لە ئەخلاقی کوردایە نە بە عورف و قانونی دنیا رەوایە. بە کورتی: تاوانێکی بێ هاوتایە کەتەنها لایەقی شانی رێژیمەکەی بەغدایە.

پتر لەمە:

ئایا کوشتنی کەسانێکی وەک عەلی عەسکەری و خالید سەعید و شێخ حوسێن چ قازانجێکی بۆ کورد هەیە ؟ (دووبارەی دەکەینەوە: بۆ کورد نەک بۆ پ د ک)، ئایا یەکێتی کورد بتەو یان بنکوڵ دەکا ؟

بەلای ئێمەوە ئەوەی حیسابی بۆ یەکێتی کورد نەکردبێ، بەرژەوەندی پارتایەتی خستۆتە سەر بەرژەوەندی گشتی ی گەل. لەم حالەتەدا رێ ی خەبات چۆڵ کردن بۆ خەڵکی تر باشترین خزمەتە کە ئەو کەسە یان ئەو پارتی یە بتوانێ پێشکەشی کوردی بکا.

برایان

ئێمە کۆمەڵێک لە کوردی لانەگرین (بێ تەرەف) (مەبەس لە بێ

تەرەفیمـــان هەر ئەوەیە کە پەیوەســـتی هـــیچ پـــارتی یەک نـــین نەک بـــێ تەرەف بـــین لەســـەر مەســـەلەی کـــورد). رەنـــگە هەنـــدێک لە ئەنـــدامانی دڵشکاوی پارتی یە کانیشمان لەناو دا بن. ئێمە بە چاوی ئایدیۆلۆژییەکی کـوردایەتی روت و پەتـی، نەک ئایـدیۆلۆژی پارتـایەتی سـەیری هەمـوو شەرکەرێکی کوردستان دەکەین.

بەلای ئێمەوە عەلی عەسکەری و خالید سەعید و شێخ حوسێن سێ رۆڵەی نەبەرد و کـــورد پەروەر و لە خەباتـــا قـــاڵ بـــووی کـــوردن، رابردوویەکی شۆرشگێرانەی بێ گەردیان هەیە.

گشت دنیا هەستایە سەر پێ و لە (زیائ الحق) پارانەوە بۆ پاراستنی ژیانی (عەلی بوتۆ) لەبەر دوو هۆ:

یەکەم ئینسانی دووەم یەکێتی نیشتمانی.

هەمـان دوو هـۆ بـۆ پاراسـتنی ژیـان و بەردانـی عەلـی عەسـکەری و هاورێکـــانی بانگتـــان دەکەن، بـــرایینە، کە بیرێکـــی ورد لە ســـبەینێ ی بزوتنەوەی کورد بکەنەوە.

ئاگری تۆڵە لە یەکتری سەندنەوە - ئەگەر هەڵیش گیرسابێ - تیژتری مەکەن، ئاوی بپرژێننە سەر.

یەکێک لە عونسرە هەرە بنەڕەتییەکانی هونەری (بریار دان - decision makimg -) دراسـەت کردنـی (تـاثیرات) و (موزاعفـات) و (ردودی فعـل)ی بریـارەکەیە. ئەگەر ئەمە رەچـاو نەکرابێ بریـار بـۆی هەیە ببـێ بە کارەسات.

ئەگەر عەلـی عەسـکەری و هاورێکـانی کـوژرابن دیـارە ئەم حیسـابە نەکراوە.

دوبارە دەیلێینەوە:

بریاردانی چارەنوسی کەسانی وەک عەلی عەسکەری و خالید سەعید و شیخ حوسین ئیشی تایبەتی پارتی یەک یان سەرۆکی پارتیەک نیە. ئیشی وا گەورە کاروباری هەمو کوردانە.

عەلی عەسکەری و هاوڕێکانی دەبوایە بە دەستی دوژمنی کورد بکوژرێن.

کوردێک تۆزێ هەستی نەتەوایەتی هەبێ قەت خوێنی کەسانی وەک عەلی عەسکەری نارژێنێ.

برایان

ئیمە داواتان لێ دەکەین کە بە زووترین کات (وە بە نوسین) شتێک لەم بارەیەوە بۆ گەلی کورد روون بکەنەوە.

ئایا ئەو پێشمەرگانە ماون، کوژراون، یان ئێوە بە تەمای چین؟

ئیتر دوبارە سلاوتان لێ بێ.

کۆمەلێک لە

نیشتمان پەروەرانی کوردی سەربەخۆ

لەندەن / جۆزەردانی 1979

دکتۆر خالید سەعید



لە ڕاستەوە: سامی عەبدولڕەحمان، موحسین دزەیی، مام جەلال تاڵەبانی، دکتۆر مەحموود عوسمان



لە ڕاستەوە: عەلی عەسکەری، موحسین دزەیی

-26-
ماسی گرتن و قوون تەڕنەبوون ناکرێ

بۆ سەرنووسەری رۆژنامەی گولانی بەڕێز،

لەبەر ئەوەی کە گوتارەکەی کاک فەرەنسۆ هەریری لە رۆژنامەکەی ئێوەدا بڵاوکراوەتەوە و بە پێی دەستووری ((بیروباوەڕ)) و ((دژ-بیروباوەڕ)) کە رۆژنامەیەکی سەربەخۆی وەک گولان پەیڕەوی دەکا، تکام وایە ئەم نامەی منیش بە بێ هیچ دەستکاریەک بڵاوبکەنەوە. خۆ ئەگەر لەبەر هەچ هۆیەکیش مەیلی بڵاوکردنەوەیتان نەبوو، ئەوا مخابن دەبێ لە رۆژنامەیەکی دیکەی بۆ بگەڕێم.

بە سڵاو و سوپاسەوە،

عومەر حەمەدەمین
1994/11/12

PO Box 1411
Fairfax
V A 22030, USA

بۆ سەرنووسەری رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی بەڕێز،

لێم مەگرە گەر بڵێم حەزم دەکرد گوتارەکەم لە رۆژنامەیەکی سەربەخۆدا، دوور لە حیزب حیزبێن بڵاوکەمەوە. بەڵام گەر دەست نەکەوێت، چارم ناچارە و وا هانام هێنایە بەر ئێوە.

چوار هەفتە چاوەڕێی (گوڵان) بووم بۆمی بڵاوکەنەوە، کەچی وەک بەردی بن گوم بێ هەست و خوست بوون. دیارە منیش دەردی کوردەکە (بە بۆنی کەباب چووم، کەریان داخ دەکرد.)

تکایە و مایەی سوپاسە ئەگەر ئەم ڕوونکردنەوەیە و لەگەڵ گوتارەکە و نامەکەی بۆ (گوڵان)یشم بێ دەسکاری بڵاوکەنەوە.

به سڵاو و سوپاسەوە،
عومەر حەمەدەمین
1994/12/12

1411PO Box
Fairfax
V A 22030, USA

ماسی گرتن و قوون تەڕنەبوون ناکرێ

وەرامی گوتارەکەی کاک فەرەنسۆ هەریری
لە ژمارە (42)ی ڕۆژنامەی ((گوڵان))ی ڕۆژی (1994/9/29)
کە بە عەرەبیش لە خەبات دووبارە بڵاوکرایەوە

هەتا سەردەمی ڕێبەری گەورەی کورد مەلا مستەفای بارزانیش، ئەگەر میلەتی کورد تا ڕادەیەک تاکەکەس پەرستیشی بکردایە لەوانەیە پاکانەی بۆ هەبووبێ و زۆر جاران چاو پۆشی لێ بکرایە چونکە ڕێبەرایەتی مەلا مستەفای بارزانی هێشتا هەر درێژە پێدانی ڕێبەرایەتییەکی

سیاسیی تەقلیدی کۆنی کورد بوو کە بۆ رۆژگاری خۆی پڕ بە پێستی خۆی بوو و بۆ ئاستی وریایی سیاسی و کولتووری سیاسی ئەوسای کۆمەڵگای کورد، رەنگبێ هەر ئەوە لە سەرکردایەتییەکی ویکڕایی بێ رەنگ و بێ کەسایەتی پەسەندتر بووبێ.

بەڵام باری سیاسی لە جیهان لە دوای بڕانەوەی شەڕی سارد بە گشتی و - لە کوردستانیش بە تایبەتی لە دوای شەڕی کەنداو- ئەوەندە بە گورجی گۆڕاو دەشگوڕێ، کە کارێکی بێ پێشینەی زۆر گەورەی کردە سەر وریایی سیاسی لەناو کۆمەڵگای کورددا. بۆیە کە ئەو مەیدانەی جلیتبازیی ناوخۆ، کە ئەوسا بۆ شۆڕەسوارێکی وەک مەلا مستەفا هەڵکەوتبوو ئێستاکە وەک خۆی نەماوە کە رێبەرانی سیاسیی ئەمڕۆی کورد بتوانن هەسپی خۆیانی تێدا پڕتاو بکەن و تەمەشاکەرانیش، بێ لێک دانەوە، چەپڵەیان بۆ لێ بدەن. ئەمڕۆکە کورد واتەنی، نە ئەو بوارو نە ئەو هەوار.

جا لەبەر ئەمە باوی نەماوە و ناشکرێ، هەوڵ بدرێ وەچەی ئەمڕۆی کورد و ئەوەی دوارۆژیشی، وەک جاران بە خۆشەویستیەکی دایک و باوکانەی (کیم ئیل سونگ) ئاسای رێبەرانی سیاسیی پەروەردە بکرێن. ئەمە ئاوەژووی رەوتی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەک و بەرهەڵستی کردنیشی لە زیان بەولاوە هیچی کە ناگەیەنێ.

رەژیمی ئێراق منالآن بە خۆشەویستی ((بابە صدام)) گوش دەدا. ئایا لە کاربەدەستانی پارتییە سیاسیەکانی کورد قەبووڵ دەکرێ هەمان قەوان بۆ منالآنی کورد لێبدەن و فێری ((بابە مسعود)) و ((بابا مام جەلال))یان بکەن !!

لە رۆژگارێکدا کەوا سەدەی بیستەم خەریکی پێچانەوەی بارو بارەگەیەتی و وێ دەچێ نەیەوێ زۆربەی میللەتانی جیهان کە سیستەمی دیموکراتیکیان بەخۆوە نەدیوە هەروا لە دیموکراسی بێ بەش بمێننەوە و

بەدەستی بەتاڵەوە ئەم چەرخە ئاودیو بکەن. لە رۆژگارێکدا کە دیاردەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئازاد لە ژێر چاوەدێری رێکخراوانی نێو نەتەوەیی و رۆژنامەگەریی جیهانی وا لە هەموو سووچێکی - پێشتریش هەر نەبیستراوی - جیهاندا، لە هەموو کووچەو کۆڵانێکدا، لەناو هەموو ماڵ و خێزانێک دا بۆتە وێردی سەر زاران و بابەتی لێدوان و مشت و مڕ کردن. ئا لەو ئانەدا کزە نووزەیەک، تازە بە تازە، داوای ((قودسیەت و پیرۆزی))بۆ رێبەری پارتیەکی سیاسی دەکات و دەیەوێ بە وەچەی گۆڕاوی ئەمڕۆی کوردی بیسەلمێنێ کە رۆژگار هەر رۆژگاری مەلا مستەفایە، کوڕی مەلا مستەفاش هەر مەلا مستەفا خۆیەتی، وەک بڵێی هەر ئەو بوارو هەر ئەو هەوار.

راستە، لە کۆمەڵگای کورد و بگرە لە زۆر کۆمەڵگای پێشکەوتووی جیهانیشدا، بە چاوێکی رێزەوە تەمەشای کوڕ و کچ و نەوەی سەردارانی مێژوویی خۆیان دەکەن - ئەمیان کوڕی شێخ محموودە، ئەویان کوڕی قازی محمد یان کوڕی مەلا مستەفا، نەوەی شێ عوبەیدالڵەی نەهری، میرزادەیەکی بەدرخان یان خانەدانێکی بابان، کچی نەهرۆ، برای کینیدی، کوڕی چەرچل...هتد.

پتر لەمەش، لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی جیهاندا بەهەمان ئەندازە سەیری ئەولادی ئەو گەورە پیاوانەشیان دەکەن کە لە بواری ئەدەبیات و هونەرو زانستدا خزمەتی وڵاتی خۆیان کردووە بۆیە منیش بەهەمان چاوی کە پێی دەڕوانمە کوڕی سەردارێکی سیاسی کۆن - ئەگەر هەر لەبەر خاتری بابی بێ - دەڕوانمە ئەحمەد کاوێسیش چونکە کوڕی کاوێس ئاغەیە و باوکی خزمەتێکی یەکجار گەورەی هونەرو مێژووی کوردی کردووە. هەر چۆنێک بێ لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ئەمە حیسابی خۆی هەیە و بەرژەوەندی میللەتیش هەر بە ئەصڵ و فەصلەوە نابەستنەوە. رێز و روومەت گرتنی گەورە پیاوان و ماڵ و خێزانیان ستوونێکی

بنچینەیی کەلەپوورو فەرهەنگی کوردییە و زۆریش جێی خۆیەتی کورد هەر لەسەری بڕوا چونکە نیشانەی ڕەسەنی و وەفادارییە. دەستووری بەریتانیا تەنها بەشێکی نووسراوەتەوە، ئەوەی دیکەی بریتییە لە عورف و داب و نەریت کە تێکڕای میللەت لەسەری ڕێکن و پێویست بە تۆمارکردنی لەناو دەستووردا ناکا. پێم وایە میللەتی کوردیش وەک بریتانیەکان میللەتێکی پارێزیارە و ڕێزی کەلتووری خۆی دەگری. هەر چۆنێکی بێ، لە کۆمەلگا نووژەنەکانی ئەمڕۆدا دەرفەتی پێشکەوتن و ڕێبەرایەتی کردن بۆ هەموو تاکە کەسێک یەکسانە و کێ گۆی بردەوە قابیل بەوە.

ڕاستە ڕێبەری و گەورەیی لە هەموو دەوران و زەمانێکدا ڕۆڵی سەرەکی لە ژیانی هەر کۆمەلگایەک دا هەبووە و هەر دەشبێ، بەلام ئینگلیز قسەیەکی جوانیان هەیە دەڵێ:

واتا (ڕێبەر هەڵنابژێردرێ، هەڵدەکەوێ). (A leader is not elected, he emerges.)

مەلا مستەفای بارزانی (هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی) ڕۆژێک لە ڕۆژان بە هەڵبژاردن نەبووە پێشەوای کورد و کەسیش داوای هەڵبژاردنی نەدەکرد. ئەو هەر خۆی پیاوێکی لێ وەشاوە بوو و سیفاتی ڕێبەرایەتی و گەورەیی تێدا بوو.

صەت مخابن کە لە سەردەمی ئەودا، هەل و مەرجی سیاسی جیهان وای دەخواست کە پەیوەندی شۆڕشی کورد بەدەرەوە دەبوایە بەو پەڕی نهێنی و دزییەوە بکرێ. ئەمەش گوناهی ئەو نەبوو، زلهێزەکان ئەوهایان گەرەک بوو. دەنا ئەوەی کە ئەمڕۆ بۆ کاک مەسعود و مام جەلال هەڵکەوتووە ئەگەر بێتو بۆ مەلا مستەفا هەڵبکەوتایە کە لە ژوورەوەش هیچ مەیدان _خوازێکی نەبوو، لەوانەیە شت بە جۆرێکی دیکە بڕۆیشتبا.

ئەمڕۆ کە باسی هەڵبژاردنی ئازادە چ بۆ پەرلەمان چ بۆ ڕێبەرایەتی، ڕێبەرانی پارتیە سیاسیەکانی ئەمڕۆ دەبێ بە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بگەنە دەسەڵات و ئەگەر بێتو لە ماوەی دیاری کراوی پەرلەمان یان سەرۆکایەتی دا کارو کردەوەیەکی ئەوتۆیان بۆ گەل و نیشتیمان نەبوو، ئەوا دەبی ئامادەبن بارگەی خۆیان تێک بنێن و مەیدانی سیاسی بۆ کەسانی تر چۆڵ بکەن، ئەوانیش بێن خۆیان بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان تاقی بکەنەوە.

لە سیستەمێکی دیموکراتیدا زەحمەتە پارتییەک بتوانی ئیدیعای ((پارتی ڕێبەر)) بۆخۆی بکا. هەر پارتییەکی فەرماندار، دەبێ بوخچەی بە کولەوە بێ، هەر ڕۆژێک نەیتوانی پێداویست و داخوازیەکانی میللەت بەجێ بگەیەنێ دەبێ مەیدان چۆل کا. واتە بۆ کەس تا سەر نیە. لە سیستەمێکی پەرلەمانی پلورالیستدا ئەوەی کە جلەوی حوکمی بەدەستەوەیە دەبێ بۆ هەموو ڕەخنە و توانج و سەر کۆنە کردن و تورە و جارس کردن ئامادە و سنگ فرەوان و پشو درێژ بێ کە هەم لەلایەن دەزگایەکی ڕۆژنامەوانیی سەربەخۆ و بەر پرسیارەوە و هەم لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە لێی دەگیرێ. بەم دواییە (٥٩) ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکا بەبۆنەی گرتن و دادکردنی (٨) پەرلەمانتاری کوردی تورکیا نامەیەکیان بۆ سەرۆک وەزیرانی تورکیا خانم تانصو چیللەر ڕەوانە کرد و تێیدا بەسەر سوڕمانەوە لێی دەپرسن چۆن دەبێ نوێنەری گەل لەناو خودی پەرلەماندا نەتوانێ بە ئارەزووی خۆی بیرو باوەڕی ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەربڕێ کە دەنگیان داوەتێ و متمانەیان پێ کردووە.

تەنگاو کردنی ڕێبەران و کاربەدەستانی بەرزی میللەت دیاردەیەکی زۆر ساغە و مشتومڕی گەرم و گوڕی ناو پەرلەمانیش لەسەر کێشە و گرفتە جۆر بە جۆرەکانی گەل و وڵات هەر ئەوە ڕێی ڕاستە بۆ گەیشتنە

ڕاستی. لێرەشدا دیسان دەبێ پەنا ببەمەوە بەر ئینگلیزەکان کە دەڵێن:
(The truth emerges from the clash of opinions)

واتە (ڕاستی لە پێکدادانی بیرو باوەڕانەوە بەدەر دەکەوێ).

کاک فەرەنسۆ هەریری لە گوتارەکەیدا دەڵێ:

"پەرلەمانتارێک لە هەستی نا بەرپرسیاری یا هەر هەستێکی ترەوە ڕۆژێک و دوان و سێ سەرۆکی پەرلەمان بداتە بەر شاڵاوی پرسیارو توانج و سەغڵەتکردن و تووڕە کردن ... دیارە ئێمەش نایەلین پیرۆز و گەورەیی سەرۆک بارزانی بە هیچ شێوەیەک بشکێ."

خوانەکەرانێ کاک فەرەنسۆ پەرلەمانێکی وەک دیوەخان و تەکیە و مزگەوت و کەلیسای گەڕەک نیە کە ئاغە و شێخ و مەلا و مەطران تێیدا بفەرموون و گوێگرەکانیش دەست بە سنگەوە بڵێن بەین و بەین الله فەرموودەی جەنابتە قوربان!!

جا ئەگەر بێتو کاک مەسعود بارزانی (مقدس و پیرۆز)بێ و بە دوو بارە و سێ بارە کردنەوەی ڕەخنەو توانجان سەخلەت بێ و لە گەورەیی کەم ببێتەوە، دەبێ مام جەلال تالەبانیش بە هەمان ئەندازە مقدس و پیرۆزبێ چونکە دەردی کوردەکە گوتی " کەس بە دۆی خۆی نالێ ترشە"، دەبێ دکتۆر محمودیش مقدس و پیرۆزبێ و شێخ مەلا وەسمان و عزیز محمد و حەمەی حاجی محمود و ... هتد. خولاسە، لە ئاخیری کاری کورد دەکەوێتە دەست چاک و پیران و مجیوری وەک کاک فەرەنسۆ هەریری.

ئەوەی لە ئێراق ژیابێ چاکی لەبیرە کە صەدام حسین وەکو خەلیفە و سوڵطانان دادەنیشت و شایەرانی میللیش، یەک بە دوای یەکدا دەهاتنە پێشی و هەڵبەستیان بەسەردا هەڵدەگوت. لێرەدا (بەلا تەشبیە) دەلێم

ئینسانێکی بێ هەوای وەک کاک مەسعود ناشێ و لێشی قەبوڵ ناکرێ ڕێگا بەم جۆرە بەشانو باهودا هەڵگوتنە بدا. مشتومڕی ناو پەرلەمان، با چەند گەرم و گوڕیش بێ، لە پایەی کاک مەسعود و لە پایەی هیچ سیاسەتمەدارێک کەم ناکاتەوە، بە بەرەواژە وە پتر لەناو بوتەی دیموکڕاسی دا قاڵیان دەکا. ئەوەی کە لە پایەی ڕێبەرێک کەم بکاتەوە هەر ئەم (تبجیل و تقدیس)ەیە.

لە سیستەمێکی دیموکڕاتیکی پەرلەمانی پلورالیستدا مەبەس لە پەرلەمان هەر بۆ دانانی قانون وچاوەدێری حکومەت و کێشمەکێش لەسەر بارودۆخی گەل و نیشتمانە. لە سیستەمێکی ئەوهادا هەموو کەس بەرامبەر بە قانون وەک یەکن و کەس لە هەوراز قانون دانانیشێ. خۆ بە شەریعەتی ئیسلامیش کەس لە کەس گەورەتر نیە (ان اکرمکم عند الله اتقاکم)، خواش نەبێ کەس نازانێ کێ لە کێ تەقی ترە.

بێ لە هەندێ، پرسیارێکی دیکەش لێرە قوت دەبێتەوە: ئایا بۆچی

کاک مەسعود ئەندامەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئێراق INC قەبوڵ کردووە کەچی خۆی لە پەرلەمان و حکومەتی کورد دوور رادەگرێ ؟ ئایا ئەویانی پێ گەورەیی یە و ئەمیانی پێ شەرمە ؟

بە لێکدانەوەی کاک فەرەنسۆ هەریری باش نیە بۆ ڕێبەرانی کورد بەشداری لە حکومەت و پەرلەماندا بکەن. لێرەشدا دەمەوێ بڵێم کە ئەمەش هەر دیاردەیەکە کە هەر لە ئێراق و ئێران بەدی کراوە. لە ئێران دەوڵەت بە هەموو دام و دەزگا دنیاییەکانیەوە هەیە بەڵام ایةالله یەکێکیش کە بەشێکی ئەو سیستەمە دنیاییە نیە لەسەرەوەی هەمووانە و کەس حەدی نیە قسە لە قسەی بکا. کەواتە ڕێبەرایەتییەکی دوانە. لە ئێراقی زەمانی ئەحمەد حەسەن البکریش دیسان هەموو موئەسەساتێکی دەوڵەت بەسەر

کۆماریشەوە هەبوو، کەچی صەدام حسین، لە پشت پەردەوە هەموو شت بوو. دیسان ڕێبەرایەتییەکی دوانە.

تەنها وڵاتانی دیموکراتیک کە پێشەوای میللەتی تێدا بەشێکی دەستووریی سیستەمەکە و بە پێی دەستوور هیچ ڕەخنەیەکی ئاراستە ناکرێت چونکە کاری بە سیاسەتی دەوڵەتەوە نیە. وڵاتانی شانشین یان میرنیشی بریتانیا و سکاندیناڤیا و بێنێلوکس و ئیسپانیان، لە ئاسیاش ژاپۆن. جا ئایا کورد لەو سیستەمانە کامەی گەرەکە؟

من لێرەدا لەگەڵ نووسەری گوتارەکەم کە بە پێی قانونی هەڵبژاردن لە کوردستان سەرەک وەزیر و سەرۆکی پەرلەمان دەبێ ئەندامی هەڵبژێردراوی پەرلەمان بن، بەڵام ئایا ئەمە ئەوەندە گرانە ؟

میللەتانی جیهان بۆ چارەسەرکردنی گرفتاری و کێشەی نەتەوەکەیان، دەستووری وڵاتیان دەگۆڕن. بەڵێ کوردستان جارێ چ دەستووری تایبەتی خۆی نیە بەڵام ناتوانێ قانون بگۆرێتێ؟ لەوانەیە سەیر بێ، بەڵام قانونی هەڵبژاردنی کوردستان سوودێکی زۆری بۆ رۆژێکی تەنگاوەی وەک ئەمڕۆ هەیە. لە کاتی خۆیدا کە هەڵبژاردنی پەرلەمان کرا، کەس دەنگی نەدا بە خودی تاکە کەسێک سەبارەت بە پیاوەتی و چاکە و شارەزایی و لێ وەشاوەیی ئەو کەسە، بەڵکو دەنگەکان دران بە لیستەی ئەم پارتیە یان ئەو پارتیە. لە پاشان پارتیەکان هەڵسان هەندێکیان لێ هەڵاوێشتن و ئەوانەی کەشیان بە دل شکاوی رەوانەی ماڵی خۆیانیان کردووە کە لەوانەیە دەنگدەرێک دەنگی خۆی تەنها سەبارەت بەو کەسەوە نەک بەو حیزبەوە دابێ. ئەو هەڵەیە ئەمرۆ بە کەلکمان دێ. لە وڵاتان کە ئەندامێکی پەرلەمان، لەبەر هەچ هۆیەک بێ شوێنەکەی بە چۆلی دەمێنێتەوە هەڵبژاردنی لاوەکی By Electionی بۆ دەکەن، دیسان هەر لە نێوان هەموو پارتیە سیاسیەکاندا. بەڵام بە پێی قانونی هەڵبژاردنی کوردی- کە خۆیشیان بەچەوت و هەڵەی دادەنێن - زۆر ئاساییە بۆ

کاک مەسعود و مام جەلال داوا لە دوو نوێنەری پەرلەمانی خۆیان بکەن بچنە ماڵەوەو ئەوان کورسیەکانیان پڕ بکەنەوە هەروەک کە لە سەرەتای دانانی پارلەمان کردیان و بە زەقەی چاوی دەنگدەری داماویشەوە دایانسەپاند، یانیش ئەگەر لە سەدا (٧٥)ی پەرلەمان دەنگی دا دوو کورسی بۆ ئەو (دوو) زاتە تەرخان بکرێ ئەوا کێشەکە دەبڕێتەوە.

هەر چۆنێک بێ ئەگەر دنیایە مام جەلال و کاک مەسعود هەر پێ لە عەردی گیرکەن و نەیانەوێ تێکەڵ بە سیستەمی دەوڵەت بین، ئەوسا بە پێی هەموو قانونی سیستەمێکی دیموکراتیک، دەبێ چ کاریان بەسەر دەوڵەتەوە نەبێ، مووچانەی خۆیان و پاسەوانەکانیان لە دەوڵەت وەرنەگرن، بە ناوی حکومەتی کوردەوە هاتوچۆی دەرەوە نەکەن و پەیوەندی رەسمی بە رێبەرانی جیهانەوە نەکەن، تەنها مەگەر حکومەت رایان بسپێرێت، بەکورتی لە ماڵی خۆیان دابنیشن و کاری حزبایەتی خۆیان بکەن. چونکە کورد بەرگەی رێبەرایەتی (دوانە) ناگرێ و دوو سەلکە بەرانیش لەناو یەک مەنجەڵدا ناکوڵێن. ئەگەر راست و رەوات دەوێ هەر ئەوەیان بۆ دەمێنێتەوە ئەگینا خۆ (لەمە چێتر) نین کەس نەیانبینێ و چارەنوسی میللەتیشیان بە دەستەوە بێ.

خۆ ئەگەر گەرەکیشیانە بێنە ناو بازاڕی سیاسەتەوە، ئەوا وەک ئاشکرایە بازاری سیاسەت بازاڕێکی بە چڵکاوە. دەبێ حیسابی پیس بوونی پاشەڵیشیانی بۆ بکەن.

کوردیش بە خۆڕایی نەیگوتوە:

((ماسی گرتن و قوون تەڕ نەبوون ناکرێ))

عومەر حەمەدەمین[4]

---

[4] عومەر حەمەدەمین ، هەر هەمان هۆمەر دزەیی یە بەڵام کە ئەو گوتارەم بڵاو کردەوە ئەوسا لە رادیۆی دەنگی ئەمەریکا کارمەند بووم بۆیە ناوەکەی دەنگی ئەمەریکام بۆ ئەم گوتارە دانەنا .

-27-
چەند ڕووداوێکی مێژوویی کەس پێ نەزان

هیچ گومانم لەوەدا نییە ئەو چیرۆکانەی کە هەر ئێستا لە خوارەوە دەیانگێڕمەوە نابێ ئەوە تەنیا ڕووداو بن لە مێژووی کورد و کوردستاندا کە تا ئێستاکێ ببوونە، یان هێشتا هەر بوونەتە، بەردی بن گۆم و کەس پێی نەزانیون. داخی بە جەرگم، زۆرن ئەو ڕووداوانەی کە لە بێ خاوەنی و بێ نازی سەرەنجامیان پشت ئەستێرکی لەبیرکراوی مێژوو بووە. گەر ئەم جۆرە ڕووداوانە لەناو گەل و کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو بقەومابان بە دەیان کتێبیان لەسەر دەنووسرا و فیلمی سینەمائیان لەسەر دەردەهێنان. هەر باش بوو جاران لە کۆمەڵگای نەخوێندەواری کوردەواریدا بەیتخوان و بەندبێژ هەبوون کە هەر بە زار هەندێ لەو ڕووداوانەیان دەپاراست و زار بە زار بۆمان ماونەتەوە. کورد دەبێ هەتاهەتایێ خۆی بەقەرزداری ئەو بەیتخوانانە بزانێ. بەڵام بە ئاوابوونی مۆدەی بەیتخوان و بەندبێژان کە ئەوسا زیاتر "شایەر" یان پێ دەگوتن چیرۆکی گەلێک ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتیش لەبیرکران و گوم بوون. باشیش بوو جاران ئەفسەر و سیاسەتکار و گەڕیدەی ئینگلیز و ئی تریشی نە_کورد لەسەر کوردیان دەنووسی و نووسینەکانیان بە ڕاپۆرت بۆ حکومەتی خۆیان دەناردەوە یان خۆیان بە چاپیان دەگەیاندن. دیارە زۆر لەوانەش، کە کارمەندی پایە بەرزی دەوڵەتی خۆیان بوون، شتی نا دروستی بێ بەڵگەیان بۆ حکومەتی خۆیان نەدەناردەوە بۆیە نووسینەکانیان جێی باوەڕن.

سەرچاوەی ئەو چیرۆکانەی کەوا لێرەدا بڵاویان دەکەمەوە نامەیەکی بن

ئامۆزایەکی بەناو سالْدا چوویی خۆمە کە سالْی 1998بۆی ناردوومەتە ئەمەریکا ئەو کاتەی کە لە رادیۆی دەنگی ئەمەریکا کارم دەکرد. بۆیەش ئەو بن ئامۆزایەم بە سەرچاوەی باوەڕ پێکراو دادەنێم چونکە تەمەنێکی زۆر (99 سالْ ژیا) و خوێندەوارییەکی کەمی هەبوو. جا ئەوەی ئەو دەیگێڕایەوە هەمووی لە زاری خودی ئاکتەرەکانی رووداوەکانی بیستبوو کە هاودەمی خۆی بووین.

سابیر ئاغای عەزیزی خورشید ئاغای دزەیی

سابیر ئاغا (2007 -1908) لە دایکیشی و لە بابیشیەوە ئامۆزازای من بوو. عەزیز ئاغای بابی کوڕی خورشید ئاغای مامم بوو و ئاغاژنە هەمینی دایکیشی کچی برایم ئاغای مامم بووە.

کوردیش قەرزاری دوو ئەفسەری بریتانییە (کاپتن هێی و ئارنۆلْد ویلْسن) کە هەر نەبێ ئەو کارو کردەوانەی ئەو دوو مامەی منیان (برایماغا و خورشیداغا) بە کتێب تۆمار کردووە. بەلاّم ئەو رووداوانەی کە سابیراغا بۆ منی نووسیوە ئەوە وێ دەچێ لە ئاخر و ئۆخری حوکمی عوسمانلی دا قەومابن.

وەک گوتم، خوێندەوارییەکەی سابیر ئاغا سنووردار بووە و پێم وایە دەبێ ماوەیەک لە حوجرەی فەقێیان خوێندبێتی. ئەمە دەقی نامەکەیەتی کە بەدەستخەتی خۆی و بە شێوازێکی سادە نووسیویەتی و بە دەستی یەکێک لە هەولێرەوە بۆمی ناردۆتە واشنتن. ئەمن دەسکاریی داڕشتنی نووسینی نامەکەی ناکەم بەلاّم بۆ ئاسانکردنی خوێندنەوەی تایپی دەکەم.

سابیراغا لەسەر زەرفەکە ئەمەی نووسیوە:

بۆ بەرێز عمر دزەیی

پیش کشه

سابیر عەزیز

ئەمەش ناوەرۆکی نامەکەیە:

لاپەره یکم

بۆ بەرێز / عمر دزەیی پێش کەشه

پێشەکی

هەردوو چاوەکانت ماچ دەکەم داوای تەندروستیت لە یەزدان دەکەم ئەگەر لە ئێمەش دەپرسی ئێمە زۆر باشین منداڵەکانیش دەستت ماچ دەکەن وە چاوی منداڵەکانیشت ماچ دەکەم لە دوایی چۆن و چاکی رووناک هات بۆ لامان ئەحواڵی تۆمان پرسی بەڵام دیار بوو کە تۆ مەرەق بووی هەندێک ئەحواڵی برایم اغا بزانی وە منیش کەم و زۆرێک هەندێک شت دەزانم لە کردەوەکانی برایم اغا وە هەندێک شتت بۆ دەنووسم لە کردەوەکانی.

١) برایم اغا لە کاتی کە شەڕ بوو لەگەڵ تورک و ئینگلیز حکوومەتی توورک ئەو کاتە حوشتر و وولاغیان دەبرد بە سوغرە بۆ بارکردنی ئەرزاق و فیشەک بۆ شەڕ بەڵام لە دەشتی قەراجی /سیدەک/ هەبوو حوشتری هەبوو کە حکوومەتی توورک حوشترەکانی هێنابوو ئەرزاق و فیشەکیان پێ بار بکات بۆ شەڕ بەڵام /سیدە/ کە بەهەر جۆرێک بوو حوشترەکانی دزیبۆوە قائدەکی عەسکەری توورکی بوو لە مخموری /سیدە/کەیان هێنابوو کە ڕەمی بکەن بەڵام خەبەریان دا بە /برایم اغا/ کە /سید/ ڕەمی دەکرێ /برایم اغا/ ئەو کاتە دەست نوێژی دەشووشت

کاتی نیوەڕۆ بوو یەکسەر هەستا امری کرد کە ژن و پیاو کۆ ببنەوە پیاو بە تفەنگی ژنیش بە بەرچیغان گوتی من دەڕۆم بۆ قشرەی ئێوەش ژن و پیاو با بێن بۆ قشرەی /برایم اغا/ چوو بۆ لای قائدەکە پێ گوت کە ئەو /سیدە/ نابێ رەمی بکرێ قائدەکە گوتی کە ئەو /سیدە/ خیانەتی کردووە یەکەم جار نەی سەلماند /برایم اغا/ یەکسەر لە قشرەی هاتە دەری عەسکەر ئاگاداری قائدەکەیان کرد گوتیان ژن و پیاو تێکرا لە دەورەی قشرە راوەستاون ئنجا قائدەکە بەو خەبەرەی زانی گوتی /برایم اغا/ م بۆ بانگ بکەنەوە گوتی بە /برایم اغا/ با خاتری تۆ بێت ئنجا /سیدی/ لە مردن رزگار کرد

---

٢) برایم اغا زۆر دۆستی / حەمە اغا /ی کۆیی بووە عەشیرەتی شێخ ووزێنی هاتن دەورەی گوندەکانی / حەمە اغا /یان دا کە گوندەکانی لێ زەوت بکەن چونکە / حەمە اغا / پیاوێکی گەورە بوو بەڵام عەشیرەتی نەبوو هەر / 10 - 15 /ماڵێک هەبوون کە کەس و کاری خۆی بوون لە کۆیی / حەمە اغا / کاغەزێکی نووسی بۆ / برایم اغا / داوای کۆمەکی کرد لە /برایم اغا/ ئنجا / برایم اغا / لەشکری بۆ دروست کرد بە سەرۆکایەتی / خورشیدی بایزی/

ئەو لەشکرەیان نارد چوون بۆ شەڕی شێخ ووزی نیان ئنجا ئەو شەڕە مشهوورە کە / خورشیدی بایزی/ سێ ماینی لە بندا گوژرا نەگەڕاوە هەتا لەشکری شێخ ووزینیان شکاند هەموویان لە زێ پردێ پەڕاندنەوە ئەو بەری ئەوە لەلای دزەیاتییەوە بەڵام لەکۆیی هەورازەوە بلباس هاتبوونە کومەکی / حەمە اغا / بەڵام داخەکەی گرانم کە /مسعود محمد/ کتێبێکی مێژووی / حەمە اغا/ نووسیە کە بلباس کۆمەکی / حەمە اغا/ کردیە لە دەشتی بیتوینی بەڵام هیچ باسی لەشکری دزەییاتی نەکردووە کە ئەو کاتە لەشکری / برایم اغا / ی لە ووڵاتی کۆیی شێخ ووزینیان هەربڕی بە سەرۆکایەتی /خورشید اغا / ی ئنجا / خورشید اغا / گەڕاوە

سێ اغای لە بانەموورد ی کە بە چاوی خۆت دیوتە لە ساڵی /1963/ ئنجا ئەو سێ اغا لەوێ مانەوە (١) عزیز خورشید (٢) مستەفا حاجی مەلا (٣) علی بەگی حویزی ئنجا ئەم اغانە سێ ساڵ مانەوە کە کوردەی دایکی دکتۆر / محو / لەوێ لە دایک بووە بۆیە کە ناویان نا کوردە چونکە لەناو کوردان بوون پاش ئەو سێ ساڵە / حەمە اغا / کاغەزی بۆ / برایم اغا / نارد کە ئەو گوندەم بۆ ئێوە خەڵات کرد کە دەکا بانە موورد ئنجا /برایم اغا / جوابی نارد ئەم / اغا/نە هاتنەوە کاغەزێکی بۆ / حەمە اغا /نووسی گووتی ئێمە ئامادەین کە هەموو کاتێک کۆمەکی ئێوە بکەین ئێمە گوند و دێهاتمان گەلێک زۆرە هیچ پێویستیمان بە دێهاتی ئێوە نییە.

(٣) عجیل پاشا رئیس عەشیرەتی شمر بەشەڕ هاتن لەگەڵ بەرەبابەکی خۆیان جوابی بۆ / برایم اغا/رەوان کرد کە بچنە یارمەتی ئنجا / برایم اغا / سوارێکی زۆری کۆکردەوە چوو کە چوو لەوێ دیتی کە شەڕ لەگەڵ بەرەبابی خۆیانە ئنجا / برایم اغا / بە / عجیل / ی گوت من ئەم شەڕە ناکەم چونکە ئێوە کەسی یەکترن بەڵام چونکی هاتووم ئەبێ پێکتان بێنم سولحتان پێ بکەم ئنجا لەگەڵ هەردوو لایەن سولحی پێ کردن و پێکی هێنان

برایم اغا پیاوێکی زۆر گەورە بووە هەتا کاپتن های نوسیتی لە سنتان فی کردستان دەڵێ / برایم اغا / بەراستی بە رئیس دەچوو کە من لە هەولێر قسەم لەگەڵ دەکرد کە ئەنەهو قسەم لەگەڵ زەعیمێک دەکرد

بەڵام / برایم اغا / ٩ / ژنی هێنابوو (٢) عەرەب (٢) هەولێری (١) خیلانی (١) گوک جەلیل (١) عەشیرەتی ئاری کوتکی (١) لە ماڵی سمایل قۆرچی (١) مام زیندینی لە ساڵی 1920 کۆچی دوایی کردووە

ئیتر بە خوات دەسپێرم

سابر عزیز دزەیی

1998/8/14واژۆ

ئەمە دەقی کتومتی نامەکەی کاک سابیر ئاغای ئامۆزامە بۆ من. نامەکە هەرچەندە کە هەمووی بەسەر یەکەوە بێ پنتک و کۆما و سەروژێر نووسراوە بەڵام لە رووی دارڕشتنی رستەکانەوە تا رادەیەکی باش رێکوپێکە. لە شوێنێکیشدا سابیر اغا باسی منیش (هۆمەر دزەیی) دەکا کە ساڵی ٦٣ من و ئەو پێکەوە پێشمەرگە بووین و ماوەیەکی کورت لە گوندی (بانەموورد)ی ولاتی کۆیە مابووینەوە. بانەموورد مولکی حەماغای کۆیە بووە. ئەمن لەو باوەڕەم کە سابیر ئاغا بە حوکمی تەمەنی گەورەی لە رۆژگارانی ئەو رووداوانەدا ژیاوە و چیرۆکەکانی لە کەسوکارە لە خۆی گەورەترەکانی بیستووە کە ئەکتەری راستەقینەی رووداوەکان بووین. بۆیە ئەو رووداوانە شایەستەی ئەوەن تۆزی ونبوونیان لێ دابتەکێندرێت و وەک بەڵگەی مێژوویی تۆمار بکرێن.

ئیتر بە خوات دەسپێرم

سابر عزیز دزەیی

1998/8/14واژۆ

ئەمە دەقی کتومتی نامەکەی کاک سابیر ئاغای ئامۆزازامە بۆ من. نامەکە هەرچەندە کە هەمووی بەسەر یەکەوە بێ پنتک و کۆما و سەروژێر نووسراوە بەڵام لە رووی دارشتنی رستەکانەوە تا رادەیەکی باش رێکوپێکە. لە شوێنێکیشدا سابیر اغا باسی منیش (هۆمەر دزەیی) دەکا کە ساڵی ٦٣ من و ئەو پێکەوە پێشمەرگە بووین و ماوەیەکی کورت لە گوندی (بانەموورد)ی ولاتی کۆیە مابووینەوە. بانەموورد موڵکی حەماغای کۆیە بووە. ئەمن لەو باوەڕەم کە سابیر ئاغا بە حوکمی تەمەنی گەورەی لە رۆژگارانی ئەو رووداوانەدا ژیاوە و چیرۆکەکانی لە کەسوکارە لە خۆی گەورەترەکانی بیستووە کە ئەکتەری راستەقینەی رووداوەکان بووین. بۆیە ئەو رووداوانە شایەستەی ئەوەن تۆزی ونبوونیان لێ دابتەکێندرێت و وەک بەڵگەی مێژوویی تۆمار بکرێن.







سابیر ئاغای عەزیزی خورشید ئاغای دزەیی

لە ڕاستەوە: تاهیری ڕەشید ئاغای دزەیی، سابیر ئاغای عەزیزی دزەیی، موحسین دزەیی، زاهیر بابان، ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی

-28-
شێخ لەتیفی شێخ سادقی بەرزنجی هەشەزینی
(1937 - 1999)

ئەمن ساڵی 1995 کە لە بەشی کوردیی رادیۆی دەنگی ئەمەریکا کارم دەکرد تووشی نەخۆشیی دڵ بووم و نەشتەرگەریی بایپاسم بۆ کرا. شێخ لەتیفی شێخ سادقی بەرزنجی (یادی بە خێر) لە بنەماڵەی شێخە بەرزنجییەکانی ناوچەی (قادر کەرەم) و (هەشەزین) بوو بەڵام لەهەولێر دادەنیشت. شێخ لەتیف نەوەی شێخ سمایلی ولیانی بوو و منیش لە نەنکمەوە (بەهیەخانی دایکی دایکم) نەوەی شێخ سمایلی ولیانیم و لە باپیریشمەوە (شێخ مارفی باوکی دایکم) نەوەی شێ حەسەنی گڵە زەردەم. شێ حەسەن و شێخ سمایلیش برا بوون. جا بەم پێک گرێدراوەییمان تەواوی ساداتی بەرزنجە دەبنە خاڵوانی من. ئەمن هەر لەبەر خزمایەتی نەبوو کە شێخ لەتیفم ئەوەندە خۆش دەویست. هەر لە تەمەنی نەوجەوانیمانەوە من و شێخ لەتیف پەیوەندییەکی زۆر نزیکمان بەیەکەوە هەبوو. ئەوەش وەک پێشتر گوتم، هەر لەبەر خزمایەتی نەبوو بەڵکو هەردووکمان لە بواری چالاکوانیی کوردایەتی و بواری شیعر و ئەدەبیات و هونەریشدا هەمیشە هاوڕا و هاوچێژ بووین. شێخ لەتیفیش، خۆم ئاسا، دەستی شیعر دانانی هەبوو و گوتاری جوان جوانیشی لەسەر ژیانی دۆست و برادەرە کۆچکردووەکانی لە کۆڤاری (کاروان)دا بڵاو دەکردەوە. پیاوێکی بەڕاستی بە وەفا بوو، داخی گرانم هێشا زوو بوو کە کاروانی ژیانی بەجێ هێشت.

جا کە من لە ئەمەریکا نەخۆش کەوتم شێخ لەتیف، لە کوردستانەوە دوو نامەی بۆ ناردم و هەڵبەستێکی پڕ لە جۆش و خرۆشیشی بە بۆنەی نەخۆش کەوتنم دانابوو و بۆی ناردمە ئەمەریکا.

من هەردوو نامەکەی و هەڵبەستەکەشیم هەڵگرتووە کە بە دەستخەتی خۆی نووسیویەتی. نامەی دووەمیان کە ڕێکەوتی 1996/6/14ی لەسەرە زیاتر بیرخەرەوەیە بۆ نامەی یەکەمی کە لەگەڵ هەڵبەستەکە لە 1995/9/9 لە هەولێرەوە بۆی ناردبوومە ئەمەریکا.

جا ئەمەیان تایپکراوی دەقی نامە دەسنووسەکەی یەکەمی شێخ لەتیفە لەگەڵ شیعرەکەی کە لەسەر منی داناوە.

هەولیر 1995/9/9

برای تیکوشەر کاک هومەر

سەلاویکی گەرم و گور

خوشی و بەختیاریتان لە خوای گەورە داوا ئەکەین و ئومیدەوارین سحەتان زور باش بیت هەر ساغو سەلامەت بن. درەنگ خەبەری نەخۆشی ئێوەمان زانی خوا بتان پاریزی. زۆریش پەروشی ئەو هەواله بوم شەویک وەک خەو یان ورینە بکەم خەوالو بوم ئەو چەند دیرەم بو هات هەر چەندە لە شیعریش ناچی بەلام هەر چونیک بیت وا بومان ناردن و ئەبی ببورن لە کەمو کورتی ئەو چەند دیرەو درەنگ ناردنی نامەی هەوالپرسین حەقی وابو خومان بیین بو لاتان بەلام جەنابت لیت رونە وەزعەکە چونە. لیرە هەموو مالە شیخەکانی خومان زور دوعای خیرتان بو

دەکەن بە دل و لەو باوەرە دام زور سوودی ئەبیت. خالو شیخ کاکە زور هەوالتان ئەپرسی و دوعاتان بو دەکات. مالی خومان زور ریزیان بو جەنابتو مالەوەتان هەیە و هەوالی مندالەکان ئەپرسن.

ئیتر خوشیتان چاوەکەم

برای دلسوزتان

واژۆ

لتیف بەرزنجی

تیبینی

لەم ماوەیەدا لەسەر کاک

عەونی یوسف و علی محمودی

کاکەخانم نوسیوە و هەولم داوە

ئەو وتارانەت پی بگات. حەز دەکەم

لە گەیشتن یان ئاگادارم بکەنەوە

زور سوپاستان دەکەین.

(نامەکەی شێخ لەتیف تەواو)

ئەمەش هەڵبەستەکەیە کە بە بۆنەی نەخۆشییەکەم لەسەر من (هۆمەر دزەیی) ی داناوە:

هەولیر 1995/9/9

(برای دور ولات)

برای دور ولات کاکی دەربەدەر
رولەی نەبەزی گەلی خەباتکەر
نەخوشیت خەمی کوردی داماوە
کارەساتی وا قەت روی نەداوە
خەرمانی هیوای کوردە سوتاوە
جوگەلەی خوینی لاوی کوژراوە
لەو کەژ و کیوە بوچی رژاوە
روژی رەش ی وا هیچ نەبینراوە
چارە هەر ریگەی خوشی و ئاشتی یە
داخوازی میللەت هەر تەبای یە
لە کوتای دا برای ئاوارە
خوشەویستەکەی ئەم گەل و شارە
تکامان وایە لای یەزدانی تاک
بتان پاریزی و وەک جاران چالاک

هەولیر/ لەتیف بەرزنجی

9/9

هەزار رەحمەت لە گۆڕی بێت کاکە شێخ لەتیف. ئەگەر خوێنەری بەڕێز سەرنجێ بداتە چەند دێڕێکی هەڵبەستەکە تێ دەگا کە شێخ لەتیف چەندە پەرۆشی ئاشتی و تەبایی میللەتەکەی بووە چونکە لەو کاتەی کە ئەو هەڵبەستەکەی داناوە کارەساتی شەڕی براکوژی لە گەرمەی بووە.

سەیرکە کە دەڵێ: " نەخۆشیت خەمی کوردی داماوە، کارەساتی وا قەت رووی نەداوە." هەر وەها کە لە کۆتاییدا دەڵێ :" چارە هەر رێگەی خۆشی و ئاشتی یە، داخوازی میللەت هەر تەبایی یە."

یادت بەخێر، خاڵۆ شێخ لەتیف گیان.





شێخ لەتیف شێخ سادق بەرزنجی

-29-
نامەیەکی دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی

ئاشنایەتی من لەگەڵ کاک عیسمەت شەریف وانلی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی نیسانی ساڵی 1957 لە شام. لەوان رۆژاندا ئەمن لە کوردستانەوە بەرەو ئەورووپا کەوتبوومە رێ و دامنابوو لەسەر رێمدا هەڵوەستەیەک لە شارە مێژووییەکەی شامدا بکەم، سەردانێکی عەلی فەتاح دزەیی ئامۆزام بکەم کە لەوێ لە کۆلێژی رەوای زانکۆی دیمەشق دەیخوێند و چاویشم بە ژمارەیەک کوردی رۆشەنبیری رۆژئاوا بکەوێت کە لە بواری شیعر و ئەدەبییات و سیاسەتدا ناو و دەنگێکی خۆشیان بەناو کوردستاندا بڵاو ببووەوە. جا لەوێ لەو چەند رۆژەی کە مامەوە یەکێک لەو کوردە نیشتمانپەروەرانە عیسمەت شەریف وانلی بوو کە خۆی لە شاری لۆزانی سویسرا دکتۆرای لە مێژووی سیاسی دەخوێند و سەرۆکی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا)ش بوو و بە سەردان گەڕابووەوە بۆ سوریا. جا لە شامەوە من چووم بۆ ڤیەنناو کاک عیسمەتیش گەڕایەوە بۆ لۆزان. ساڵ سووڕایەوە بۆ 1958 و هەر لە بەراییەکەی مانگی یەکی ئەو ساڵەدا لە لەندەن کۆنگرەی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا) بەسترا، منیش لە ڤیەنناوە چوومە ئەوێ و کاک عیسمەتیش لە لۆزانەوە هاتبوو. لە کۆتایی کۆنگرەکە کاک عیسمەت بە سەرۆکی کۆمەڵە هەڵبژێردرایەوە و منیش بە جێگری. جا کە هەر یەک لە خوێندکارە کوردەکانی بەشداربووی کۆنگرەکە گەڕایەوە بۆ شاری خۆی من و کاک عیسمەتیش بە حوکمی پۆستەکانمان و نزیکیی نەمسا و سویسرا لە یەکتری پەیوەندیی بەردەوامان بەیەکەوە هەبوو.

ساڵ هاتن و چوون، ئەمن گوازتمەوە بۆ پاریس و لەوێوە زوو زوو

سەردانی کاک عیسمەتم دەکرد لە سویسرا. ساڵ هێشتا هاتن و چوون، حکومەتان وەرگەڕان، شۆڕشی کورد دەستی پێ کرد و دەنگی دایەوە. با مێژوو تۆماری بکات کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا رۆڵـی بـاڵیۆزێکی کـاریگەری دەگێـڕا لە ئەورووپـا. کـۆمەڵە بـوو کە دەنگوباسـی شۆڕشـی کـوردی باشـووری کردسـتانی بە جیهانـدا بـڵاو دەکـردەوە، کـۆمەڵە بـوو کە بـاری نالەبـاری کـوردی بەشـەکانی تـری کوردستانی بە میدیا و سیاسەتکاران و پارلەمانتارانی ئەورووپا و ئەمەریکا و سۆڤیەتستاندا رادەگەباند و رۆژنامەوانانی هەناردەی کوردستان دەکرد. بۆ مێژوو: رۆڵی دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی، بە حوکمی شارەزاییەکی تەواوی لە زمانی فرەنسی و ئینگلیزی و خوێندنی مێژووی سیاسیی، ئەو لەو جموجۆڵ و چالاکییانەدا بەڕاستی سەرتۆپ و پێشقەرەوڵ بوو.

لە ئەنجام، حکومەتی بەعسی سەدام حوسێن کاک عیسمەتی بانگ کرد بۆ بەغدا بۆ ئەوەی دان و سەندنێکی لەگەڵدا بکەن کە هەردوولا (کورد و بەعس) پێی رازی بن. دیارە دانیشتنەکانیان لە بەغدا بێ بەر و بەرهەم بووە و کـاک عیسـمەت گەڕایەوە بـۆ سویسـرا و بـۆ سـەلامەتی خۆی تا لە عیراق دەردەچێت بەڵێنی بە بەعسییەکان دا ئەوەی لە توانایدا بێ بۆ ئاشتی بیکات. بەڵام هەر کە گەیشتەوە سویسـرا ئیتـر یەکسـەر دەسـتی بە نووسـینی هێرشـبەرانە کـردەوە لە دژی بەغـدا. رۆژێکیـان کابرایەکی عیراقی تەلەفۆنی بۆ دەکات کە باڵیۆزخانەی عیراق لە سویسرا هێشـتا هەر رێزی هەیە بـۆی و هەنـدێ خورمـای تـایبەتیی عیراقیـان بـۆ نـاردووە. کـاک عیسـمەت ئەو هەڵەیەی کـرد کە داوای لە کـابرا کـرد بفەرمـوێ بـۆ مـاڵەکەی لە لـۆزان. کـابرا دەچێـت و لە دەرگـای مـاڵەکەی دەدات کاک عیسمەت دەرگاکەی لێ دەکاتەوە و دوای چاکی و چۆنی گـوللەیەک لە عیسـمەت دەدات و بـۆی دەردەچـێ. بەختـی هەبـوو، گـوللەکە بە روومەتـی کـاک عیسـمەت دەکەوێـت بەڵام لە نەخۆشـخانە چارەی بۆ دەکرێ.

ئەمن ئەوسا لە لەندەن گیرسابوومەوە و چەندین جار پەیوەندیم پێوە کرد. جا ئەمە وەرامنامەی ئەوە بۆ من کە نەک هەر باسی ڕووداوەکەی خۆی تێدا دەگێڕێتەوە بەڵکو بە دوور و درێژی چووەتەوە ناو سیاسەتیشەوە. نامەکە چوار لاپەڕەیە کە هەندێکی شتی لاوەکین و گرنگی ی زانینیان بۆ خوێنەر نییە. من تەنها ئەو لایەنانە دەخەمە ڕوو کە بایەخێکی مێژووییان هەیە و ئەو شوێنانەی کە پشتگوێشم خستوون بەم پنتکانە...... ئامـاژەم پـێ داون. هەر بـۆ زانینـیش، کـاک عیسـمەت کوردییەکەی زۆر باش نەبوو، ئەو فرەنسی و عەرەبی و ئینگلیزی باشتر دەزانی تا کوردی بۆیە نامەکەی بە زمانی عەرەبی بۆ من نووسیوە و منیش وا دەیگۆڕمە سەر کوردی.

لۆزان لە1977/12/27

خۆشەویستم کاک عومەر

لە دوای سڵاو و دڵسۆزیم

نامە برایانەکەتم لە ڕێکەوتی 11/29پـێ گەیشـت و سـەر لەنوێ سوپاسی هەستەکانت دەکەم بەرامبەر بە من. داوای لێ بووردنیش دەکەم بـۆ دواکەوتنـی وەرام (لە لایەکەوە هەنـدێ سـەفەری فرەنسام کـرد، لە لایەکـی تریشـەوە سـەرقاڵی کێشـەکانی سـیامەند بـووم و ئەوە بـێجگەلە کاروباری دیـکەش.) {سیامەند تـاکە منداڵی عیسـمەت شـەریف بـوو - هۆمەر}.

ڕووداوەکە (تەقە لـێ کـردنەکەم) ئەسـەرێکی ئەوتـۆی لە ڕوومەتمـدا بەجـێ نەهێشـتووە و ئەلحەمـیلە هـیچ کـارێکی وای لە ڕوو و سـەرم نەکردووە. بەڵام نیوەی لچم و بەشێکی زمانم و بەشێکی کارێژم نزیکەی تەواوی هەستیارییان لە دەست داوە لەبەر ئەوەی کە ڕەگێکی لاوەکی بەر گوللەکە کەوتووە. جا ئەمە وای کردووە کە زمانم نەتوانێ خۆراک بە چـاکی لەمـلای شـەویلاکم بگـوازێتەوە بـۆ لایەکەی تـری. بـۆیە دەبـێ

خواردن بە لەتی ورد ورد بخەمە ناو دەممەوە. تەقەکە کاری نەکردۆتە سەر قسەکردنم و بە ئاسایی قسە دەکەم - تەنها دەنگی لام نەبێ کە ناچارم وەک ئەمەریکییەکان بەلێوی بکەم واتا نیوەی دەنگەکەی قووت دەدەم. چەند هەفتەیەک لەمەوبەر شەش کاتژمێر بەسەر یەکەوە قسە و لێدوانم لە سەر کێشەی کورد کرد لە بارەگای (کۆمەڵی یەکیەتی خوێندکار و کارکەرانی کوردستان لە فرانسا). بەڵام کە جگەرە زۆر دەکێشم ئەم کێشانەم زیاد دەبن. (بۆیە دەبێ جگەرە کەم کەمەوە یان هەر بە تەواوی تەرکی کەم.)

بە پێی دەنگوباسان دیارە کاک عەلی عەسکەری بە داخوازی حکومەتی عیراقی بۆ وتوویژ لە بەغدایە. من لەو باوەڕەم ئەگەر " وتوویژ " "سەری گرت" هەنگی حکومەت دەستبەرداری هاشم و عەزیز عەقراوی دەبێت و بەڕێز جەلال و عەلی عەسکری و هەڤاڵانیان لە جێی ئەوان دادەنێ. بەڵام ئایا ئەمە بە چە "نرخێک" دەبێ ؟ ئەمن پێم وایە ئەم "حکومەتە تکریتی"یە واز لە سیاسەتی فاشیستی خۆی ناهێنێت و هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە ئەوەی کە ناویان ناوە (حوکمی زاتی) بداتە دەست جەماعەتی (یەکیەتی نیشتمانی کوردستان)، چەک و پارەی پێویستیان بداتێ بۆ ئەوەی شەڕێکی بە جیددی جەماعەتی (قیادەی موەقەت) بکەن، ئەوانیش خۆیان و سوپاکەشیان لە ماڵی خۆیان دانیشن سەیریان بکەن. مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەر ئەو " وتووێژە" سەری گرت ئەوسا سەر لە نوێ دەگەڕێینەوە بۆ دۆخێکی وەک دۆخەکەی ساڵانی(1968-1969) بەڵام بە جیاوازییەکی گەورە ئەویش لاوازیی هێزی (قیادەی موەقەتە)یە. ئەمەشیان ئەوە دەگەیەنێ کە حکومەت کێشەکە بە نرخێکی زۆر هەرزان دەفرۆشێتە بەڕێز جەلال و هەڤاڵانی.

کاک عومەر، گەلی کورد لەو ڕۆی خراپتر بەسەر نەهاتووە. ئەگەر سەرکردایەتی هەردوو تاقمە کوردییەکە هۆش و مەنتیقیان هەبوایە هەگیز

نەدەکەوتنە ناو ئەم داوەی کە حکومەت بۆیانی داناوەتەوە و هەرگیز شەڕی یەکترییان نەدەکرد. خۆ ناشزانم لەسەر چی شەڕی یەکدی دەکەن ئەگەر ئامانجیان رووخاندنی ئەو حوکمە تکریتییە نەبێ کە هەموومان شارەزای درۆ و دەلەسە و فرت و فێڵ و غەدریانین. ئەوانە هەر شەڕی ئەوەیانە جێگای عەزیز و هاشم عەقراوی بگرنەوە. خۆ ئەگەر حکومەت ئەو پۆستە بە بەلاش بداتە من و لەسەر سینییەکی زێڕیندا پێشکەشم بکات ئەمن، پڕ بە بەشی خۆم، رەتی دەکەمەوە.

عومەری برا: زۆر دڵم خۆش بوو کە زانیم وا خەریکی نووسینەوەی نامیلکەیەکی بە ناوی (the Kurdish Revolt 1961 - 1975). زۆر سوپاسیشت دەکەم کە بە نیازی بیروڕای من وەرگریت و داوای سەرچاوەت لێ کردووم. بەڵام حەز دەکەم بزانیت کە ئەوە دە ساڵێک دەبێ نزیکەی بیست کەس (کە زۆریان کورد بوون و هەندێ بیانیشیان تێدا بوو) داوای بەڵگەی پێویستیان لێ کردبووم بۆیان بنێرم بۆ ئەوەی نامەی دکتۆرا و ماجستێریان لەسەر کوردستان پێ تەواو بکەن. جا ئەگەر ئەو هەموو بەڵگانەم بناردبوایە ئێستا دەستم بەر دەبوو و هیچ بەڵگەیەکم لەسەر کورد و کوردستان نەدەما. بۆیە کردوومەتە رەوشت و دروشم: هیچ کتێبێکی لەسەر کوردانم لە کتێبخانە تایبەتەکەی خۆم بۆ کەس نانێرم......................

....

....

ئەوەی کە پەیوەندیی بە بابەتەکەی تۆوە هەیە بەداخەوە دەبێ پێت رابگەیەنم کە یەک تاکە کۆپیی دکتۆرانامەکەی خۆمم هەیە کە ساڵی ١٩٧٠ لە چاپ دراوە و ئەگەر کۆپییەکی زیادم هەبوایە بێ گومان بۆتم دەنارد.

تکام وایە دڵتم نەشکاندبێت و تێم بگەیت کە من ناتوانم

دەستبەرداری کتێبەکانم ببم. هەروەها تکات لێ دەکەم دوودڵ مەبە بۆ هەر خزمەتێکی دیکە کە لە توانامدا بێ بۆتی دابێن بکەم.

سـڵاوی زۆرم بـۆ هەمـوو بـرا خوشەویسـتەکان و داوای خۆشـی و تەندروستیت بۆ دەکەم بۆ ساڵی تازە کە ئینشاڵڵا بۆ هەموومان و بۆ گەلی خەباتکارمان ساڵی خێر و پیرۆز دەبێ.

برات

واژۆ.

لوزان في ٢٧/١٢/١٩٧٧

عزيزي طاله عمر

بعد السلام والاشواق القلبية .

لقد استلمت رسالتك الاخوية المؤرخة في ٢٩/١١ واشتراكك [illegible]
أشكرك على مشاركتك [illegible] واعتذار للتأخر في الاجابة (قمت
ببعض الاسفار لغرض [illegible] مشاكل سياسية [illegible]
ناشئة [illegible] العمل الحزبي)

لم يترك الحادث (الطوفان) فيّ أي أثر تقريباً [illegible]
لم نشعر به (والحمد لله) ولكن بعض الشقة السفلى [illegible]
الذين فقدت [illegible] تقريباً بسبب [illegible] الزرعية [illegible]
[illegible] الطعام من [illegible] المشاكل [illegible]
طعام [illegible] والكلام لم [illegible] كالعادة [illegible]
[illegible] الذي [illegible] عن الطبقة الارستقراطية " أي [illegible]
بعض الصدمات [illegible] تكلمت [illegible]
من [illegible] ومناقشات [illegible] (طلبة
[illegible]) عندما [illegible]
تلك الصدمات (بعد الاتصال [illegible] عنه ..)

[illegible] الاخبار الواردة [illegible] ان السيد علي عسكري في
بغداد يطلب من الحكومة للمفاوضة معها . واعتقد اذا بحثت
المفاوضات [illegible] الحكومة [illegible]
[illegible] السيد جلال [illegible] علي عسكري [illegible] ولكن ماذا سيكون
الثمن ؟ اني اعتقد بأن هذه الحكومة [illegible]
[illegible] ما ترغب به [illegible]
(الاتحاد الوطني الكردستاني) [illegible] (بالحكم الذاتي) و[illegible]
[illegible] (القيادة المؤقتة)
[illegible] أي اذا بحثت
المفاوضات [illegible] في وضع يشبه وضع العام ١٩٦٨-١٩٦٩
[illegible] ضعف [illegible] الكردية [illegible] (اي ضعف
القيادة المؤقتة) [illegible] ان الثمن " الذي ستدفعه الحكومة



لە چەپەوە: عیسمەت شەریف وانلی، هۆمەر دزەیی، دریە محەمەد عەلی عەونی، دارا ئەدیب، کەمال فوئاد. لە ئەڵمانیا

-30-
دوو نامەی نووسەر و توێژەر جەرجیس فەتح الله

نووسەر و مێژوونووسی سیاسیی عیراقی مامۆستا جەرجیس فتح الله شماس لە دیانەکانی ناوچەی بادینانی کوردستانی عیراق بوو. بەڵام چون زیاتر نیشتەجێی شاری موسڵ بوو بۆیە عەرەبییەکەی لە کوردییەکەی باشتر بوو و نووسینەکانی بە زمانی عەرەبی بڵاو دەکردەوە. لە بواری سیاسەتیشدا ئوستاد جەرجیس چەپڕەوێکی مەیلەو مارکسیش بوو و لایەنگری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بوو و هەر خۆیشی بە کوردێکی کریستیان دادەنا. کە بەعسییەکان ساڵی 63 هاتنە سەر حوکم و رەشبگیرە ناوبەدەکەیان لە دژی شیوعی و مارکسییان ئەنجام دا جەرجیس فتح اللەشیان گرت و بیست ساڵیان حوکم دا بە تۆمەتی گۆیا بەشداریی لە هەراکەی ساڵی 59 ی موسڵ دا کردووە کە چەند بەعسی و قەومیی عەرەبی تێدا کوژرابوون. لە زیندان مایەوە تا ساڵی 68 کە بەعسییەکان بۆ جاری دووەم هاتنەوە سەر دەستەی حوکم لە بەغدا و ئاشتییەکی کورتخایەنیان لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دا راگەیاند. لە میانەی وتو وێژ کردندا یەکێک لەداخوازەکانی جەنابی مەلا مستەفای بارزانی لە کاربەدەستانی بەعس ئازادکردنی جەرجیس فتح الله بوو. فیعلەن بەریان دا.

ئەمن ناوی جەرجیس فتح اللەم زۆر بیستبوو بەڵام نەمدیبوو.

تا ساڵی 76 یان77 بوو کە من بە خێزانەوە لە ئینگلتەرە بووم و لە زانکۆی رێدینگ Reading ی نزیک لەندەن لە کۆلێژی زانستی سیاسی دەمخوێند و جەرجیسیش بە سەردان هاتبووە لەندەن. لەوێ رۆژێکیان لە ماڵی خۆم چێشتمان بۆ کاک ئیدریس و کاک سابیری برای (یادیان

بەخێر) و چەند کوردێکی تریش کردبوو کە جەرجیس فتح اللەشیان لە گەڵدا بوو. ئا لەوێدا بوو کە ئەو پیاوە زۆر رۆشەنبیرەم ناسی.

چەرخ و فەلەکی زەمانە بە گڕ کەوتەوە و لە گەڵ جەرجیس فتح الله هەردووکمان ئەمجارەیان ساڵی 1986 بە پەناهەندەیی لە شاری (کرج) ی نزیک تارانێ لە ئێران یەکدیگر بووینەوە. هەندێ لە خێزانە کوردەکانی عیراقی لە گەڕەکی عەزیمییەی کەرەج خانویان بۆ تەرخان کرابوو و خانوێکی زۆر خۆشیش بەر کاک جەرجیسی رەبەن کەوتبوو. جا ئەمن کە لە عیراق رام کردبوو و یەکەم قۆناخم ئێران بوو چەند شەوێک میوانی کاک جەرجیس بووم لە کەرەج و بە رۆژیش دەچوومە تاران هەوڵ بدەم ڤیزەی وڵاتێک، هەر وڵاتێک بێ، بۆ خۆم و خێزانم بە دەست بێنم. وەک پێشتر باسم کردووە ڤیزەی نەمسام وەرگرت، ساڵێک لە ڤیەننا ماینەوە و پاشان لەوێوە کەوتینە ئەمریکا.

دیار بوو دوای من کاک جەرجیسیش ڤیزەی سوئێدی پێ درابوو و ئەویش لە ستۆکهۆڵم دامەزرابوو.

ئاڵوگۆڕی نامەمان بە زمانی عەرەبی لە نێواندا بەردەوام بوو و من دوو لەو نامانەی ئەوم بۆ هەڵگێراوە کە وا لێرەدا بە کلک و گوێ کردنیان و لێ بڕینی هەندێ شتی شەخسی کە بە گرنگیی مێژوویيان نازانم ئەوی دی هەمووی وەک خۆی بڵاو دەکەمەوە. نامەکان چوار لاپەڕەیی و شەش لاپەڕیی فوڵسکاپن بێجگەلە هەندێ پەراوێزیش.

نامەی یەکەم

ئەمەیان وەرگێڕاوە کوردییەکەی نامەی یەکەمە کە تاریخی ناردنی لەسەرا نییە:

خۆشەویستم کاک عومەر

لە دوای سڵاو و یادکردنەوەت

دەنـگە باشـەم هەیە لەلای لاوەکـانی هەنـدەرانمان. هەروەهـا هەر لەو بارەشەوە کۆلێک پێشنیازم لە کوردی تورکیا و عیراقەوە پێ دەگات و بەڕاستی سەرم لێ شێواوە نازانم چی بکەم و بەم تەمەنە چی پێشکەش بکەم. ڕاستییەکەی ئەوندە کاتیشم لەبەر نەماوە پاش ئەوەی کە ساڵانێکی زۆرم لە ئێرانێ بە دوای سەراب کەوتندا بەفیڕۆ دا. شۆڕشی کورد پیاوی وای تێدایە کە ناویان پیس نەبووە و دەکرێ پشتیان پێ ببەستیت وەک محەمەد عەزیز و مستەفا محەمەد کە هەموویان بە پەرۆشەوە ئامادەی چالاکین پاش ئەوەی کە حزبەکان شکستیان هێنا لە بواری ڕاگەیاندندا. بێ گومانیش تۆش دەبیت بە ستوونێکی کاریگەر لە بەشی نیو - گۆیە زەمینیەکەی دیکە ئەگەر بێتوو بگەینە فۆرمولایەکی نوێ.

بە ڕاشکاویش بە هەموو برادەرانم ڕاگەیاند کە بیرۆکەی دامەزراندنی حزبێکی نوێ لەلای منەوە هەر لە بنەمادا ڕەت دەکرێتەوە. توخوا بەسمان نییە هێشتا شەبەقێکی دیکەش بخەینە سەر ئەو هەموو جڕ و جینگوڕەی کەوا قاپووتی کوردیان ڕازاندۆتەوە؟

هەر چۆنێکی بێ، کەنگی لەسەر بیرۆکەیەکی دیاریکراودا ڕێک کەوتین و تۆش لە شوێنی تازەتدا ئۆقرەت گرت هەنگی دەتوانین زیاتر لەم بابەتە بدوێین.

زۆر سەیر بوو ئەو ڕۆژەی کە بە نیاز بووم ئەم نامە درێژەت بۆ بنووسم برادەرێک هات بۆ لام و ژمارەیەکی کۆڤاری (کاروان) ی بۆ هێنام کە گوتارێکی تۆی تێدا بوو لەسەر (هاینریخ هاینە)....

تکایە سڵاوم بگەیەنە بەدایکی شوان { مەبەستی دایکی کاروانە - هۆمەر } و چاوی هەموو منداڵەکان ماچ دەکەم.

برات

وازۆ

نامەی دووەمی، ئەویش هەر کلک و گوێ کراوی، بەڕێز جەرجیس فتح الله لە بازنەی داهاتوودا بخوێننەوە.

نامەی دووەمی جەرجیس فتح الله بۆ من

بەڕێز جەرجیس تاریخی ٣ ی تشرینی دووەمی لەسەر ئەم نامە درێژە شەش لاپەڕەییە فولسکاپەی داناوە بێ ئەوەی ساڵەکەی دیاری بکات. بەڵام لە میانەی خوێندنەوەدا بۆم دەرکەوت کە ساڵەکە دەبێ ٨٨ بێ واتا پێنج مانگێک پاش گەیشتنی من و ژن و منداڵەکانم بۆ ئەمریکا چونکە ئێمە لە کۆتایی مانگی شەشی ٨٨ گەیشتین.

ئەمەش بژارێکە لە بەشە گرنگ و سەرنجکێشەکانی نامەکە.

لە ٣ ی تشرینی دووەم

خۆشەویستم کاک عومەر

لە دڵخۆشیم مەپرسە کاتێ کە نامە درێژەکەتم بە دەست گەیشت. جا ئەگەر بێتو دەنگۆ لەبارەی تۆوە راست بێ گۆیا، لە پرەنسیپدا، حەز لە نووسینی نامە ناکەیت، خۆ گومان نامێنێ کە نووسینی نامەیەکی پانزدە لاپەڕەییت رووداوێکی مێژوویی دەگمەنە. ئەمەش ئەگەر هیچ ئاماژەیەک بدات هەر ئەوەیە کە تۆ تا چ رادەیەک خۆشەویستیت بۆ من هەیە. منیش لای خۆمەوە ئەم دۆستایەتییەت دانە بە دانە، قیرات بە قیرات لێ دەگەڕێنمەوە.

وا نامەکەتم لە پێشە و هەوڵ دەدەم پنتەک بە پنتەک وەرامی ناوەرۆکەکەی بدەمەوە. لەپاشان دێمە سەر باسوخواسی خۆم و بارو دۆخی تایبەتی خۆم.

ئەوەی کە باست کردووە لە هەوڵ و کۆششی خۆت و هی برادەرانی ئەوێ لە بواری پێشخستنی کێشەی کوردی عیراق بۆ رای گشتی بە رێگای خۆ پیشاندان و کۆبوونەوە ئەمانە هەندێکیانم لێرە لە جەلال

تاڵەبانی بیست (بە سەردانێکی کورت هاتبوو و پەیوەندیشی بە منەوە کرد). رای گشتی و بە تایبەتی رای گشتی ئەمەریکایی شت زوو لەبیر دەکات. جا گرنگ ئەوەیە کە نەهێڵین پەنگرەکە خامۆش بێتەوە. ئەو هۆکارانەی کە لە پشت ئەو بڕیارە توندەی ئەمریکایە نە لە من و نە لە تۆش شاراوە نین جا پێویست بە وردەکاری ناکات. لێرەدا هیچ هۆکارێکی بە تەواوی ئینسانی هەبوونی نییە.

....

هیوادارم گرێدراوی بەڵێنەکەت بی کە بە نیاز بوویت هەموو ئەو گوتارانەم بۆ بنێری کە رۆژنامەکانی ئەمریکی لەسەر بابەتەکەیان نووسیوە. ئەوسا منیش بە تەرجەمەوە بۆ کاک مەسعود بارزانییان دەنێرم. لە رۆژنامەی (الشرق الاوسط) چاوپێکەوتنێکی سەعدون حەمادیم لەگەڵ شولتز خوێندەوە کە پڕ بوو لە درۆ و دەڵەسە.

زۆر پێویستە پەیوەندیت لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە هێز بکەیت. کە بە تەمایت نیوتن بیینی شتێکی یەکجار گرنگە. لەم بوارانەدا کەسیش لەتۆ باشتر نییە. جارێکیان زۆر لەمێژە جەلال پێی گوتم کە ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی و بزووتنەوەی نیشتمانی کوردیش دەبوایە ئەتۆ (ئەمن) بکەنە باڵیۆزی خۆیان لە واشنتن و من ئەوەی لە توانامدا بێت بۆ ئەمە دەیکەم !! منیش لە وەرامدا پێم گوت " لەم بوارەدا کەسێک هەیە لەمن باشتر." گوتی کێ یە ؟ [وای زانی من مەبەستم محەمەد سەعید دۆسکی یە] گوتم: "عومەر دزەیی، کە لە رووی لێهاتوویی و زیرەکی و چالاکییەوە لە منی تێپەڕاندووە." کەمێک داما و گوتی " لەوانەیە ئەمە راست بێ بەڵام تۆ سیفەتێکت هەیە ئەو نیەتی، تۆ مەسیحیت!!" ئای کە مەلعونە [وشەی مەلعون بە کوردی بە واتای زۆرزان بەکار دەهێنرێ بەڵام بە واتایەکی نەرێنیش وەک بڵێیت: زۆر شەیتان و قسە حازرە کەس لێی نابپاتەوە، یان: لە سەت ئاوان دەدا قاچیشی تەڕ نابێ]. بە هیچ جۆرێکیش باسی ئەوەی نەکرد کە تۆی بینیوە.

ئەو پرۆژەی کە جەلال بە شێوەیەکی تەماوی باسی بۆ کردوویت پرۆژەیەکی لیبی یە. خۆی منداڵە هارەکە L`enfant terrible القذافي لە کاتی خۆی پێشنیازی بۆ جەلال کردبوو پەیمانگایەک بۆ دیراساتی کوردی لە لیبیا بکەنەوە کە لە هەمان کاتدا وەک ئۆفیسێکی راوێژکردنیش بێ بۆ خۆی، بۆ قەزافی. جا جەلال ئەمەی بە من راگەیاند و پێشنیازی کرد کە من ببم بە بەرپرسی ئەو دەزگایە پێکەوە لەگەڵ هەندێ کەسانی رۆشەنبیری دیکە. ئەوسا ئەمن خەریکی خۆ ئامادە کردن بووم بڕۆم و هەر ئانێک چاوەڕێی قبووڵی پەنابەرییەکەم بووم بگات تا بچمە دەرەوە. ئەمن لە بەراییدا گومانم هەبوو لە سەرکەوتنی پرۆژەکە و تەگەرەکانیشیم بۆ روون کردەوە کە لە سەرووی هەموویان ئەوە بوو ئەو ئۆفیسە بە تەواوی ناحەز دەبێ بۆ جیهانی رۆژئاوا و لەوانەیە رۆژهەڵاتیش. چونکە وەک ئۆفیسێکی تیرۆریزم و جاسوسی و شتی تر ... سەیر دەکرێ. بەڵام سەرەڕای ئەوەش کە دەمزانی ئەو پرۆژەیە سەر ناگرێ ئەمن، وەک پرەنیسپ، پێی رازی بووم بە پێنج مەرج. لەپاشان ... بیرۆکەکە هەر لە بنەڕەتدا کوژایەوە و پێویست بە وردەکاری ناکات لێرە. دواتر و لە پاش کودەتا سیاسییەکەی رۆژئاوا و کودەتای قەزافیش لە دژی ئێمە بۆ جەلال دەرکەوت کە پەلە کردن لە بڕیاردانی ئەم جۆرە کارانە بۆی هەیە فەلاکەتی بە دوادا بێ.

نامەیەکم لە هوشیار زێباریی خاڵی مەسعود بۆ هاتووە. ئێستا ئەو بەڕێوەبەری ئۆفیسی راگەیاندنی پارتی یە لە بەرلین. هەچەندە کە گەنجێکی وریایە و لە زۆر ئەندامانی مەکتەبە سیاسییەکەیان باشترە بەڵام جارێ ئەزموون و راهێنانی هێشتا کەمە، رۆشەنبیری و زانیاری و شارەزایی بەرفرەوانی کەمە. ئەمەش هەر لە سەرەتاوە دەردی پارتی بووە. پارتی کەسانی وەک من و تۆ دەکات بە سەرچاوە، چاوەڕێ دەکا بزانێ چی لێ سەوز دەبێ ئینجا دەیکا بە هی خۆی، بێ بەرامبەر، بێ سوپاس و بێ وشەیەکی منەتباری. هەر ئەوەشە نهێنیی کە من (بە لەش) نەک بە

گیان خۆم لەو ڕێکخراوە دوور کردۆتەوە. تۆ تەنها ئەو نامانەت بدییایە کە لە باڵیۆزانی حکومەتەکانەوە بۆم هاتوون وەک وەرامدانەوەی نامە سوپاسگوزارییەکانی من بۆ ئەوان کە بە ناوی (کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستانی عیراق) بۆم ناردبوون!

هەر ئێستاکێ کەوا دانیشتووم ئەم نامەیە بۆ تۆ دەنووسم پێچراوێکم لە (هوشیار)ـەوە کە لە بەرلین دادەنیشێ بۆ هات چەند دانەیەک لەو بیرخەرەوانەی تێدایە کە بە زمانی ئینگلیزی و فرەنسی ئاراستەی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش کراون. جا ئەگەر هەتە ئەوە هیچ، ئەگەر نیتە هەر ئاماژەیەکم بدێ تا بۆتی ڕەوانە بکەم، شتێکی باشە (باشترە لە هیچەی). بەڵام ئەو پنتکەی کە تا ئێستا برادەرانمان تێی نەگەیشتوون ئەوەیە کە پرێس و میدیا ڕێگای سەرەکین بۆ ورووژاندنی پرسەکە چونکە ئەو دەزگایانەن کە ڕێکخراوە جیهانییەکان ناچار دەکەن بێنە ناوێ. هەرچی بیرخەرەوەکانە، ئەمانە سەرەنجامیان تەنها تاخچەی ئارشیڤانە. ئەمن بە دوورو درێژی بۆی دەنووسم لەم بارەیەوە چ بکرێ باشە.

نازانم جەلال باسی بۆ کردی کە شاندێکی بەرەی کوردستانی بۆ بزواندنی مۆسکۆ شکستی هێنا ؟ ئیستا وا داوام لێ دەکات کتێبی نووسەرێکی ئەمریکی (یەکیەتی سۆڤیەت و پرسی کورد) وەرگێڕمە سەر زمانی عەرەبی کە کۆڵێک حەقایقی پڕ لە شەرمەزاری تێدایە. سوبحانە لە نەخشەی ئاڵوگۆڕی خودای ! منیش پێم گوت و چاکیشم دەزانی پێشنیازەکەم چۆن وەرام دەدرێتەوە گوتم ئەمن ئامادە نیم تەرجومەی بکەم ئەگەر گەرەنتیم نەدەنێ کە چاپی دەکەن. پسوولەیەکی بۆ واژۆ کردم کە دوو هەزار دۆلارم بدەنێ ئەگەر بۆیان چاپ نەکردم. عومەر شێخموسیشی ئاگادار کرد کتێبەکەم بۆ ڕەوانە بکات. سوێندی بۆ خواردم کە لە ماوەی سێ ڕۆژان بەدەستم دەگات. ئێستاش وا بوو بە پتر

لە یەک مانگ و هیچم پێ نەگەیشتووە (.........) [لێرە جەرجیس مەتەلۆکەیەکی عەرەبی بەکار هێناوە کە بە چاکی بۆم نەخوێندرایەوە - هۆمەر].

هەر وەک هەمیشە، ئێستاش لەگەڵتا کۆکم کە برادەرانی خۆمان دەردی کورتبینیی سیاسییان هەیە، لە نێوان فیکر و واقیعدا بزر بووینە. خۆ ئێمە باسی ئەوەمان زۆر کردووە و تەنها چارەمان ئەوەیە ڕێگای تایبەتی خۆمان بگرینە بەر و بە شێوەیەکی تاکڕەوانە دەوام بە کاری خۆمان بدەین.

پێش ئەوەی تۆ بۆم بنووسیت خۆشم چاکم دەزانی کە کاک محەمەد سەعید دۆسکی لەولەبی سەرەکییە هەرچەندە کە جەلال باسی چالاکیی ئەوێی بۆ کردم بێ ئەوەی بە ناو ناوی ئەو سەربازە (وەک خۆم) نەناسراوە بێنێ. ئەمن بەو برادەرانەم گوت کە لەگەڵمدا بە ئۆتۆمۆبیل دەگەڕاینەوە ... واللە و تاللە و بیللە ئەو میحوەرەی کە ناوەندی چالاکییەکان بوو محەمەد سەعید دۆسکی بوو. جا ئەمن بە نیاز بووم نامەیەکی لەم بارەیەوە بۆ بنووسم کە نامەکەی تۆ گەیشت و ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە من بۆی چووبووم.

....

....

دەربارەی عبد الحسین الموسوي نازانم چیت پێ بڵێم. خۆی هەقیەتی کە ئەدرێس و ژمارەی تەلەفۆنی خۆی گۆڕیوە چونکە زۆر لە کوشتنی یان لە پەلاماردانی یان ڕفاندنی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی دەترسێ. ئەو پیاوە زۆر چاوتێر و مەردە بەڵام کەوتۆتە حاڵەتێکی ڕەوانی زۆر خراپەوە کە گومان لە سێبەری خۆی دەکات. ئەمن دڵنیام لەوەی کە ئەو پیاوە پارمەتییەکی زۆر باش دەبێ بۆ تۆ ئەگەر دۆزیتەوە. خۆ ئەو (عەلی سنجاری) هەر نەدەناسی کەچی ڕێزێکی زۆری لێ گرت کە ئەمیان

سەردلنی ئەمریکای کردبوو و تەنانەت بۆ گەشت و سەیران لەسەر حیسابی خۆی بردبووی بۆ (هاوایی). جا هەوڵ بدە بیدۆزیتەوە پەشیمان نابییەوە هەر خۆی پێش سەفەر کردنیشی داوای لەمن کرد زۆر حەز دەکات هاوکاری لەگەڵ کورددا بکات بە تایبەتی لەگەڵ کەسایەتی کوردی لە ئاستی خۆی. خۆ لەم رووەوە کەسیش لە تۆ گونجاوتر نییە بە حەسەب و نەسەب و زانیاری.

....

....

دڵم زۆر گەشایەوە کە زانیم بە تەواوی دامەزراویت و لەوەش دڵنیام کە کەسێکی وەک تۆ بەو شارەزاییە و بەو هەموو زمانانەی کە دەیانزانی کارێکی گونجاو دەدۆزیتەوە. بە دووریشی نابینم کە تا ئەم نامەیەم دەتگاتێ دەستت بە کارێکی باش کردووە.

پێشنیازێکم هەیە کە سوودی زۆر باشی دەبێ بۆ پرسی کورد. دەڵێی چی ئەگەر تۆ بکرێیت بە بەڕێوەبەری "سێنتەری کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستانی عیراق". ئەم دەزگایە ئێستا لکی هەیە لە لەندەن کە عبد القادر البریفکانی نوێنەریەتی، لکێکیش لە ئەڵمانیا کە محەمەد عەزیز نوێنەریەتی. ئایا دەزانی کە لە ئەنجامی هەوڵەکانی من یان هەر نەبێ (بەشی زۆری هەوڵەکان) کۆمەڵەی خاچی سووری سوێدی و جیهانیش بڕیاریان دا دوانزدە ملیۆن کرۆن تەرخان بکەن بۆ قوربانییانی چەکی کیمیایی لەناو پەنابەرە کوردەکاندا. ئەگەر تۆ ببی بە نوێنەری کۆمەڵە هەنگی سیفەتێکی فەرمیت دەبێت Official Status و دەرفەتی باشترت بۆ دەڕەخسێ. ئەوەش، وەک خۆت دەیزانی، لە ئەمریکا زۆر گرنگە. جا ئێستا ئەوەی من لە تۆم دەوێ وێنەیەکی بچووکی خۆتە لەگەڵ هەر دەقێک کە خۆت دەتەوێ لەسەرتا بڵاو بێتەوە (من خۆم دەقێکی ژیننامەی تۆم هەیە بەڵام ئەگەر هیچ شتێکی دیکەشت هەبێ بیخەیتە سەر

ئەوە باشتریشە چونکە ئەمن دەبێ بیخەمە ناو نامەی راسپاردن و لەسەر لاپەڕی رەسمی کۆمەڵە پرینت دەکرێ.) (بیرۆکەیەکیشمان هەیە کە خاچێکی سوور بخەینە ناو مانگە سوورەکەوە کە ئەمەیان لۆگۆی کۆمەڵەیە، ئەڵێی چی؟).

....

سڵاوی بۆندارم بۆ دایکی کاروان و بۆ کچەکان و کوڕەکانتان هیوای خۆشی و تەندروستییان بۆ دەکەم. ئاڵوگۆڕی نامەمان گرنگە هیوادارم نەپچڕێ.

في ٣ تشرين الثاني .

عزيزي كمال عمر .

[Chemical Weapons use in Kurdistan: Iraq's final offensive, a staff report to the Senate Committee on Foreign Relations. Sep. 21/1988



ڕێدینگ. ئینگلتەرا. لە ماڵی هۆمەر دزەیی
لە ڕاستەوە: ئیدریس بارزانی، هۆمەر دزەیی، جەرجیس فەتحوڵڵا،
موحسین دزەیی، سابیر بارزانی

-31-
نامەیەکی کراوەی لاوە هەولێرییەکانی انقەرە

ئەمن لە ساڵانی 1955 و 1956 خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی بووم لە زانکۆی ئانقەرە. لەگەڵ خوێندکارە هەولێرییەکانی دی لەو شارە بیستمان کە تیپی (بروسک) ی تۆپی پێی هەولێر یارییەکی لە تیپی موسڵ بردوەتەوە هەر لەوێ لە شاری خۆیان لە موسڵ. جا خوێندکارە هەولێرییەکانی زانکۆی ئانقەرە داوایان لە من کرد نامەیەکی پیرۆزبایی بە ناوی هەموومان بنێرم بۆ کۆڤاری هەتاو لە هەولێر بۆ بڵاوکردنەوەی. ئەمە دەقی ئەو نامەیە کە لە ژمارە 50 ی ساڵی 2 ی 20 ی تشرینی دووەمی 1955 بڵاو کراوەتەوە:

نامەیەکی کراوەی لاوە هەولیریەکانی انقەرە

لە هەتاوی بەرزو شیرین دا کە خویندمانەوە تیپی (بروسکی) هەولیر لە شاری موسلی لە تیپی موسلاویانیان بردۆتەوە و سەر کەوتوون بی ئەندازە شادمان و دلخۆش بووین بەراستی دەست و بردی شاکارانەی تیپی بروسک مایەی سەربلندی و شانازی یە.

ایمە دەستەی لاوانی کوردی هەولیر لە (کلیەی تبیەی انقەرە) وە تبریکات و تقدیراتی پر بە دلی خۆمان بە سوپاسەوە پیشکەش بە تیپی بەرزی (بروسکی) ناودیری هەولیر دەکەین.

لە لایەن قوتابیەکانی کوردی هەولێرەوە لە کلیەی تبیەی انقەرە.

هۆمەر دزەیی

نامەکە تەواو

تێ بینی: دکتۆر کاکە ئەنوەری براگەورەم (یادی بەخێر) لە کاتی خۆی ئەویش ئەندامێکی زۆر دیاری تیپی تۆپی پێی بروسک بوو لە هەولێر پێش ئەوەی بچێتە انقەرە و لەوێ کۆلێژی پزیشکی تەواو بکات.

دکتۆر ئەنوەر دزەیی 1930-2017 برا گەورەی هۆمەر

-32-
ئاڵای کوردستان هەڵەیەکی تێدایە

هەڵەکە لە ژمارەی تیشکەکانی خۆرەکەی ناو ئاڵاکە دایە. بەداخەوە ئەوەی، یان ئەوانەی، کە بڕیاری ئەوەیان داوە 21 دانە پرشنگ لە خۆرەکەوە دەربێت دیارە وایان لێک داوەتەوە کە چونکە ڕۆژی نەورۆز دەکەوێتە بیست و یەکی مانگی سێی زایینی (21ی مارت) بۆیە با ژمارەی تیرێژەکانی خۆرەکە 21 بێ. واتا مێژووی زایینیان بۆ دانانی ڕۆژی نەورۆز دanاوە کە ئەوەش هەر خۆی هەڵەیە چونکە مێژووی نەورۆز هاوزای مێژووی حەزرەتی عیسا نییە بەڵکو هاوزای خودی خۆر خۆیەتی. بەڵێ، بەڵێ خودی خۆر. دیارە ئەوانە لەوە بێ ئاگا بووین کە ڕۆژی نەورۆز ڕۆژی (یەکەمی) مانگی (یەکەمی) وەرزی (یەکەمی) ساڵی نوێی سروشتییە نەک ڕۆژی بیست و یەکی مانگی سێی زایینی. لەوە بێ ئاگا بووین کە بیست و یەکی سێ کالێندەرێکی دەستکردە و هیچ پەیوەندییەکی بە ساڵنامە سروشتییەکەی خۆرەوە نییە. خۆ نەورۆز لەگەڵ لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا دەستی پێ نەکردووە! نەورۆز کە واتا (ڕۆژێکی نوێ) یەکەمین ڕۆژی یەکەمین وەرزی ساڵە کە ئەویش وەرزی بەهارە و هیچ ساڵیشی بۆ نییە و هەر لە کۆنەوە لە سەردەمی ڕۆمانەکانا حیسابی گۆڕانەکانی سروشتی بۆ کراوە و چ ساڵی تایبەتی بۆ دانەندراوە بەڵکو هەر لەگەڵ دروستبوونی گەردوونا ئەوها هاتووە.

پێش لەدایکبوونی مووساو عیساو محەمەد و پێش لەدایکبوونی هەموو پێغەمبەرەکانی تریش نەورۆز وەک جەژنێکی سروشتی، وەک دەستپێکردنەوەی ساڵێکی نوێ لەلایەن زۆرێک لە گەل و کۆمەڵانی هەرە کۆنەوە بەزم و زەماوەندی بۆ گێڕدراوە. ڕۆمانەکان پێیان دەگوت

جەژنی فلۆرا flora واتا جەژنی گوڵان. لە هەندێ وڵاتی عەرەبی پێی دەڵێن (عید الربیع)، لە میسر (شم النسیم)، سەردەمێک لەم عیراقەی ئێستاشماندا پێیان دەگوت (عید الشجرة) واتا جەژنی دارودرەخت کە ئەوانەش هەمووی هەر راستن هەچەندە کە حکومەتی ناسیۆنالیستی عیراقی بە مەبەستێکی سیاسی ناوی نەورۆزی بەکار نەدەهێنا وەک کەمکرنەوەیەک لە هەستی پەرەسەندووی ناسیۆنالیزمی کوردی چونکە کورد نەورۆزی بە جەژنێکی نەتەوایەتی خۆی دادەنێ بۆ ئەوەی تایبەتمەندیی قەومییەتی خۆی لە قەومە داگیرکەرەکانی خۆی جیابکاتەوە.

جا ئێمەی کورد دەبێ ئەوەش بزانین کە نەورۆز تەنها جەژنێکی تایبەت بە کورد یان بە فارسەوە نییە بەڵکو هی هەموو بەشەرییەتە و ساڵنامەی پێ دانانرێ چونکە بە سروشتەوە بەستراوەتەوە نەک بە رووداوێکی گرنگی مێژوو وەک لەدایکبوون (عیسا پێغەمبەر) لای دیانەکان یان کۆچبارکردنی پێغەمبەرێکەوە (محەمەد پێغەمبەر) لای موسڵمانان. ئێمەی کورد دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین کە ناکرێ ژمارەی ساڵ بۆ نەورۆز دابنێین و بیکەین بە ساڵنامە چونکە نەورۆز ساڵی نییە. ئەمە هەڵەیە کە دەنووسن "ئەمساڵ نەورۆزی دووهەزارو حەوسەدو.... نازانم چەندە" کە گۆیا میدیا نەینەوای ئاشوریای داگیر کردووە. دەکرێ، ئەگەر ویستت، ئەو میدیاو نەینەوایە بکەیت بە ساڵنامەی میللەتی خۆت بەڵام ناکرێ بە نەورۆزی ببەستیتەوە. نەورۆز پێش ئەو رووداوە مێژوویيانەش هەر هەبووە. نەورۆز دەبێ تەنها بۆ شادی و خۆشی بە بۆنەی گەڕانەوەی ساڵ بێ وەک کە رۆمانەکانیش هەر وایان دەکرد. بەڵام ئەوان کالێندەری تریان هەبووە بۆ حیسابی ساڵنامەی خۆیان چونکە دەیانزانی کە ساڵ بۆ نەورۆز دانادرێت.

من ئەم لادانەم بە پێویست زانی چونکە پەیوەندی بە ژمارەی تیشکەکانی خۆرەکەی ناو ئاڵای کوردستانەوە هەیە. بە کورتی: خۆرەکەی

ناو ئاڵای کوردستان کە بیست و یەک تیشکی بۆ داندراوە هەڵەیە و لە بێ ئاگاییەوە هاتووە نازانم حکومەتی هەریم بۆچی بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەرا نەکردووە. ئەمن پێشنیار دەکەم ژمارەی ئەم تیشکانە بگۆڕدرێن بەڵام راستییەکەی ئەڵتەرناتیڤێکم لا نییە بۆ شوێنەکەی. بیرم بۆ شتێک دەچێ ئەگەر لە رووی سیاسییەوە گرفتمان بۆ دروست نەکات. با چوار دانە تیشک بێ کە هێمایە بۆ کوردستانی بۆ چوار پارچە دابەشکراو. چوار تیشکەکان لە خۆرە زەردەکەوە بەرەو باکوور و باشوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەربچن، ئەوەی ژوور بەرەو رەنگە سوورەکە ئەوەی ژێر بەرەو رەنگە سەوزەکە دوانەکەی تریش بۆ ئەملاو ئەولای سپیەکە. ئەمە تەنها بیرۆکەیەکە هیوادارم حکومەتی هەرێم و رێکخراو و دەزگا نا حکومییەکانیش بە هەندی وەرگرن چونکە زۆر نەنگە ئاڵایەکمان بۆ خۆمان داناوە و لە نەزانییەوە هێمایەکی گوایا نەورۆزمان تێ خستووە کە فڕی بەسەر نەورۆزەوە نییە.

بە دیدی من چوار تیشک وەک هیما بۆ چوار بەشی کوردستان زۆر واقعیترە.

-33-
ناوی چوار مانگی ساڵنامەی زایینی لە مانگەکانی نەورۆزەوە وەرگیراون

ناوی مانگەکانی ساڵنامەی زایینی پێش لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا و پاش لەدایکبوونیشی لەلایەن رۆمانەکانەوە هەر ئەوە بووە کە ئەمڕۆ لە تەواوی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. رۆمانە دێرینەکانی پێش زایین (ساڵنامەی جولیەن Julian Calendar)یان بەکار دەهێنا کە ناوی مانگەکانی زۆر لەم ناوە ئینگلیزییانەی ئەمڕۆمانەوە نزیکن: جانوەری، فێبرووەری، مارچ، ئەپریڵ، مێی، جوون، جوولای، ئۆگوست، سێپتێمبەر، ئۆکتۆبەر، نۆڤێمبەر، دیسێمبەر. دوای بە کریستیانبوونی ئیمپراتۆراتی رۆمان لە سەدەی چوارەم ئەو ناوانە هەروەک خۆی مانەوە و زۆر درەنگتر پاپا گریگۆری سیانزدەمین کەمێ دەسکاری کورتی و درێژی مانگەکانی کرد و ئیتر ناوەکەی گۆڕا بۆ (ساڵنامەی گریگۆریەن Gregorian Calendar) کە تا ئەمڕۆش هەر ئەوە بەکاردێت و لە هەموو ساڵنامەیەکی تری جیهان باوترە.

ناوی مانگەکانیش چوارەکەی دوایی لێ بترازێ ئەوانی دی هەمووی یان بە ناوی کایزەرێکی رۆمانی کراوە وەک جولیۆ واتا کایزەر جولیوس کە مانگی تەمووزی بەرکەوتووە و ئۆگوست واتا کایزەر ئۆگوستوس کە مانگی ئابی بەرکەوتووە یان ناوێکی میتۆلۆژیای رۆمانییان لێ ناوە وەک جانووەری واتا (خوداوەندی دەستپێکردن و کردنەوە) یان مارس واتا خوداوەندی شەڕ.

بەڵام سەیر ئەوەیە کە لە هەردوو ساڵنامەی جوولیەن و گریگۆریەنی رۆمانیدا، واتا پێش عیسا و دوای عیساش، چوار مانگەکەی دوایی ساڵ

ناویان بۆ دانەندراوە بەڵکو ژمارەیان بۆ داندراوە ژمارەکەش لەساڵنامەی سروشتەوە وەرگیراوە کە نەورۆزە. ئەو چوار مانگە: سێپتێمبەر، ئۆکتۆبەر، نۆڤێمبەر، دیسێمبەر هیچ کامێکیان ناو نین بەڵکو ژمارەن، چۆن ؟

بە زمانی لاتین، زمانی رۆمانەکان سێپتێمبەر واتا حەوتەمین کە لە (سێپتێم septem)ەوە وەرگیراوە واتا حەوت . جا بۆچی حەوتەمین؟ چونکە تۆ ئەگەر بێتو مانگی نەورۆزت بە یەکەم مانگی ساڵ دانا - کە هەر واشە - ئەوا لەوێوە بژمێرە دەردەچێ کە مانگی سێپتێمبەر (ئەیلول) ی زایینی نابێتە مانگی نۆیەم بەڵکو دەبێتە مانگی حەوتەم. مانگی ئۆکتۆبەر ئەویش کە بە لاتین واتا هەشتەمین و لە وشەی (ئۆکتۆ octo) وە وەرگیراوە واتا هەشت. ئەوەش ئەگەر مانگی نەورۆزت بە مانگی یەکەمی ساڵ دانا کە دیارە رۆمانە دێرینەکانیش ئەو راستییەیان دەزانی ئەوا بۆت دەردەکەوێ کە ئۆکتۆبەر مانگی دەیەم نییە، هەشتەمە. مانگی نۆڤێمبەر واتا نۆیەمین چونکە (نۆڤێم novem) بە لاتین واتا نۆ. ئەویش ئەگەر لە مانگی نەورۆزەوە کە مانگی یەکەمی ساڵە بەرەو ژوور بژمێریت ئەویش مانگی نۆیەم دەردەچێت نەک مانگی یانزدە. دیسێمبەر بە لاتین واتا دەیەمین کە لە (دێسێم decem)ەوە داتاشراوە واتا دە. لێرەشدا ئەم مانگە مانگی دەیەمینە نەک دوانزدەمین.

بە کورتی، تا ئێستا بە تەواوی نەزانراوە بۆچی رۆمانەکان ناوی هەشت مانگی یەکەمی ساڵنامەی خۆیان بە ناوی جیاجیای کایزەر و خوداوەندانی میتۆلۆژیای خۆیانەوە کردووە کەچی چوار مانگی دوایی ساڵنامەکەیان بە ژمارەی مانگەکانی جەژنی فلۆرا Flora کەی خۆیان و نەورۆزەکەی ئێمەیان ریزبەند کردووە کە لەگەڵ مانگەکانی ساڵنامەکەی خۆیان، چ جولیەن چ گریگۆریەن، یەکدیگر نابنەوە.

-34-
"زمانەوانەکانمان" خوا سەلامەتیان کا وشەی (قانون=کانۆن)ـی گریکییان گۆڕی بە وشەی (یاسا)ی مەغۆلی.

"پسپۆڕەکان"ی زمانی کوردی بە تایبەتی لە باشوری کوردستان وادیارە لە زمانە کوردییەکەی دایک و زمانی عەرەبی بەولاوە هیچ زانیارییان نییە لە زمانێکی بێگانەی دیکە. پێشان کوردی عیراق وشەی قانونیان بەکار دەهێنا کە عەرەب خۆیشی هەر ئەوەی بەکار دەهێنا. بەڵام کە هەڵمەتی پاک کردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی رابردووەوە دەستی پێ کرد بەداخەوە بە وردی لێیان نەکۆڵییەوە ئایا وشە بیانییەکە لە کوێوە هاتووە و وشە جێگرەکەشی، کە گوایا کوردییە، ئەمیان لە کوێ سەرچاوە دەگرێ. جا کە هاتنە سەر وشەی (قانون)، بێ ئاگایانە، دوو هەڵەیان بەسەر یەکەوە کرد. یەکەم: وای تێ گەیشتبوون کە (قانون) وشەیەکی عەرەبییە چونکە لە هەموو ولاتانی عەرەبیشا هەر ئەوە بەکار دەهێنرێت و گوتیان با وشەیەکی کوردی پەتی بۆ بدۆزینەوە. دووەم: وشەی (یاسا) کە وایان زانی ئەوە کوردییەکەیە چونکە باب و باپیرانمان کە هێشتا پەروەردەی فەرهەنگی عوسمانی بوون ئەوەیان بەکار دەهێنا . جا ئەو "پسپۆڕانەی زمانەوانی" ئەگەر کەمێک زانیارییان لە زمانە گرنگەکانی جیهانا هەبوا و تۆزێک قووڵتر بەدواداچوونیان بکردایە بۆیان دەردەکەوت کە نە (قانون) عەرەبی یە نە (یاسا) کوردییە. یەکەمیان وشەیەکی گریکی هیندۆ -ئەورووپاییە kanon کە زمانی کوردی خۆیشی ئەندامی ئەو خێزانە زمانەیە. دوەمیش وشەیەکی مەغۆلی یە کە هیچ پەیوەندیەکی نە بە کوردییەوە نە بە هیچ زمانێکی تری خێزانی هیندۆ -ئەورووپاییەوە هەیە.

بەڵێ خوێنەری بەڕێز، "زمانەوانانی" کورد وشەیەکی گریکی هیندۆ

ئەورووپاییان لە زمانی کوردییا دەرئاوێشتووە (قانون) کە خۆی (کانۆن)ە و تورکە عوسمانییەکان و عەرەب کافەکەیان گۆڕیوە بە قاف ئینجا هەڵساون وشەیەکی مەغۆلییان لە شوێنەکەی داناوە (یاسا). ئەمە ئەو پەڕی کەمزانییە لەلایەن "زمانەوانی" بێ ئاگاوە.

کورە ئەدی وشەی (مادە) ی عەرەبی کە بە تایبەتی لەکاتی باسکردن لە دەستوور و قانوونا بەکار دەهێنرێ ؟! چما کورد وشەی (بەند) ی نییە بۆ ئەم مەبەستە؟! چی لێهات ئەو وشە جوانە؟! ئەرێ زمانەوانانی کورد: بۆچی نانووسن بەندی یەکەم، بەندی دووەم لەجیاتی مادەی یەکەم و مادەی دووەم....ها؟! خۆ بەند کوردییەکی رەسەنی خۆماڵییە کە بۆ ئەم مەبەستە و بۆ هەندێ مەبەستی تریش لە بواری هەڵبەست و گۆرانییا بەکار هاتووە. وشەی (بڕگە) زۆر راستە بۆ (فقرە)ی عەرەبی بەڵام تکایە (مادە) عەرەبییەکەش بکەنەوە بە (بەند)ە کوردییەکەی خۆمان.

زمانی کوردیی ستاندارد پێویستە هیندۆ - ئەورووپاتییەکەی خۆی بپارێزێت

ئینجا با بێمە سەر وشە کوردییە جوانەکەی خۆمان (لوولە) کە کوردی و فارسیشە، ئەدی ئەوەشیان وا نەکردۆتە وشەی (بۆری boru) تورکی !!! ئەمن کە خۆم لادێییم هەر لە سالانی منداڵیما لە یەک تاکە کەسی گوندەکەی خۆمانم نەدەبیست وشەی بۆری بەکار بێنێ، ئەم وشەیە لای ئەوان هەر هەبوونی نەبوو بەڵکو هەر لوولە بەکار دەهات. ئێستا لوولەی بەدبەخت وا خەریکە لەبیر دەکرێت.

کارەساتەکە وا پەرەی سەندووە کە هەموو منداڵە وردیلەکانمان لە خوێندنگاکانا و هەموو دەزگاکانی میدیا و راگەیاندن و بگرە هەموو کاربەدەستە سیاسیە گەورەکانیشمان هەر لەسەر ئەو هەڵەیە دەڕۆن. ئەدی وشەی (شوفێر)ی فرانسیشیان نەگۆڕیوە بە (سایەق)ی عەرەبی ؟! دیسان کە منداڵ بووم وشەی سایەقم هەر نەبیستبوو.

دەوجا وەرە سواری ماشینێک بیت شۆفێرەکەی کوێر بێ !!!!

-35-
بەڵێ - نەخێر
دوو وشەن نەنگە لە زمانی کوردی ستانداردا هەبن

لە هەموو زمانێکی جیهاندا چەند وشەیەکی کەم هەن کە هەر لە قۆناخی شیرخۆرەییەوە منداڵی ساوا هەوڵ دەدا دەری بڕێت: دا...(دایە)، با...(بابە). ئینجا وشەی (ئا) و (نا) کە منداڵی کەمێک گەورەش هەرگیز نایگۆڕێ بە (بەڵێ) و (نەخێر).

بەڵێ و نەخێر لە زمانی کوردیدا هەبوونیان نەبووە. جا کێشەکەی من لەگەڵ ئەم بەڵێ و نەخێرەیە.

کوردی زمانێکی هیندۆ -ئەوروپییە. لە هەموو تیرەکانی بنەماڵەی زمانە هیندۆ -ئەوروپییەکانیش (گێرمانی، لاتین، گریک، سلاڤ، باڵتیک، کێلتیک، ئالبانی، هیندۆئیرانی، ئەرمەنی) هەندێ وشەی باوی رۆژانە کەموزۆر لەیەک دەچن بەتایبەتی وشەکانی ئەیاندن و نەیاندن (affirmative and negative). بۆ نموونە: کوردی (ئا، نا)، فارسی (ئاری، نا)، ئینگلیزی (یێس، یا، نۆ)، ئاڵمانی و زۆر زمانی سکاندیناڤیش) یا،ناین)، فرانسەیی (وی، نۆ) ئیسپانی و ئیتالی (سی، نۆ)، رووسی (دا، نیەت).

لە زمانی کوردی (ئا) بۆ ئەیاندن affirmative و (نا) بۆ نەیاندن negative و (با) بۆ وەرامدانەوەی (پرسیارێکی نەیاندنی) بەکار هاتوون وەک کە دەڵێیت "ناچیت بۆ بازاڕ؟ با، دەچم". جا تەبای کۆلێک وشەی تر ئەم دووسێ وشە کوردییە هیندۆ -ئەوروپییە رەسەنانە ئێستا وا خەریکە بەتەواوی پشتگوێ دەخرێن و دوو وشەی عەرەبی لە باتییان بەکار دەهێنرێن، بەڵێ و نەخێر. راستە (نە -خێر)ەکە نیوەی یەکەمی کوردییە

بەڵام چونکە زمانی عەرەبی لای کورد و لای هەموو موسڵمانان لە زمانی دایکی خۆت بەڕێزتر تەماشا کراوە ئەو دوو وشە کوردییە جوانە بوونەتە قوربانی کولتووری ئیسلام.

سەیر ئەوەیە تەنانەت لە کاتی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان و ریفەراندۆمیشا هەر دەنووسرێ: بەڵێ...نەخێر. لە قوتابخانەکان و بەداخەوە لە کەناڵە تەلەڤیزیۆنییەکانیشمان هەر ئەم دوو وشەیە بەکار دێنن. ئەدی ئەکادیمیای کوردی لە کوێ نووستووە!.

راستە، ئاساییە خەڵک بۆ خۆی لەسەر شەقام چۆن قسە دەکات و ناکرێ داوای لێ بکەیت واو وا قسەبکات بەڵام چۆن دەبێ دەوڵەت و دامەزراوە پەروەردەییەکان قسەی سەرشەقام بکەن بە ستاندارد، ئەگەر وابێ کەواتە (عەرەبی فوسحا) بۆ چییە و (هۆخ دۆیچ Hoch Deutsch)ی ئاڵمانی بۆ چییە!؟

زۆر گوناه و شوورەییە کورد دوو وشەی زۆر گرنگی زمانەکەی خۆی بنێ بەلاوە و پەنا بەرێتە بەر زمانی عەرەبی بۆ شتێک کە خۆی هەیەتی. لێرەدا ئەمن نامەوێ وا تێ بگەن کە من دەبێ دژی بەکارهێنانی وشەی بێگانە بم لە زمانی کوردییا، نا وانیم. لە هەموو زمانێکی دونیادا وشە خواستنەوە لە زمانێکی بێگانەوە باوە و هەڵە نییە ئەگەر لە زمانی خۆتدا ئەو وشەیەت نەبێت و شتێکی نوێشت بۆ دانەناشیبێت یان هەتبێ بەڵام پڕ بەپێستی واتاکە نەبێت.

دیارە سەبارەت بە لەبەرچاوگرتنی ئایین و دابونەریتی گەورەو بچووکایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا کورد لەکاتی قسەکردندا دەستبەرداری هەندێ وشەی خۆماڵی رەسەن بووە. لەوانەیە سەیر بێتە بەرگوێ کە مناڵێک بە ئا و نا، نەک بە بەڵێ و نەخێر وەرامی گەورەیەک بداتەوە. ئەگەر وا بکات باوکی یان دایکی یەکسەر سەرزەنشتی دەکات و پێی دەڵی "رۆڵە بڵێ بەڵێ". یان مرۆڤێکی تەنانەت بە تەمەن بەڵام بە

ئاستی کۆمەڵایەتی ئاسایی بەرامبەر بە کەسایەتییەکی گەورە بڵێ ئا و نا و با. ئەمە هەمووی وایە و لەمێژە بووەتە کولتوور، کولتووریش بە پێنج و دوو رۆژێک لەناو ناچێت. بەڵام کولتووری چاک هەیە کە پێویستە بمێنێ و کولتووری زیانبەخشیش هەیە دەبێ وردە وردە هەوڵی گۆڕینی بۆ بدرێ. دەکرێت و رەنگە بە ئەدەبتر بێت لە ئاست گەورە پیاوێک بڵێیت " ئا قوربان " یان " ئا گەورەم " و " نا قوربان" و " نا گەورەم " واتا تایتلێکی گەورەیی بخەیتە سەر کە لە زمانی ئینگلیزی و زۆر زمانی ئەوروپاییش لە حاڵەتی وادا ئەم جۆرە ڕێز لێنانە بەکار دێت و چارەی بۆ دۆزراوەتەوە کە دەگوترێ yes sir ; yes your honor ; oui monsieur ; si senior ; ja mein Herr.

هەڵبەت ژمارەیەکی زۆری تر لە وشەی بیانی لە زمانی کوردیدا هەن کە من کێشەم لەگەڵیاندا نییە و هەندێکیان هەر پێویستە بشمێنن بەڵام لێرەشدا باوترین وشەی رۆژانە (ئا و نا و با)ی کوردی ببن بە (بەڵێ و نەخێر) ئەمە دروست نییە پەسند بکرێت. زۆر شەرمە دوو وشەی هەرە سەرەکیی کە هەموو گەلانی دونیا رۆژانە هەر یەکە بە زمانی خۆی بەکاری دێنێ، کورد نەیبێ.

-36-
وشەی "ئافرەت" سووکاتییە بە ژن وشەی " ژن" ڕاستە تورکە عوسمانییەکان وشەی (ئافرەت)یان لە (عەورەت)ـی عەرەبییەوە داتاشیبوو.

لە نـاوچە سـۆرانزمانەکانی کوردسـتان وا بـاوە کە وشـەی ئـافرەت وشەیەکی کوردیی ڕەسەنە و بەکارهێنانی لەجیاتی وشەی ژن بەڕێزتر و بە ئەدەبتـرە. هاهاهـا !!! ئـافرەت " عـورة " ی عەرەبـی یە کە ئەو پەڕی سووکاتی کردنە بە ژن.

لە زەمـانی عوسـمانلی ئەلفـوبێی عەرەبیـان بە هەنـدێ دەسـکاری بـۆ نووسینی زمانە تورکیەکەیان بەکار دەهێنا. لەو زمانە تیپی (ع) بە نووسـین دەنووسـرا بەڵام لە قسە کردنا دەبوو بە (ء)، تیپی (واو)یـش دەنووسـرا بەڵام لە قسەکردندا دەبـوو بە (ڤ) کە ئەمـڕۆش هەر وایە. تیپی (ڤ) لە نووسینی تورکی وجودی نەبووە و نییە، تورک هەموو (واو)ێک ئەکاتە (ڤ). جـا وشـەی (عـورة)ی عەرەبـی کە لە زمـانی عەرەبـی ئەگەر (ة) یەکەی دوایـی چ وشـەی تـری بەدوادا نەبـوو ناخوێنـدرێتەوە کەچـی لە زمـانی تـورکی دەخوێنـدرێتەوە وەک (حکمـت، فکـرت، قـدرت، عـزت، شـوکت، نجـدت ....) ئیتـر (عەورەت)ەکەش هەر ئەوهـا. لە کۆمەڵگـای موسڵمانی تورک و عەرەبی ئەو سەردەمە لە کاتی قسە کردنا عەیب بووە ناوی ژن بهێنرێ بۆیە (حورمة) و (عەورة)یان بۆ بەکار دەهێنا.

جا تکایە کوردینە، بەتایبەتی سلێمانینە، با وشەی ئافرەت وردە وردە لەنـاو زمـانی کوردیـا دەربهێنرێـت چـونکە سـووکاتی کردنێکـی زۆر شەرمەزارانەیە و وشە هیندۆ - ئەورووپاییەکەی خۆمان ژن جێی بنەڕەتیی خۆی بگرێتەوە. خۆ لە زمانی ڕووسی و بولگاری و پێم وایە لە هەندێ زمانە سلاڤییەکانی تریش بە ژن دەڵێن ژنەکە یان شتێکی لەوەوە نزیک.

-37-
بە کوردی وشەی شاژن بۆ Queenی ئینگلیزی و بۆ (ملكة)ی عەرەبی هەڵەیە

شاژن بە کوردی واتا (ژنی شا) نەک (شای ژن). لە زمانی کوردی ژنی براکەت پێی دەگوترێ (براژن)، بە ژنی مامت دەگوترێ (ئامۆژن یان مامۆژن)، بە ژنی خاڵت دەگوترێ (خاڵۆژن)، بە ژنی ئاغا دەگوترێ (ئاغاژن)، بە ژنی مەلا دەگوترێ (مەلاژن).... جا بەو پێوەرە (شاژن) دەبێتە ژنی شا نەک خودی شایەکە خۆی کە مێینەیە.

ئێمە بە کوردی شازادە و شێخزادە و بەگزادە و مەلازادە و میرزادە (= میرزا) و برازا و خوشکەزا و ئامۆزاشمان هەیە بەڵام ئەمانە هەمووی بۆ منداڵ و نەوەی شا و شێخ و میر و مەلا و بەگ و هەر وەها ئەولادی خوشک و برای خۆشت بەکار دەبردرێن کە مەبەستی من لێرە لەم گوتارە ئەوە نییە.

دوێنێ مەلیکەی بریتانیا ئەلیزابێتی دووەم کۆچی دوایی کرد (خوا لێی خۆش بێت) و هەموو دەزگاکانی راگەیاندنی کوردی هەر بە شاژن ناویان دەهێنا. بەڵام ئەلیزابێت شاژن نەبوو، ئەو خۆی شا بوو نەک ژنی (شا)یەک بوویێت. مێردەکەشی میر بوو Prince Philip, Duke of Edinburgh، (شا) نەبوو.

جا لەبەر ئەوەی کە وشەی شا بە فارسی و بە کوردیش هەر بۆ نێرینە بەکار هاتووە بۆیە من لەمێژە بیر لەوە دەکەمەوە وشەیەکی گونجاو بۆ (شایەکی مێینە)، بۆ (مەلیکە) بدۆزینەوە. عەرەب کێشەیان نییە (تا التانیثة) یان هەیە (ملک، ملکة)، زمانە ئەوروپاییەکان یان پاشگرێکیان هەیە بۆ

کردنی نێرینە بە مێینە وەک کە بە ئەڵمانی بە مەلیک دەگوترێ Koenig و بە مەلیکەش دەگوترێ Koenigin و بە ئیسپانی بە مەلێک دەڵێن (ڕێی Rey) و بە مەلیکەش دەڵێن (ڕێینە Reina) یان هەر وشەیەکی جیاوازیان هەیە بۆ مەلیکە وەک کە بە فرەنسی بە مەلیک دەڵێن (روا Roi) و بە مەلیکەش دەڵێن (ڕێین Reine)، دیارە بە ئینگلیزیش (کینگ king) و (کوین queen) هەیە.

جا بۆ چارەسەری ئەم گرێ یە لە زمانی کوردییا ئەمن رەملم بۆ وشەی (ما) یان (مێ) چووە کە لە زمانی کوردییا هەردووکیان وەک پێشگر بۆ مێینە بەکار دێن وەک کە دەڵێن (ماکەو) بۆ کەوی مێینە یان (ماشێر) بۆ شێری مێینە بەرامبەر بە (نەڕەشێر) بۆ شێری نێر یان (گا) بۆ نێر و (مانگا = ماگا) بۆ مێ کە لە زۆر ناوچەی کوردستانا بە مانگا دەڵێن (چێڵ) یان کورە بۆ دوور بڕۆین، (ماکەر) بۆ کەری مێینە بەرامبەر بە (نێرەکەر) بۆ کەری نێر.

دیارە ئێمە لە زمانی کوردییا لەم بوارەدا هەموو جیاوازییەکانی نێوان نێر و مێ مان زیاتر بۆ ئاژەڵ بەکار هێناوە جا چ بە دانانی پێشگرێک بێت چ بە بەکارهێنانی دوو وشەی جیاجیا وەک: (مەڕ) مێ یە (بەران) نێرە، (بزن) مێ یە (تەگە) نێرە، (مانگا، چێڵ) مێیە (گا) نێرە، (دێڵ) سەگی مێ یە (گۆڵ) سەگی نێرە و ئی تریش. ژن ئەگەر منالی ببێ قەت ناپرسرێ نێرە یان مێ یە، دەڵێن کچە یان کوڕە.

لە زمانی کوردییا یەک وشەمان هەیە کە تایتلێکی خانەدانییە و بۆ ژن و پیاویش وەک یەک و بێ گرفتی سێمانتیک semantic بەکار هاتووە، وشەی کێخوا. وشەی کێخوا بە تێکهەڵکێشانی دوو وشە پێک هاتووە یەکەمیان (کێ) یان (کەی) یان بە فارسی (کت)ە کە بە کوردی کلاسیک واتا (ماڵ) وەک کە دەڵێین ئەم کۆترە (کەیی) بووە، هەندێک دەڵێن (کەوی) بووە، کە هەردووکیان راستن، واتا ماڵی بووە و لەم ماڵە

راهاتووە. یان وشەی (کابان، کەیبانوو) کە واتاکەی دەبێتە (خانمی ماڵ) چونکە (کەی) ماڵە و (بانوو)ش هەم بە واتای خانم دێت و هەم بە واتای (سەرپەرشتیار، بەرپرس) دێت چونکە رۆڵی (ناوماڵ بەڕێوەبردن) هەر لە کۆنەوە بە ژن سپێردراوە. وشەی شاهبانووی فارسیش هەر واتای خانمی شا دەگەیەنێ. ئەو کابان و کەیبانووە تەنها بۆ ژن بەکار دێ . بەڵام پاشگری (وان و ڤان) لە وشەی شوان و شڤان، گاوان و گاڤان، بەرخەوان و بەرخەڤان، نێچیروان و نێچیرڤان، باخەوان و باغەڤان، دیدەوان و دیدەڤان و ئی تریش هەر هەمان (بان) ەکەی (کا -بان)ە کە لە هەندێ ناوچەی کوردستان هەندێ دەنگ ی وەک (و، ڤ، ب، م) دەگۆڕێن و لە زۆر زمانانی جیهانیشا ئەو sound change ە هەیە. دووەمیان وشەی (خوا) کە لە وشەی (خودانەوە) کورت کراوەتەوە و واتاکەشی (خاوەن)ە یان وشەی (خێو) کە ئەمەشیان هەر واتای (خاوەن) و ساحیبە. جا هەردووکیان پێکەوە دەبێتە (خاوەن ماڵ) کە تایتڵێکی خانەدانی بووە لە سەردەمانی کۆن و بۆ ژن و پیاو بەکار دەهات چونکە هیچ پێشگر یان پاشگرێکی نێر و مێیاتی پێوە نییە.

نازانم ئەگەر بە جوانی بزانن وشەی (مێ) بکەین بە پێشگر بۆ وشەی (شا) و ببێتە (مێشا). ناشوێرم (ما) پێشنیار بکەم بۆ پێشگر و ببێ بە (ماشا) چونکە لەوانەیە لەبەر وشەی (ماکەر) لێمان ببێ بە هەرا.

من کە وا لەو گەشتەدام بۆ دۆزینەوەی گونجاوترین وشەی کوردی بۆ وشەی queen ی ئینگلیزی و مەلیکەی عەرەبی فەرهەنگی The Merriam - Webster و فەرهەنگی American Heritage Dictionary و گووگڵم پەراوپەڕ کردووە و بۆم دەرکەوتووە کە بنەچەی (کوین queen)ی ئینگلیزی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (کێن ken) ی پرۆتۆ - هیندۆ ئەورووپی کە کورت و کرمانجی واتای (ژن) دەدا. هەر بۆ زانیاری: بە هەورامییەکەی خۆشمان (کن) واتا ژن یان کچ. هەر ئەو

وشـــەیەش (کـێن ken) درەنگتــر بــووەتە هەم (کــوین queen) و هەم بێوەژنی (کینگ king)یش.

خۆی راستە ئەگەر لە ئێتیمۆلۆژی (رەگوڕیشەی وشە) بکۆڵێتەوە بنج و بنەوانی وەها سەیری هەندێ وشەت بۆ دەردەکەوێ لە هەر زمانێکا بێت و چۆن و بە چ پرۆسەیەکدا گەیشتۆتە دۆخەکەی ئەمڕۆی.

جا کـوردینە، ئەمە پانۆرامـایەک بـوو بـۆ نێـر و مێـاتی(شـا) لە زمـانی کوردییا. تکام هەیە لە هەموو شارەزایانی زمانی کوردی و، هەندێ جار لەوانەیە گوندییەکی نەخوێندەواریش شتێکی لەم بارەیەوە لە باخەڵا بێت و ئێمە پێی نەزانین، کە ئەگەر بیر و بۆچوونێکی جوان و لۆژیکیتان هەبێ بیخەنە روو و با هەموومان پێکەوە خزمەتی زمانەکەمان بکەین. خۆ ئەگەر بە دروستیشـی دەزانـن بـا هەر وشـەی (شـا) بە تەنیـا بـۆ هەردوو رەگەزی پیـاو و ژن بەکـار بهێنـرێ. هەنـدێ جار کە وشـەیەک بۆ مـاوەیەکی درێـژ لەناو خەڵکا بڵاو بوویێتەوە ئیتر دەس لێدانی سەختە و ئەگەر بە دڵیشمان نەبێ هەر لێی گەڕێت باشترە.

-38-
دوو نامەی مێژوویی
لە فریدریک باربەڕووسەوە بۆ سەلاح الدینی ئەیوبی و وەرامی سەلاح الدینیش بۆ فریدریک باربەڕووس

گۆڕینی لە فرانسییەوە: هۆمەر دزەیی

لەپاش گرتنی فەلەستین و ناوچە گرنگەکانی سوریا لە لایەن سوپای موسڵمانانەوە بە سەرکردایەتی شۆڕەسواری کورد سەلاح الدینی ئەیوبی ئیمپراتۆراتی بیزانتیای گاور کەوتە مەترسی ئەوەی کە بەتەواوی سەرنگون ببێت و بکەوێتە ژێر دەستی موسڵمانەکانەوە. لەبەر ئەوە گەورە قەشەی شاری سوور، ئەو شارەی کە هێشتا بە دەست خۆیانەوە بوو، بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە ئەوروپا و ئەو هاوارە ناخۆشەی بۆ پاپا ئوربانی سێیەم برد. بانگەواز لەلایەن پاپاوە بڵاوکرایەوە، هەموو ئیمپراتۆر و شا و میر و مارکیز و کۆنت و کاردینال و مەتران و گەورە پیاوانی ئەورووپا ئاگادار کران بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ شەڕی ژمارە 3 ی نێوان گاوران و موسڵمانان، ئەو شەڕەی کە نێوبانگی بە شەڕی خاچداری سێیەم دەرکرد. جا بە مەبەستی ئەوەی کە خەڵکەکە بۆ شەڕ هان بدەن و ویژدانیان بجووڵێنن تەختە دارێکی بە نەخشی هەڵکەندراویان بە ئەورووپادا دەگێڕا کە بریتی بوو لە (شوێنە پیرۆزەکان بە تەرسی ئەسپی مەملوکێک سواغ درابوو، عیساش لەلایەن محەمەدەوە دارکاری دکرا .)

لە هەموو لایەکەوە لەعنەت بۆ سەلاح الدین دەنێردرا. باجێکیشیان دانا بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ شەڕ و ناوی نرا " دە - یەکی سەلاح الدین".

ئیمپراتۆری جەرمانیا فریدریک باربەڕووس، کە لە هەڕەتی لاوییدا لەگەڵ مامی لە شەڕی خاچداری دووەما بەشدار ببوو و شارەزای ڕێگا و شەڕی موسڵمانان بوو، نەک هەر ئومێدەواری ئەوە بوو کە ڕۆژهەڵاتی خریستیان لە دەست موسڵمانەکان ڕزگار بکات بەڵکو خەونیشی بەوەوە دەدیت کە دەسەڵاتی خۆی بە سەریدا بکێشێت. ئەوە بوو کە خۆی کردە سەرکردەی هەموو دیانەکان و لەشکرێکی سەت هەزار نەفەریی ساز کرد. لەشکرێک کە لە هەموو میللەتانی ئەورووپاوە پێک هاتبوو و هەر میللەتەش خاچێکی بە ڕەنگی جیاجیا بۆ داندرا کە لەژێر ئاڵاکەیەوە بجەنگێ. فریدریک کە ئەوسا 64 ساڵان بوو بەر لەوەی کە بەرەو فەلەستین و خاکە پیرۆزەکانی بکەوتە ڕێ نوێنەرێکی بۆ سەلاح الدین نارد و ئەم پەیامەی خوارەوەی پێدا ڕەوانە کرد.

" لە فریدریکەوە، ئیمپراتۆری هەمیشە پایەداری ڕۆمانان، دوژمن بەزێنی بێ هاوتا، بۆ سەلاح الدین سەرۆکی موسڵمانان.

لەبەر ئەوەی کە ئێوە خاکە پیرۆزەکەی ئێمەتان گڵاو کردووە و ئێمەتان خستۆتە نیگەرانییەوە بە ئەرکێکی شاهانەی خۆمانی دەزانین کە بۆ ئەو تاوانە بێ شەرمانەتان سزاتان بدەین. هەروەها بە ئەرکیشی دەزانین پێشەکی ئاگادارتان بکەین کە ئەگەر بێتو ئەو خاکانەمان نەدەنەوە کە لە بنەڕەتدا هی خریستیانانن ئەوا ناچار دەبین پشت بە خاچ ببەستین و هێزتان لەگەڵدا بەکار بێنین. مێژووی کۆنە و نوێ دەبێ فێری کردبن کە ئیثیۆپیا و مۆریتانیا، فارس، سوریا وڵاتی پارثەکان، یەهودا و سامیرە، عەرەبیا، کالدیا، میسر و ... ئی دی کەوتنە ژێر دەستی ئێمەوە، شایەکانی ئەم وڵاتانەش لە بیریان نەچووە کە چۆن شمشێری ڕۆمانەکان بە خوێنی ئەوانەوە سوور هەڵگەڕان. ئێوەش بەم زووانە بە چاوی خۆتان دەبینن بازە سەرکەوتووەکانمان، شەڕکەرەکانمان کە لە میللەتانی جۆراو جۆرەوە پێک

هاتوون چ کارێکتان پێ بکەن. بەم زووانە تووڕەیی تۆیتۆنەکان تاقی دەکەنەوە کە تەنانەت لە کاتی ئاشتیشدا دەست لەسەر چەکن، لەسەر حیسابی خۆتان ئاشنایی لەگەڵ دانیشتووانی ئەم بەر و ئەو بەری رووباری راین دا پەیدا دەکەن، لەگەڵ جەوانانی ئیستریادا، کە هەگیز نازانن بەزین چییە، لەگەڵ باڤارياییەکان و شڤابیای بە خۆ ناز و فێڵباز، لەگەڵ فەرەنگ و ساکسۆنان کە بە دەمی تیغ یاری دەکەن، گەلانی تورینگن و وێستڤالیا، باربانسۆنەکان، لۆرێتییەکان کە ئاشتییان قەت و قەت بە خۆوە نەدیوە، بورگوندیە نیگەرانەکان، شاخەوانەکانی چیای ئەلپ، فریزۆنەکان کە لە رمبازیدا هەر خۆیان سەرپشکن، بۆهێمیەکان کە هەمیشە دەم بە خەندەوە دەزانن بمرن، پۆلۆنیەکان کە لە درندەی دارستانەکانی خۆیان درترن، ئۆتریشیەکان، ئیلیریەکان، لۆمباردەکان.

هەر چۆنێکی بێ ئەو رۆژەی کە بۆ سەرکەوتنی دینی عیسا داندراوە فێرتان دەکا کە ئێمە هێشتا پسپۆڕین لە شمشێر هەڵکێشان و بەکارهێنانی هەرچەندە کە ئێوە وای بۆ چوون گوایا پیری شپرێوی کردووین."

ئەوە دەقی نامەکەی فریدریک بوو.

سەلاح الدین پاش خوێندنەوەی پەیامەکە بەو پەڕی رێز و ئەدەبەوە لەگەڵ باڵیۆزی فریدریک باربەڕووس، پەیام هەڵگرەکە، بە دەوری سینییەکی پڕ راحەتە لوقوم و کێکی لە هەنگوین دروست کراودا دانیشت و گفتوگۆی لەگەڵدا کرد. سەلاح الدین بە دڵێکی فرەوانەوە قسەکانی کابرای هەموو وەرگرت و بۆ رۆژی دوایی ئەم وەرامەی خوارەوەی دایە دەست لەگەڵ کۆلێک وردە دیاری.

" بۆ فریدریکی زۆر ناودار، دۆستی دڵسۆزمان، شای ئەڵەمانان :

بە ناوی خودای میهرەبان، تاک و تەنیا و گەورەتر، هەمیشە سەرکەوتوو و نەگۆڕ، خاوەنی حوکمی بێ پایان.

درووود بۆ ئەو زاتەی کە نیعمەت و بەرەکەتی خودای لەسەر گۆی زەمیندا بڵاو کردۆتەوە. سەڵات و سەلامەمان بۆ هەموو پێغەمبەرەکانی خودای بەخشندە وە لەپێش هەمووانــدا دانەری شـەریعەتمان، پەیام هەڵگری خۆی، محمد، کە خۆی هەناردوویە بە مەبەستی چاکردنەوەی تاکە شەریعەتی بەڕاستی، ئەو شەریعەتەی کە لە لایەن هەموو میللەتانەوە دەبێ پەیڕەوی بکرێت.

ئێمە بە شای توانا، دۆستی دڵسۆزمان، شای ئەڵەمانان رادەگەیێنین کە کابرایەکی هێنری ناو هاتووە و دەڵێ کە باڵیۆزی ئێوەیە، پەیامێکی بۆ هێناوین کە گۆیا لە لایەن ئێوەوە نێردراوە. ئێمە هەموو شتێکمان بە ئاشکرایی لەگەڵدا باس کرد. ئەمەیش وەراممانە بۆ پەیامەکە:

ئێوە ناوی کۆلێک شا، میر، کۆنت، گەورە قەشە، مارکیز، سوارچاک و کۆمەڵێک میللەتانتان هێناوە کە بە تەمان لەگەڵ ئێوەدا بەسەرمان دا بدەن. جا ئەوە بزانن کە ئەم نامەیەی ئێمە جێگای ناوی ئەو هەموو میللەتانەی تێدا نابێتەوە کە ئیمپراتۆرییەتەکەمانی لێوە پێک هاتووە. دەریا نییە، ریبەر نییە بتوانێ بیانوەستێنێ. ئەوانە ئامادەن بە راکردن لەژێر بەیداغەکانی ئێمەدا بڕۆن. ئێمە تەنانەت ئەو سەربازانەیشمان هێشتا لەگەڵدان کە بە وانەوە توانیمان زۆر وڵاتان بگرین. ئەگەر ئێوە بەڕاستیتانە و دەتانەوێ بەو هەموو خەڵکەوە کە نامە و باڵیۆزەکەتان باسی دەکەن بێنە سەرمان ئەوا ئێمە - دوور لەوەی کە لێتان بترسین - بەرەو پیرتانەوە دێین و سەرکەوتنیش پەنا بە خودای گەورە و توانا هەر بۆ خۆمانە. ئەوسا دەریایان دەبڕین و وڵاتەکەتان لێ تێک و لێک دەدەین چونکە ئێمە دەزانین کە بۆ پێکهێنانی لەشکرێکی وا گەورەی کە باسی دەکەن دەبێ ئێوە وڵاتەکانتان چۆڵ بکەن هەینێکە کەستان لەوێدا نامێنێ بەرگرییان لێ بکات. ئینجا پاش ئەوەی کە بە خۆتان و بەو هەموو کەسانەی کە دەیانەوێ نوانای ئێمە تاقی بکەنەوە لە فەلەستین پانتان دەکەینەوە و ئیتر

شتێک نامێنێ بمانگێڕێتەوە و دەبینە خاوەنی وڵاتەکانتان ئەمەش هەمووی پشت و پەنا بە خودای تاک و تەنیا.

مەسیحاتی دوو جاران لە رووی ئێمەدا راست بۆتەوە. لە میسر هێرشیان هێنایە سەرمان جارێکیان نزیکی دمیات و جارێکیش لە پێش ئسکەندەرییە. خۆ ئینکاری ئەنجامی ئەو هێرشانە ناکەن ! لەوساکەوە خودا هێزی ئێوەی هەر لە کورتی داوە و ئەوەی ئێمەش هەر لە زیادی. میسر، شانشینەکانی دمشق و قودس و حەلەب، کەنارەکانی سوریا، بین النهرین و زۆر هەرێمی دیکە. میرە موسڵمانەکان یان سەر بە خۆمانن یانیش باجدەرن. سوڵتانەکان لە فەرمانمان دەرناچن. ئەگەر داوا لە خەلیفەی بەغدا - خوا لە خێری بە زیاد کا - بکەین سوپامان بۆ بنێرێ خۆی لەسەر تەخت دێتە خوارەوە بۆ پشتگیریمان لەم شەڕە پیرۆزەدا. خۆی تەنها سێ شار بۆ گاوران دەمێنێتەوە: سوور، تەرابلوس، ئەنتاکیا کە ئەمانەشیان هەر لێ دەسێنین.

جا ئەگەر ئێوە شەڕخوازن و خودای تەعالایش حوکمی قەزای ئەبەدی خۆی بۆ لەناوبردنتان دابێ دە وەرنە پێش هەتا بۆتان بێین. خۆ ئەگەر ئاشتی خوازیشن ئەوا فەرمان بۆ حوکمدارانی ئەو سێ شارەتان دەربکەن کە دەروازەی شارەکانیانمان بۆ بخەنە سەر پشت. ئەگەر بەم مەرجانە قایلن، ئێمە خاچەکەتان دەدەینەوە، دەست بەسەرەکانتان ئازاد دەکەین، رێگا بە یەکێک لە قەشەکانتان دەدەین لە

" کلیسەی قیامەت " دا بمێنێتەوە، دێرەکانتان هەمووی دەگەڕێنینەوە سەر دۆخی جارانیان، هەڵسوکەوت و رەفتارمان لەگەڵ دیندارەکانتان باش دەبێ، رێگای حەجاجەکانتان دەدەین بێنە زیارەتی شاری پیرۆز و لەگەڵتانا ئاشتیەکی هەمیشەیی دەکەین.

جا ئەگەر ئەو پەیامەی کە هێنری ناوێک بۆ ئێمەی هێناوە بەڕاستی

لەلایەن شای ئەڵمانانەوە مۆر کراوە ئەوە دەمانەوێ بزانن کە ئەمە وەرامی ئێمەیە.

لە ساڵی 584 کۆچی دا نووسراوە. بە هەوڵ و هێزی خودای تاک و تەنیا، خودا فریای پەیامبەری خۆی محمد کەوێ، خودا فریای نەوەی وی کەوێ، خودا قەبووڵ بکات سەڵات و سەلامی سوڵتانی هەرە ناودار، سەرکەوتوو، شەڕکەر بۆ کەلیمەی حەق، نەخشی درەوشاوەی باوەڕ و ئایین، چاکەرەوەی دنیا ودین، شای موسڵمانان، نۆکەری هەردوو شارە پیرۆزەکان و ماڵە پیرۆزەکەی قودوسێ، بابی هەموو سەرکەوتووان

یوسفی کوڕی ئەیوب ."

ئەوەش وەرامنامەکەی سەلاح الدین بوو بۆ فریدریک.

{سەرچاوە بە فرەنسی:

Albert Champdor

SALADIN

Editions Albin Michel

1956Paris

سەڵاحەددینی ئەیوبی

فریدریک باربارۆس



کتێبێکی فرانسی لەسەر سەڵاحەددین

-39-
بەهیە بەهایی (1917 _ 2005)

ساڵ 1954 بوو. ئەمن لە پۆلی چواری سانەوی کەرکوک بووم. مامۆستای زمانی ئینگلیزیمان ناوی عەزیز سەبور بوو. ئێمە قوتابییەکان هەر وامان دەزانی عەرەبە چونکە نە کوردی دەزانی نە تورکمانی. بەڵام دواتر بیستمان کە بە نەژاد ئێرانی یە و بە ئاینیش بەهائی یە. ئەوسا ئەوە یەکەم جار بوو ئەمن گوێم لە وشەی بەهائی ببێت و هەر ئەوەندەی لێ تێ گەیشتم کە ئاینێکی لە ئیسلام هەڵگەڕاوەیە و لە ئێران لە ساڵانی 1860ەکاندا سەری هەڵداوە. راستییەکەی ئاین و ئاینزای مامۆستا عەزیز چی بووە چی نەبووە ئەوەندە لای من گرنگ نەبوو و من ئەو لایەنەیم زوو لە بیر چووەوە. ئەوەی کە مامۆستا عەزیزی لای من خۆشەویست کردبوو رەوشتە شەخسیەکانی بوو. وەک مرۆڤ تا بڵێی بەڕێز بوو و رێزی زۆریشی لە قوتابیەکان دەگرت. پیاوێکی بە هەڵسوکەوت لەسەرەخۆ و بە دواندن قسە نەرم بوو. بە هەیکەل کەمێک قەلەو، بە باڵا مام ناوەنجی و بە رەنگو روو مەیلەو سوور و سپی بوو.

ساڵ هاتن و ساڵ چوون، تا ساڵی 1988 بارم نەکردبوو بۆ ئەمریکا ئایینی بەهائیم هەروا جاروبار بە رێگای هەڵبەستێکی بەناوبانگی شاعیری گەورەی کورد دڵدارەوە دەهاتەوە بیر. هەڵبەستی (خەندەکەی بایی) کە دەیانگوت دڵدار لە بەغدا بۆ کچێکی بەهایی ناو بەهیەی دانابوو کە حەزی لێ کردووە. دەیانگوت کچەش شووی بە ئەمەریکاییەک کرد و ئێستا لە ئەمەریکا دەژی. منیش ساڵی 88 بە خاوخێزانەوە بارمان کرد بۆ ئەمەریکا.

جا لەوێ لە ئەمەریکا رۆژێکیان کە رۆژی نەورۆزی ساڵێکی

سەرەتاکانی نەوەدەکان بوو لەگەڵ کۆمەڵێک برادەرانی کوردی ویلایەتی ڤیرجینیا چووین بۆ سەیران بۆ سەیرانگای (گرێت فۆڵس Great Falls) لە ویلایەتی مێریلاند. لەوێ لە گوێ ئاوەکەی گرێت فۆڵس خەڵکێکی زۆری دیکەش بۆ سەیران هاتبوون، ئاوازی موزیکی ئێرانی و بۆنی کەباب و گۆشتی برژاو ئەو ناوەی پڕ کردبوو. کە لێیان نزیک بووینەوە و تێکەڵیان بووین دەرکەوت زۆرترایەتی ئەو سەیرانچییانە بە نەژاد ئێرانین و بە ئایین بەهائین. قسە بە قسە کە زانییان ئێمە کوردین چوون کچێکی جەوانی جوانکیلەیان بۆ هێناین کە ناوەکەیم بەداخەوە لەبیر نەماوە. خانمە ژیکەڵانە بە زمانێکی کوردیی زۆر پاراو خۆی پێ ناساندین کەخەڵکی دەڤەری سنەیە و بەهائی یە. بەڕاستی دڵمان پێی کرایەوە و ئەدرەسمان ئاڵوگۆڕ کرد و بوو بە دۆستی منداڵەکانم کە لە تەمەنی ئەودا بوون. تا ماوەیەک پەیوەندیمان هەبوو بەڵام چونکە ماڵمان لێک دوور بوو دەرفەت ئەوەندە نەدەبوو زوو زوو یەکتری ببینین و دوای ماوەیەک ئاگامان لێک بڕا. هەر چۆنێکی بێ، من کە زانیم ئەوە کوردە یەکسەر پرسیاری بەهیەم لێ کرد کە ئەویش بەهائیە ئەگەر نێوی بیستبێ. کچە زۆر بە پەرۆشەوە پێی ڕاگەیاندین کە بەڵێ ئەوە کەسایەتییەکی کوردی زۆر ناودار و پایە بەرزە لەناو بەهائیەکانی ئەمەریکا و (ناوی بەهیە گیولیک)ە و بە ڕەچەڵەک کوردی مەریوانە. پێم وایە گوتی کە لە ویلایەتی ئەریزۆنا دەژی. ناو و تەلەفۆنەکەیم لێ وەرگرت. لێرەدا بۆ ڕاستکردنەوەی لێ تێکچوونێکی پێشترێم ئەم تێ بینییەی خوارەوەم بە پێویست دەزانم: " ئەمن لە بەرنامەیەکی چەند ساڵێک لەمەو پێشی (کەناڵی تی ڤی ڕووداو) لەسەر دڵداری شاعیر و ئەی ڕەقیب و بەهیە فەرەجوڵا باسی ئەو کچە کوردە بەهائیە سنەییەم کردووە کە لەو بەرنامەیە گوتوومە لەگەڵ منداڵەکانی من لە ئەمەریکا لەیەک قوتابخانە بووینە و بەرێگای ئەوانەوە بووەتە ناسیاومان. بەڵام دواتر لێی ورد بوومەوە هاتەوە بیرم کە، نەخێر، من لێم تێک چووبوو چونکە ئەوە لە

(گرێت فاڵس)ی مێریلاند بوو نەک بە ڕێگای قوتابخانەی منداڵەکانم کە ئەو کچە کوردە بەهائییەمان ناسیبوو. " ڕووی تەمەن ڕەش بێ.

ناوی تەواوی بەهیە خانیش پێش شووکردنی ئەمە بوو: بەهیە فرج الله زكي الكردي. بەڵام کە شووی بە بەهائییەکی ئەمەریکایی کردبوو، ڕۆبێرت گیولیک Robert Gulick ئیتر پاشناوی مێردەکەی وەرگرتبوو و بوو بوو بە بەهیە گیولیک Bahia Gulick.

ئەوسا ئەمن لە بەشی کوردی رادیۆی دەنگی ئەمەریکا VOA کارم دەکرد. کە گەڕامەوە بۆ ماڵ یەکەم شت کە کردم تەلەفۆنێکم بوو بۆ بەهیە خان کە لە قسەکانی ڕا دیار بوو بە تەمەن بێ. ئەو کوردی نەدەزانی تەنیا ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی دەزانی. کە خۆم پێی ناساند کوردی عیراقم و لە دەنگی ئەمەریکای کوردی دەست بەکارم هێندەی یەک دونیا دڵی کرایەوە چونکە ئەویش ماوەی دە دوانزدە ساڵێک (1937 - 1949) لە بەغدا ژیابوو و لە (دار المعلمات) مامۆستا بووە. ئیتر لەوێوە لەگەڵ بەهیە خان بە تەلەفۆن بووین بە هاوڕێ و هەفتانە تەلەفۆنمان بۆ یەکتری دەکرد بەڵام مخابن هەرگیز دەرفەت نەرەخسا چاومان پێک بکەوێ. لە قسەکانی دەرکەوت بەهیە خان لەو ماوەیەی کە لە بەغدا بووە هەفتەی جارێک ماڵەکەی ئاوەڵا بووە بۆ دۆست برادەرە کوردەکانی لە ڕۆشەنبیرانی کوردی ئەو زەمانی بەغدا و ڕۆشەنبیرانی عەرەبیش کە وەک یانەیەکی بچووکی کۆمەڵایەتی social club لەوێ کۆ دەبوونەوە.

جا بەهیە خان بە دەنگە بەناوساڵدا چووەکەی بەڵام بە شەوقێکی پڕ لە ئارەزوو بۆ باسی ڕابردوو هەر بە تەلەفۆن ناوی ئەو چەند لاو و جوامێرە کوردەی ئەوان ساڵانی بەغدای لەبیر مابوو وەک:

فوئاد عارف، ماجید مستەفا، نەوزادی ماجید مستەفا کە دواتر بووە مێردی وەهبیە سەبوری بەهایی کە ئەمیشیان خوشکی مامۆستا عەزیز

سەبورەکەی قوتابخانەی سانەوی کەرکوکم بوو، تۆفیق وەهبی، مەسعود محەمەد، یونس رەئوف (دڵداری شاعیر)، عەونی یوسف، مەعروف جیاووک، ئەمین رەواندزی. بەهیە خان زۆر بە پەرۆشیشەوە داوای سۆراخی ئەو کۆنە برادەرە کوردانەی لێ دەکردم، کێیان ماوە، کێ نەماوە. منیش، بە پێی زانیاری خۆم و بە پرسیاری ئەملاو ئەولا پێم رادەگەیاند. لەمانە زۆر مەبەستی کاک فوئاد عارف بوو و تکای لێ کردم ژمارەی تەلەفۆنی ئەوی بۆ پەیا بکەم. هەڵبەت زەمان زەمانی سەدام حوسێن بوو و من ئاگادارم کرد کە تەلەفۆن کردن لە ئەمەریکاوە بۆ بەغدا لەوانەیە کاک فوئاد تووشی کێشە بکات. بەڵام بە رێگای ئەملا ئەولای نهێنیشەوە پەیوەندیم بە کاک فوئادەوە کرد کە شتێکی وا هەیە ئیتر با خۆی بڕیار بدا ئەگەر تەلەفۆنی بداتێ و بیەوێ قسەی لەگەڵا بکات. دەرکەوت کاک فوئاد لە بەهیە خان زیاتر پەرۆشی دەنگوباسی بوو و بێ باکانە یەکسەر رازی بوو تەلەفۆنەکەی بدەمێ با قسەی لەگەڵ بکات. هەر واشی لێ هات.

دواتر بیستم و لە چەند گوتارێکی بەڕێزان مەسعود محەمەد و کەریم شارەزا خوێندمەوە کە دڵداری شاعیر لە بەغدا وانەی زمانی کوردی بە بەهیە خان دەگوت بەڵام گوایا هەر لە دڵی خۆشیدا بێ ئەوی بیدرکێنێ حەزی لە بەهیە دەکرد. دڵدار شیعرێکی زۆر رۆمانتیکی هەیە (خەندەکەی بایی) کە دەڵێن بۆ بەهیەی داناوە بێ ئەوەی ناوی بێنێ. ئەمن دواتر گوتارێکم لەسەر پەیوەندیی نێوان ئەو شیعرەی (خەندەکەی بایی) ی دڵدار و شەخسی بەهیە خان لە (سێبەر و سایە) بڵاو کردەوە کە پاشکۆیەکی هەفتانەی کولتوریی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بوو هی رۆژی سێشەممە ١٦/ ٢ / ٢٠١٦.

بۆ رادیۆی دەنگی ئەمەریکاش وتو وێژێکی دوور و درێژم لەگەڵ

بەهیە خان کرد کە بە سێ بەش، هەفتەی بەشێک، بڵاوم کردەوە.

من و بەهیە خان تا ساڵی وەفاتی لە 2005 نزیکەی هەفتانە جارێک تەلەفۆنمان بۆ یەکتری هەر دەکرد، دەنکوباسی کوردی لێ دەپرسیم و و کۆڵێک کارت و نامە و فۆتۆگراف و نووسینەکانی ساڵانی جەوانیی خۆی بۆ دەناردم کە منیش بۆ مێژوو هەموویم پاراستووە.

بەهیە خان ساڵی 1917 لە قاهیرە لە دایک ببوو. بۆچی لە قاهیرە لە دایک ببوو ئەوەش چیرۆکێکی دیکەیە.

بابی بەهیە، فەرەجوڵا زەکی (1937 - 1869) لە گوندی (گەلیە) ی سەر بە شارۆچکەی مەریوان، کوردستانی رۆژهەڵات لە دایک بووە. خۆی مەلای گوندەکە بووە بەڵام دیارە مەلایەکی لە رادە بەدەر پەرۆشی رۆشەنبیری و زانست بووە لە بواری خۆیدا بۆیە بە مەلایەتی کردن لە گوندێکی چکۆلانەی کەس پێ نەزان و شارۆچکەی مەریوانی شەش حەوت هەزار دانیشتوویدا تینوویەتی نەشکاوە. هەڵدەستێ بەختی خۆی لە شاری سنە و لە بەغدا تاقی دەکاتەوە. دواجار بڕیار دەدات بۆ خوێندنی زیاتر بچێتە (جامعة الازهر) لەقاهیرە. لەوێ لە قاهیرە پاش ماوەیەک ئاشنایەتی لەگەڵ چەند عولەمای ئایینی بەهایی پەیدا دەکات و لە ئەنجامی چەند ساڵ بیروڕا گۆڕینەوە و خوێندنەوەی نووسینەکانیان وردە وردە دیانەتەکەی ئەوان بە مەعقول دەبینێت و مێشکی دادەگرێت. دواجار هەر بەتەواوی دەگۆڕێت، لە دین وەردەگەڕێت، دەبێتە بەهایی و تا مردنی هەر لە قاهیرە دەمێنێتەوە و خۆی بە چاپخانەیەکی چکۆلانە خەریک دەکات. چون هەستی کوردایەتی زۆر بەهێز بووە دۆستایەتییەکی نزیک لەگەڵ بنەماڵە کوردەکانی قاهیرە وەک بنەماڵەی بەدرخان و محەمەد عەلی عەونی پەیدا دەکات و کۆڵێک کتێبی فارسی

و عەرەبی پەیوەندیدار بە کورد و کوردستان لە چاپ دەدات. وەک نیشانەی شانازیش بە کوردبوونی خۆی ویستوویە هەر وەک کورد بناسرێت بۆیە تایتلی (الكردي) ش دەخاتە پاڵ ناوەکەی خۆی و بە رەسمی دەبێتە فرج الله زكي الكردي. هاوسەرەکەی (شەوکەت عەلی نەقەوی) خەڵکی شیراز بووە. ساڵی 1917 هەر لەقاهیرە ئەو منداڵەیان دەبێت (بەهیّة فرج الله زكي الكردي) کە پاش مێرد کردنی بە ئەمەریکاییەک بوو بە بەهیە گیولیک.

بەهیە خان لەو چەند ساڵەی دوایی تەمەنیدا خەریکی نووسینەوەی بیرئاوەرییەکانی بوو بە ئینگلیزی. جا داوای لە من کرد هەندێ وێنە و ژمارەی تەلەفۆنی کوڕەکانی ئەمین رەواندزی (دکتۆر وریا و دکتۆر زۆزک)ی بۆ بنێرم کە بۆم نارد. بیرئاوەرییەکانی بوو بە کتێب کە برادەر و هاوکاری رۆژانی دەنگی ئەمەریکام کاک ئەنوەری سولتانی وەریگێڕایە سەر کوردی. مامۆستای بەرێز موحسین عینایەتیش پێشەکییەکی زۆر جوان، بە هەڵسەنگاندنێکی ئەکادێمیانەی زۆر بە پێزی بۆ کتێبەکە نووسیوە لەبارەی کەسایەتی و رۆڵی ئەو باوک و کچە لە ناساندنی میللەتی کورد بە میللەتانی دیکە لە وان رۆژگارانی پڕ لە تێکڤژان و مشتومڕی رۆشەنبیری و سیاسی و ئایینیدا.

یەکەم لاپەڕەی کتێبەکە (سوپاسنامە)ی بەهیە خانە و ئەمەشی تێدا نووسیوە:

"سوپاسنامە

... من هەرگیز رێزدار هۆمەر دزەیی، سەرۆکی بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا لە بیر ناکەم، کە وەرگێڕانی شیعرەکەی من لە عەرەبییەوە بۆ ئینگلیزی تەنیا بەشێک بوو لە یارمەتییە گەورەکانی، من سوپاسی لەبن نەهاتووم ئاراستەی ئەو و هەر ئەو دەکەم...."

کاک ئەنوەریش لە (پێشەکی وەرگێڕ) ی کتێبەکەدا ئەوها دەستی پێ کردووە:

پێشەکی وەرگێڕ

هەموو کارەکە لە تەلەفۆنێکی ڕێزدار هۆمەر دزەییەوە دەستی پێ کرد. ساڵی ٢٠٠٠ بوو من بە نووسینی بەرنامەیەکی هەفتانە بە ناوی " چاپکراوی نوێ " کە تێیدا کتێبی کوردی و سەبارەت بە کوردم دەناساند، سووکە هاوکارییەکی دەنگی کوردیی رادیۆی ئەمەریکام دەکرد. لە ڕێگای بەرنامەکەوە پەیوەندییەکی مانگانەم لەگەڵ کاک هۆمەر، سەرۆکی ئەو دەمی رادیۆکە و بەرپرسانی تری دەنگی کوردی هەبوو، کە وتارەکانیان بە هۆی تەلەفۆنەوە بۆ تۆمار دەکردم...... کاک هۆمەر لە تەلەفۆنەکەیدا باسی خاتوونێکی بۆ کردم و گوتی کچی نەمر فەرەجولاّ زەکیی مەریوانییە و ٨٠ ساڵێکی تەمەنە و لە ئەمەریکا دەژی. ژمارە تەلەفۆنی ماڵەکەشی پێ دام و گوتی دەتوانی تەلەفۆنی بۆ بکەی و هەواڵی بپرسی. من کە هەرگیز نەمدەزانی لە وەچەی فەرەجولاّ زەکی کەسێک مابێتەوە و بەم هاسانییە دەنگم پێی بگا، لە خۆشییان هەر شاگەشکە بووم و دەستبەجێ هەمان شەو تەلەفۆنم کردە خزمەت کچی کەسێک کە مێژووی کورد قەرزداری کار و خەباتییەتی."

ئەمەی خوارەوەش بۆ کوردی وەرگێڕدراوی تەواوی ئەو پرسیار و وەرامە تەلەفۆنییەیە کە لە کاتی خۆی لە دەنگی ئەمەریکا بە زمانی ئینگلیزی لەگەڵ بەهیە خانم ئەنجامم دابوو.

هۆمەر: خانم بەهیە فەرەجولاّ، بە پێی یادداشتەکانی خۆی، دلّدار، بۆ جاری یەکەم جەنابتی لە پانزدەی تیرمەهی ساڵی 1940 لە شەقلاّوە دیوە یان ناسیوە. لەپاشانیش لە مانگی دوازدەی هەمان ساڵ لە بەغداو دواتریش بووە بە مامۆستای زمانی کوردیت و کوردی فێر دەکردی. ئایا بۆچی لەنێو ئەو هەموو کوردەی بەغدا ئەوت کرد بە مامۆستای خۆت؟

بەهیە خان: راستییەکەی من بە بیرم نایەت لە شەقلاوە دیبم رەنگە ئەو لەوێ منی لە دوورەوە دیتبێ. بەڵام من ئەوم لە شەقلاوە بەبیر نایێ. کەچی زۆر چاکم لە بیرە کە لە بەغدا دەمدیت. خۆی هەر وانەی زمانی کوردیشی پێ دەگوتم لە بەغدا بەڵام ئەوەشم لەبیر نەماوە بۆچی ئەوم بە مامۆستای کوردیم هەڵبژارد. نازانم لەوانەیە کوردەکانی بەغدا ئەویان بۆ دیتبمەوە چونکە ئەو زمانزانێکی چاک بووە، ئیتر بەم جۆرە. بەهەر حاڵ بۆ ماوەی چەند مانگێک دەهات بۆ ماڵی خۆم کوردی پێ دەگوتم.

هۆمەر: بە پێی یادداشتی بەڕێز مەسعود محەمەد کە لە کتێبەکەی عەبدولخالیق عەلائەدین لەسەر دڵدار بڵاوکراوەتەوە دڵدار بە عیشقی تۆ لە ناخەوە دەسووتا. ئایا قەت جارێک ئەوەی لای تۆ درکاندووە؟

بەهیە خان: راستییەکەی ئەو هەرگیز ئەوەی بۆ من نەدرکاندووە بەڵام من دەمزانی کە حەیرانی من بووە و رێزێکی زۆرم لێ دەنێ. منیش هەر وەها زۆر رێزم بۆی هەبوو. دڵدار جحێڵێکی شەرمن بوو، زۆر زیرەک بوو وە زۆریش رۆشەنبیر بوو بەڵام قەت بە منی نەگوتووە حەزم لێ دەکات. منیش وەک برایەکی بەڕاستیی خۆم تەماشام دەکرد.

هۆمەر: دیسان هەر کاک مەسعود محەمەد لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ گوایا تۆ دڵت چووبووە کوڕێکی دەوڵەمەندی خەڵکی سلێمانی و ئەویش حەزی لە تۆ دەکرد. بێجگەلەوە دەشڵێ کە جەنابت زۆر جار دەتگوت حەز دەکەیت شوو بە کوردێک بکەیت کە بتبا بۆ دێهاتی کوردستان و لەوێ خزمەتی ژنی کورد بکەی. تۆ دەڵێی چی؟

بەهیە خان: من هیچ شتێکی وام بەبیر نایە کە حەزم لە کوڕە دەوڵەمەندێکی خەڵکی سلێمانی کردبێت بەڵام راستە من هەمیشە حەزم دەکرد بچمە کوردستان و خزمەتی کورد بکەم، بە تایبەتی خزمەتی ژنان. ئەمە ئارەزوو و ئاواتی بابیشم بوو کە رۆژێک لە رۆژان لەگەڵ دایکم پێکەوە بچن بۆ کوردستان و لەوێ خزمەتی مرۆڤایەتی بکات لە هەموو

ڕووێکەوە. مەسەلەکە ئەوها بوو بەڵام بەڕاستی باوەڕ ناکەم دڵم چوویێتە هیچ شەخسێکی تایبەتی، من هەموو کوردەکانم خۆش دەویست، ئەوانە هەموو برای من بوون.

هـۆمەر: کـاک عەبـدولخالیق لە کتێـبەکەی " دڵـدار، شـاعیری شۆڕشـگێڕی کـورد" دەڵێ دڵـدار لە دەسنووسـەکانی بە زمـانی عەرەبـی دەڵێ " زۆر شـت لە بارەی بەهـائی لە جەنابـت فێـر بـووە و زۆر جـاران کتێبـی لەسـەر فەلسـەفە لە تۆ دەخواسـتەوە." کـاک مەسـعود محەمەدیـش دەڵێ " دڵدار زۆر جاران لەگەڵ ڕێبەرانی مەزهەبی بەهـائی لە ماڵی تۆ دەکەوتە گفتوگۆ و لێدوان." چیت لەبیر ماوە لەم بارەیەوە؟

بەهیە خان: ئەمە هەر زۆر ڕاستە، یونس زۆر حەزی لە بابەتی ڕوحانی دەکـرد، ئەو هەمیشـە حەزی دەکـرد باسـی خـودا بکەیـن و باسـی ئیسـپات کردنـی هەبوونی خـودا بکەیـن. چـاکم لەبیـرە جارێکیـان لێـدوانێکی زۆر درێژی بوو لەگەڵ یەکێک لە برادەرە بەهائییەکانمان کە فەلسەفەی بەهائی بۆ ڕوون دەکـردەوە و ئەویـش زۆر بە سـەرنجەوە گـوێی لـێ ڕادەگـرت و دیار بوو حەزی دەکرد زۆرتر لەبارەی ئایینی بەهائییەوە بزانێ، بۆیە زۆر کتێبـی لە مـن دەخواسـتەوە. دایکیشـم مامۆسـتایەکی زۆر بـاش بـوو، لە قووڵایی دیانەت گەیشتبوو. دایکیشم زۆر شتی بۆ ڕوون دەکردەوە، بەڵێ ئەمە ڕاستە و ئەوانە زۆر جار دەهاتنە ماڵی من و منیش زۆرم پێ خۆش بـوو کە ئەوانە دەهـاتنە لام و دەمگـوت ئەوانە کەسـوکاری مـنن، ئەوانە کـوردی خـۆمن و دەرگـای مـاڵەکەم هەمیشـە بۆیـان ئـاوەڵا بـوو . ئەم ئاموشـۆیە دڵـی دایکیشـمی خـۆش دەکـرد کە دەیـدیت مـن دڵـم خۆشـە لەگەڵ ئەو جەوانە کـــوردە زیـــرەک و ژیـــرانە. ئەوانە هەموویـــان پەروەردەیەکی زۆر چاکیان هەبوو. وا بزانم هەندێکیان لە کۆلێژی قانون دەیانخوێند وەک مەسعود محەمەد کە کوڕێکی زۆر زیرەک دیار بوو. ئەوانی دیش هەموویان، بەڵام مەسعود محەمەدم لەبیرە ئەو بەڕاستی زۆر تێگەیشتی بوو.

هۆمەر: خانم بەهیە فەرەجولا، چیت لەبیر ماوە دەربارەی کەسایەتی دڵدار و چۆنی تێ دەگەیشتی؟

بەهیە خان: بەڵی ئەوەی کە من لە یونس گەیشتبم کوڕێکی زۆر روحانی بوو، زۆر هێمن و لەسەرەخۆ و وەکو پێم گوتی شەرمن بوو. قسەکانیشمان لە مەتنی روحانی و رۆشەنبیری بوون. باسی شتی شەخسی و تایبەتیمان نەدەکرد. دانیشتنەکانمان هەمووی لەسەر دیانەت و شتی وا بوون. جا پێم وایە ئەوە ببوو بە مەراقی و لە کەللەی دابوو رەنگە بوویێتە هەوێنی نووسینەکانیشی نازانم من شیعرەکانی ئەوم نەخوێندوونەتەوە.

هۆمەر: هەروەکو مامۆستا مەسعود محەمەد لە بیرەوەرییەکەیدا دەگێڕێتەوە دڵدار باری گوزەرانی ئەوەندە باش نەبووە ئایا کە کوردی بە تۆ دەگوت پارەت دەدایێ یان بە خۆڕایی پێی دەگوتی؟

بەهیە خان: نەخێر، بە خۆڕایی بوو، هەرگیز داوای پارەی نەدەکرد. ئەو زۆر پیاوانە بوو، ئەمن هەر نەشمدەزانی پێویستیی بە پارە هەیە. بریا بمزانیبایە ئەوساکە پارەم دەدایێ بەڵام ئەو قەت باسی پارەی نەدەکرد.

هۆمەر: هەر وەک زانراوە یونس رەئوف لە کاتی قسەکردندا زمانی دەگرت واتا تا رادەیەک لاڵەپتە بوو. ئایا ئەمە رێی لە دەرس گوتنەوە نەدەگرت و ئایا تۆ بە تەنها قوتابی بووی یان خەڵکی دیکەشتان لەگەڵا بوو؟

بەهیە خان: نەخێر هیچ رێی نەدەگرت. بەڵێ راستە چاکم لەبیرە کە کەمێک زمانی دەگرت بەڵام ئەوە هیچ کاری نەدەکردە سەر دەرس گوتنەوە. هەم مامۆستایەکی زۆر چاک بوو و زۆر بە سەبریش بوو لەگەڵ خوێندکاری خۆی لەوانەیە من خوێندکارێکی باش بوویم بەڵام ئەو بەڕاستی مامۆستای چاک بوو. دایکیشم جار جار لەگەڵمان دادەنیشت نەک بۆ فێربوونی زمانی کوردی بەڵکو تەنیا بۆ گوێ راکرتن حەزکە

دایکیشم زمانی کوردیی پێ خۆش بوو. ئەگینا هەر بە تەنیا دەرسی بە من دەگوت و کەسی دیکەمان لەگەڵا نەبوو.

هۆمەر: بەهیە خانم، ماڵت لە بەغدا لە چ گەڕەکێکا بوو و بیجگەلە یونس رەئوف کێی دیکەت لەبیر ماوە لەو کوردانەی کە ئاموشۆیان دەکردی؟

بەهیە خان: لە پێشاندا ماڵەکەم لە ئەعزەمیە بوو دواجاریش لە سلێخ بوو لە نزیک خوێندگایەکی ئەمەریکایی. پێم وایە قوتابخانەیەکی ئەمەریکی لەو ناوە هەبوو. بەڵێ زۆر کەس دەهاتن بۆ لام لەوانە: فوئاد عارف و یونسیش . فوئاد زۆری حەز لە بابەتی ئایینی بوو و وابزانم جارێکیان کتێبێکی لێ وەرگرتم کە مەحمود جەودەت تەرجومەی سەر زمانی کوردی کردبوو. نێوی کتێبەکەش " بەهائولاّ و دەورەی نوێ" بوو. بەڵێ فوئاد کتێبەکەی زۆر بەدڵ بوو کە بۆی هێنامەوە گوتی " من باوەڕم بە هەموو ئەوەی لەو کتێبەدا هاتووە لەگەڵی مە." بێجگە لەو کاکە حەمەی خانەقا ئەویش زۆر هاتوچۆی دەکردین. رەنگە مەسعودیش هەندێ جار لەگەڵ ئەودا دەهات، نازانم چاکم لەبیر نەماوە. هەروەها ئەمین رەواندزی و ماجید مستەفاش دەهاتنە لام. راستییەکەی کە جاری یەکەم گەیشتمە بەغدا ئەوانە زۆر باش بوون بۆم، وەک برا گەورەیەک یان وەک باوکێک بوون بۆ من بەتایبەتی کە بابم لە قاهیرە کۆچی دوایی کرد و من لە بەغدا بووم ئەوان زۆریان ئاگا لێم بوو. لەبیرمە ئەمین رەواندزی بردمی بۆ سلێمانی لەگەڵ خێزانەکەشی چووم بۆ شەقڵاوە. جا رەنگە ئەو جارە بووبێ کە یونس منی لە شەقڵاوە دیتبوو. ئەمین رەواندزی دەیزانی کە من زۆر حەزم لە حەیوانە بۆیە کەڵەبابێکی زۆر جوانی بۆ ناردم لەگەڵ جووتە کەوێک. کەوەکانم لە باخچەی ماڵەکەم دانابوو هێلکەیان دەکرد دەیانخوێند. هەر میوانێک بهاتبایە لام بە شانازییەوە پیشانم دەدا و دەمگوت ئەوە کەوی کوردستانە.

هێمەر: باشە جەنابت دەتزانی کە دڵدار شاعیرە و زانیت کە لە ساڵی 1948 کە هێشتا خۆت لە بەغدا بوویت کۆچی دوایی کردووە؟

بەهیە خان: نەخێر، هەرگیز ئەوەم نەدەزانی، من ئەوەم بە سەرسوڕمانەوە لە تۆ بیست. تۆ باست بۆ کردم و کتێبەکەت بۆ ناردم. بریا ئەو ساڵە بمزانیایە کە شاعیرە، بریا پاش ئەوەی کە بەغدای بەجێ دەهێشت پەیوەندیی هەر پێمەوە بمابایێ . بەڵام لە پڕێکا ون بوو هیچ شتێکم دەربارەیەوە نەبیست. تەنانەت نەشمزانی کە ئەو بەڵگەوانییە سەری ناوەتەوە، بەڕاستی جێگای داخە کە ئەو لەو تەمەنە کورتەدا جوانەمەرگ بووە. پێم وایە ئەویش لە تەمەنی مندا بوو.

هێمەر: بەهیە فەرەجولاّ خان، پێم وایە خزم و کەست هەن لە سلێمانی لەوانە ماڵی مەلا رەحیمی مەریوانی، هیچ قسەیەکت هەیە ئاراستەی ئەوانەی بکەیت؟

بەهیە خان: تکایە سڵاو و خۆشەویستیم بگەیەنە بە خزمەکانم لە سلێمانی من دەزانم خزمم لەوێ هەنە و یەکێکیان زینەبە کە چەند جار نامەی بۆ ناردووم. ئومێدەوارم نەمرم هەتا جارێکی دی سەریان لێ دەدەم، من زۆر بیری خزمەکانم دەکەم بەڵام هەموو کوردیش کەسوکاری منن.

هێمەر: بەقسەی زۆر لێ کۆڵەرەوە دڵدار هەڵبەستی " خەندەکەی بایی" بۆ بەهیە فەرەجولاّ داناوە بێ ئەوەی بەهیە خان پێی بزانێ. مامۆستا مەسعود محەمەد لە چەند لاپەڕەیەکی بیرەوەرییەکانی لەگەڵ دڵداری شاعیرا کە لە کتێبەکەی مامۆستا عەبدولخالیق عەلائەدین (دڵدار، شاعیری شۆڕشگێڕی کورد) بڵاو کراوەتەوە دەڵێ " بەڵام لە گۆشەی حەز و دڵدارییەوە باسی بەهیەم هەرگیز لە دڵدار نەپرسی چونکە دەمزانی حەز لێکردنێکی یەک لایە و بۆ ئەو بە سفت و سۆیە." کاک مەسعود لە شوێنێکی کەشدا دەڵێ" ئەوانەی بە شیعر و بەسەرهاتی دڵدارەوە

خەریکـن دڵنیـا بـن لەوەی کە فریشـتەی نـاو (خەنـدەکەی بـایی) بەهـیە فەرەجولآیە."

مامۆسـتا عەبـدولخالیق عەلائەدینـیش لە پەراوێـزی شـیعرەکەدا دەڵـێ" هێـوێنی ئەم پـارچە شـیعرە بەرزە تەقیـنەوەی بورکـانی دەروونـی پـڕ خۆشەویستی و ئەوینی دڵدارە بۆ بەهیە فەرەجولآ."

بەڵام بۆچی لەناو ئەو هەموو جوانییەی بەهیە فەرەجولآ، یونس رەئوف خەندەکەی هەڵبژاردووە بیکا بە سەرناوی هەڵبەستەکەی، ئەم پرسیارەم لە بەهیە خان خۆی کرد؟

بەهـیە خـان: هەهەهە، عومەر پێم وایە حەز دەکەی بزانـی کە هەموو برادەرەکـانم پێیـان دەگـوتم رووی مـن هەمیشـە بە خەنـدەیە، منـیش وا هەسـت دەکەم کە شـتێکی باشـە پـێ بکەنـی، تـۆ بە پێکەنـین شـتێک نـادۆڕێنی بەڵکـو بە رووی بە خەنـدەی خـۆتەوە خەڵـک دڵشـاد دەکەی، خەندە وەک گوڵێکی سەر روومەت وایە، شتێکی زۆر جوانە بریا هەموو کەس پێکەنیبان و قەت رووگرژ نەبان."

تەواو

تێ بینی:

نهێنیی "تایتڵە هەڵەکەی" شیعری (خەندەکەی بایی) ی دڵدار

هۆمەر دزەیی

بە لێکدانەوەی من دڵدار بە مەبەست و بە ئاگاییەکی تەواو ئەو "هەڵە" زمانەوانییەی خستۆتە ناو هەڵبەستەکەیەوە. دڵدار ئەگەر مەبەستی لە وشەی بایی بەڕاستی باییبوون بوایە دەبوایە بنووسێ (خەندە باییەکەی) چونکە لە رووی زمـانەوانییەوە ئەم دارشـتنە راسـتە نەک (خەنـدەکەی بـایی) کە هەڵەیە. بەڵام دڵـدار مەبەسـتێکی شـاراوەی لە پشـت ئەو وشـەدا رەچـاو

کردووە. دڵدار چونکە وەک دەڵێن زۆر شەرمن بووە و لای هیچ کەسێک نەیدرکاندووە کە تا بناگوێی نوقمی خۆشەویستیەکی یەک لایەنە بووە بۆ بەهیە فەرەجولا جەسارەتی ئەوەی نەکردووە ناوی بەهیە یان بەهایی بکاتە سەرناوی هەڵبەستەکەی و هەڵساوە (خەندەکەی بەهایی) یان (خەندەکەی بەهیە) ی لەناو وشەی (بایی)دا شاردووەتەوە. شاعیر و زمانزانێکی شارەزای وەک دڵدار هەڵەی وا زەق و ئاشکرا ناکات لە جیاتی (خەندە باییەکەی) بنووسێ (خەندەکەی بایی) کە منالێکیش هەڵەی وا ناکات. جا بە بۆچوونی من مەبەستی شاراوەی دڵدار (خەندەکەی بەهایی) یان رەنگە (خەندەکەی بەهیە) بووە. لە کاتی خۆی ئەمن لە بەهیە خان خۆیشم پرسی ئەگەر لووت بەرز و لەخۆ بایی بووبێ وەک کە تایتلی هەڵبەستەکە ئاماژەی پێ داوە! زۆر پێکەنی و گوتی بە پێچەوانە ئەو هەمیشە دەم بە پێکەنین بووە و لای هەموو دۆست و برادەرانی هەر بە خەندەکەیەوە ناودار بووە.

ئەمن چەند ساڵێک لەمەوپێش ئەم بۆچوونەم لە هەفتەنامەی (سێبەر و سایە)ی پاشکۆی کولتوری رۆژنامەی کوردستانی نوێشدا بلاوکردۆتەوە تاریخی: سێ شەممە، 2016/2/16.

ئەمەش تەواوی ئەو گوتارەی ئەوساکەیە:

دڵدار و نهێنیی "هەڵە" زمانەوانییەکەی (خەندەکەی بایی)

هۆمەر دزەیی

هەڵبەستی "خەندەکەی بایی" یەکێکە لە شاکارە ناسک و پڕ لە سۆزی رۆمانسیەتی شاعیری گەورەی کورد دڵدار. ئەمن هەتا نووسینەکەی کاک مەسعود محەممەدم نەخوێندبۆوە نەمدەزانی کە دڵدار ئەم هەڵبەستە رۆمانتیکەی بۆ خانمێکی کوردی بە ئایین بەهائی بە رەچەڵەک کوردی مەریوانی نووسیوە، بەهیە فەرەجولا زەکی.

بابەتی سەرەکی من لەم نووسینەمدا ئەوە نییە دڵدار بۆ کێی نووسیوە، مەبەستی من هەر ساغکرنەوەی "هەڵە" یەکی گراماتیکی (رێزمانی) زمانی کوردیە کە دڵدار لە دانانی تایتلی شیعرەکەی (خەندەکەی بایی) کردوویەتی و لەپاشان درەنگ بۆم دەرکەوت کە ئەو بەمەبەست ئەمەی ئەوها بە هەڵە داناوە.

هیچ زانایی و پسپۆڕی لە زمانی دایکای پێ ناوێ کە قسەپێکەرانی هەر زمانێک - با سەتاسەت نەخوێندەواریش بن - زمانی خۆیان بە رەوانی و بێ هەڵە بەکار دێنن. لە زمانی کوردیدا منداڵ و نەخوێندەواری گەورەش دەزانن کە پاشگری ناسراو (_ کە) دەخرێتە سەر (سیفە) نەک (مەوسوف). بۆ نموونە تۆ دەڵێیت: (کچە جوانەکە) ناڵێیت (کچەکەی جوان)، دەڵێیت (پشیلە رەشەکە) ناڵێیت (پشیلەکەی رەش)، دەڵێیت (چیایە بڵندەکە) ناڵێیت (چیایەکەی بڵند)، دەڵێیت (رۆژە گەرمەکە) ناڵێیت (رۆژەکەی گەرم) ... ئیتر بەم جۆرە.

جا بە پێی هەمان بنەمای رێزمانی کوردی خۆ دەبوایە دڵدار تایتلی شیعرەکەی ئەوها دابنابا (خەندە باییەکە) نەک (خەندەکەی بایی) چونکە بایی سیفەیە و خەندەش مەوسوف. باشە کە نەخوێندەوارێک و منداڵێکی کورد هەر بە سەلیقە هەرگیز هەڵەی وای بەسەر زارا نەیەت چۆن دەبێ شاعیرێکی گەورەی وەک دڵدار هەڵەی وا بکات !!

کە لە ئەمەریکا بووم لە رادیۆی دەنگی ئەمەریکا سۆراخی خانم بەهیە فەرەجولای دولبەرەکەی دڵدارم کرد و توانیم بیدۆزمەوە. ئەو لە ویلایەتێکی دوور لەوەی من بوو لەبەر ئەوە بەداخەوە لە دۆستایەتی بە تەلەفۆن زیاتر نەمانتوانی جارێکیش یەکتری ببینین بەڵام حەفتانە قسەمان دەکرد. جا کە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیم بۆ رادیۆکەمان لەگەڵیدا کرد و پێم راگەیاند کە دڵدار شیعرێکی زۆر رۆمانتیکی بۆ نووسیوە و دیارە بەدڵ حەزی لێ کردبووی پێی سەیر بوو و گوتی راستە دڵدار حەفتانە دەهات

بۆ ماڵەکەم لە بەغدا و وانەی کوردیی پێ دەگوتم بەڵام هیچ ڕۆژێک هەستم پێ نەدەکرد حەزی لەمن کردبێ. جا تکای لێ کردم شیعرەکەی بۆ وەرگێڕمە سەر زمانی ئینگلیزی. منیش بە یارمەتیی کوڕ و باوکێکی ئەمریکی بەشێکیم بۆ وەرگێڕا بەڵام ڕاستییەکەی لە یەک دوو کۆپلەی دوایی تێنەگەیشتم مەبەستی دڵدار چییە و ئەو بەشەم تەرجومە نەکرد. کە تایتلەکەشم بە بەهیە خانی هەنگی تەمەن پتر لە هەشتاساڵی گوت کە واتای (خەندەی هەغرووری، خەندەی لووتبەرزی، خەندەی لەخۆدەرچوون) دەگەیەنێ زۆر شۆک و سەرسام بوو و گوتی چۆن وا لەمن گەیشتووە، ئەمن لە ژیانما هەرگیز بۆ یەک لەحزەش لووتبەرز و لەخۆبایی نەبوویمە چۆن ئەم سیفەتەی ناوە بە پاڵ منا !

قسەکانی کارێکی زۆری تێ کردم، کەوتمە مەراقەوە و وای لێ کردم چەندین جاری تریش هەڵبەستەکە بخوێنمەوە و وردی بکەمەوە تا گەیشتمە دەرئەنجامێک کە فیعلەن ئەم هەموو سیفەتە ناسک و نەرم و نیانانەی کە دڵدار لە شیعرەکەیدا خستوویەتیە پاڵ ئەو کچە شۆخ و شەنگە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ "باییبوونی خەندەکەی" یەکدیگر نابن و ناگونجێن و زۆر دوورن لە یەکتری. چون پێشتریش نووسینەکەی مەسعود محەمەدم لەسەر دڵدار خوێندبۆوە کە ئەو دەیزانی دڵدار دڵی چووەتە بەهیە خان و شیعری بۆ دادەنا بەڵام وەک کاک مەسعود دەڵێ دڵداری ئەوەندە شەرمن یەک جاریش نە لای ئەو و نە لای هیچ کەسێکی تریش نەیدرکاندووە کە حەز لە بەهیە دەکات.

جا منیش لەپاش ڕامان وردبوونەوە و لێکدانەوەیەکی چەندین ڕۆژم گەیشتمە ئەو دەرئەنجامە کە (خەندەکەی بایی) لە ڕاستیدا یان (خەندەکەی بەهائی) بووە یان (خەندەکەی بەهیە) یانیش تێکهەڵکێشانێکی زۆر وەستایانەی هەردووکیان. دڵدار کە ئەوەندە شەرمن بووە و نەیویستووە ناوی بەهیە بێنێت و نەیویستووە کەس تێ بگات کە (دڵدار)

عاشقی ئەوە بۆیە ڕێگای بەخۆی داوە ئەو هەڵە ڕێزمانییە بخاتە ناو شیعرەکەیەوە کە هەڵەیەکی بە مەبەستێکی شاراوەیە و لای خۆی هێمایەک بووە بۆ دولبەرەکەی، بەهیەی بەهایی. عەرەب قسەیەکی جوانیان لەم بارەیەوە هەیە: ما یجوز للشاعر لا یجوز لغیرە.

ئەمن کە ساڵی ٢٠٠٥ گەڕامەوە بۆ کوردستان لە چەندین دانیشتنم لەگەڵ برادەرانی ئەدیب و شاعیری وەک مستەفا سالح کەریم و کەریم شارەزا و حەمەدەمین پێنجوێنی ئەم بۆچوونەی خۆمم بۆ (خەندەکەی بایی) دڵدار دەربڕیوە کە بەلای ئەوانیشەوە زۆر پەسند بوو بەڵام ئەمە یەکەم جارە وا دەیخەمە سەر کاغەز.

BAHIAH'S or BAHA'I's SMILE *

(XENDEKEY BAYIY)

By Dildar

Translated from Kurdish by Homer Dizeyee, Michael L. Chyet & Stanley F. Chyet

On the gloomy hopeless horizon of my life
All at once shone the spark of Bahiah's smile
The angel of hope showed herself to me
As the rays of beautiful stars
Pierced a corner of my forlorn heart
O, source of my passion
Come quickly, sweep away my melancholy!
Come, let your charm and tenderness
Seed joy in me.

***

Come, let's raise up love's sacred temple
With the sunbeams, moonlight and rainbow hues
All pure, all godly
Bespeaking life and faith
Let's raise up the temple there with stuff
Of love alone
In the summer gardens where we met.

***

From the tender leaves of a young Nasreen
Weave a pure white dress
An elegant white gown
Let your golden tresses fall across it
And angels, band after band,
Will strew violets before you
They'll sing for you and weave a wreath for you,
They'll pray for you, glorify you,
Bow down before you,
Hail you daughter of the sunlight.

***

They'll say you wear the wreath of love and loyalty
Every spring a witness to the sorrows
And sufferings of a young man,
One whose dreams did not come true,
Who left this world despairing, disillusioned,
Whose love story has now become the stuff of legend
For the sake of this thirsty heart
That passed by and passed away
Please enter the temple

See how sacred and eternal it is.

***

Come! Enter the temple where I can fall in worship at your feet

Not only for your grace,

But for your greatness.

You're the muse, angel of hope, flame of all my feeling,

Friend, blood kin, an angel from the land of Media.

Let's drink a cup of love

Bahiah's smile will forever feed my drunken soul.

Dildar

Baghdad, March 15, 1944

*The inspiration for this poem was the volcanic eruption of his love for Bahiah Farajallah. Being extremely shy, Dildar did not want to entitle his lyric Bahiah or Bahai, instead and to avoid gossip, he used a similarly sounding Kurdish word, bayi (=arrogant), which, in my opinion does not make sense in this context. In an article on the poet, Massoud Muhammad, a close friend and room mate of him says he noticed Dildar was ardently in love with Bahiah without ever revealing it in public. In an interview with the Voice of America's Kurdish language

service (November 24, 1997) Ms. Farajallah who lives in Arizona and is now over eighty, said she had no idea that Dildar, who was her Kurdish tutor, has been in love with her. Hence, it must have been a one sided love [Homer] .



تەرجوومە کوردییەکەی کتێبەکەی بەهیە خان




أى !!

نووسینێکی هۆمەر دزەیی لە بارەی هەڵبەستەکەی دڵدار (خەندەکەی بایی)

یونس ڕەئووف دڵدار

-40-
چۆن ئاشقی هەردی بووم

هۆمەر دزەیی

ساڵ پێموایە 48 یان 49 ی سەدەی رابردوو بوو. قەیرانی سیاسیی لە سەرانسەری ئیراق و لە کوردستانیش لە هەڵچوونا بوو. تەمەنم دوانزدە سیانزدە ساڵ دە بوو. دوو شت تەواوی بیرو هەست و هۆشمی داگیر کردبوو. یەکەمیان، تەبای هەموو نەوجوانانی ئەو رۆژگارە، سیاسەت بوو. دووەمیش موزیک و دەنگ و ئاواز. دوو پارچە هەڵبەست تامەزرۆیی ئەو خولیاو مەراق و حەزو ئارەزووەی دەشکاندم. هەردوو هەڵبەستیش هی ئەحمەد هەردی بوون: لە سیاسەت (ئازادیخوای کوردین ئێمە...) و لە رۆمانسییەتیش (تاقانە غونچەکەی باخی ژیانم...) . لە کۆبوونەوە نهێنیەکانی حیزبایەتی و لە پاشانیش لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان و لە بەندیخانەکانی هەولێرو کەرکوک دا کە سەردانی کەسو کارو هاوڕێ و هاوبیرە زیندانیکراوەکانم دەکرد، سروودی (ئازادیخوای کوردین ئێمە)م دەیان جار بۆ دەگوتن و دەگوتەوە. تەریب لەگەڵ ئەوە، دۆستێکی دێرینی بنەماڵەکەی ئێمە، کاک عارف حەمە عەلی کەریم، کە خەڵکی هەڵەبجە بوو و لە هەولێر دەیخوێند و ئێستا باڵیۆزی خانە نشینە، فێری گۆرانییە رۆمانتیکەکەی (تاقانە غونچە)ی کردم . کاک عارف کە خۆیشی دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو، حەزێکی زۆری لە دەنگی من بوو و پێی گوتم کە ئەوە هەڵبەستی هەردییەو هەواکەشی مێلۆدییەکی کۆنی یۆنانییە بە ناوی (ماتیاسۆ) واتا چاوە رەشەکان. بەو دوو پارچە هەڵبەستە ئیتر هۆمەری دزەیی بوو بە مرید و دەروێش وشێت و شەیدای ئەحمەد هەردی بە بێ بینین. ساڵ چوون و ساڵ هاتن منیش هەر بە عەزرەت دیدەنیی شێخی خۆم بووم و پێی شاد نەبووم. ساڵی ١٩٥٤-٥٥ لە پۆلی

پێنجەمی اعدادیەی مرکزی بووم لە بەغدا. رفیق حلمی یاریدەدەری بەڕێوەبەرمان و مارف خەزنەداریش کارمەند بوو لە قوتابخانەکەمان. ئەو ساڵە کاک مارف سەرقاڵی لێکدانەوەو لەچاپدانی " رازی تەنیایی" ی ئەحمەد هەردی بوو و جار جار نووسینەکەی خۆی و هەندێ نموونەی شیعرەکانی هەردیی پیشان دەدام . ئەوە بوو کە بۆ جاری دووەم ئاشناییم لەگەڵ هەڵبەستە هەستبزوێن و ناسک و تەڕەکانی هەردی پەیدا کردەوەو سەر لەنوێ بیرو هەست و هۆشم زاخ درایەوە، دیسان هەر بەبێ بینینی خۆی. هەر ئەو ساڵەش ١٩٥٥ ئیتر کوردستانم بەجێ هێشت و رووم کردە ئەوروپا بۆ خوێندنی باڵا بێ ئەوەی بە زیارەتی شێخی خۆم شاد بم. ساڵی ١٩٥٧ لە ڤیەننا حەزم لە کیژۆڵە نەمساوییەک دەکردو هەڵبەستێکم بۆ دانا بە ناوی " بۆ ئێریکا بلێدڵ" کە ناوی کچەکە بوو. کاریگەریی هەردیم بە روونی لەو پارچە لیریکەدا پێوە دیار بوو کە بەم جۆرە دەستم پێ کرد:

ئاوازی کام ژێ یە لە گوێما دەنگ ئەداتەوە
شەپۆلی کام زێ یە لە سنگما پەنگ ئەخواتەوە
بۆنی کام گوڵە
لەرەی کام چڵە
ڕا ئەهەژێنێ ئەو لانەی دڵە

دواساڵەکانی چلەکان و تەواوی پەنجاکان و شەستەکان و سێ باری حەفتاکانی سەدەی رابردووش بەسەرچوون هێشتا نەگەییە دامەنی دەستم. هەتا رۆژێکی مانگی مایسی ١٩٧٨ (ئەوساکە ماڵم لە نزیک لەندەن بوو لە ئینگلتەرە) کە بیستم ئەحمەد هەردی لە لەندەنە. هەر ئەو دەمەش دۆستی دێرینم کەمال فوئاد، ئەویش لە ئەڵمانیاوە هاتبوو. بۆ ئێوارە دانیشتنێکی خنجیلانەم بۆ هەردی و کەمال و کاک عومەر دەبابەی

ڕەحمەتی لە ماڵی خۆم ساز کرد (پێم وایە هەردی سەیوانی کچیشی لەگەڵدا بوو.)

ئەوساو ئێستەش، ئەو ئێوارەیە یەکێکە لە خۆشترین کاتەکانی ژیانم. تا سێ باری نیوەشەوێ لەسەر مێزی خواردن و خواردنەوە، بەدەم ئاوازو گۆرانی و شیعر خوێندنەوە رامان بوارد. بۆ یەکەم جاریش تاقانە غونچەکەم بە دەنگی خۆم بۆ خاوەنی شیعرەکە گوت کە زۆری لا پەسند بوو. هەردی تا ئەو کاتەش نەیدەزانی کە سرووده بەناوبانگەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد (من پێشمەرگەی کوردستانم ...ئامادەی جەرگەی مەیدانم...دەس لە چەکم هەڵناگرم...یا سەرئەکەوم یا ئەمرم) لە ئاوازی منە. لەگەڵ کاک کەمالا تێمان گەیاند پاش ئەوەی کە ئەو هەر سەری با دەداو باوەڕیی نەدەهات. ناهەقیش نەبوو چونکە کەم کەسی کەش دەیزانی. چەند وێنەیەکی یادگاریشمان گرت کە بە داخەوە ئێستا لام نین و لە ماڵەکەی ئەمەریکامن. من هەر لە منداڵیشمەوە ئاشقی غەزەلە بەناوبانگەکەی بێخودیش " لەورۆژەوە رۆیشتووە تۆراوە دڵی من..." بوویوم و لە تەکیەی ماڵە خاڵانم لەگەڵ کوڕە خاڵەکانم بە دەف دەمانگوت بەڵام کە گەورە بووم هەموویم لەبیر نەمابوو. جا بەر لەوەی هەردی هەڵستێ بڕوا، تکام لێ کرد ئەگەر شیعرەکەی بێخودی لەبەربێ بۆم بنووسێتەوە و بۆمی بنێرێ. هەندەی پێ نەچوو بە دەسخەتی خۆی ئەو شیعرەو چەند پارچە هەڵبەستێکی دیکەشی بۆ ناردم لەگەڵ ئەم کورتە تێ بینییە کەوا لێرەدا وەک یاداوەری بڵاوی دەکەمەوەو دەسخەتەکەی خۆیشیم وەک یادگارێکی بەنرخ لای خۆم هەڵگرتووە. چیدی هەردیم نەدیبەوە تا ساڵی، پێم وایە ١٩٨٠ بوو، کە بە سەردان هاتبوومەوە کوردستان و لەگەڵ چەند برادەرێک چوومە سەردانی لە سلەیمانی کە وابزانم ماڵەکەی لە سابونکەران بوو. دیار بوو تەندروستیی تەواو نەبوو و ئیتر ئەوە دوەمین و ئاخرین جار بوو کە چاوم بەو شاعیرە رۆمانتیکە گەورەی کورد بکەوێ کە لە سەردەمێکا شەیدای شیعرە

سیاسیەکانی و لەپاشانیش و ئێستەشی لەگەڵدا بێ حەیرانی لیریکە رۆمانسیەکانیمە .

لە خوای گەورە دەپارێمەوە ئەحمەد هەردی بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و سەرەخۆشیش لە کەسوکارو تەواوی ئەندامانی بنەماڵەی دەکەم .

هۆمەر دزەیی

سلەیمانی

2006/10/31



لە ماڵی هۆمەر دزەیی لە شاری (ڕێدینگ) لە ئینگلتەرا

لە ڕاستەوە: د. جەمال نەبەز، هەردی، هۆمەر دزەیی، د. شەفیق قەزاز

-41-
صور من الماضي
ذكريات مع يوسف العاني قبل اكثر من خمسين عاما

عمر دزەيي(5)

التقيت به في فينا – عاصمة الموسيقى والحب والجمال والخمر- حيث كنت طالبا في جامعتها ادرس العلوم السياسية بعدما منعني اهلي من دراسة الموسيقى والغناء الكلاسيكى التي كنت ولم ازل اعشقها وامارسها اليوم كهواية كلما سنحت لي الفرصة . العام كان 1957 في خريفه أى قبل اكثرمن نصف قرن من الزمن. وكنا قد اشتركنا في صيف ذلك العام في المهرجان العالمي للشبيبة والطلاب في موسكو دون أن نلتقي هناك بالرغم من كوننا أعضاء في نفس الوفد العراقي . وكان المهرجان هذا يقام كل عامين في احدى عواصم بلدان المعسكر الاشتراكي بدعم من الاتحاد السوفيتي آنذاك . وفي العام 57 من القرن الماضي احتضنت موسكو المهرجان الخامس وكان بحق اعظم واروع تجمع شبابي رأيته في حياتي من حيث التنظيم ومن حيث كثرة المشاركين الذين اتوا من جميع بقاع الارض ومن جميع الاصناف الأثنية والعرقية. واليوم وبعد مرور نيف وخمسين عاما على هذا الحدث اشعر بقشعريرة غريبة ونوستالجيا للأيام الغابرة كلما تذكرت يوم افتتاح المهرجان في 26 من شهر تموز عام 1957 . ففي ذلك اليوم اكتظ ستاديوم لينين الذي يسع لمائة الف

---

(5) عمر دزه يي مستشار سياسي لرئيس الجمهورية، فنان وأديب وصحفي كردي، مدير اذاعة صوت أمريكا- القسم الكردي في واشنطن سابقا. جريدة الاتحاد.

متفرج بهذه الجموع البشرية كل وفد بملابسه الشعبية التقليدية ينشدون بصوت واحد نشيدي الطلاب والشبيبة العالميين كل بلغة قومه . وكان الموسيقار الأرمني السوفيتي الشهير آرام خاجاتوريان يقود الأوركسترا وقادة الحزب الشيوعي والحكومة السوفيتية يلوحون بأيديهم للجموع الغفيرة من على الصف الأمامي واتذكر منهم، ان لم تخني الذاكرة، نيكيتا خروشجوف، نيكولاي بولجانين، المارشال فوروشيلوف، مولوتوف، مالنكوف، اليكسي كوسيغين وغيرهم .

ذهبت الى موسكو بترشيح من صديقي ورفيقي في الدرب منذ نهاية الأربعينات من القرن الماضي مام جلال طالباني، رئيس الجمهورية العراقية الحالي، حيث كنا التقينا في بغداد في ربيع عام 1957 قبيل سفري الى فينا . وكان هو عضوا في اللجنة المركزية للحزب الديمقراطي الكردستاني (البارتي) ولا أدري ان كان عضوا في المكتب السياسي آنذاک أم لا، وأنا كنت من الموالين للحزب وعضو في اتحادي طلبة وشبيبة كردستان . ناولني مام جلال وثيقة مطبوعة تحمل شعار و ختم اتحاد طلبة كردستان تخولني ان أكون ممثل الأتحاد في النمسا كما طلب مني ان اشارک في المهرجان ذاهبا اليه من فينا على امل ان نلتقي في موسكو وهو قادم سرا من بغداد. وهكذا كان و جمعنا الوفد العراقي المؤلف من عراقيين قادمين من الوطن ومن الذين يعيشون في الخارج مثلي . بعد نهاية المهرجان في العاشر من شهر آب 1957 عادت الوفود الى اوطانها الا عدد منها التي ذهبت لزيارة بعض جمهوريات الاتحاد السوفيتي قبل عودتها الى بلدانها. رجعت انا الى مقرسكني في فينا وبعد مرور اشهر عدة

بدأ العراقيون الذين لم تواتهم الفرصة للعودة الى الوطن يظهرون في فينا بين فينة واخرى قادمين من ألمانيا الشرقية أو جيكوسلوفاكيا أو بقية البلدان الاشتراكية، مفضلين التريث لفترة ما اذ كانت السلطات العراقية قد

زجت بعدد من العائدين منهم في السجون بعد أن اكتشف أمرهم بانهم كانوا من المشاركين في مهرجان موسكو الممنوع آنذاك . وكانت غالبية العراقيين الذين تعرفت عليهم في فينا من النخبة المثقفة من فنانين وشعراء وأدباء وصحفيين بارزين أمثال يوسف العاني و لطفي بكرصدقي وعبالوهاب البياتي وخلوق أمين زكي وآخرين لا اتذكر اسمائهم.

كان الطلبة العراقيين الذين يتلقون العلم في جامعات ومعاهد فينا من الناحية الفكرية صنفين، يساريون وقوميون عرب (ناصريون وبعثيون). وكان كل من هاتين المجموعتين قد اختارت لنفسها مقهى قرب مبنى الجامعة يترددون اليها بعدالانتهاء من المحاضرات وفي أيام العطل . شفارتزشبانير كانت مقهى اليساريين وتقع في شارع يحمل نفس الأسم في بداية المنطقة التاسعة على بعد خطوات من جامعة فينا الشهيرة. جدير بالذكر أن الموسيقار بيتهوفن كان قد سكن في الطابق الذي يعلو المقهى وكان هذا آخر مسكن له اذ توفي هناك في العام 1827. ويجد الزائراليوم لوحة برونزية فوق المقهى تحمل تمثال رأس الفنان العظيم كتب عليها يومي ميلاده ووفاته. وكم كانت خيبتي عندما زرت فينا في الصيف المنصرم وذهبت في الحال الى مقهى شفارتز (هكذا كنا نسميها لتسهيل التلفظ) لأستعيد الذكريات، فلم أجد سوى مكتبا تجاريا يقوم مكانه . وبعد الأستئذان من صاحب المتجر وشرحي له ذكرياتي و شجوني المرتبطة بهذه الدار منذ نصف قرن من الزمن، أدرت بنظري المبهوت في جميع جوانب الجدران الداخلية فتعرفت على قسم لم تنله يد التغيير ولمست الجدار بكفي يدي بكل رفق و حنان كأني أمسح جبين عزيز فقدته للتو . وتذكرت قول شاعرالجاهلية " أمر بديار ليلى وأقبل ذا الجدار وذا الجدارا...وما حب الديار شغفن قلبى ولكن حب من سكن الديارا ". كم موعد غرام كان لي هنا مع حسناوات وغزالات فينا و رحم الله الشاعر الذي كتب هذه الكلمات والفنانة العظيمة ذات الصوت الملائكي أسمهان في الأغنية الخالدة "ليالي الأنس في فينا،

نسيمها من هوا الجنة" . وتركت المكان بتردد وبخطى بطيئة والدمع منحسر في مقلتي. أما الطلبة القوميين العرب وقلة من البعثيين فقد اتخذوا من مقهى غلوريا في بداية المنطقة الثامنة والقريبة ايضا من الجامعة مقرا وملتقى لهم.

لكوني أيضا فنان وكاتب أغان فقد أعجبت بالفنان الكبير يوسف العاني وأنا شاب يانع في الصف الخامس الثانوي بمدرسة الأعدادية المركزية ببغداد في العام الدراسي 54-55من القرن الماضي وكان مديري آنذاک الأستاذ علاءالدين الريس رحمه الله، و ياأسفي على بغداد ذلک الزمن. وكم كان حلمي كبيرا أن ألتقي بيوسف العاني في يوم ما لأنقل اليه شعوري واعجابي بعبقريته وفنه الخلاق. لسبب أو لآخر، لم يحصل ذلک لا في بغداد ولا في موسكو ولكن شاءت الأقدار، ونعم المصادفة، أن نلتقي في بلد الجمال والحب والحياة الحلوة، فينا. كان ذلک في خريف عام 1957. بعد مشاركته في مهرجان موسكو كان يوسف العاني قد سافر الى ألمانيا الشرقية اذ كان من أشد المعجبين بمسرحيات برتولد بريخت . و بعد قضاء فترة وجيزة هناک شد الرحال الى فينا أسوة ببقية المثقفين العراقيين الذين انتهى بهم المطاف الى عاصمة الجمال أمثال الكاتب القصصي ذالنون أيوب ألذى عاش ومات فيها . في ذات يوم ولمفاجئتي السارة، ظهر يوسف العاني مع شلة من أصدقائي العراقيين في مقهى شفارتز. الى الآن أتذكر تلک اللحظة التي التقيت فيها به وجها لوجه فشعرت بلون و تقاطيع وجهي تخونني وأنا أتحدث الى هذا الأنسان العظيم . وبعد جلسة هادئة ومع بقية الأصدقاء بدأت أحس بأنني لست امام فنان عظيم فحسب، بل امام انسان لا يمكن للمرء الا ان يحبه و يخصص له ركنا خاصا (في آي بي) في ثنايا قلبه في أول مرة يتعرف عليه. وكم كان أملي أن تتطور علاقتي به الى مستوى الصداقة، وكان كذلک . فأبو يعكوب علاوة عن كونه فنانا اصيلا من دون رتوش فهو انسان ذو ثقافة عالمية عالية، سهل المعشر، بسيط متواضع

في حياته و تعامله مع الغير، حاضر البديهة، شخصية تجذبك اليها ولن تشعر بالملل بل تتمنى ان يطول الحديث معها ولا ينتهي . يوسف العاني يتحدث اليک بلهجة بغدادية جميلة ولا يخلو حديثه من نكات عراقية تقوم بدور موسيقى الأنترميتزو في كونتشيرتو أحاديثه .

وتصادقناصداقة حميمة . كنا شلة من المثقفين منهم المرحوم مالک الياسري (صديق عمري وشبابي ومابعد شبابي) والمرحوم الدكتور حسن الجرجفجي) الوجودي) والصحفي المعروف المرحوم لطفي بكرصدقي الذي كان يكتب في صحيفة صوت الاحرار الوطنية و الشاعر الكبير المرحوم عبدالوهاب البياتي و المخرج الفنان فيصل الياسري الذي يسكن القاهرة حاليا، على ما أعتقد، و عبدالباري الشيخ علي الذي مازال في فينا وكلاهما من أصدقائي في أيام شبابنا و آخرون من الطلبة والمثقفين العراقيين والعرب في المهجر. ذهبت مع يوسف العاني لمشاهدة المسرحيات و دور الأوبرا وزيارة المتاحف الغنية بالآثار التأريخية والأعمال الخارقة لعباقرة الرسم وقصور القياصرة و مخادع الأميرات بنات الأمبراطورة الشهيرة ماريا تيريزا. وذهبنا الى مدينة الخمور (كرينتسينک) الشهيرة وحانات النبيذ (فاين كيلر- هويريكة) التي هي من معالم فينا ولا يمكن للزائر ان يتغاضى عنها. كماذهبنا الى الريف النمساوي الخلاب وشربنا النبيذ المعتق والعذري في ميحانات مزارع الكرم عل ضفاف نهر الدانوب الأزرق . وذات يوم ذهبنا لمشاهدة اوبرا نابوكو للموسيقار فيردي فغضب العاني على الموضوع الذي اعتبره دعاية للصهيونية وأتذكر كتب مقالة نقدية شديدة اللهجة عن تلک الأوبرا أرسلها الى احدى الصحف العراقية لنشرها. وأثناء اقامته في فينا التي استمرت فترة طويلة ،أجرى عملية جراحية لأحدى عينيه التي كانت تشكو من الحساسية فاهتم به الجراحون اهتماما زائدا عندما علموا بأنه من كبار الممثلين العراقيين وهكذا وكما يرى القارئ العزيز في الصور الفتوغرافية فانه يضع النظارات القاتمة على عينيه بنصيحة من أطبائه . وحتى في الغربة لم يهمل يوسف العاني التمثيل .

فأخرج ومثل بنفسه مسرحيتين من تأليفه و هما مسرحية "ماكو شغل" و مسرحية "فلوس الدوا" . واختار الممثلين من الطلبة العراقيين والعرب بعد أن أجرى معهم التمارين اللازمة لعدة أيام . وكنت أنا من بين ممثلي المسرحية الأولى حيث أسند الي دور بائع بورك متجول يصيح بصوت عال " ياغلي بورك... ربي فؤادك ياولد! " . وعرضنا المسرحيتين في احدى قاعات نادي (روتاري كلوب) الشهير عالميا وكان يقع آنذاك في ميدان راتهاوس بلاتس المجاور لمبنى بلدية فينا التأريخية كما انني أجرت غرفة لدى امرأة نمساوية فيما بعد بجوار النادي وكان رقم داري راتهاوس بلاتس-8 . طلب مني كاكه يوسف (أصبحت أدعوه كذا بعد أن توطدت العلاقة بيننا)ذات يوم أن أبحث له عن قصة كردية لكي يكتب لها السيناريو و يجعل منها فلما سينمائيا. فذكرت له في الحال تراجيديا مم و زين الكردية الشهيرة التي كتبها الشاعر الكردي الخالد أحمدي خاني قبل أكثر من 350 سنة . فأعجب بها أبو يعكوب وأختارني لأقوم بدور بطل القصة، مم، ولكن تبدل الظروف بعد ثورة تموز وعودته الى العراق وانقطاعنا عن بعض لمدة طويلة حال دون تحقيق المشروع .

أتذكر يوما بكي فيه يوسف العاني بحرارة على فقدان صديق عزيز له . سعدي جلال المحامي كان شقيق الفنان المسرحي والسينمائي العراقي المرحوم ابراهيم جلال . سافر المرحوم سعدي الى ألمانيا للمعالجة فوافاه الأجل هناك في احدى مستشفياتها . أتذكر احدى الأمسيات كنا نحتسي الخمر في مقهى شفارتز ويوسف العاني يبكي ويلطم جبينه من شدة التأثر . كما أتذكر انه كان يؤنب بشدة صديقنا منذرجلال (شقيق المرحومين سعدي وابراهيم) والذي كان طالبا في ألمانيا حينذاك، يؤنبه على ماكان يقال، عن غير حق باعتقادي، عن اهماله لشقيقه الراقد في المستشفى . والأخ منذر لا يزال يعيش في فينا ولي معه ذكريات طيبة .

هذه بعض ذكرياتى الجميلة مع الفنان الكبير يوسف العاني . ذكريات عمر الشباب.

عاد يوسف العاني الى بغداد ولم نلتق فيما بعد الا بعد مرور حوالي16 سنة، في شهرآذار 1974. آنذاک كنت ملحقا صحفيا ومترجما في السفارة العراقية بفيناحيث تلقيت دعوة من المدير العام للأذاعة والتلفزيون العراقي (السيد محمد سعيد الصحاف آنذاک) لزيارة بغداد لأحياء بعض الحفلات الغنائية بمناسبة أعياد نوروز و احياء ذكرى اتفاقية آذار . والظاهر ان كاكه يوسف كان بدوره على موعد مع السيد الصحاف فألتقينا لبرهة قصيرة في مكتب سكرتيرة المدير العام وكان هذا أول لقاء بيننا بعد أيام فينا الغابرة وأتمنى ان نلتقي فيما بعد وبكثرة وأنا الآن في بغداد لفترة ما . كلي أمل ان يهب الله فناننا العظيم يوسف العاني الصحة و العافية والعمرالمديد لخدمة شعبنا العراقي الصامد الذي وهب الفنان عمره لأسعاده.

عمر دزەيي مع الفنان العراقي يوسف العاني، ڤيەننا 1958

-42-
نامەیەکی سەرنجکێشی گوێگرێکی VOAـی کوردی

لەو ماوەیەی کە لە رادیۆی دەنگی ئەمریکای کوردی دەست بەکار بووم (1992 -2005) زێدەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم مانگانە بە سەدان نـامەی گوێگرەکانمـان بـۆ دەهـات هەم لە هەر چـوار بەشـەکانی کوردستانەوە هەم لە هەندەرانی دوور و نزیکی ئەمریکاشەوە. زۆرترایەتی هەرە زۆری نامەکان دەربڕینی دڵخۆشی بوو بە بۆنەی کردنەوەی رادیۆکە و دەسخۆشی بۆ کارمەندەکانی. ناهەقیان ناگرم چونکە ئەوە یەکەم جار بـوو کە زمـانی کـوردی لەتەک زمـانە بەناوبانگەکـانی جیهانـدا وەک ئینگلیزی، فرەنسی، ئیسپانی ئەڵمانی، ئیتالی، روسی، عەرەبی، هیندی و نـزیکەی پەنجـا زمـانی دیـکەی جیهانیشـدا ئەو رێـزەی لـێ بنرێـت و پێگەیەکـی لە وێسـتگەی رادیـۆی دەنگـی ئەمریکـا VOA بـۆ تەرخـان بکرێـت. ئەمە، بە شـایی دۆسـتان و بە کـوێرایی دوژمنـانی کـورد، پێناسینێکی وەک خـۆری نیـوەڕۆ زەق بـوو لەلایەن گەورەتـرین زلهێـزی دونیاوە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە، بەڵێ، میللەتێک هەیە بە ناوی کورد.

ئەمە شۆڕشێک بوو بۆ کورد.

دەڵـێن گـوڵ بە دڕکەکـانیەوە جـوانە. مـن بـۆیە ئـم قسـەی پێشـینانم هێناوەتەوە چونکە لەپاڵ نامە دەسخۆشانەکانیشدا، جاروبار نامەیەکی پڕ لە نوقورچ و گلەیی و گازاندە و تەنانەت هەندێ "قسەی سووکیشمان" پێ دەگەیشـت. ئەم جـۆرە نامـانە لە دوو سـەرچاوەوە هەڵـدەقوڵان، سیاسـی و زمانەوانی.

دەردە کرۆنیکەکەی کوردان - خۆخۆری - سروشتانە لە پشت نوقرچە سیاسییەکان بوو و; پەرتەوازەیی نەتەوەی کوردیش و دابەشکردنی بەناو چەند نەتەوەیەکی دیکەدا کە بووبووە - یان بووەتە - هۆی لێک دوور کەوتنەوەی شێوەزارەکانی زمانی کوردی ئەمیشیان لە پشت گازاندە زمانەوانییەکاندا بوو کە هەندێ لە گوێگرەکانمان بۆیان دەناردین.

لە دەنگی ئەمەریکا VOA ڕێنماییەک هەیە دەڵێ کارمەندی دەنگی ئەمەریکا وەک هەر هاوولاتێکی تری ئەمریکا ئازادە لە بیروڕای سیاسی و خۆگرێدانی بە ڕێبازێکی سیاسی تایبەت و ئایدیۆلۆجیای پارتییەکی سیاسی تایبەتەوە. بەڵام نەک لەبەر دەم مایکرۆفۆنی دەنگی ئەمریکا. ڕۆژنامەوانی دەنگی ئەمریکا کە دەگاتە سەر کارەکەی دەبێ ئەو ئایدیۆلۆجیە لە ماڵەوە بەجێ بێڵێت. واتا لە دەنگی ئەمریکا، لەبەر دەم مایکرۆفۆن، دەبێ بێ لایەن بێت، لە دەرەوەش کەیفی خۆیەتی. سیاسەتی ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا بێ لایەنی و ڕاستگۆییە لە بڵاوکردنەوەکانیدا و دەنگوباس بە دڵی بێژەر بن یان بەدڵی نەبن دەبێ وەک خۆی پەخشی بکات.

زۆر ئاسایی یە کە هەندێ لەو کارمەندانەی کە لە بەشی زمانە جیاجیاکانی دەنگی ئەمریکا کار دەکەن لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا ئەندام یان لایەنگری پارتییەکی سیاسی تایبەت بن. کوردەکەش هەر ئەوها. جا ئەو نوقورچ و گازاندانەی کە لە هەندێ گوێگری کوردەوە دەگەیشتن لەسەر ئەوەبوون کە گۆیا پەیامنێرو ڕاپۆرنووسەکان بێ لایەن نین و لای ئەم یان ئەو حزبە سیاسییە کوردییە دەگرن.

هەرچی ئەو ڕەخنانەن کە پەیوەندییان بە زمانە کوردییەکەی دەنگی ئەمریکاوە هەیە ئەمەشیان لە دوو ڕووەوە بابەتێکی کێشە لەسەر بوو. یەکەمیان لە بواری بەکارهێنانی هەندێ وشەی "داتاشراو"ی نامۆ بوو لای

گوێگرەکـــان و دووەمیشـــیان پەخشـــکردنی بەرنامەکـــان تەنهـــا بە دوو شێوەزاری سۆرانی و کرمـانجی و پشتگوێ خستنی شێوەزارەکانی دیـی زمانی کوردی.

ئەم نامەی خوارەوە، کە دیارە لە شارەزایەکی زمانەوە بۆمان هاتبوو، نموونەیەکە لەو رەخنانەی کە لەسەر ئەو بابەتە بۆ دەنگی ئەمریکا هاتووە. لەم نـامەیەدا ئەمـن تەنهـا ئەو لایەنـانە بـڵاو دەکەمەوە کە بە بـابەتەکەوە پەیوەندیدارن و ئەو بەشانەش کە بە پێویستی نابینم ئەم پنتکانەم بۆ داناوە ..... نـاوبڕی کـردنیش لەســەر ئەم کێشــەیە (ســۆرانی و کرمــانجی)، کە فــیعلەن کێشــەیەکی لەمێژینــی زۆر هەســتیارە، ئەمەیــان بــۆ پســپۆڕ و شارەزایانی زمـانی کـوردی بەجێ دێڵـم بـا ئەوان رای خۆیـانی لە سـەردا دەربڕن و ئەگەر چارەسەرییەک هەبێ با بیخەنە روو. ئەمەش نامەکەیە:

م کرماشانی ت کورد بانە لەیەک دووریە و دووری دەردمانە

م لەبان پەڕاو ت لە ئاربانا چڕای یەک ئاگرێ واکەیم شەوانە

"پەرتەو کرماشانی"

خزمەتی کاک هۆمەر دزەیی پێش کەشە:

پاش رێز و سڵاو بە گەرمی دەستد دەگۆشم وە چاوەکانت ماچ دەکەم زۆر رێز و حۆرمەتم هەیە بۆت گەورەم نامەوێ کاتد بکوژم بۆیە ئەسپی قەڵەم لا ئەدەم بەرەو هەواری ئەو راستیانەی وای لێ کردم پاش زێدەتر لە بیست و پێنج ساڵ ناسینی دەنگد نامەد بۆ نێرم.

کاکەم

هەر لە سەرەتای دەس پێ کردنی دەنگی کوردی امریکا هاورێ ئێوە بووم. باسـەکەی " وریـا جـاف" لەسـەر رۆژنـامەگەری کـوردی هەر وەهـا فەرهەنـگ و تۆرەی کـوردی "زمانێ مە" هەر زۆر ئەسـەریان لە من کرد وە بوو با ... سی ئەوە کە لە زانسـت و زانیـاری خـۆم لەسـەر فەرهەنگی

کوردی بچمەوە بە هۆی ئەم بەرنامە ئەمن "حەیران" و "بەیت " [" بەیتی هۆمەر و ئەمیر "] بیست و زۆر سوودم لێیان وەرگرت دەس خۆش ماڵ ئاوا.

تازە بە هۆی سوودبەخشی ئەم بەرنامانە زانیم چەن شت هەیە من هەر نەم بیستووە، ئیتر زانین هیچ دیسان دەس خۆش بەڵام لێرە پێویستە بچینە دوا بۆ جاران تا بزانی نامەکەم ل دەوری چی باس دەکا.

من لە ئێلی " کەڵهوڕم " و خەڵکی پارێزگای کرماشان، زاراوە من " کەڵهوڕیە " لە پێش دا ئیمە چەن هەڤاڵ بووین کە خۆمان بێ مامۆستا فێری کوردی نوسین و خویندن کردبوو. هەتا "سروە" هات پاشان "ئاوینە" و جاروبار بە دزیی لە عراقەوە کتابمان پێ دەگەیشت و بڵاومان دەکرد. نەوارمان بۆ خەڵک تەرجمە دەکرد [سۆرانی - فارسی] هەتاکوو سەرنجی ئەوانمان بۆ لای ئەدەبی کوردی راکێشین وە کارهایێ لەم جۆرە.

....

....

....

کاک "ئەمیر حەسەن پوور " ئەم راستیە درکاند وەک "ئالبانی" دو زاراوەی هەیە ئێمەیش وەکو کورد سۆرانی و کرمانجی هەمانە و خوا لە ئەوانەی تر رازی بێ؟ با باسی دیکەد بۆ بکەم کە بزانی ئێمە چەند لەلای روناک بیرانی تەسکەبیر غەریبین.

"دۆکتور عەزەدین مستەفا رەسول" کە جاروبار بیروڕای وەر ئەگرین، هاتبوو "تاران" هەتا رێک بکەوێ پاسدار بۆ سەر "دۆموکراتی ئیران بەریت" لە "کۆیە" لە "ئاوینە" لای دابو باس لە سەر زمای لۆڕی هاتوو فەرمووی "کرماشان" " لۆڕی" قسان دەکەن وە زۆر بە راستی دەزانی،

"عەلی فەیلی" وتی عەیبە دۆکتور کە ئەگەریتەوە بۆ "کوردستان" لە "کرماشان " راوستە ئەمە پشت راست بکە من نازانم ئەم .... ئایا "خانەقین" هیچ هەر "جەبار فەرمانی" هاوپارتی خۆی نەدیوە یان هەر زاراوەکان ناس ناکا،؟

کاک"شێرکۆ بێکەس" کە دەنگی لە کاستا تۆمار کرا وا فەرمووی ئەبێ بە "سۆرانی" قسان بکەین وە هەر بێ سێ و دوو خۆی گێل کرد لە تاریخی شعری کوردی وە وەک "محەمەدی قازی" وەرگێڕی بە ناوبانگ تیری لەسەر چوار سەد ساڵ داچەقاند. تۆ بڵێی کاک شێرکۆ هەر کتاوی "کاکەیی" حەمەد ئەمین هەورامانیشی نەخوێندەبێ؟ بەڵام ورد بە !!! "سۆران" حزبی سیاسی باڵادەس و خاوەن دەسەڵات پشتگیری لێ کرد و دەکا. ئەو وای وت ئەبێ بە زاراوەکانی دیکە "سۆرانی" دەوڵەمەند بکرێت باشتر ئەوەیە بڵێن "تاڵان" گەر من خۆم زڕ برا بم وە هەر وشەم رەوا بێ ئایا فەرقی هەیە نێوان فارس و ئەو کوردەی من بە کورد نازانێ ؟

کاک" ئەحمەدی قازی " لە "سروە" منی بۆ زاراوەکانی غەیری "سۆرانی" وەرگرتبوو بەڵام تکستی ئەم زاراوانە بە شەڕ و هەرا ئەوەش بە هاوکاری و دڵسۆزی "مۆحسین خاڵدی" لە چاپ دەدرا، وای فەرموو بایخ دان بە زاراوەکانی دیکە مەوقعیەتی "سۆرانی" دەخاتە خەتەر جا ئەوە کەی ئنسافە من هەر وشەم رەوا بێ؟ وشەکانم چۆن هەڵاڵن یارمەتی مانگانەی حزبەکان قەبوولن بەڵام خۆم زۆڵم؟ وەفدی "سروەم" "کاک حەمە باقی" " عومەری وەفام" برد بۆ ئیلام لە یانەی مامۆستایان لاوەکان هاتن و شیعریان خوێند کاک حەمە باقی گریا وتی بڕۆم لە "سلیمانی" بڵێم " دەملۆران" "ئابدانان" خۆیان بە کورد ئەزانن ئەم کارە و ئەو کارەیان کردووە دەڵێن " حەمە نەگەیشت بە پیری شێت بو کەوتە ناو کۆلانان" بۆ؟ لەبەر ئەوەی نامان ناسن لە عراقیش هەر دیسان ئەمەیە. لە

کاتی بەرزانی تا ئێستا کوردە فەیلیەکان هەموو مانگی چەندەها یارمەتی ئەدەن. مۆراد فەیلی بۆ یەکیەتی کوردستانی نیو دەر دەخا جەبار فەرمان، مەلا بەختیار، دۆکتور خەسرەو تازە پارەکە کۆنگرەیان بەست، گوایا "فەیلی" کوردن؟ وا شۆکر تازە کەشف بوون.

ئایا وا نیە، ئایا غەریب نین ؟ فەراموش کردنی برا وە هەروەها وڵات بە هۆی مەزهەب بۆ ئنسان ئەبێ بەرامبەر بە برای خۆی ئەوەندە ناشارزا بێ؟

"هەورامانی" لەبەر ئەوەی خەریکی کاری فەرهەنگی لە لای ئێمە بوو هیچیان پێ نەکرا وتیان ئەمە دۆکتور نیە؟

"عەلی فەیلی" یان دا بە گرتن کە بۆچی دەتەوێ بزوتنەوە ساز بکەی وە خەلکی ئێرە بە زۆری خۆت بیکەی بە کورد؟ کامەی بلێم، من تۆ بە کوردی خاوەن ویژدان دەزانم، دڵسۆزیت بەرامبەر بە فەرهەنگی کوردی هەست دەکەم دەبینم چەن بە عەشقەوە سۆراخی وشەی دەگری بۆیە ئەم شتانەم بۆ تۆ نووسی ئەگینە حەزم نەکرد کاتد بکوژم، گەر پێت دەکرێ چەن ناو نیشان ... لە "روسیە" کە مرۆڤ دەتوانێ زمان و ئەدەبی کوردی بخوێنێت بۆم بنوسە. هەر بژیت.

فەرهاد عەزیزی واژۆ

شعرێ لە " رەزا کەرمی" یان " کەرەم رەزا زەینەڵ خانی"

ماد تاریخ

ئەر لەمن پرسی عەزیزم مایەی ژیانم کوردیە

نۆقڵ مەجلس خوەش مەزەس نەغمەی زوانم کوردیە

ژەهر مارم بوو زوانێ بێجگە کوردی چوو هەسەڵ

هەر زوانێ ها دەمد روح و رەوانم کوردیە
پووک وە دەسێ چەرم پووشم کوەڕ کاوەی ئاسنگەر
بن چەکم ئەر هەر کە بوود خوونم سخانم کوردیە
چوو هەڵۆ سەر بەرز کوویەسان ساکنم لەی بەرزیە
کوردەواری هەرچی هەس موڵک و مەکانم کوردیە
ماد تاریخم براگەم زاگرۆس ماوام بووە
یان لە تاریخم بپرسی شارەکانم کوردیە
جام جەم ئەر سوورەتێ کار شاکارێ نیە
خاوەن فەرهەنگ منم جلۆەی جەهانم کوردیە

-43-
وتاری من لە ساڵیادی بە نهێنیی گێڕدراوی ئاهەنگی نەورۆزی 1957 لە دەرەوەی شاری هەولێر

ئەمن لە مانگی نیسانی ساڵی 1957 سەر لە نوێ کوردستانم بەجێ هێشت ئەمجارەیان بۆ خوێندن لە شاری ڤیەننا. پێشتر، ماوەی نزیکەی دوو ساڵێک لە کۆلێژی پزیشکی زنکۆی ئانکەرا لە تورکیا خوێندکار بووم. بەڵام پێش رۆیشتنم بۆ ڤیەننا بە چەند هەفتەیەک بەشداریم لە دواترین ئاهەنگی نەورۆزی نیشتمانەکەمدا کرد کە ئێمە، کۆمەڵێک قوتابی و لاوی سەرگەرم بە ناسیۆنالیزمی کوردایەتی بە شێوەیەکی نهێنی گێڕامان. چون ئەو ساڵانە حکومەت مۆڵەتی فەرمی بۆ گێڕانی ئاهەنگی ئاشکرای نەورۆز نەدەدا، ناچار پاسێکمان بە کرێ گرت و هەموومان بە بەرگی کوردییەوە چووینە دەرەوەی شار بۆ شوێنێک کە کۆنە کارێزێکی لێ بوو بە ناوی (زار مفتاح)، یاپراخ و گۆشت و مام عەلی زوڕنا ژەنمان لەگەڵ خۆماندا برد. لە بەشداربووەکان بەداخەوە تەنیا کاکە شێخ لەتیفی شێخ سادقی بەرزنجیم لەبیر ماوە، یادی بەخێر، کە یەکێک بوو لە خاڵوانە خۆشەویستەکانی خۆم.

ئەمەیان تایپکراوی گوتارە دەسنووسەکەی منە لەو ئاهەنگە بێ دەسکاری کردنی رێنووسی ئەو زەمانە. ئاهەنگەکەمان رۆژی هەینی1957/3/22 گێڕا و من کە راسپێردرابووم گوتارێ بەو بۆنەیەوە پێشکەش بکەم شەوی پێشتر لە هەولێر نووسیبووم و ئامادەم کردبوو. ئێستاش ئۆریگیناڵی ئەو گوتارە دەسنووسەم هەڵگرتووە.

کوردە پیرۆز بێ جەژنی نەورۆزت

نەبەزی لە ریی سەربەستی هۆزت

بـراینە، دیسـان نەورۆزە، دیسـان هـاتەوە ئەو جەژنە پیـرۆزە، دیسـان کوردسـتان بەرگـی خەمـاوی و تـاریکی دامـاڵی و ئەوا بە شـیرینترین و دلگیرتـرین نیگـار خۆیمـان پیشـان ئەدا. ئەوا هەسـت بە بـۆنی وەنەوشـە ئەکەم، ئەوا گـوڵاڵە سـوورەی قەد کێـوانم یـادی ئەو نیشـتمان پەروەرە نەمرانەم دێنێتەوە بەر چاو کە خوێنی گەشی لە پێناوی وولاّتا رژاندوویان ئەو کێـوانەی سـوور ئەکـرد، ئەو گـوڵاڵەی کە بە خـوێنی ئەو شـەهیدانە رەنگـی هینـاوە. ئەوا گەڵا هەڵـوەراوی ئەرخەوانـم ری و شـەقامی فەرش کـردووم . ئەوا دەشـتی وولاتـم رازاوەتەوە، دەسـتی سروشـت جـوانترین نەخشی تیا کردوە، سەیری هەر لایێ ئەکەی حاجیلەیە، بەیبونە، کنێرە، نەرگسە، سوسنە، سەیری هەر بنەداریێ ئەکەی کیژۆلە نازدارانی کورد کە بـۆنی مێخەکیـان مەسـتت ئەکـا، ئەوا گەلێـک شـەنگو شـۆرر ئەلەرێـنەوە دەست لە ناو دەستی کوررە کوردە دڵ پاکان، لەسەر ئاوازی سێ پێ یی و هەڵپەررینم. سەیری هەر سەراوێک ئەکەیت شوانە و بە نازکترین اواز فـوو ئەکـاتە بلوێرەکەیـو پەنـجەی هـونەراوی بە سـەردا ئەگێـرێ و مـێگەلەکەی سـەرخۆش کـردوە، سـەیری هەر لـووتکەیێکی بەرزی شـاخ ئەکەیت بەفرە و ایجگار نایاب لە ژێر تیشکی خۆر ئەبرسقێتەوە. سەیری هەر دۆڵێکی بەسامی تەماوی پرشنگ داری پرر دارستانی چررم ئەکەیت زریقەی کەو و پۆرر و هاررەی ئاوی کێوانمە، سەیری هەر سەوزاییێکی پرر دەغلم ئەکەیت هەرزەکارە و دەست لەبناگوێی بە حەیران بیهوشی کردویت.

ئەوەیە کوردسـتانم ! .. ئەوەیە وولاتـم ! .. ئەوەیە آ یینـو آمـانجم لە ژیانـا ! .. ئەوەیە روژی "نەورۆزم" ! .. جـا چـۆني ناپەرسـتم ؟ .. چـۆني گیـان فیدا نـاکەم ؟ .. چـۆن سـەرم لە ری ی سـەربەخۆیي ئەوا نـاکەم بە بەردەباز.

.. بەلام .. بەلام ایمرو کە نەورۆزە، تەنها جەژني بەهارو سەیرانم نیە، نا .. نا ! دەشقەم جەژني یادێکي گەلیک پیروزتر و مەزن تریشمە، یادێکي ایجگار گەورەیە، یادي " کاوە " ي قارەمانە !، وە بێ گومان ئەو یادە پیروز ترین یادە لە لاي هەمو کوردێکي دلسۆز، چونکە لەو رۆژەدا گەلي کورد لە یەکەم جاردا هەستي بە ازادیو رووناکي کردوە لەو کاتەي کوتەکە اسنینەي کاوە لەژێر هیزي گشت گەلي کوردستاني گەورە هاتە خواري بەسەر کەللە بۆگەنەکەي "زوحاک"ي خوینمژ ! .. بەلي جەژني ایمە دوو جەژنە: جەژني ازادي و جەژني بەهار.

ایتـــــــر ئەي کـــــــورد پەروەران، ئەي لاوان، ئەي نەبەزان، ئەي سویندخۆران لەسەر مەبەستي کوردایەتي، ئەي بە اگري نەورۆز دڵ گڵپە لێ هەلساوان، جەژنیک تەعبیر لە دوو مبارەکترین مناسبە بکات، ئەبێ چۆن بێ؟!... وەلامي ئەم پرسیارە بو خەیالي دانیشتوان بەجێ دیلم.

دەوجا وەرن با سەرنجیک لە جەژني نەورۆزي ایمرومان بدەین: ایمە هەر وەکو ووتمان بە بۆنەی دوو شت اهەنگ ئەگێررین، یەکێکي کە مەوجودە و هەموو سال ئەیبینین، ئەویش بەهارە و جوانی ي کوردستانە لەو فەسلەدا، ئەوي دیکە شتێکي معنویە و رابردوە ایستا و زور لە میژیشە لی ی بێ بەشین، ئەمەش ازادیە! ..

کوردستاني کوردانە تاکەي بنیادی نەبي

پرر دەشتي گولستانە غەیري ازادي نەبي

بەلێ، ایستا جەژني ایمە بو دوو شتە، یەکێکیان "هەیە" ئەویکەیان "هەبوە". بەلام ایا ئەبێ تابەکەي ئەو ازادیە بەسەر چوە هەر وەکوو چیرۆکە پررو پووچەکاني پیرە ژنە سال بەسەردا چوەکاني بو منالان ئەگیررنەوە وابێ، کەي هەر کوردیک لە هەر چوار گۆشەی کوردستاني

بەریندا بە خۆي ئەبی بە کاوەییک بۆ ئەوەي سەري هەر سێ حکومەتاني تورکو عەجەمو عارەب نەک بە کوتەکە اسنینە بەلکو وەکوو دووپشکي ژەهراوي لە ژیر پێلاو بیان پلێشینەوە؟! ...

اخۆ کەي ئەو ازادیە کەم خایەنەي کاوەي نەمر پیشاني داین دیسانەوە ئەگرینە باوەش، اخۆ کەي ئەم شتە "هەبوە" ئەکەین بە "هەیە"؟!.. کەي بەبێ ترس بە زماني خۆم گفتو گۆ ئەگەم کەي ئەبینم الای کوردستان نیشتمانەکەمي خستوتە ژێر بالّي خۆي، کەي ئەبینم پەیدابووي خاکم وولاتەکەمي کردوتە بەهەشت، کەي ئەتوانم بێ ئەوەي کەس بپرسێ: لە دیار بکرەوە بچم بو کرمانشاە و لە قامیشلي وە بو مندلي، کەي لەگەل براي زازا و لۆرم بە زمانێکي یەکراو قسە ئەکەم، کەي ئەبینم ریگای اسن شاخەکاني گەرمیانو کویستانمي بە یەکەوە بەستوە، کەي بە هەزاران هاتوان لە جنوبي افریقیا و مەلایۆ وە ئەبینم هاوین لە هاوینە هەوارگەکانم رائەبوێرن و زستان لەقەد چیایە دێوە بەفراویەکاني کویستانانم خش خشۆکێ ئەکەن، کەي بەبێ مەترسي جەژني نەوروز ئەکەم، کەي یادي پیشەوا و دکتور فوئاد و شیخ سعید، یادي بارزاني قارەمان، یادي هەر چوار قوماندانە شەهیدەکان، یادي شیخ مەحمودي نەمر، یادي "عەلي شێر"، یادي دەرسیم، یادي جوانرۆ، یادي اگري داغ، یادي مەهاباد، یادي هەر بیچوێکی لە سکي دایکي بە قەمەي دوژمن پەل پەل کراو، یادي گشت دارستانێکي بە اگري دوژمن سوتێنراو، یادي گشت کێویکي بە بومبای ئیمپریالیست بەردومان کراو، یادي هەر تیرێکي کوردي لە دلي پیسي داگیرکەر چەقێنراو، یادي هەر پیلاوێکي شۆرشگێری کوردي سەري تورکو عەجەمو عارەبي پێ پان کراو، یادي دامەزراندني پارتي دیموکراتي یەکگرتوي کوردستان، یادي گشت

کـوردێکي گیـاني پـاکي لە رری ي سەربەسـتي کوردسـتان بەخشـیو .. کەي ئەمانە هەمو ئەکەم بە جەژني رەسمي ؟! .. کەی !!

ئەي پەروشاني کورد: ایمرو کە جەژني نەورۆزە، زور شەرمە اهەنگي نهینـي بـو بگیـررم، زور شـەرمە کوردسـتانی کلۆلم بە زەقە زەقـي چاوي رۆلە پێ گەیشتوەکاني ئە .. اوا بەو دەردە سەریەوە بمینیتەوە لەژێر چنگي داگیرکەر، زور شـەرمە ئەگەر یەک لەحزە لە خەباتا دانیشـم، چۆنمان دی وەستاني نەوتي کوردستان بۆ ماوەی ییک سەعات چە زیانیکی گەورەی بە اقتسادیياتي اوروپا گەیاند، هەر وەهاش یەک سەعات تەمەلي کردن لە خەباتا بوي هەیە چەند سالیک ازادي کوردستانم دوا بخا.

ئەي نیشتمان پەروەران: سـەیري بەردەمـي خوتـان بکەن، ئەو خـاکو و گیـا و وردە بەردەي زەرد و سـووری ئەبیـنن هەقـي لەسـەرتانا هەیە، ئەو اسـمانە شینە جوانەي بە اسۆ وە بەسـتراو هەقـي لەسـەرتانا هەیە، اَ .. ئەو چۆلەکەي بەو اَسمانەدا ئەخولیتەوە هەقي لەسەرتانا هەیە، ئەو شنە بایەي شـەمالي ایسـتا هەسـتي پێ ئەکەیـت هەقـي لەسـەرتانا هەیە، ئەو اَوە سـافە کەف زیوینەي بەیني گاشـەي هیژا هیژاي شاخەکانتان خلۆر ئەبیتەوە ناو دۆلـي بـێ بنـي بەسـامي رەنـگ مۆر هەلـگەرراو هەقـي لەسـەرتانا هەیە!! ئەمانە گشـت، گەلێکـي تـریش هەمو بە جاریـک تیمـان ئەخوررن تۆلەی هەقـي هەزاران سـال خوراویـان بـۆ وەرگـرینەوە !! " حـاە ... !! چە خیـرە خواي بوو"، گوناە نیە ایمە وا لەسەر ئەم حالەش بێ دەسەلاتو بێ خەم راوەستاوین، تاوان نیە بهیلین تورکو عەجەمو عارەبي دوور لە بشرية ئەو خیراتـو سـاماني وولاتەکەمـان بەپـاي پـیلان بـکەن بە دەمـي وەسـتاکانیان ایمپریالیستي ئەمەریکا و اینگلیز و فەرەنگسزە ؟!..

اَخر هەر خواو پیغەمبەریش لیمان رازي نابن .. اَوا !. جا ئەي کورد پەروەران: وەرن زور مەردانە دەسـت لەسـەر دەسـتی یەکتـر دابنیـین و سویند بخوین تا دلۆپێ خوین لە لەشمانا خولابیتەوە بە بێ ووچان، بێ

وەرزبوون، بێ سستي، ئەو ژيانەي كە ئەو كوردستانە پی ی بەخشيوين تەرخاني بكەينەوە بو دەرهينانی ئەو لە ژير چنگي دوژمن . وەرن با بە دڵێكی نەبەزانە سويند بە پيروزترين شت بخوين، سويند بە " خاكي كوردستان " بخوين كە ئەو اگرەي لە دلمانايە تاكو روژي نيژتنمان هەرگيزاو هەرگيز كز نەبێ هەتاكو بليسەي لە لاشەي دوژمن تير ئەخوا:

ئەو اگرەی لە دلمايە بەربيتە كفنەكەم

تا دوژمن نەكا بە زوخال شەرتە پف نەكەم !.

دەبا هەمو بە ييک دل و ييک بروا و ييک هيوا بە ييكەوە پرر بە دەم هاوار بكەين:

بژی كوردستاني بەرين، بەرزو سەربەخۆ.

بژي اواتو رێ پيشاندەري گشت گەلي كورد، سەركردە ماريشال مەلا موستەفاي بارزاني.

بژي بەيداغي كوردستان.

بژي خەباتي پارتي ديموكراتي ييكگرتوي كوردستان، پيشرەو و چراي ازادي نيشتمان.

بژي خەباتي هەر يەكيک لە ناومانا لە ريگەي كوردستانێكي سەربەخۆ و ييككراو.

بروخێ حكومەتي تورک، گلاوي بەدفەر، نەوەي جەنگيز خانو هولاكوی وەحشي.

بروخێ گوري موستەفا كەمال بەسەر لاشە بوگەنەكەيو شاري ئەنقەرە.

بروخێ حكومەتي دكتاتوري ايران.

لە گردۆلکەکانی دەرەوەی رۆژهەڵاتی شاری هەولێر کە تەمەنم رێک بیست ساڵ بوو. جا لێرەدا پێتکێک هەیە حەز دەکەم هەڵوەستەیەکی لە سەردا بکەم.

بێ گومان، لە هەموو دەور و زەمانێکدا، لە نووسین و لە قسەکردنیشدا بەکار هێنانی وشەی توند و گرژ و شکاندنی خەڵک و سووکاتی کردن بە میللەتانی بیانی کارێکی ناپەسندە و تا دەکرێ خۆتی لێ دوورکەیتەوە باشترە. بەڵام ئەستەمە بتوانی بە لاوێکی نەوجەوانی، خوێن گەرمی، کەم ئەزموونی، بیر و هەست و هۆش سەرڕێژ بە گیانی ناسیۆنالیزم و نیشتمان پەروەری، ئەستەمە پێی بسەلمێنی وا نەبێ. تەنها تەمەن کەفیلە بیگۆڕێتێ. تەمەن فێرت دەکات هۆشمەندی (عەقلانییەت) و زمانی دیپلۆماسییەت سوودی باشتر دەبێ بۆ دۆزی میللەتەکەت تا سنگ دەرپەڕاندن و پەنجە هەڵشەقاندن. بۆیە ئێستا دەزانم ئەو چەند وشە توند و گرژەی کە من لەو گوتارەی ئەوسام، لە تەمەنی بیست ساڵیمدا، بەکارم هێناون ئەمڕۆ ئەم وشانە باویان نەماوە، ئەگەر ماشبێ دەبێ هەوڵ بدرێ نەمێنن. ئەمڕۆ بەکار هێنانی زمانی وا ئاستێکی نێگەتیڤانە بە عەقلییەتی نووسەرەکەی دەبەخشێ. بۆیەو، دیارە ئەم قسانەش لە ئەزموونێکی درێژەوە دەکەم، ئێمە دەبێ فێر ببین زمانی دیپلۆماسی رۆژئاواییەکان بەکار بێنین نەک بە قسەی ناشیرین و سووککردن هەڵکوتینە سەر بەرامبەرەکەمان چونکە بەو شێوازە نا شارستانییە خۆمانی پێ ناشیرین دەکەین نەک ئەو. ئەمن ئەوڕۆ کە دەگەڕێمەوە بۆ ئەو گوتارە ئاگرینەی شەست و سێ ساڵ لەمەوبەرم مەبەستم تەنها وروژاندنی چەند وشەیەکی ناحەزە و لە هەندێ شوێنیشدا گشتاندنی (تعمیم) هێرشبردنەکەشمە بۆ سەر تورک و عەرەب و عەجەم. گەر راستیت دەوێ، بە بینینی خۆم، گوتارەکەم هەم بە زانیاری گشتی و خۆشەویستیی بێ سنوورم بۆ گەل و نیشتمانەکەم هەم بە کوردییەکی وا جوان بۆ لاوێکی بیست ساڵی ئەو سەردەمە مایەی شانازیمە. پارتی کۆمونیستی عیراقی کە لە ساڵە دواییەکانی چلەکاندا خۆیشم ئەندامی

بووم ئەگەر کۆڵێک دروشمی ناواقیعیشی هەڵدەکرد خۆ هەر نەبێ فێری دەکردین خۆمان بە (یار)ی، نەک (نەیار)ی میللەتانی عەرەب و تورک و فارس بزانین، فێری دەکردین ئێمە دوژمنی هیچ گەلێک نین و هەڵوێستمان تەنیا دژایەتی کردنی "سیاسەتی حکومەتە کۆنەپەرستەکانیانە" نەک میللەتەکان خۆیان. تەمەن فێرت دەکا ئەو بۆچوونە زۆر ئینسانیتر و راستترە لە "ناسیۆنالیزمێکی سەرەڕۆ" و پێویستە هەر واش بمێنینەوە. خۆ دەبێ وانەمان لە مێژووش وەرگرتبێ کە "ناسیۆنالیزمی سەرەڕۆ" زۆر لەگوینە گەل و وڵاتەکەمان بەرەو هەڵدێر و زەنوێر بەرێت. هیتلەر و جەمال عەبدول ناسر و سەدام حوسێن نموونەن.



دەستنووسە ئۆرگیناڵەکەی ئەم گوتارە، نەورۆزی ساڵی 1957 لە دەرەوەی هەولێر

-44-
کورتە ژیننامەیەکی من
لە نامیلکەیەکی هۆڵەندی 59 ساڵ کۆن

لاوە کوردەکانی کە لە چلەکان و پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردوو دەچوونە ئەورووپا زۆرترایەتی هەرە زۆریان هەر بۆ خوێندن دەچوون و زۆریشیان دوای تەواوکردنی قۆناخی زانکۆکانیان دەگەڕانەوە بۆ وڵاتانی خۆیان. ساڵانێک دواتر، جۆری ئەو روو لە ئەورووپا کردنەی کورد گۆڕا و رەنگێکی نوێی وەرگرت. بەرە بەرە کوردی هەر چوار پارچەکانی کوردستان بە تایبەتی کوردی باکوور دەستیان پێ کرد بە خاوخێزانەوە بار بکەن بۆ ئەورووپا بۆ کارکردن و مانەوەی هەمیشەییش. هەنگی وەرگرتنی بیانیش لە ئەورووپا زۆر ئاسان بوو چونکە باری ئابووری ئەورووپای رۆژئاوا ساڵ دوای ساڵ زیاتر دەگەشایەوە تا وای لێ هات ئەووپییەکان خۆیان بە هەموو جۆرە کارێک رازی نەدەبوون. لە ئەنجامدا خاوەن کارەکانی کەرتی تایبەت ناچار پەنایان دەبردە بەر کارکەری بیانیی دەرەوەی ئەورووپا. ئەوە بوو کە هەر خودی کۆمپانیاکان خۆیان بیانییەکانیان دەهێنا و بە ئاسانی ڤیزە و مافی مانەوە و کار کردنیان بۆ جێ بە جێ دەکردن بە ماڵ و منداڵیشیانەوە. ئەمانەش کە بۆ کارەکانیان لە ئەورووپا پارەوپووڵی زۆر باشتر تا لە وڵاتی خۆیانیان دەست دەکەوت و منداڵەکانیشیان لە قوتابخانەی زۆر باشتر لە هی وڵاتانی خۆیان دادەمەزران ئیتر لێیان خۆش دەهات و بۆ هەتا هەتایە دەمانەوە. بەو شێوەیە، دیمۆگرافیای ئەورووپاش گۆڕانی بەسەردا کرا و وەک ئەوڕۆ دەبینین وڵاتیانی پاسەپۆرت هەڵگری ئاڵمان و نەمساوی و هۆڵەندی و سکەندیناڤی و زۆر وڵاتی دیکەی ئەورووپای ناوەڕاست و باکوور بە تایبەتی، هەر چاوشین و قژزەردەکەی جاران نەماون.

لەو ساڵانەی کە من بۆ خوێندن لە ئەوروپا بووم ئەوروپاکەی ئەوسا وەک ئەوروپای ئەمڕۆ نەبوو. هەینێ کوردی دیکەی وەکو منیش هەر تەنها بۆ خوێندن لەوێ بوون. جا خوێندکارە کوردەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان کۆمەڵەیەکیان دامەزراندبوو بە ناوی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا). بەبێ پێوەنان، ئەو کۆمەڵەیە بەڕاستی بوویووە باڵیۆزی کورد لە هەندەران و لە غیابی سیاسەتکارانی کورد لە ئەوروپا ئەو خوێندکارە کوردە نیشتمانپەروەرانە چالاکییەکی زۆر کاریگەریان دەگێڕا لە بواری گەیاندنی باری نالەباری سیاسی کوردستان بە رای گشتی ئەوروپا و ناساندنی کولتور و هونەری کوردی بە ئەوروپاییەکان.

کۆمەڵەکەمان ساڵانە کۆنگرەیەکی دەبەستا هەر ساڵێ لە پایتەختی وڵاتێکی رۆژئاوا و ئەو خوێندکارانەی وڵاتانی جیاجیا ئەگەر لە توانایاندا بوایە بەشدارییان لێ دەکرد. ژمارەیەکی باشیش لە رۆژنامەوان و پارلەمەنتار و کەسایەتی بواری ئەکادیمی و هونەر و ئەدەبییاتی ئەوروپاش بانگ دەکران و هەندێکیان دەهاتن بە تایبەتی رۆژنامەوان.

یەکێک لەو رۆژنامەوانانە بەڕێز سیلڤیۆ فان رۆی Silvio van Roy هۆلەندی بوو (یادی بەخێر). کۆنگرەی ساڵانەمان لە هەر وڵاتێکیش بوایە فان رۆی لە هۆلەنداوە خۆی دەگەیاندێ. بوو بە دۆستی کورد و دەستی پێ کرد نامیلکەیەکی وەرزی بە زمانی ئینگلیزی دەر بکات بە ناوی Kurdish Facts and West Asian Affairs.

ساڵی 1961 ئەمن لە فرانسا دەمخوێند و فان رۆی کە لە ئاهەنگە موزیکاڵەکانی دوای کۆنگرەکانی ساڵانی پێشترمان گوێی لە دەنگی من بوو داوای لێ کردم کورتەیەکی ژیننامەی خۆمی بۆ بنێرم بۆ نامیلکەکەی. ئەوەم بۆ کرد و ئەویش لەگەڵ وێنەیەکی من بە بەرگی کوردییەوە و لەبەدەم مایکرۆفۆندا لە ژمارە چواری نامیلکەکەی هی ساڵی

1961به تایتلی (دەنگێک) بلاّوی کردەوە. ئەمە پنتکە گرنکەکانی ئەو، با بلّێین چاوپێکەوتنە، 59 سالّ کۆنەیە.

دەنگێک

عومەر دزەیی دەربارەی عومەر دزەیی

هەر لە تەمەنی ٥ ساڵیەوە دەنگم لە لایەن کەس و کارمەوە هەستی پێ کرا و زۆر جار بە نوقلّ و حەلّوا ئیقناعیان دەکردم گۆرانییان بۆ بلّێم. هەموو گۆرانییەکانی منداڵیم لە نۆکەرەکانی ماڵە بابم و لە جوتیار و سەپان و شوان و دەنگخۆشەکانی ئاواییەکەمان و لە پاشانیش لەو دۆم و قەرەج و گۆینـدە گەڕیـدانە فێـر بـووم کە بە گوندەکەمانـدا رەت دەبـوون. کە چوومە بەر خوێندن لە شاری هەولێر مامۆستاکانم بەڵێنی نمرەی باشیان دەدامێ ئەگەر پێشتر گۆرانییەکم بۆ بگوتبان.

لە نەورۆزی ١٩٤٦ کە هێشتا ٩ سالآن بووم بۆ یەکەم جار لە ژیانما لە بەردەم میکرۆفـۆن و لەبەر چـاوی پتـر لە ٢٠ هەزار میـوان سـروود و گۆرانیی کوردیم گوت. لە سالآنی ١٩٤٦ - ١٩٤٨ بەشداریم لە هەموو ئەو خۆپیشاندانانەدا دەکرد کە لەو سالآنە بۆ وەدەستهێنانی مافی گەلی کورد لە هەولێر دەکران. لەو خۆپیشاندانانە منیان لەسەر شانی خۆیان بەرز دەکردەوە و وسروودی نیشتمانیم بۆ هەزاران ئامادەبووان دەچڕی.

لە ساڵی ١٩٥٤ رادیۆی بەغدا بەشی کوردی ٨ گۆرانی منی تۆمار کرد کە دوانیان شیعری خۆم بوون.

لە ساڵی ١٩٥٥ کوردستانم بەجێ هێشت و چوومە ئەورووپا بۆ تەواو کردنی خوێندنی بالاّ. لە سالآنی ١٩٥٧ و ١٩٥٩ بەشداریم لە فێستڤاڵی لاوان و قوتابییانی جیهاندا کرد لە مۆسکۆ و لە ڤیەننا و ئاوازی کوردیم گەیانـدە گوێچکەی هەزاران لاوی جیهان. لە ساڵی ١٩٥٨ لە کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا بە جێگری سەرۆکی

کـۆمەڵە هەڵبژێـردرام. ئێسـتاکەش هەر ئەنـدامی کـۆمیتەی بەڕێـوەبەری کۆمەڵەم و بەرپرسی کاروباری هونەری و کۆمەڵایەتیم.

سـاڵی ١٩٦٠ چەنـد گـۆرانییەکی کـوردیم بـۆ تەلەڤیزیـۆنی بەرلینـی ڕۆژئاوا تۆمار کرد. ئێستاکە قوتابی کۆلێژی زانستی سیاسەتم لە زانکۆی پاریس. بە ٧ زمان قسە دەکەم و گۆرانیش بە هەر ٧ زمان دەڵێم.

-45-
دەسخۆشانە

ئەمەیـــان دەسخۆشـــانەی دەنگـــی ئەمەریکـــایە VOA لە دەیەمـــین ساڵرۆژی بەشی کوردی بە بۆنەی دە ساڵ ڕەتبوون بەسەر کرانەوەی بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا (VOA KURDISH) . کە من سەرۆکی بەشـی کـوردی دەنگـی ئەمەریکـا بـووم بەڕێـوەبەری گشـتیی ئەوسـای (دەنگی ئەمەریکا VOA) بەڕێز ڕۆبێرت رایلی Rober R. Reilly ئەم چەنـد دێـڕە دەسخۆشـانە و پیرۆزبـاییەی بە ڕێگـای مـنەوە ئاراسـتەی بەشەکەمان کرد.

جا وا من ئەو دەسخۆشانەیە دەکەم بە چەپکە گوڵێکی هەمە ڕەنگ و هەمە بۆ و وەک یادگار پێشکەش بە یەکە یەکەی کچ و کوڕە هاوکارە دێـرینە خۆشەویسـتەکانم و هەمـوو کارمەنـدە لێهاتووەکـانی ئەمـڕۆش لە بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکای دەکەمەوە و بۆ مێژووش دەیخەمە بەر چاوی خوێنەرە بەڕێزە خۆشەویستەکانی ئەم نووسینانەم.

بەڕێوەبەری دەنگی ئەمەریکا

واشنتن دی سی
30 نیسانی 2002
بەڕێز هۆمەر دزەیی
دەنگی ئەمەریکا 330 independence Avenue SW
Room 1437
Washington DC 20237

ئەزیزم هۆمەر

بە بۆنەی دەیەمین ساڵڕۆژی کرانەوەی بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا تکایە سوپاس و پیرۆزباییەکانم لێ قەبووڵ بکەیت.

تۆ خۆت و هاوکارەکانت پێکەوە توانیتان دۆستێکی زۆر لە سەرانسەری جیهاندا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان پەیدا بکەن و بە کار و کردەوە جوانەکانتان ئێمە هەموومانتان لێرە سەربڵند کردووە.

بۆ پاشەڕۆژیش هیوای هێشتا پتر سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

دڵسۆزت

واژۆ

رۆبێرت ر رایلی

بەڕێوەبەر

ئەمەشیان کورتە ژیننامەیەکی منە لە بولیتانی ساڵانەی VOA 2005

دەنگی ئەمەریکا ساڵانە بولیتانێک دەردەکات بەناوی (profile) کە تێیدا تیشک دەخاتە سەر هەندێ لە چالاکییە بەرچاوەکانی رادیۆکە و هەر شتێکی نوێ کە لە ماوەی ئەو ساڵەدا رووی دابێ.

بۆ ساڵی 2005 لاپەڕەیەک لە بولیتانەکە بۆ کورتە سەرگوزەشتەیەکی سەرۆکی بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا، هۆمەر دزەیی، تەرخان کرابوو.

بەشی کوردی

هۆمەر دزەیی، سەرۆکی بەش

لە عیراقەوە هاتوو، هۆمەر دزەیی لەگەڵ هاوسەرەکەی و چوار

منداڵەکانیان ساڵی 1988وەک کۆچبەر گەیشتنە وڵاتە یەکگرتووەکان. چوار ساڵ دواتر، هۆمەر لە بەشی کوردی تازە کراوەی دەنگی ئەمەریکا بوو بە بێژەر. هۆمەر و هاوکارانی لە ساڵی 1992بەشی کوردیی دەنگی ئەمەریکایان دامەزراند کە سەرەتا بە 15 دەقیقەی رۆژانە دەستی پێ کرد. هۆمەر ساڵی 2000 بوو بە سەرۆکی بەشەکە و ئێستاکە بەشی کوردی چوار سەعات بەرنامەی رۆژانەی هەیە. ژیانی هونەریی هۆمەر دزەیی وەک گۆرانیبێژ و گۆرانی نووس لە تەمەنی 15ساڵیدا دەستی پێ کردووە. ئەوساکە وشەی کوردی بۆ گۆرانیە ئەمەریکاییە بە ناوبانگەکەی ئەو سەردەمە (ئامادۆ میۆ Amado Mio) دانا کە ریتا هایوارث لە فیلمە کلاسیکەکەی (گیلدا Gilda) دەیگوت. لە ساڵی 1954یش لە تەمەنی 17 ساڵی یەکەم کۆمەڵە گۆرانی بۆ بەشی کوردی وێستگەی رادیۆی بەغدا تۆمار کرد. لەپاشان هۆمەر رووی کردە ئەورووپا و پاش ماوەیەک بوو بە یەکێک لە خۆشەویسترین گۆرانیبێژی تەلەڤیزیۆنی کوردی لە ناوەوەی عیراق کە زۆر وەستایانە توانی ئاوازی میللی کوردی لەگەڵ مۆزیکی رۆژئاوایی تێکەڵ بکا. بەم جۆرە هۆمەر تایتلی "باڵیۆزی خۆشخوان"ی پێ بەخشرا. خۆی بەڕاستیش حەزی دەکرد ببێ بە دیپلۆمات و بۆ ئەم مەبەستە علومی سیاسی لە زانکۆکانی ڤیەننا و پاریس و لەندەن خوێند و بەکالۆریۆسی بە پلەی نایاب لە زانکۆی (رێدینگ Reading)ی بریتانی وەرگرت و دواتریش کۆرسە بنچینەییەکانی ماجستێری لە زمانەوانی لە زانکۆی (جۆرج مەیسن George Mason University) لە ویلایەتی ڤیرجینیای ئەمەریکا خوێند. هۆمەر ماوەیەک لە باڵیۆزخانەی عیراقی لە ڤیەننا و لە پاشانیش وەک رۆژنامەوانێکی ئازاد کاری دەکرد.

هۆمەر 10 زمان دەزانێت و گۆرانیشیان پێ دەڵێت و نووسەریشە و کتێبی چاپکراوی هەیە. ساڵی 2003 هۆمەر دزەیی خەڵاتی مەدالیای زێڕینی (ibb) واتا (بۆردی نێونەتەوەیی بێژەران)ی پێ بەخشرا.

وتەی هۆمەر دزەیی سەرۆکی بەشی کوردی لە دەیەمین ساڵیادی
بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا

وتەی ڕۆبێرت ڕایلی، سەرۆکی ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکا (VOA) لە
دەیەمین ساڵیادی بەشی کوردی



سەرۆکی بەشی کوردی (دەنگی ئەمەریکا) VOA

هۆمەر دزەیی

-46-
حانة الجبل الاخضر

Green Mountain, Maine, USA

1993/8/28

هاوینی ساڵی 1993 لە رادیۆی دەنگی ئەمریکا بە کوردی VOA لە واشنتن دەست بەکار بووم. بەڵام بە داخوازی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بۆ ماوەی پتر لە مانگێک منیان ناردە ناوچەیەکی شاخاوی زۆر جوان لە ویلایەتی Maine کە پێکەوە لەگەڵ ژنێکی عەرەبی عیراقی وانەی زمانی عەرەبی بە پۆلێک لە سەربازی ئەمریکی بڵێینەوە کە پێشتر کەمێک زانیارییان لەو زمانەدا هەبوو.

شوێنەکە لادێ یەکی شاخاوی زۆر کپ و بێ دەنگ بوو.

یەک تاکە ریستۆران/بارێ لێ بوو کە ئێواران لەگەڵ قوتابییەکانمان دەچووین لەوێمان رادەبوارد.

کچی خاوەن رێستەکە خۆی خزمەتی دەکردین. کچەکە، کە ناوەکەیم لەبیر نەماوە، بە بەژن و باڵا و بە روخساری زۆر جوانی سەرنجی هەموومانی بۆ خۆی رادەکێشا. کراسێکی رەشیشی لەبەر دەکرد کە لای پشتی لە پاشملییەوە تا نزیک درزە تەنگەکەی نێوان هەردو لاسمتی کراوە بوو و هێندەی تر جوانی و سێکسیاتی پێ بەخشیبوو.

ئا لەو رۆژانەدا بوو کە ئەم هەڵبەستەم بۆ ئەو کچە نەشمیلانەیە بە عەرەبی بۆ هات. بۆیە بە عەرەبی، چونکە مامۆستای زمانی عەرەبی بووم و هەموو قوتابییەکانیشم تا رادەیەک تێی دەگەیشتن و هەڵبەستەکەیان

نوسـیيەوە و لەبەریـان کـرد. ریسـتورانتەکەیان نـاوی هێرمـان سـمیث Hermann Smith بوو.

حانة الجبل الاخضر

1993/3/28

ان عدت يوما، و لسوف اعود

اليک يا حانة لن أنساها

بسفح الجبل الاخضر حيث الورود

يمتزج عبيرها بانفاس من اهواها

وساحمل قلبي في يد وفي الاخرى عود

واصيغ لک انشودة فحواها

قصة حب صامت و وجه ودود.

يا ابنة الخمار زيديني کأسا

من ابنة الکرم ولا سواها

وردي لارتشف من شفته

لعل قبلي لمسته شفاها

يا ابنة الخمار، بالله عليک

ادر کاسا و ناولني اياها

و انحني بنهديک حين وضع الطعام و جامليني

فلعل وجهي ينتعش بنسمة من فاها

و اديري ظهرک الجميل لعاشق

لیس نفورا، وانما معناها

انني ولهان بقعر ظهرک

کولعي بظهر الفرس الاصیل وقفاها

یا حسناء هیرمان سمیث انني

عاشق ازفر اها بعد اها

ولست وحیدا في حبي یا صبیة

بل اغار علیک من اي منافس یهواها

ان عدت یوما ویا لهفتي للقاک

یا حانة، هیهات لي ان انساها

****



-47-

نەجات دەباغ و هەڵبەستەکانی بە زمانی ئینگلیزی

ئەگەر تۆ مێژوو بەسەر بکەیتەوە بۆت دەردەکەوێ کە گەلێک سەربازی ون هەن لە هەر بوارێکی مرۆڤایەتیدا بووبێ گەردی زەمانەیان لەسەرا نشتووە بێ ئەوەی ئاوڕێکی شایەستەی خۆیانیان لێ درابێتەوە. نەجات دەباغ یەکێکە لەو سەربازە ونانە کە من بە ئەرکی دەزانم ئەو گەردی زەمانەی لەسەر داتەکێنم.

کاک نەجات دەباغ کوڕی خوا لێی خۆش بێ بەڕێز موعتەسەمی فەتاح چەلەبی هەولێری یە و لەبنەماڵەی دەباغی بورژوازییە باڵاکانی upper bourgeoisie شاری هەولێرن. دایکی کاک نەجات (گوزیدە خان)ی ڕەحمەتی پوورزای من بوو، کچی هەرە بچووکی پوورە نەعیمە خانی خوشکی گەورەتری کافیە خانی دایکی من بوو . ئەحمەد عوسمانی باوکی گوزیدە خانیش، کە دەکاتە باپیری کاک نەجات، یەکەم پارێزگاری هەولێر بوو کە دەوڵەتی عیراق ساڵی 1921 دامەزرا و دواتر بۆ چەند ساڵێک کرا بە پارێزگاری سلێمانیش و دوای ئەوەش تا مابوو هەر ئەندامی ئەنجومەنی پیران (مجلس الاعیان) بوو لە بەغدا.

بنەماڵەی دەباغەکانی هەولێر ناسراون بە کەسایەتی ڕۆشنبیری پەروەردەکراو بە ئوسووڵ و ئیتیکێتی بورژوازییانە. زۆریش لە لاوەکانیان دەرچووی زانکۆکانی ئینگلەرە و ئەمەریکان . کاک نەجات و کاک دکتۆر عەبدوڵڵای براگەورەی هەردووکیان لە بواری شیعر و نووسینا بە زمانی ئینگلیزی بەهرەیەکی ناوازەی خوا پێداویان بەر کەوتووە. دکتۆر

عەبدوڵلا لە نووسینا و کاک نەجات لە شیعر دانان، هەردووکیشیان زیاتر بە زمانی ئینگلیزی.

ئەمەی خوارەوە سێ پارچە هەڵبەستی زۆر هەستبزوێنی کاک نەجاتە بە زمانی ئینگلیزی کە نازانم کەی دایناون. بەڵام لەم ساڵانەی دوایی کە لەمێژ بوو یەکتریمان نەدیبوو لە هەولێر بینیم و پێی گوتم حەز دەکا ئەو سێ پارچە هەڵبەستەی کە بە دەسخەتی خۆی نووسیویەتیەوە بە دیاری پێشکەشی منیان بکات. ئەمەش پێشکەش کردنەکەیەتی:

ئەم شیعرانە پێش کەش ئەکەم بو هونەرمەندی گەورە کاک هومەر دزەیی.

نەجات دەباغ

هەولیر _ 2015 . 5 . 6

سوپاس و پیزانینی بێ سنوورم بۆ کاکە نەجاتی پوورزازام بۆ ئەم دیارییە جوانە کە حەز دەکەم بزانێ .it will be cherished for ever

جا ئەمە بژاردەیەکە لە هەڵبەستە بە زمانە ئینگلیزییەکانی کاک نەجات بۆ ئەو خوێنەرە بەڕێزانەی کە حەز لە ئەدەبیاتی بە زمانی بێگانە دەکەن.

1

The Scandinavian Girl

Glassgow 1975

Oh how my dream girl did laugh,

As I looked at her with eyes of yearning

She was at the Danish House a staff,

And I a student still learning.

My subsequent returns were all in vain,

For I never saw her once again

---- + ----

2

The price of love

She took the greatest risk

She eloped with a man

On feet light and brisk

On wings of that of swan

Alas they were soon caught

Alas they paid the highest price

To the gallows they were braught

To love they gave sacrifice.

---- + ----

3

Nostalgia

Oh how pleasantly I do sigh
When I think of days gone by.
Of life in Erbil Castle and below
Of gouge waters that
gushingly flow
Of monumental mountains in the Kurdish hinterland
Of car travel by graves in the dust and sand
Of playing baseball
at Baghdad College high
At looking at the azure blue sky
Of playing accordion at primary school
Of swimming at the club pool
Of the radiance of the sun at noon
Of the stillness of the white moon
Of rustic clay villages at sunset
Of basketball court and net
Of the faraway sound of men singing late at night
Of the sight of women laughing with delight
Of the smell of mud mixed with hay
Of the sight of tomato juice being thickend on a tray
Of buying hamburgers from a kiosk by the American Embassy
Of eating fruit salad and creme at Bab - al - sharji
Of four - course lunches at the Sindbad Hotel
Of the welcome sound of school's final bell
Of visiting the Jesuit Father`s tidy home
Of walking under al - Husain`s magnificent dome
Of sitting at a british designed bar
Of driving around in an American made car
Of walking hand - in - hand with Saosen under Kathemiya palms

Of holding at the Waziriya house in my arms
Of watching al - Ghazali on T.V.
Of dancing to the records of Presly
Of the Assyrian relief on the mountain side by the road
Of marble winged bulls at Nimrod
Of being stung by a wasp
Of being scared by an asp
Of being bitten by a squirrel
Of watching an Italian driver whirrel
Of the Feudalist shooting a pheasent
Of the Feudalist instructing a peasent
Of playing music for his Majesty the King
Of being soaked by rain in the spring
Of how pleasently I do sigh
. When I think of days gone by



نەجات دەباغ

-48-
کۆنە یار Alte Liebe

Ursula Fischer - Colbrie

ئورزولا فیشەر کۆلبری

ئاڵمان قسەیەکی پێشینانیان هەیە دەڵێ

Alte Liebe rostet nicht، کوردییەکەی دەبێتە (کۆنە ئەڤینی ژەنگ هەڵناهێنێ).

لە ڤیەننا 62 ساڵ لەمەوپێش، ساڵی 1958 ئەمن لاوێکی قۆزی 21 ساڵان، (ئورزولا فیشەر کۆلبری) ش Ursula Fischer- Colbri کچە نەشمیلانەیەکی شۆخی 20 ساڵی بوو. ئێوارەیەکی پێنج شەممە، دوادواییەکەی بەهاری 58 لە دانسخانەی بەناوبانگی ڤیەننا (فۆلکس گارتن Volksgarten) حەزمان لێک کرد، حەزی ئاگرین. من خوێندکاری زانستی سیاسی لە زانکۆ، ئەو خوێندکاری ئەکادێمیای ناوداری هونەرە جوانەکان بەشی بۆیەکاری (تابلۆکێشی) بوو. هەفتەی جارێکیش لە ئێوارەی پێنج شەموانی دانسخانەکە (فۆلکس گارتن) ئورزولا لەگەڵ جوانترین کیژۆڵەی مانیکانی دی نمایشی دواترین مۆدەی جلی ژنانیان دەکرد. ئەو پێش من خوێندنی خۆی تەواو کرد و ئیتر، وەک سروشتی ڕەگەزی مێینە بە گشتی، ئارەزووی ژیانی سەقامگیری و مێرد و منداڵی دەکرد. ئەمن وانەبووم. ئەمن هەر ساڵێک دەبوو گەیشتبوومە ڤیەننا، تازە لە سەرەتای قۆناخی خوێندنما بووم و زمانی ئەڵمانیش هێشتا باش فێر نەببووم. بەڕاستیش لەو تەمەنە جارێ

هاوسەرگیریم هەر بە خەیاڵیشدا نەدەهات.

دوای ماوەیەک خۆشەویستی و حەزحەزۆکێی تا بناگوێمان لە پڕێکا ئەم نامە دەسنووسە درێژە پڕ لە جۆش و خرۆشەی ئورزولام بۆ هات کەوا لە زمانی ئەڵمانییەوە کردوومەتە کوردی.

جارێ با دەقە ئەڵمانییەکەی نامەکە نمایش بکەم کە وا بۆتانی تایپ ئەکەم ئینجا لەپاشان وەرگێڕدراوە کوردییەکە. بۆیە دەقە ئاڵمانییەکەش لێرە دادەنێم چونکە ئەوە هەیامێکە کوردێکی زۆرمان کەوتوونەتە هەندەران و بەتایبەتی ژمارەیەکی زۆریان لە ئاڵمانیا جێگیر بووین و رەنگە گەنجەکانیان زمانە ئاڵمانییەکەیان لە کوردییەکەیان رەوانتر بێ.

ئەمەیان دەقە ئاڵمانییەکەیە:

lieber Omar!

Ich denke so of(t) an Dich und moechte Dir so vieles sagen, aber man denkt ja nicht in Worten oder gar in Saetzensondern eher in gedanken.Ja, wenn man das festhalten koenntedieses ganz Fluechtige,dieses Fliehendeunausdrueckbaredaswas einem so durch den Kopf geht wie ein Stueck vergessener Melodien oder der Duft einer laengst verwelkten Blume, die voll sind mit Erinnerungen und Assoziationen.

Wenn ich so schreiben koennte wie die gedanken sind, ohne die Qual der Formung, und ohne dass es auf dem Weg vom Kopf zum Papier den Inhalt verliert .

Du siehst dass ich jetzt einen komplizierten Brief schreibe, mit einigen Erklaerungendie Dich wahrscheinlich nicht mehr beruehren,oder.

Ja, ich habe Dich geliebt so sehr dass ich vollkommen verwirrt war. Es gibt verschiedene Menschen einige ertragen so etwas leichtaber in mich hat sich die Liebe zu Dir fest

gewurzelt und mit all meiner Kraft und Verstand habe ich es jetzt nach fast zwei Monaten soweit gebracht, wieder ein normaler und beherrschter Mensch zu sein .Du wunderst Dich dass ich Dir solche Dinge schreibesiehst Du jetzt bin ich endlich so weit Dir die Wahrheit zu schreiben ohne dass ich mich damit zu sehr quaele. Du bist fremd geworden und ich spuere kaum mehr dass ich zu Dir gehoert habenur in meinen Traeumen und ich habe Angst . Weisst Du wo vor ? Dich jemals wieder zu sehen. Mir wuerde einfach das Herz stehen bleibenvor dem sichtbaren Beweis dass es Dich wirklich gegeben hat. Wie ich vorhin geschriebenjetzt lebe ich nur mehr mit Dir in meinen Trauemen . Ich will auch dass es so bleibt . Du fragst mich warum ? Siest Duzwei Menschen wie wir koennen sich zwar liebenaberkoennen wir auch zusammen leben ? Ueber diese Frage habe ich schon lange nachgedacht. Wir sind beide noch sehr jungjaaber ein Unterschied ist da der uns frueher oder spaeter trennt. Lieber frueher aber ich sage Dir ehrlichjetzt, spaeter koennte ich es wahrscheinlich nicht mehr ertragen. Dieser Unterschied ist dass Du jetzt noch viele Jahre ein freies, unbekuemmertesLeben fuehren kannst solange Du studierst. Ich wuerde mit Dir gehen wenn ich auch noch zur Schule ginge. So aber bin ich heuer fertig geworden und gehe ganz anderen Lebensanspruechen entgegen. Ernsteren wie Du und intensieveren.

Ich liebe Dich und unsere Herzen koennen sich verstehen aber nicht mehr die Gedanken. Ich hoffe Du verstehst was ich meine . Diese Zeilen habe ich aus einer klaren Ueberlegung geschrieben und hat nichts mit Gefuehlen zu tun den diese straeuben sich so sehr dagegen was ich Dir schreiben muss das mir das Herz weh tut. Ich luege nicht das ist eine schreckliche Wahrheit.

Was mir am schwersten faelltist Dir zu sagen dass ich schon 4 Jahre verlobt bin mit einem jungen Mann den ich

nicht liebe, aber der mir der beste Kamerad und Freund ist nd ich immer gut zu ihm gehalten habe bis das Du gekommen bist. In Dir ist mir das erstemal die Liebe begeget . Du kannst mir das glauben weil ich keinen Grund habe etwas falsches zu schreiben. Ich bitte Dich von ganzem Herzen unsere Liebe zu bewahren wie einen kleinen Edelstein, und sie nicht in den Schmutz zu ziehen durch schlechte Worte wie man oft hoert durch oberflaechliche und gedankenlose Leute. Ich werde Dich wohl nie vergessen ! Ich weiss und fuehle es dass Du mich verstanden hast und Du nicht zu den Maennern gehoerst die unbedingt eine Blume pfluecken muessen obwohl sie wissen dass sie bald verwelken wuerde .

Es ist gut an etwas denken zu koennen dass nur schoen war und nicht ein bisschen haessliches birgt. Und wir beide koennen dasweil die kurze Zeit die wir zusammen verlebt haben so gluecklich warvon mir aus schon .

Diesen Brief habe ich Dir geschrieben weil ich der Meinung bin dass man einen Menschen den man verpflichtet ist nicht im ungewissen lassen kann. Ich haette es mir ja leicht machen koennen in dem ich Dir nie mehr zurueck geschrieben haette. so habe ich wieder ein reines Gewissen und darf das Vertrauen des anderen Mannes wieder annehmen.Ich bitte Dich von ganzen Herzen mir nicht mehr zurueck zu schreiben oder mich sonst in Wien zu sehenDu wuerdest eine verheilende Wunde der Liebe aufreissen und das darfst Du bitte nich tun .

Ich will Dir auch nicht sagen wann ich wieder nach Wien komme weil es nicht mehr notwendig ist aussedem habe ich auch die Wohnung geweckselt weil jetzt wir drei geschwister zusammen wohnen und da wuerde das Zimmer zu klein sein. Es wird Herbst sein wenn ich wieder in Wien bin und Du musst und wirst mich in Deinen gedanken vergessen haben.

Ursula

{ لەباتی ئیمزا لێوە سوورەکانی بە کاغەزەکەوە ناوە}

ئەمەش کوردییەکەیەتی:

خۆشەویستەکەم تۆمەر ،

ئەوەندەت بیر دەکەم و ئەوەندەش شت هەیە دەمەوێ پێتی بڵێم. بەڵام ئاخر کەی سەرچاوەی بیرکردنەوە وشە و رستە بووە؟ بیرکردنەوە زادەی خەیاڵە. بەڵێ، بریا بمانتوانیایە تێ بگەین ئەو شتە چییە، ئەو شتە خێرا تێپەڕە، ئەو شتە تیژڕەوە، ئەو شتە کە دەرنابڕدرێت و هەروا سەرپێ یی بەناو مێشکی مرۆڤدا گوزەر دەکات وەک مێلۆدییەکی لەمێژە نەبیستراوی لەبیرکراو، وەک گوڵێکی لەمێژە ژاکاوی ژیان لەبەربڕاو. گوڵێکی بە دونیایەک پڕ لە یادگار و خاتیراتی بەسەرچوو، خاتیراتێک کە لەپاش ساڵەهای ساڵانیش بە بینینی هەندێک شت، یان هەندێک شوێنەوار یەکسەر دەتگەڕێنێتەوە بۆ دواوە، بۆ رۆژگارانی رابردوو چونکە ئەو یادگارە لەو شت و شوێنەوارانەوە هەڵقوڵاوە. ئاخ، بریا بمتوانیبا ئەوە بخەمە سەر کاغەز کە لەناو خەیاڵمدا پەنگ دەخواتەوە بێ ئەوەی تووشی ئەشکەنجەی داڕشتنی فۆرمی نووسینەکەم ببم، بێ ئەوەی کە لەو رێگە کورتەی نێوان کەللە و کاغەزدا ناوەرۆکم لێ ون ببێت.

ئێستا دەبینیت کە من وا خەریکە نامەیەکی ئاڵۆزت بۆ دەنووسم و هەندێک روونکردنەوەی لەگەڵ دەدەم کە لەوانەیە بۆ تۆ ئیتر هەست بزوێنیش نەبن.. یان ؟

بەڵێ، من حەزم لە تۆ کردووە، ئەمن بە چەشنێک تۆم خۆش ویستووە، خۆشەویستییەک کە منی بە تەواوی شێواندووە و لە تەوری خۆمی دەرهاوێشتووم. جا لێرەدا من دوو جۆرە مرۆڤ دەبینم.. جۆرێکیان شتی لەم بابەتە بە ئاسانی وەردەگرن، ئەمن لەوانە نیم. من لەوانەم کە

خۆشەویستیی تۆ لەناو دڵمدا زۆر بە قووڵی ڕەگی داکوتاوە. ئێستاش وا لەپاش هەوڵێکی نزیکەی دوو مانگ خایەن کە تەواوی هێز و هۆشم بۆ تەرخان کردبوو توانیومە ببمەوە بە مرۆڤێکی نۆرماڵ و کۆنترۆڵی خۆم بکەمەوە. لەوانەیە لەلات سەیر بێت ئەم قسانە دەکەم بەڵام من ئێستا لەخۆم رادەبینم راستیت پێ بڵێم بێ ئەوەی ئازارێکی ئەوتۆی ویژدانی خۆم بدەم. ئێستا تۆ بۆ من بوویت بە بێگانە و منیش بە ئاستەم هەستی پێ دەکەم کە رۆژێک لە رۆژان ئەمن هی تۆ بووم. رەنگە هەر لە خەونەکانمدا ببمەوە بە هی تۆ. کەچی هێشتا ترسم هەر ماوە. دەزانیت لە چی دەترسم؟ لەوە دەترسم رۆژێک لە رۆژان بتبینمەوە. چونکە ئەگەر هاتو بە رێکەوت یەکتریمان بینییەوە دەتوانم بەو پەڕی سادەییەوە پێت بڵێم کە دڵم لە لێدان دەوەستێت. دڵم دەوەستێت بەو بەڵگە زەق و زیندووەی بەر چاوم کە تۆ بەڕاستی، بە حەقیقەت لەناو ژیانمدا هەبوویت.

جا هەر وەک کە لە سەرەوەش بۆم نووسیویت ئێستا من تەنیا لەناو خەونەکانمدا لەگەڵ تۆدام. زۆریش مەبەستمە هەروا بمێنێت. بێ گومان ئێستا تۆ دەبێت بپرسیت بۆ چی؟ راستە دوو مرۆڤی وەک من و تۆ دەتوانن یەکترییان خۆشبوێت بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا دەتوانن پێکەوە بژین؟

من ماوەیەکی زۆرم بەسەر برد بۆ بیرکردنەوە لە وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە. خۆ تۆ دەزانیت ئێمە هەردووکمان هێشتا زۆر گەنجین. بەڵام من جیاوازییەک لە نێوانماندا دەبینم کە زوو یان درەنگ لێکمان هەر دەکاتەوە. من وام پێ باشە ئەم لێک دابڕانە تا زووتر بێت چاکترە. لێم گەڕێ با زیاتریش لەگەڵتدا راشکاو بم.. هەر ئێستا باشترە و با نەیخەینە دوا. چونکە تا درەنگ بێت بۆ من سەختر دەبێت بتوانم تەحەمولی بکەم. جیاوازییەکەش ئەوەیە کە تۆ هێشتا ساڵانێکی زۆرت لە پێشدایە و

دەتوانی ژیانێکی پڕ لە ئازادی و بێ خەم و بێ بەرپرسیاری بەسەر بەریت چونکە تۆ هێشتا خوێندکاریت. بۆ منیش دەکرا لەگەڵ تۆدا بمابام ئەگەر منیش هێشتا بمخوێندایە. بەڵام من ئەمساڵ وا خوێندنم تەواو کرد و ئیتر ڕێچکەی ژیانم لەوەی تۆ بە تەواوی لا دەدات و هیوا و داخوازییەکانم لەوەی تۆ دوور دەکەونەوە. لەمڕۆ بە دواوە ژیانی من ئیتر بەرگێکی زۆر جیدیتر لەوەی تۆ ئەپۆشێت و ڕوخسارێکی جیا لەوەی تۆ وەردەگرێت. من حەزم لە تۆیە و دڵی هەردووکمان لەو ڕاستییە دەگەن. بەڵام بیر و هۆشمان ئیدی تێی ناگەن. هیوادارم تێبگەیت مەبەستم چییە.

من ئەم چەند دێڕەی کەوا لێرەدا دەیانووسم بە هۆش و هزرێکی زۆر ڕوون و زولاڵەوە دەیانووسم و هیچ پەیوەندییەکیان بە هەستەکانمەوە نییە. چونکە لێرەدا هەست و هۆش لێک هەڵساونەتە سەرپێ و بە گژی یەکدا چوون. ڕاستییەکەی ئەوەی کە دەمەوێت پێتی ڕابگەیەنم دڵمی لەگەڵدا دەتوێتەوە. ئەمن درۆ ناکەم و ئەوەی کە دەمەوێت بیڵێم حەقیقەتێکی زۆر کارەساتییە.

ئای کە ناخۆشە پێت بڵێم کە من ئەوە چوار ساڵە بە دەسگیرانم. بە دەسگیرانم لەگەڵ کوڕێک کە خۆشم ناوێ. بەڵام ئەو کوڕە ئەو ماوەیە باشترین هۆگر و هەڤاڵم بووە و منیش هەمیشە لەگەڵ ئەودا بە چاکی هەڵم دەکرد تا تۆ لەناکاو پەیدا بوویت و کەوتیتە ناو ژیانمەوە. ئەمن لە ژیانمدا بۆ یەکەم جار لەگەڵ تۆدا تووشم بە تووشی خۆشەویستی بووە. تۆ دەتوانیت بڕوام پێ بکەیت چونکە من هیچ هۆیەک نابینم شتێکی پێچەوانە بنووسم. جا لە قووڵایی دڵمەوە تکات لێ دەکەم ئەم خۆشەویستییەمان وەک گەوهەرێکی چکۆلانە بپارێزیت و فڕێی نەدەیتە ناو زۆنگاوی بێ بنی لەبیرکردنەوە. تکات لێ دەکەم قسەی نا شایەستە و ناشیرین بەو خۆشەویستییەمان نەڵێیت. من بۆیە ئەم قسانە دەکەم چونکە زۆر کەس هەن کە بە داخەوە لەم شتانە ناگەن و بێ پەروا قسەی

سووک و ناشاقڵانە دەکەن. چاک بزانە کە من تا هەتایە لەبیرت ناکەم. من دەزانم و هەستی پێ دەکەم کە تۆ لەمن گەیشتوویت و تۆ لەو پیاوانە نیت کە دەیانەوێت بەهەر چۆنێکی بێت گوڵێک بقرتێنن کە دەشزانن هێندەی پێ ناچێت ئەو گوڵە سیس دەبێتەوە.

ئای چەند خۆشە بیر لە رۆژانێک بکەیتەوە کە هێندەی تۆزقاڵێک ناخۆشی و ناشیرینی تێدا نەبووە. رۆژانێک کە هەر هەمووی خۆشی و خۆشەویستی و جوانی بووە. زۆر بە دڵنیاییەوە من و تۆ هەردووکمان دەتوانین بیر لەو رۆژانە بکەینەوە چونکە ئەو ماوە کورتەی کە من و تۆ تێیدا بەیەکەوە بووین رۆژانێکی پڕ لە بەختەوەری بوون. لای من وا بوو، نازانم لای تۆ!

من بۆیە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم چونکە لەو باوەڕە دام ئەگەر یەکێک بە کەسێکەوە بەسرابێتەوە رەوشت و ئەخلاق داوای لێ دەکات دەبێت راستیی پێ بڵێت و نابێ هەروا بە داماوی بەجێی بهێڵێت. خۆ من دەمتوانی رێگاکە لەخۆم کورت بکەمەوە و ئیتر جارێکی تر نە بتبینم و نە بۆشت بنووسم. دەمتوانی ئەوە بکەم، بەڵام ئەدی ویژدان !

ئێستا کەوا هەموو شتێکم بە راشکاوی پێ وتی ویژدانم ئاسوودەیە و دەشتوانم متمانەی پیاوەکەی تریش بۆ خۆم بە دەست بهێنم کە من بەڕاستی سەر راست و راستگۆم. ئەمە بۆ من گرنگە.

لە ناخی دڵمەوە تکات لێ دەکەم چی دی بۆم نەنووسیت و هەوڵیش نەدەیت لە ڤیەننا بمبینیت. چونکە گەر وا بکەیت بڕوات هەبێ کۆنە برینی سارێژکراوی خۆشەویستی سەر لە نوێ دەکولێتەوە و دێتەوە سوێ. راستییەکەشی من دەزانم ئەوە لە تۆ ناوەشێتەوە. ناشمەوێ پێت بڵێم کەی دێمەوە بۆ ڤیەننا چونکە ئیتر پێویست بەوە ناکات. بێجگە لەوە، ئێمە ماڵەکەشمان گواستۆتەوە و ئێستا ئێمە سێ خوشک بە یەکەوە دەژین و ژوورەکەی پێشوومان بەشی نەدەکردین.

تا من دەگەڕێمەوە بۆ ڤیەننا پاییزیش دادێ . ئەتۆش لەگەڵ گەڕانەوەی پاییز ئیتر لەبیرم بکە. من لە بیر و خەیاڵی خۆت دەر بهێنە. خۆی رەنگە خۆشت هەر وات لێ بێت و لەبیرم بکەیت.

ئورزولا

(لەجیاتی واژۆ، جێ ماچێکی بە هەردوو لێوە سوورەکانی لەسەر کاغەزەکە بەجێ هێشتووە.)

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە هەر خۆم، هۆمەر دزەیی.

***

ئەمانەش سێ پارچە هەڵبەستن کە لەم ساڵانەی دوایی بە ئینگلیزی و بە ئەڵمانی لەسەر ئورزولام داناون و بۆیم ناردوونەتە ئوستراڵیا. ئورزولا زمانی دایکی ئەڵمانی یە چونکە خۆی نەمساوی بوو بەڵام لە ساڵی 63 وە بۆتە ئوسترالی و لەوێ دەژی.

1 Geschichte einer Liebe
Ursula, my unfinished symphony
Homer Dizeyee
UrsulaUrsula Fischer- Colbrie
Ursulameine unvollendete Symfonie
Ohwas fuer ein schoener Name
Was fuer eine Harmonie !
Schauwie gerne schlupft er sich
in meinen Verse`s Reim
Da nur in meinem Gedanken
Ist er endlich daheim
***
Ursulameine unvollendete Symfonie
Bin immer in Dich verliebt gewesen
Und vergessen kann ich Dich nimmer und nie
Ach Ursulaich liebe Dich bis zur infinitie

***

Ich liebe alle Frauen die Ursula heissen
Nicht etwa dass sie vielleich mir behagen
Sondern nur weil sie Deinen klingenden Namen tragen
Fuer mich war unsere Liebe keine jugend Dummheit
Ach Ursula, ich liebte Dich
Und werde auch bis zur Ewigkeit

***

UrsulaUrsula Fischer - Colbrie
Ursulamy unfinished symphony
Ohwhat a beautiful name!
What a harmony!
How easily it finds it`s way to my verse`s rhyme
Hmm, it knows my heart is it`s home
till the end of time

***

I love all women whose name is Ursula
Not because I may have any affection for them
But only because they carry yourOhso tinkling name
Ursulamy unfinished symphony
I have always been in love with you
And always will be loving thee
I love you till the infinity

****

2

Homer Dizeyee
Arbil12/10/2009

At dawn, while watching a cloudless blue sky, a flock of migrating birds was heading eastwards toward orient. here is what they inspired me.

Ode to Ursula

Oh flock of birds
Flying high above

Do me a favor
Take me along
To the land of my love,
To Farrer where we can be*
Close to each other
For good, forever

***

Gently drop me over there
On a heap of hay
At one of William Farrer`s wheat farms
Hoping that one day
My harvesting dear
Will run to my waiting arms

***

Oh what a happiness to sleep
With some one you love
On the straw at night
Surrounded by a herd of sheep
Under shining stars and moonlight

***

Oh Ursula, dear mine ,
Loving you rejuvenates my heart,
Thinking of you is the sunshine
That energizes my mind and thought
Let us not be forever apart

***

You have been my past

You are my tomorrow
Still I sense not an end
To my suffering and sorrow

***

Oh, migrant birds
I envy you all
Soon you`ll be landing
in the realm of my soul

---

*Farrer is a suburb of Canberra, Australia named after the renowned agronomist William Farrer .

****

3

Homer Dizeyee

Arbil4/4/2021

Die Begegnung

An einem Mai Abend
Im Tanzlokal Volksgarten
Nahe einem Gaeste - Tisch
musste ich ungeduldig warten
Dort wo ein
bildhuebsches Maedchen sass
In deren Hand hielt sie

ein weiss Wein glass
Als Musik Kapelle
fang erneut an
Stuermten viele Jungs
zu ihr heran
um sie zum naechsten
Tanze
laden ein
Doch das suesse Maedel
sagte zu allen Nein
Schicksal wollte
allen wissen lassen
dass Ursula und Omar
ganz und gar
nur zusammen passen

***

نیو سەدە دواتر، دوای گەڕانێکی زۆر بە دوای ئورزولا لە ڤیەننا و دەرەوەی ڤیەننا، کە لەم نووسینەی خوارەوەمدا بە درێژی باسم کردووە توانیم ناونیشانی ئوسترالیای پەیا بکەم و ئەم نامەیەم بۆ نارد و ئەو هەڵبەستانەی سەرەوەشم بە ئاڵمانی و بە ئینگلیزی بۆ دانا و بۆم نارد

Der Ring von Homer und Ursula

Geschichte einer Liebe

In quest of Ursula

Heaven and heaven alone is aware of my joy when I got trace of you.

For fifty years, wow! I kept silent, couldn't make an attempt to find you or at least to get news about you.

It was upon your own request that I promised not to write to you or try to meet with you any more. I have been keeping my promise for half a century. Half a century is an age Ursula, it is history. Here is what you wrote to me in late summer 1958, it might have been this very time of the year, since none of your letters to me were dated and I could only figure out from the hardly legible postal stamps.

And I wonder now how a young girl of 20 could think in such a mature, and in fact, intellectual way and express her feelings in such an impressive manner .

Ursula, my unfinished melody,

Half a century passed over our, yes, short romance. Half a century could not sweep your memory out of my heart and mind.

Having received your last letter (1958) asking me to stop there where we were, I put all your writings, postcards, photos and the three souvenirs in a box and wrapped it with red paper and red ribbon. The highly treasured souvenirs are: a

light blue glass baby-gazelle, a glass marble as a talisman and a cigarette with a tiny Herzchen drawn in green color on it.Unfortunately one of the gazelle's legs was broken during the transportation, I guess. This box is my Bible. It has been with me in all my trips, always in my hand luggage fearing it might get lost otherwise. The talisman, you told me, should not get lost, it would result in bad luck if lost, you said.

Ursula, you know that after the passage of thirty years historical documents, highly classified ones, are permitted to be published. So fifty years after our short romance I thought it was time to open my holy book, make it public and start to look for you without feeling guilty for breaking the promise I gave you fifty years ago to distance my self from your life.

In 2008, half a century after our romance, I opened the box, kissed and smelled the only two pictures of you I have, and all your letters and the souvenirs. Ich muss Dir sagen ich habe meine Traenen nicht kontrollieren koennen und musste weinen bitterlich.

I called a fellow journalist and told him about my story with you. He immediately rushed to my house for an interview. Few days later, I got so many phone calls admiring the interview especially your letters which I had translated into Kurdish.

Now the next step was to look for you. I was planning to go to Vienna in summer 2008 (50th anniversary of our short lived romance). Unfortunately, my family decided to have our vacation in Spain where one of my two sons is studying at the American University in Madrid.

However, this last summer I decided to go to Vienna to

look for you. In order to have more time for that, I went there alone, without family.

My first step was to go to Gloggnitz, Hartholzstrasse 20. N.Oe. I found it .

Even though never before I had been there, a sense of nostalgia and excitement went through my mind and body. Seeing a car stopping at the gate, a young man appeared and after greeting each other we had this brief conversation :

-Excuse me Sir, I'm looking for a family called Fischer-Colbrie

-Oh yes, the family did live here long ago but I believe they have immigrated to New Zealand.

-Oh God, New Zealand! Do you have any idea where in New Zealand they may have settled?

-No sorry I have not.

Then I asked him politely if he would mind if I take some pictures of the front side of the house. He was very nice and responsive and gave me permission for it.

I turned my eyes around the walls, door and windows, the trees, the lawn and envied them all. This was the inspiration I got from the scene:

I asked a front window :

Oh good window

How lucky you are

I wish I were you

How many early mornings has Ursula opened you

To inhale the tender breeze and scent the odor of the spring blossoms?

How many early mornings has Ursula, in baby doll, has bowed down to the ground, touching your lower frame with her breast?

Oh lower window-frame, I wish I were you

I asked the door:

How lucky you are

I wish I were you

How many times has Ursula's soft hands turned your knob?

I asked the trees:

How lucky you are

I wish I were you

How many times has Ursula been laying in your shade, dreaming of her knight?

I asked the lawn, the green grass :

How lucky you are

I wish I were you

How many times has barefoot Ursula gracefully strolled upon you, and as a child played on you? You would kiss and

caress her smooth soles, Oh green grass, how lucky you are, I envy you.

Then my mind entered the house

Once upon a time, a pretty young princess called Ursula used to live here

Oh, This is the place where she has been sleeping!

Here is the place where she has been bathing!

There is the corner with a dim lamp where she used to read,

Oh my God, every thing herein is telling a story about Ursula.

***

What a sad day! A thousand thought passed through my mind. I asked myself God how am I going to find her? I thought I'll never be able to see you again and never will learn any thing about you.

I looked for solace, looked for relief. I drove to the down town, took some pictures of a world wars 1& 2 memorial of "Gefallenen aus Gloggnitz" and pictures of somequasi historical buildings.

Here again you were present. I could see you in every young woman walking on the side walks. I could see you on the walls, in the shops, in every single car. All around me has been you, strolling through these Strassen und Gassen, calling me, holding my hand, as if the entire Gloggnitz has been melt in one single person called Ursula.

Fully overcome by grief, I sat at an Eis Salon and had ice crème. Also the Fraeulein serving me turned to Ursula.

Alas, alas! Once I left Gloggnitz heading back to Vienna, I fell down from the seventh heaven to the bitter reality of the earth. Slowly was the mirage beginning to clear.

یادەوەرییەکانی ئۆزولا



پاکەتی دیارییەکان



جگەرەیەک ناوی خۆی و دڵێکی لەسەر نەخشاندووە و بۆی ناردووم.



کارئاسکێکی کریستاڵ

کەلاشووشەیەک (هەڵمات)، وەک (چاووزار)

ئورزولا، نیگارکێش بوو

ئەمە نیگاری خۆیەتی، کە لە گەرماو دەرچووە و بۆی ناردووم.

-49-
نامەیەکم بۆ
کاک زەید ئەحمەد عوسمانی پورزام

ڤیەنا

1974/5/10

برای خۆشەویست کاک زەید

رۆژی ٤ی مانــگ لە عێــراق گەڕامەوە پــاش ئەوەی زیــاتر لە ٢ مانگ لەوێ بووم. خۆت ئاگارتری کە وەزعەکە زۆر تێک چوە، وە ممن و کـاکم و سـەعیدیش بە هەزار حـاڵ لە کارەسـاتێکی گەورە نەجاتمـان بوو.

ماڵی ئێوە هەمو باشن وە پێش هاتنم بە ڕۆژێک چووم بۆ لای سعاد، منالّەکـان هەمـوو باشـن وە لە مکتـب زۆر پێشـکەوتوون. بەڵام سـعاد دڵـی زۆر مشەوشە لە بەر تۆ وە تکـای لـێ کـردم کە ئەم نقـاطەی خوارەوەت بۆ بنووسم:

١ . سعاد ئەڵێ کە لە ((جیهاتی بەعسیی)) موثوق، زانیویەتی کە لە بەغدا ئاگایان لە هەموو حرکات و سکنات و اتصالاتت هەیە. إنجا سعاد ئەڵێ زۆر ئاگاداری خۆی بێ وە ئەم إتصالاتە کەم بکاتەوە. هیچ نەبێ لەبەر ئێمە ((یەعنی لەبەر منالّەکان لە بەغدا)).

٢ . ئەڵێ آخر نامەم لە زید وەرگتوە لە نهایەتی ش وا ئیتر ئاگام لێی نەماوە نازانم لە کۆیە.

٣ . منداڵەکان نهایەتی حزیران امتحانیان تەواو ئەبێ، سعاد ئەڵێ ئێمە ئەتوانین لە ١/ ٧ سفر بکەین، بەڵام نازانین زید لە کۆیە ئەترسین بچین بۆ پاریس وە ئەو لەوێ نەبێ، تکایە بۆیان بنوسە. آیا بێن یان نا وە کەی بێن؟

طبیعی ئەم قسانە هەر وەک سعاد وتی وا بۆم نوسیت (ولیس علی الرسول إلا البلاغ). وا مجلەییکم بۆ ناردی.

ئەویش سعاد گوتی بۆ بنێرە ڕەسمی ((ناز))ی تێدایە.

إیتر خۆشیتان ئومێدەوارم بتوانی سەرێکمان لێ بدەیت تلفونی شخصیم ٦٣٧٥٣٣ هۆمەر

زور محاولەم کرد تلفونت

بوبکەم بەڵام دیارە رقمەکەت گۆڕاوە!

آدرسی شخصیم
Omar Dizeyee
Wallner Str. 2/3/9
Vienna 1

زەید ئەحمەد عوسمان
پورزای هۆمەر

سوعاد تۆرفەللی
هاوسەری زەید ئەحمەد عوسمان

[illegible]

٧٩/٥/١٠

برای خۆشەویستم کاک [illegible]

ڕۆژی [illegible] ئەم مانگە [illegible] پاش ئەوەی زیاتر
لە ٢ مانگ [illegible] بووم. [illegible] ئاگادار [illegible] کە وەزعی
زۆر تێکچووە [illegible] حاڵی [illegible]
کارەساتێکی گەورە [illegible] بوو.

ماڵی ئێوە لە مەریوانە [illegible] بە [illegible]
[illegible] سعاد، منداڵەکانە لە مەریوانن و لە [illegible] زۆر
[illegible]. بەڵام سعاد [illegible] زۆر [illegible]
[illegible] کردم کە ئەم [illegible] خوارەوەت بۆ بنێرم:

١- سعاد [illegible] کە [illegible] زانیویەتی
کە لە بەغدا ئاگادارن لە [illegible] حرکات و سکنات [illegible]
[illegible]. ئایا سعاد [illegible] ئاگادار [illegible] وە [illegible]؟

[illegible] هیچ [illegible]
منداڵەکانە لە بەغدا [illegible].

٢- [illegible] لە [illegible] لە [illegible]
[illegible] نازانم لە کوێیە؟

٣- منداڵەکانە [illegible] سعاد [illegible]،
سعاد [illegible] لە ١/٧ [illegible]،
~~[illegible]~~ [illegible] بۆ
[illegible]، [illegible] بنووسم.
ئایا [illegible] دەکرێ [illegible]؟

[illegible] سعاد [illegible] وا بزانم [illegible]
(وما علی الرسول الا البلاغ). [illegible]
[illegible] سعاد [illegible] نازانم [illegible].
[illegible]

[illegible] ٦٤٧٥٢٢ [illegible]

-50-
یەکەم ساڵیادی مەرگی کاکە ئەنوەری برام
1930 - 2017

ئێستا کە من وا سەرقاڵی گێڕانەوەی ئەم بیرەوەرییانەم، ئەوەتا ساڵێک تێ دەپەڕێ بەسەر رۆژێکی پڕ لە خەم و پەژارە و فرمێسکی گوڕ و گەرمم بۆ مەرگی کاکە دکتۆر ئەنوەری براگەورەم. دکتۆر ئەنوەر دزەیی، پار لە رۆژی 2017/8/19 لە شاری کۆڵن لە ئاڵمانیا دوای چەند نەخۆشییەکی بێ دەرمان ماڵاوایی بێ گەڕانەوەی لەم دنیایە کرد.

وەک برا، ئەمن لە چوار قۆناخی ژیانما چەند یادێکی سەرنجکێشم لەگەڵ کاکە ئەنوەرا دێنەوە بەرچاو: لە دووگردکان، لە هەولێر، لە کەرکووک، لە ئانکەرای تورکیا.

بنەماڵەی ئێمەش وەک تەواوی بنەماڵە خێڵەکییەکانی کوردەواری لە گوندا دەژییاین. هێشتا قوتابخانەش لە گوندەکەمان نەکرابووەوە و ئێمە چوار برا (ئەنوەر، موحسین، سەعدی، هۆمەر) لە وەرزی خوێندنا خانووێکمان لە هەولێر بۆ بەکرێ دەگیرا و بۆ پشووی هاوینانیش دەگەڕاینەوە دووگردکان. کاکە ئەحمەدی برا گەورەمان لەپاش کۆچی دوایی باوکمان ساڵی 1936 دەستی لە خوێندن هەڵگرتبوو و قەدرییە خانی تاکە خوشکیشمان لە مەدرەسەی مەلا لە دووگردکان چووبووە بەر خوێندن. چون کاکە ئەنوەر کە لە ئێمە گەورەتر بوو و پێش ئێمە چووبووە قوتابخانە لە هەولێر سروشتانە کولتوری شارستانیی لەگەڵ خۆیا

دەهێنایەوە بۆ گوند. بیرمە ئێمە کە ئاغای گوند بووین یەک تاکە درەخت یان ئینجانە و گوڵدانێکی گوڵانیشمان نە لە حەوشە یان بەرینەکەی ماڵەکەمان و نە هەر لە تەواوی گوندیشا نەبوو. دووگردکان لە دەشتاییەکی مەیلەو گەرمەسێرا بوو، جۆبار و رووباری لێ نەبوو و تەنیا ئاوی بیر بەکار دەهات بۆیە کولتووری دار ڕواندن و گوڵچاندنی نەگەیشتبووێ. کاکە ئەنوەر کە لە شارا چاوی بەو دیمەنە جوانانەی باخچە و دار و درەختی ئەملاو ئەولای شەقامەکان راهاتبوو، یەکەم شت کە لە ماڵەکەی دووگردکانمانا کردی دروستکردنی باخچەیەکی چیمەنڕێژی گەورەی پڕ لە درەختی مێوەدار و جۆرەها گوڵی هەمەڕەنگ و هەمەبۆ بوو. داوای لە دانیشتوانی ئاواییش دەکرد هەریەکە لەبەردەم ماڵەکەی خۆی هەر بە ئاوی دەسنوێژەکەیان درەختێک، دەوەنێک بڕوێنن یان هەرنەبێ سەوزاییەکی چکۆلانەی وەک توور و تەڕەپیازیش بێ هەر باشترە لە وشکاتی. هەڵبەت ئەمە بەئاسانی پیادە نەدەکرا ئەگینا بە نەخشەی خەیاڵی کاک ئەنوەر بوا دووگردکان هەر ئەوسا دەبووە باغستان. کاک ئەنوەر کە بۆ قوتابخانە دەگەڕایەوە هەولێریش پیاوەکانی کە خزمەتی ناوماڵی دووگردکانیان دەکرد (حەسەن مێرەم و سابیرە قوتە)، یادیان بە خێر، بەڕشتی رادەسپارد ئاودانی باخچەکە پشتگوێ نەخەن و هەموو جارێکیش کە دەگەڕایەوە بۆ گوند دیارییەکی بچکۆلەی بۆ دەهێنان.

کاکە ئەنوەر کە خۆی لە شارا ئەندامێکی ناسراوی تیمی تۆپی پێ بوو ئەم سپۆرتەشی گواستەوە بۆ ناو دووگردکان. پێشتر لە سەردەمی بێ رادیۆیی و بێ تەلەفزیۆنی خەڵکی لادێ نە بیستبوویان فوتبۆڵ هەیە نە تۆپێکی پێشیان بینیبوو. کاکە ئەنوەر کە لە پشووی نیوەساڵا و لە پشووی

هاوینا دەگەڕایەوە گوند دوو تیمی فوتبۆلی دژی یەکتری دروست دەکرد و تۆپ و لاپچین و گۆرەوی و گیتەر و بەرگی جیاجیای تیمەکانیشی بۆ دەکڕین.

لە هەولێر لە سەرەتای ساڵانی چلەکانەوە و زووتریش بزووتنەوە بۆ سەبەخۆیی کوردستان لە شێوەی کۆمەڵە و حزبی جیاجیا لە گەرمەیدا بوو. کاکە ئەنوەر وەک زۆرێک لە لاوانی ئەو سەردەمە ئەندامەتیی ئەو ڕێکخراوە کوردییە ناسیۆنالیستانەی (هیوا، ژ . کاف، ڕزگاری، شۆڕش) دەکرد و ئێمە براکانی لە خۆی بچووکتریشی بەو ڕێبازانە پەروەردە دەکرد. کاکە ئەنوەر شیعری ئەو سروودە نیشتمانییانەی کە لەو سەردەمەی دووەم جەنگی جیهانا باو بوون بە من ئەزبەر دەکرد و هەرچەندە کە زۆر بچووکیش بووم دەیبردم لە بۆنە قەومییەکانا بیانچڕم.

کە حزبی شیوعیی عیراقیش لە دوای جەنگ لە کوردستان بڵاو بووەوە، کاکە ئەنوەر بوو بە ئەندامێکی چالاکی ئەو حزبەش و ئایدیۆلۆژی مارکسیزمی بەناو جووتیارەکانی گوندیشدا بڵاو دەکردەوە. ئەو مەبەستی بوو جووتیارەکان لە هەموو بوارێکا هوشیار بکاتەوە و ئاستی ڕۆشەنبیریی سەوادی میللەت بەرز بکاتەوە. هەر لەسەر ئەو چالاکییەی شیوعیاتی لە بەغدا پۆلیس تەقەیان لێ کرد، برینداریان کرد و دوو ساڵیشیان حوکم دا.

لە کەرکووک کە لە سەرەتای پەنجاکانا بۆ تەواوکردنی خوێندن گواستبوومانەوە بۆ ئەوێ کاکە ئەنوەر تەنیا یەک ساڵ لەگەڵمانا بوو، ئەو ئامادەیی تەواو کرد و چوو بۆ ئانکەرا بۆ خوێندنی پزیشکی. لە کەرکووکیش زۆر بەنهێنی لە چالاکیی سیاسیی هەر بەردەوام بوو.

چەند ساڵێ دوای ئەو منیش چووم بۆ زانکۆی ئانکەرا و لە کۆلێژی پزیشکی دەستم بە خوێندن کرد. کاکە ئەنوەر هەموو خوێندکارە کوردەکانی تورکیای کە لە ئانکەرا دەیانخوێند و زۆرێک لە خێزانە کوردەکانی نیشتەجێی ئەو شارەش کە بێبەش بوون لە زانیاری دەربارەی مێژووی سیاسیی کورد هەمووی تیژ دەکردنەوە بە بیری ناسیۆنالیزمی کوردی. کاکە ئەنوەر لەگەڵ دکتۆر باقی دەباغ کە لە بنەماڵەیەکی ئەشرافەکانی هەولێر بوو و دکتۆر سەرسۆر دزەیی و دکتۆر ئەحمەد فەتاح دزەیی کە لە ئانکەرا دەیانخوێند کاریگەرییەکی گەورەیان هەبوو لەسەر بووژاندنەوەی رۆحی ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیا کە لە سەردەمی ئەتاتورکەوە پێپەست کرابوو.

کە خوێندنی پزیشکیی تەواو کرد وەک دکتۆر لە کەرکووک دامەزرا. کە کودەتا بەدناوەکەی هەشتی شوباتی 1963یش قەوما، بەعسییەکان دکتۆر ئەنوەریان گرت و ئەشکەنجەیەکی زۆریان دا. بە واسیتە و بەرتیل ئازاد کرا و پاسەپۆرتی بۆ خۆی و منداڵەکانی دەرهێنا و رووی لە ئاڵمانیا کرد و لەوساوە تا رۆژی کۆچی دوایی لە 2017/8/19 وەک دکتۆرێکی سەرکەوتوو لەوێ گیرسابووەوە و لە چالاکیی کوردایەتیشی هەر بەردەوام بوو.

کاکە ئەنوەر بەگەنجی کوڕێکی تا بڵێی قۆز و جوان بوو. لەپاش خۆی فائیزەخانی هاوسەرە بەڕێزەکەی کە ئەویش لە جوانیی رەنگوڕوخسار و شۆڕەژنیی بەژنوباڵا هەیکەلی یۆنانی بوو و چوار منداڵی جوانیشی بەجێ هێشت: شلێر، ڤیان، سامان، سالار.

یادت بەخێر کاکە ئەنوەری وەک ئاکتەری هۆلیوود جوان، بنوو بەئارامی لەناو خاکی دووگردکان، زاگەی باب و باپیران، لە باوەشی

کافیەخانی دایە گیان، لەتەک کاکەئەحمەدی برا گەورەمان و هەموو کۆچکردووە خۆشەویستەکانی ئاوایی دووگردکان. لەبیرتان ناکەین هەتا لەودیوی دنیا پێک شاد دەبینەوە گشتمان.

برای کۆست کەوتووت

هۆمەر

سوپاسی زۆرم بۆ برازای خۆشەویستم سالار کە ئەم وێنانەی بەردەست کردم.

واشنتن دی سی، ئەمەریکا 2018/8/19

تێبینی: چاکە و پیاوەتیی بەڕێزان جەنابی کاک مەسعود بارزانی و کاک نێچیرڤان بارزانی سەرەک وەزیرانی کوردستان فەرامۆش ناکرێت کە فڕۆکەیەکی تایبەتییان ناردە شاری کۆلن لە ئاڵمانیا بۆ هێنانەوەی تەرمی کاکە ئەنوەر بۆ هەولێر و تەواوی خەرجی و مەسرەفی ناشتن و پرسەکەشیان لە هەولێر و لە دووگردکان خستە ئەستۆی خۆیان. زۆرێک لە ئەندامانی بنەماڵەی بەڕێزی بارزانی بەشداریشیان کرد لە بردن و ناشتنی تەرمەکە لە گۆڕستانی دووگردکان. خۆ بە نووسین باسی بەشداریی هەموو کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و دانیشتووی شار و دێی کوردستان و بە تایبەتیش دانیشتووانی بەوەفای گوندی دووگردکان لە پرسەکەدا هەر ناکرێ. جا ئەمە هەر خۆی گەواهیی ئەوەیە کە دکتۆر ئەنوەری برامان هەر لە ساڵانی جەوانییەوەی لە هەر بوارێکی بۆی لوابووبێت لە خزمەتی گەل و نیشتمانەکەیدا بووە. ئێمەش، خێزانەکەی خۆی و تەواوی کەسوکارو خزمانی، هێندەی

دووریی نێوان ئاسمان و ڕێسمان سوپاسبار و منەتباری ئەو زاتانەین.

هۆمەر دزەیی
واشنتن دی سی
2018/8/19

-51-
پاش وشە

ئێستاکەش حەز دەکەم بە خوێنەرە خۆشەویستەکانمی رابگەیەنم کە، پشت و پەنا بە خوا، ویژدانم کردۆتە چاوەدێر، تا توانیبێتم هەوڵم داوە هەموو شتێک بە راستگۆیی و بابەتیانە بخەمە روو. هەر چ بەڵگەیەکی بۆ ئەم نووسینانەم لەبەر دەستا بوویێت لێرەدا بەکارم هێناوە. دەشزانم کەس فریشتە و پەری نییە و لەوانەیە لە پرۆسەی دوور و درێژی نووسیندا شتم لەبیر چوویێت یان شتم لێ ئاڵۆز بوویێت و هەڵەم تێدا کردبێت. جا گەر شتێکی وا رووی دابێت داوای لێ بوردن دەکەم، گرنگ نیازپاکی یە.

ماڵتان ئاوا، کچتان بووک، کوڕتان زاوا

هۆمەری دزەییش وا هاتۆتەوە لەولاوە هیچیشی پێ نەبڕاوە

تەواو

برای ئازیز و خۆشەویست

کاکە هۆمەر گیان...

نەک ناوبەناو، زۆر جار لە باڵا ئاوێنەی خەیاڵ و بیرکردنەوەمدا لە هاتوچۆدان، ئەوی کەی تەمەن بەرەوخوار ئەبێتەوە، ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو، لە خۆشەویستان، بە خەونەکانی یادگار و لە ئەلبوومی ئازیزان، تۆش لەو ئەلبوومەدا هەمیشە هەر پیاوە دەم بە زەردەخەنە و دەنگخۆشەکەیت!

شێرکۆ بێکەس

شام 2002/4/15

زۆر زۆر سوپاس مامۆستای خۆشەویست. بەڕاستی ئەمەوێت پێت ڕابگەیەنم، کە لە ئاهەنگی نەورۆزی لەندەن، دەنگی زوڵاڵی تۆ و لارا خان، هەموو کوردی یەک خستبوو. ئەو شەوە ئەوانەی هاتبوون، سەر بە حیزب و لایەنی جۆراوجۆر بوون کە ڕێکەوتنیان ئاسان نییە وەکوو ئاشکرایە لای هەموومان بە داخەوە ئەمە ئەڵێم، بەڵام ئەو شەوە تۆ و لارا خان توانیتان هەموومان یەکخەن و ئاوازی کوردی سەر کەوت بەسەر شەڕ و ناکۆکی.

پەروین نووری عارف | مامۆستا لە زانکۆی لیدز لە بەریتانیا

لە کوێی ئەی دەنگ و ئاوازی براکەی نەوجەوانی من

لە کوێی ئەی بولبولی شیرینی جریوەی کوردزمانی من

عومەر ئەی کاکی شیرینی من لە بیرت بێ لە غوربەتدا

کە زۆر چاویان لە تۆیە کێوەکانی نیشتمانی من

عەلی فەتاح دزەیی | شام 1957/5/14

بە بۆنەی ڕۆیشتنی هۆمەر دزەیی بۆ ئەوروپا ساڵی 1957

الفنان **عمر دزەيي**، ضيفنا لهذا الاسبوع، ليس كغيره من ضيوف مجلتنا، فهو يختلف عنهم بكونه فنانا وكاتبا وشاعرا ولغويا ومترجما ودبلوماسيا. ذلك هو عمر دزەيي، الذي عاد الى الوطن بعد ان قضى زهاء ربع القرن من اروبا.

جعفر البرزنجي | مجلة كاروان | عدد 20 | مايس 1984

12,000 IQD

9 789922 709642

دەزگای فام
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

FAM PUBLICATION
+964 750 773 71 76
FAMpublication
info@fam.pub • www.fam.pub

COVER DESIGN BY
Bawan Rebwar